**شوناسێکی بێئۆقره**

حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی رۆشنبیریی و لاوان

بەڕێوەبەرێتیی گشتیی رۆژنامەنووسیی و چاپ و بڵاوکردنەوە

بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی

بەڕێوەبەرێتیی

چاپ و بڵاوکردنەوەی

سلێمانی

# شوناسێکی بێئۆقره

## ئەوروپا و ئەزموونی غوربەت

سەردار عەزیز

**سلێمانی**

**٢٠١٢**


**شوناسێکی بێئۆقره**

**ئەوروپا و ئەزموونی غوربەت**

- نووسەر: سەردار عەزیز
- بابەت:
- پیتچنی: نووسەر
- هەڵەچنی: محەمەد عەبدوڵلاّ
- نەخشەسازیی بەرگ و ناوەوە: پەیام ئەحمەد
- سەرپەرشتیاری چاپ: کارزان عەبدوڵلاّ
- قەبارەی کتێب: A5
- ژمارەی لاپەڕە:
- زنجیرەی گشتیی کتێب: ()
- تیراژ : ( ٥٠٠ ) دانه
- چاپ: چاپخانەی
- نرخ: () دینار
- ژمارەی سپاردنی ()ی ساڵی ٢٠١٢ی وەزارەتی رۆشنبیریی و لاوانی دراوەتێ.

**بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی**

**گردی ئەندازیاران- بەرامبەر کوردستانی نوێ**

**ژمارەی تەلەفۆن: ٣٣٠١٩٤٩**

ئیکسایلْ سەیرە، لە کاتێکدا کە خۆشە بیگێڕیتەوە، یان بیری لێبکەیتەوە، تاڵە کە ئەزموونی ئەکەیت“ برینێکی سارێژ نەبووە لە نێوان مرۆڤ و زێدی خۆیدا. (بە دەستکاریەوە لە ئیدوارد سەعیدەوە وەرگیراوە لە بابەتی تێڕامان لە ئیکسایلْ)

ئەم دەقانەی لێرەدا دەیخوێنیتەوە، بەشێکە لە ئەزموونی غوربەت لە کاتیَ گێڕانەوەیدا.

## شوناسی بێ ئۆقرە: یادەوەریەکانی مەنفا

لە پاش رەخنەکانی فەیلەسوفی ئەڵمانی مارتن هایدگەر لە میتافیزیکیا. پانتاییەکی نوێ لە بیری رۆژئاوادا بەرووی بووندا کرایەوە. ئەم پانتاییە بە پۆست فاوەندیشناڵ ناو دەبرێت، یان پاش بنەماکان. مەبەست لێی ئەوەیە کە چی دی ناتوانرێت بوترێت ئەمەیە کرۆکی مرۆڤ، ئەمەیە سروشتی مرۆڤ. بەڵکو بوون پرۆسەیەکی کراوەیە کە بەردەوام لەگەڵ دونیادا خۆی دەگۆڕێت. لێرەوە گرنگی رووداو لە بیری هاوچەرخی رۆژئاوادا هاتە ئاراوە بە جۆرێك بووە یەکێك لە چەمکە سەرەکیەکانی بیری پۆستمۆدێرنە. رووداو ئەو ساتەوەختەیە کە زەمینە دەخولقێنێ بۆ بوونی کراوە و گەریدە بۆئەوەی سەرلەنوێ خۆی داڕێژێتەوە. دەرفەتێکە بۆ نوێ بوونەوە.

ئەم دەقانەی ئەم کتێبە بەشێکن لە یادەوەری بوونێك کە دەخوازێت لە بوونێکی نائاگا بە بوونی خۆی بپەڕێتەوە بۆ بوونێکی کراوە بەرامبەر دونیا و ئەزموونەکانی. ئەوەی لێرەدا نوسراوە، هەوڵی جوداجودان بۆ بەرجەستەکردنی ئەو بوونە کراوەیە و گواستنەوەی بۆ خیتابێکی زمانی.



## شارێکی تر نییە بۆ تۆ

ئەوروپا ناسنامەیە. سەرزەمینێکە کە خاوەن مێژوویەکی تایبەت و گشتییە. جوگرافیایەکە هێشتا لە سەر رووی زەوی و لە سەر رووی کاغەز کێشەی هەیە سنورەکانی خۆی دیاریبکات. ئەم نادیاریە سنوری نێوان گشت و تایبەتی کاڵکردوەتەوە. بەجۆرێك بە ئاسانی دەتوانرێت بوترێت کە ئەوروپا لە هەمانکاتدا پانتاییەکی تایبەتە، بەڵام جیهانیشە. لە کاتێکا ئەوروپایەك یان ئەوروپاییەك هەیە لە هەمانکاتدا ئەوروپا بەشێکە لە جیهان.

ئەم دەقە قسەکردنە لە سەر ئەزموونکردنی ئەم پانتاییە، هەوڵدانە بۆ گێڕانەوەی یادەوەریەکان، بۆ ئەنجامدانی بەراوردێك لە نێوان ئێرەو ئەوێدا. من پانتاییەکی زۆری ئەوروپام دیوە، ئەزموونی ژیانم لە چەند وڵات و ناوچەیەکدا کردوە. دیارە گومان لەوەدا نییە کە بینینی ئەوروپا بۆ کەسێکی نائەوروپی جودایە. ئەم جوداییە، لە هەمانکاتدا فرە ئاستە. بینینی ئەوروپا یان وێناکردنی ئەو روپا پێش بینینی ئەوروپا جودایە، لە بینینی ئەوروپا پاش گەیشتن. ئەم دەقانەی لێرەدا دەیانخوێنێتەوە سەرتاپایان دەربارەی ئەوروپان پاش گەیشتن، ئەگەر گەیشتن مانایەکی روونی هەبێت.

گەیشتن ئەو وشەیەیە کە نزیکایەتی هەیە لەگەڵ وشەی گەیوو. میوە کە دەگا، دەگەیە. گەینی میوە دوا مەنزڵگەیە. پاش گەین، گەنین دێت. گەنین لە میوەدا هاوتای مەرگە لە مرۆڤدا. گەیشتن وەك دوا مەنزڵ

چەمكێكی زێدە ئاڵۆزە. گەیشتن كۆتاییە. گەیشتنە ئەوروپا، یانی هەبونی ئایدیایەكی روون بەرامبەر ئەوروپا، بەرامبەر مەبەست لە ڕۆیشتن بۆ ئەوێ، روونیەك دەربارەی ئامانجەكان. بەڵام ئەمانە بۆ كەسێكی رۆژئاوایی، لێگەری كورد، زۆر گرانە. ئەم گرانییە زیاتر تۆخدەبێتەوە كاتێك مرۆڤ وەك كوردێك، كە لە زۆربارادا وەك پەنابەرێك دەچێتە ئەوێ. پەنابەر كەسێكە كە بە ناچاركردنی لە رێگای سیستەمەكانەوە دەكرێتە كەسێكی بێ-ئیرادە. كەسێك كە دەبێ خۆشەبكرێت، رابهێنرێت، لە سەر چاوەنوارِی و ئازارچەشتن ببێتەوە. پرۆسەی پەنابەری جێگای وەك كامپ و چەندین پرۆسەی وەك چاوپێكەوتن و لێكۆڵینەوە و لە زۆرجاردا دادگایكردن لە خۆدەگرێت. ئەم مانەوە لە شوێنی تایبەت و چاوەنوارِی درێژ و ئاشنابوون لە سیستەمە ئاڵۆزەكانی وەرگرتن و رەدكردنەوە، مانای گەیشتن دەگۆڕێت. بە جۆرێك دەتوانین بڵێین خەونەكانی گەیشتن پێش پرۆسەی پەنابەر و پاش پرۆسەی پەنابەری ئاسمان و رێسمانن. خەونی پێش گەیشتن خەونێكە كە پەرتەوازەیە و پچڕ پچڕە لێرە و لەوێ لە سەرچاوەی جوداوە هاتوون و لە زۆربارادا لە خۆشباوەڕییەكی كوردانە و لە سۆزێكی شاعیرانە پێچراوە. بەڵام بە پێچەوانەوە مانای گەیشتنی پاش پرۆسەی پەنابەری زیاتر لە نائومێدی و واقیعیەت پێچراون. ئەم پرۆسەیە گەر فۆكۆیانە لێی بنوارین لە قاڵبدان و خۆشەكردنی مرۆڤە لە رێگای ئەم سیستەمەوە بۆئەوەی ببێتە كەسێكی بەتاڵ لە خەون، رازی و ئەگەر بكرێت دڵخۆش بە شتە بچكۆلەكان.



ئەم دەقانە یادەوەری تاكەكەسین. تاكەكەسێك كە دیدی تایبەتی خۆی هەیە بەرامبەر رۆژئاواو رۆژهەڵات و هەروەها پەیوەندی نێوانیان. جێهێشتنی رۆژهەڵات و نەگەیشتن بە رۆژئاوا بە مانا ئاڵۆزەكەی گەیشتن ئەم سەفەرە ئەكاتە برین. برینێك یاخی لە قەتماخە. برینێك كە هەمیشە لە رێگای نیگایەكەوە، هەوایەكی ساردەوە، خێسەیەكی پۆلیسێكی سەر سنور، توڕەبوونی پیاوێكی خاوەن ئیش، دەكلۆێتەوە. لەم پرۆسەیەدا نامۆیی یان ئیكسایلْ سەرهەڵئەدات. نامۆیی وەك ئیدوارد سەعید باسی ئەكات باسكردنی خۆشە یان ئاسانە و ئەزموونكردنی گرانە. زامێكە لە نێوان یان پانتاییەكە كە بە زۆر، دوور لە خواستی خود، لە نێوان مرۆڤ و شوێنی یان زێدی خۆیدا دروستكراوە. ئەمە لە ئەنجامدا لێكپچڕانێك لە نێوان خود و ماڵی راستەقینەدا دێنێتە ئاراوە. وەك دەبینین لە میانەی قسەكردن لە نامۆیی یان غوربەت چەندین چەمكی ئاڵۆز سەرهەڵئەدەن. چەمكی وەك شوێنی راستەقینە، زام، ماڵ، سارێژنەبوون. كاتێك بیر لەم چەمكانە دەكەینەوە لە هەمانكاتدا ناچارین قسە لە سەر بەخێرهاتن یان خانەخوێی بكەین. بەو مانایە چەندێك كەسێك ماڵی ئاوەڵایە بۆ كەسێكی تر. چەندێك كەسێك دەتوانێت كەسێكی تر بۆ نیو ماڵی خۆی داوەتكات. ئەم پرۆسەیە بە زمانی ئینگلیزی پێی دەڵێن هۆسپیتاڵیتی. كاتێك ئەم پرۆسەیە ئەنجام نادرێت، كاتێك كەسێك بەخێرهاتن ناكرێت بۆ ماڵ یان وڵاتی كەسێك ئەوا پرۆسەی زینۆفۆبیا یان ترس لە بیانی سەرهەڵئەدات. هەردوو پرۆسەی هۆسپیتاڵێتی و زینۆفۆبیا پەیوەستە بە كۆمەڵێك پرۆسەی ئایدەلۆژی و ئابوری و كۆمەلایەتی و سیاسیەوە. مرۆ بەخێرهاتن

**ناکرێت لەبەر ئەوەی مرۆڤە یان لەبەرئەوەی قەیرانی هەیە، یان لە بەرئەوەی ئازار دەچێژێ یان لە بەرئەوەی لە ژیانی دەترسێت، یان لەبەرئەوەی خەون بە ژیانێکی باشترەوە دەبینێت. بەڵکو مرۆڤ بواری بۆ دەکرێتەوە لە جێگایەکی تر، رێگەی پێئەدرێت نیشتەجێبێت، یان ببێتە هاووڵاتی دەوڵەتێکی تر، چونکە وەك دەستێکی هەرزان، وەك کەسێکی لاو، یان وەك کەسانێك کە دەبنە هۆی نوێبوونەوەی کۆمەڵگا لە رێگای هێنانە دونیای وەچەی نوێوە، یان بە مانایەکی تر بە پرۆلیتاریابوون. مانای بنەڕەتی وشەی پرۆلیتاریا ئەوەیە کە کەسێك تەنها توانای زاوزێکردنی هەیە، توانای زیادبوونی هەیە، بەبێ ئەوەی هیچ توانایەکی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی هەبێت.**

**هەموو ئەم ئاڵۆزیانە لە نێو یادەوەریدا روودەدەن. یادەوەری بیرکەوتنەوەیە لە ساتوەختێکی تایبەتدا بۆ مەبەستێکی تایبەت. یادەوەری جودایە لە مێژوو. یادەوەری تێکەڵە لە سۆز و خەیاڵ و راستی و لێکدانەوە. جیاوازی هەیە لە نێوان یادەوەری و مێژوودا. لە مێژوودا پشکنین و گەڕان و وەدەرخستنی جۆرێك لە راستی گرنگە، بەلاّم لە یادەوەریدا دونیا سەرلەنوێ بەرهەم دێتەوە بۆ ساتەوەختی ئێستا، بۆ مەبەستی ئێستایی.**

**مەبەستی سەرەکی ئەم یادەوەریانە، تێڕامانە، تێڕامانە لە خود لە دەرەوەی زێدی خود. تێڕامانە لە خود لە نامۆبووندا، لە دونیایەکی بالاّ. ئەوروپا ئەو کیشوەرەیە کە ئامادەییەکی کاریگەری هەبووە لە مێژووی نوێی ئێمەدا. پەرتبوونی ئێمە، کۆلۆنیالی بوونی ئێمە، پاشان هەموو ئەو**



**تراژیدیانەی کە لە ئەنجامی ئەو رووداوانەوە دێنە ئاراوە. رامان یارمەتی من ئەدات هەتا لەنێوان رابوورد و ئێستا و داهاتوودا جۆلانێ بکەم بەبێ ئەوەی پەیوەست بم بە هیچ ساتێکی مێژووییەوە. ئەمە زەمینە خۆش ئەکات بۆ بەراوردکاری. بەراورد لە نێوان ئێرە و ئەوێدا بە مەبەستی لێگەشتنێکی باشتر لە ئێرە. ئەم میتۆدە هەروەها لە زۆر لە ستونەکانمان بەکارم برد. بەرواردکاری رووبەڕووبوونەوەیە یان رووبەڕووکردنەوەی دوو دونیایە بە مەبەستی لێگەیشتنی باشتر. بۆ من ئەم پرۆسەیە بریتی نییە لە ئایدیال و نەخوازراو. من وەها نابینم کە ئێرە جێگایەکە، یان کۆمەڵگایەکە کە لە زۆر ئاستەوە لە خوار کۆمەڵگای رۆژئاواوەوەیە و دەبێت لەم پرۆسەیەدا پیابگات. پیاگەیشتن، رەدووکەوتن، بینینەوەی خود لە دوای ئەوروپاوە لە رووی ئابوری و فەرهەنگی و کۆمەڵگایی و سیاسیەوە، میتۆدێکی بلاّوە کە لە لای زۆر لێکۆڵەرەوە بەکاردەبرێت. بەلاّم ئەم پرۆسەیە بەراوردکاری نییە، بەڵکو تەنها بریتییە لە بینی ئێرە لە دیدی ئەوێوە بۆ دۆزینەوەی کەموکورتیەکانی ئێرە. کەواتە لە ئەنجامدا ناتوانرێت تێگەیشتنێکی قووڵ بۆئەوێ وەچنگ کەوێت، بەڵکو لە زۆر باردا دەبێت پرۆسەیەکی رووکەشگەرایی بۆخۆی پرۆسەیەکی ئاڵۆزە. لە زمانی ئەڵمانیدا چەمکێك هەیە کە لە سەردەمی رۆمانتیکی ئەڵمانیدا سەریهەڵدا پێی دەڵێن کچ. کچ پەککەوتنی بیرە لە بینی سەرچاوەکانی بیرێکی تر. بێتواناییە لە چوونە ئەودیوی رووکەش. تەسلیم بوونە بە دەرکەوتەکان و دوورکەوتنەوەیە لە پرۆسە ئاڵۆزەکانی**

گەشەی بیر. کچ تەنها لە بواری بیردا روونادات، بەڵکو لە بواری زۆری وەك جلوبەرگ، خانوبەرە، خواردن، جۆری قژ، شتی زۆری تر.

ئەم دەقە رۆژئاواناسیە بەبێ ئەوەی بیەوێ رۆژئاواناسی بێت. رۆژئاواناسی یان ئۆکسیدێنتالیزم، میتۆدێکی نوێیە، گەرچی چەند سەدەیەکە بوونی هەیە بەڵام وەك دەرکەوتە تەنها لە پاش دەقە گەورەکەی ئیدوارد سەعید هاتە ئاراوە. ئۆکسیدێنتالیزم فرە توێژە، لە هەر پارچەیەکی رۆژهەڵات بە شێوەیەك دەرئەکەوێت. بەلای هەندێکەوە سەرچاوەی ئەم بیرانە، بیری ئۆکسیدێنتالیزم لە نێو خودی رۆژئاوا خۆیدایە بەتایبەت لە نێو رۆمانتیکی ئەڵمانی. ئەوانەی ئەم دیدە بونیادئەنێن ئەوانەن کە رۆژئاواناسی وەها پێناسەئەکەن کە بریتییە لە هەبوونی کینە و رق بەرامبەر رۆژئاوا. بەڵام رۆژئاواناسی یان رۆژئاواگەرایی دەکرێ عەشق بێت بەرامبەر خۆرئاوا، وەك لە مۆدێلە تورکیەکەیدا. من هەوڵئەدەم هەتا پێم بکرێت خۆم لە کینە و عیشق بەدوور بگرم، چونکە هەردوو هەڵوێستەکە جۆرێکن لە رێگر بۆ دەرخستنی فرەڕووی و ئاڵۆز و راستی دونیای رۆژئاوا. بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە من بەبێ هەڵوێست بەرامبەر شارستانی رۆژئاوا دەوەستم. مەبەستی من ئاشنا بوونی مرۆڤی کوردە لە رێگای ئەزموونی منەوە بە کیشوەرێك کە من بڕێکی زۆر لە سەر زەمینەکانیم دیوە، تیا ژیاوم، گوزەرانم کردوە، زمانی فێربووم، بیرم تیاکردوەتەوە، تاڵی و سوێرم تیا چێژاوە، زۆر جاریش عاشق بووم، زۆر زۆرتریش دڵم شکاوە. لە کۆتاییدا ئەم دەقانە سەفەرن بە نێو ئاگاییەکاندا، بە نێو زمانەکاندا، شارستانیەکاندا، مێژووە ناوچەییەکاندا، سەفەرێکە بە نێو خوددا لەبەرامبەر ئەویتردا. ئەم سەفەرە نیشتەجێبوونە لە سەفەردا، بێ ماڵێکە بۆ دۆزینەوەی ماڵێکی یەکجاری. شەڕە لەگەڵ شوێندا بۆ گەشتن بە هەموو شوێنەکان. ئەگەر ئامانجی ئەم سەفەرە گەشتن بێت، ئەوا پاش گەشتن، یان گەڕانەوە هەیە یان مەرگ. گەڕانەوە شکستی گەیشتنە لە دۆخە کافافیەکەیدا. شاعیری یونانی کۆنستنتەتین کافافی دەڵێ: (شارێکی تر نییە بۆ تۆ، بۆ هەرکەسەو تەنها یەك شار هەیە).

**بەدەقبوونی ئەورووپا: وەك میتۆد**

لە کتێبی نووسین و جیاوازیدا، فەیلەسوفی فەرەنسی جاك دریدا، دەربارەی پرۆسەی بە دەقبوون ئەدوێت. بەدەقبوون یان بەدەقبوونی بالاّ یانی بەدەقکردنی دونیای دەرەوەی دەق. لە میانەی ئەمەدا دونیای نادەق دەبێتە دەق هەتا رێگەمان بدات وەك دەقێك بیخوێنینەوە، راڤەیکەین و هەڵیوەشێنین. لەرێگای ئەمەوە دەتوانین ژیان، باڵەخانە، پانتایی، سیستەم بە دەقبکەین. دەق کە دەنوسرێت، لە ساتەوەختی تەواوبونی نوسینیدا ئیتر ساتەوەختی هەڵوەشاندنەوەی دەست پێئەکات. دەق هەوڵدانێکە بۆ گەیشتن بە کەماڵ، هەوڵدانێکە بۆ دەرکەوتن لە شێوازێکی تەواو و بێ خەوشدا. بەڵام بەرهەمهێنی دەق بە ئاگایە کە کاری لەو شێوەیە مەحاڵە، بۆیە برێکی زۆر لە دەق شاردنەوەیە. ئەرکی خوێندنەوە پەردە هەڵماڵینە لەسەر ئەم بۆشایی و کەموکورتیانە. ئەم پرۆسەیە رەنگە لە یەکەم دەرکەوتەیدا وەها دەرکەوێت کە پرۆسەیەکی نەگەتیفە. بەو مانایە تەنها بەدوای کەموکووڕی و چاڵ و گاپدا دەگەڕێت. بەڵام لە راستیدا بە پێچەوانەوە ئەم پرۆسەیە رۆچوونە بە نێو قووڵایی دەقدا، خوێندنەوەی دەقە لە ئاستی بنەڕەتدا، بەرگریکردنە لەو هەوڵە ئایدەلۆژیانەی کە دەق ئەیدا بۆ بڕواهێنان و زۆر جار هەڵخەڵەتاندن.

پەیڕەوکردنی میتۆدی دێریدایی زۆرجار کارێکی ئەستەمە. بەڵام لێرەدا بەشێوەیەکی تایبەت بەکاردەبرێت، کە لەگەڵ تایبەتمەندی ئەم دەقانەدا بگونجێ. ئەوەی ئاشکرایە کە ئەم دەقانە بە ئاسانی ناچنە نێو



خانەی ژانرەیەکی تایبەتەوە. دەکرێ بەئاسانی وەها بناسرێت کە فرە ژانرەیە. ئەم فرە ژانرەیەتییە بەرهەمی ناچاری و پێداویستیە. لێرەدا چاوی خود ئامادەیە، پاشخانی خود ئامادەیە، ئاستی کەلتوری خود ئامادەیە و جۆری ئەزموونکردنی خودیش ئامادەیە. سەرباری ئەمانە بێتواناییەك دەبینرێت کە لە ئەنجامی کەمی کات و نەزانینی زمان و نەبوونی دەرفەت بۆ ئامادەبوون لە زۆر جێگادا.

## چوون بۆ ئەویّ

چوونی بۆ ئەویّ بڕیارێکی تاکە کەسی نەبوو. کە من بڕیارمدا بڕۆم هێشتا لە سەرەتای لاویدا بووم. تەمەنم لە سەرەتایی بیستەکاندا بوو. بەڵام کۆمەڵێ دەقی باشم خوێندبووە و بیرکردنەوەیەکی سەرەتاییم هەبوو بەرامبەر ئەوروپا. بە جۆرێك لە جۆرەکان ئاشنابووم بەئەوروپا پێش ئەوروپا. خەیاڵدانم پڕبوو بە ئەوروپا. ئەوروپا ناوێکی پڕ رۆمانسی بوو. جۆرێك بوو لە براند. براندا زاراوەیەکی ئینگلیزیە کە لە بواری بازاڕدا بەکاردێت. ناوێك دەبێتە براند کاتێك خەڵکی خۆیان پێ دەناسنەوە. بە خۆشحاڵیەوە دەبنە هەڵگری. پەیوەستبوون پێوەی جۆرێك لە شوناس دەبەخشێتە هەڵگرەکەی. بەبراندبوونی ئەوروپا سەرەتای ساڵانی نەوەدەکان دەستی پێکردو بەردەوام بوو تا ناوەندی ساڵانی یەکەم دەیەی سەدەی بیست و یەك. ئەم شوناسە لە رێگای دەربڕینی وەك 'من دەچم بۆ ئەوروپا'، 'من لە خاریجم'، 'من دەمەوێت بڕۆم'، و زۆر شێوازی تری دەربڕین دەردەبڕێت. شوناسی بە ئەورپایی بوون، شوناسێکە بۆ ئێرە. شوناسێکە کە بۆخۆی جۆرێکە لە ئۆکسیدێنتالیزم. هەڵگرتنی شوناسی ئەوروپایی بوون، یان هەبوونی خەون بۆ بوون بە ئەوروپایی کۆمەڵێك ئاماژەناسی لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێت. ئاماژەناسی وەك، من بێزارم لێرە، من دەمەویّ لێرە بڕۆم، من دەمەوێت ببمە هەڵگری کەلتورێکی تر. من ئەوروپاییم.

رەهەندێکی مەترسیداری ئەم شوناسە، لای تاکی کورد، ئەوەیە تەنها لە ئاستی رووکەشدا دەمێنێتەوە. ئەوروپایی بوون لە هەموو شتێك زیاتر رەهەندی ئابوری و خۆشگوزەرانی هەیە، بەبەراورد بە کەلتور و فەرهەنگ



و بیر. گەرچی بەختیار عەلی دەڵێت: 'سەنتەری کۆچ لە بنەڕەتدا هەوڵدانە بۆ دەربازبوون لە شوێنێك نەوەکو بۆ گەیشتن بە شوێنێکی تر'. سەرباری هاوڕاییم لەگەڵ ئەم دیدەدا، بەڵام کۆچ، یان بە ئەورپایی بوون لە هەمانکاتدا مانەوەیە، یان چون هاتنەوەیە بۆ ئێرە بە ناسنامەیەکی ترەوە. بۆیە دەتوانین بڵێین لە راستیدا کۆچ هەوڵدانە بۆ دەربازبوون لە ناسنامەی ئێرە، بەڵام لە هەمانکاتدا مانەوە یان گەڕانەوە بۆ ئێرە. ئەم مانەوەیە لە دوو رووەوە بە ئاشکرا دەرئەکەوێت: کاتێك کە کۆچکەری کورد لە ئەوروپایە خۆی بۆ ئێرە بونیادئەنێت، لە هەمانکاتدا کۆچکەری کورد تەنها ساتەوەختی چێژوەرگرتنی لە ئەوروپایی بوونی ئەو ساتەوەختەیە کە لە ئێرەیە. کەواتە کۆچکەری کورد، بە هۆش و بە جەستە لێرەیە. کۆچکەری کورد ئەوروپایی نییە، نابێتە ئەوروپایی، ناخوازێت ببێتە ئەوروپایی. ئەو تەنها ئەوروپاییە لە بەرامبەر کەسایەتیەکی تایبەتدا، یان ئەوێکی تری تایبەت کە کوردی ناو کوردستانە. ئەوەی ئەوروپایی بوونی کوردێکی بە ئەوروپایی بەرجەستە تاکێکی کوردی ناو کوردستانە. کوردێکی نیشتەجێی ئەوروپا لە بەرامبەر تاکێکی ئەوروپایی تاکیکی رۆژهەڵاتییە. ئەمەش وەها ئەکات جۆرێك لە ناجێگیری و دووفاقی لە کەسایەتی تاکی کورددا بێتە ئاراوە.

دەکرێت ئەم ئاڵۆزیەی شوناس وەها دەربڕێت. ئەوە کێیەتی ئەویترە کە کێیەتی منی کوردی نیشتەجێی ئەوروپا دیاریئەکات. کەسایەتی منی کوردی ئەوروپایی لە سەر کەسایەتی کەسی بەرامبەر وەستاوە. کەسی کوردی نیشتەجێی ئەوروپا هەمیشە دەخوازێت ئەو کەسەبێت کە کەسی بەرامبەر نییە. بەم شێوەیە هەمیشە بونەوەرێکە نەناسراو، پڕ لە نهێنی و

ئالۆزی، نەك تەنها بۆ ئەوانی تر، بەڵكو پێش هەموو كەسێك بۆخۆی. لە دوا ئەنجامدا كەسی كوردی ئەوروپایی كەس نییە. كەسێك نییە كە خاوەنی دوو كەلتوربێت، كەسێك نییە ماڵی لە نێو فەلسەفەكاندا بونیادنابێت، كەسێك نییە گەڕۆك، كەسێك نییە خاوەن بەها و دیدی تایبەتی خۆی بێت. كەسێكە كە بە تەنها دەبێت، نازانێت كێیە. كاتێك لەگەڵ خۆیدایە، رووبەڕووی ئەوێكی تر دەبێتەوە كە دەخوازێت لێی هەڵبێت. ئەم برینە، ئەم ونبوونە دەكرێت ببێتە بنەمای دیدێكی شاعیرانە، دیدێكی ناجێگیری هەمیشە نوێخواز. بەڵام لە زۆربەی باردا وەها نییە. بڕیكی زۆری كوردی ئەوروپایی نە دەتوانێت ئێرە بكاتە وڵاتی خۆی نە ئەوێ. مرۆڤێكی بێماڵی راستەقینەیە. بەبێ ئەوەێ بتوانێت بێماڵی بكاتە ناسنامەی خۆی. هەمیشە بەدەم ئازارێكی زۆرەوە دەتلێتەوە. كەسێكە كە لەوێ دوورەپەرێز و خەمناكە لێرەش دڵتەنگ و نامۆیە.

من پێش ئەوەی بڕۆم وەهام دەزانی كە ئاشنام بە ئەوروپا. رۆژانێك بوو بێزابووم لە ئێرە. بێزاربووم لە رەهەندە كۆمەڵایەتیەكانی، لە دونیای بۆگەنی سیاسەتی، لە ئاسۆ تاریكەكانی داهاتووی. وەهام دەزانی ژیان لە سەر زەمینێكی ترە. ئەوەی لێرە هەیە، لە كوردستان، هیچ نییە جگە لە ژان. ژانێك كە هەتا زیاتر بیچێژی زیاتر دەبێت. ژانێكە بۆ بەرهەمهێنانی ژان. ئەم بێزارییە هانی نەدام بۆ مەعریفە دەربارەی رۆژئاوا. هەرچەندە من خوێنەرێكی بەردەوامی فەلسەفەی رۆژئاوابووم، بەڵام سەختە لە دونیایەك بگەیت لەدەرەوەی و لە هەمانكاتدا بەو هەموو بێزاریەوە. بۆیە كەڵەكەكردنی زانیاری زیاتر نەدەبووە هۆی ناسین.



## دەربارەی ناسین

ناسین یانی گەیشتن بە كرۆك یان رۆحی بوونێك لە دەرەوەی خود. ئەمە بەو مانایە مرۆڤ بەئاگا دەبێتەوە لەبونێك لە دەرەوەی خۆی، ئەم پرۆسەی بە ئاگابوونەوەیە لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی ناسینی. ناسین كاتێك روودەدات كە عەقڵ لەوپەڕی دۆخی گونجاویدابێت. كەواتە ئەو ناوەندەی كە كەسی ناسەر تیایدا هەوڵ ئەدات بوونێك لە دەرەوەی خۆی بناسێت زێدە گرنگە. ئایا ئەو ناوەندە بوار ئەدات كە كەسی ناسەر بەبێ هیچ فشارێكی دەروونی و كەموكورتیەكی زانیاری و دۆخێكی كۆمەڵایەتی و ئابووری ناسین بێتە ئاراوە. ناسینی ئەوروپا لەكوردستان پێویستی بە زانینی زمان و خوێندنەوە و گۆڕینەوە و بەریەككەوتن و ئەزموونكردن هەیە. هەموو ئەمانە لە خانەی مەحاڵدا بوون. ئەم مەحاڵانە هێندە كاریگەرن رەنگە ببنە هۆی لە قاڵبدانی توانای ناسین لە مرۆڤدا. بۆیە دەكرێت بپرسین ئایا بۆ كەسێكی كوردی برینداری ئەنفالكراوی گەرمیانی ناسینی ئەوروپا لە ئەوروپاش ناچێتە خانەی مەحاڵەوە. بۆیە مرۆ دەتوانێت بە ئاسانی قسە لە سەر مەحاڵێتی ناسین بكات كە رەگی لە مێژوو و خێزان و دەوروبەر و شێوازی پێگەیشتن و فزوڵیەتی كەسەكاندا هەیە. لە لایەكی ترەوە ناسین بۆ خۆی جۆرێكە لە سەفەرێكی تر. ناسین داننانە بەوەی كەوا خواستێك، ئارەزوویەك، تینوێتیەك هەیە بەرانبەر ناسراو. كەواتە ناسراو دەكرێتە بابەت، بۆ فەراهەمكردنی پێداویستی خود. لێرەوە پەیوەندی ئاڵۆزی خود و بابەت دێتە ئاراوە.

ئەگەر ناسین بە گشتی پرۆسەیەکی هێندە ئاڵۆزبێت ئەوا ناسینی ئەوروپا سەد هێندە ئاڵۆزترە. هەندێجار کاتێك مرۆڤ دەخوازێت بوونێکی ئاڵۆزی وەك بوونی ئەوروپی بناسێت هێندە دەکەوێتە ژێر کاریگەریەوە توانای ناسینی لەدەست ئەدات، بەڵکو دەبێتە دەروێشی. بەومانایە دەبێتە هەڵگرێکی خەسڵەتەکانی، لاساییکەرەوەیەکی بێ پرسیار. لێرە ناسین دوورە لە مەعریفەوە، دوور لە ئەپستیمەوە. کەسی ناسەر نەك ناناسێت بەڵکو لەبری ناسین ون دەبێت. ئەم ونبوونە شیوازی زۆرە.



**دەربارەی ونبوون**

ونبوون چەندین شێوازی هەیە. جۆرێکی باو لە ونبوون ئەو ونبوونەیە کە بە لاڤانتاین ناو دەبرێت. ئاوەڵناوی لاڤانتاین لە لاڤانتی فەرەنسیەوە هاتووە. لاڤانت یانی شام. رەگی ئەم دیاریدەیە بۆ ئەو کەسانە دەگەڕێتەوە کە رەگی کەلتوری خۆیان لە دەستداوە و رووکەشی کەلتورێکی تریان هەڵگرتووە. بەم پێیە ئەم کەسانە بێڕەگن، بێ کەلتورن، بێ ناسنامەن و هەندێك جار دەکرێت مایەی مەترسی بن. کەسی ونبوو مایەی مەترسیە، چونکە خاوەن هیچ پێپێوەرێك نییە. لە رووی پەیوەندی و مامەڵەوە مرۆڤ نازانێت ئەو چۆن رەوایەتی و ناڕەوایی دیاردەکان هەڵئەسەنگێنێ. بە شێوەیەکی گشتی لە رۆژهەڵات پێوەرەکان ئاینن. ئاینەکان بە روونی سنورەکانی حەڵاڵ و حەرامیان دیاریکردوە. لە دونیای نا ئاینیدا پێوەرەکان سێکیولارن. رەنگە ناسراوترین پێوەر پێوەرەکەی کانت بێت. کانت داوامان لێئەکات کە وەها مامەڵە بکەین لەگەڵ هەر دیاردەیەکدا چی دەبێت ئەگەر هاتوو هەموو مرۆڤایەتی پێی هەستا. ئەگەر رەوابوو ئەوا رەوایە ئەگەر نا ئەوا ناڕەوایە. بەو مانایە لە کاتی ئەنجامدانی کارێکدا دەبێ بیر لەوەبکەینەوە دەبێ هەموان بەبێ جیاوازی هەمان مافیان هەبێت، هەموان بۆیان هەبێت بە هەمان کار هەستن.

شێوازی تر لە ونبوون حەپەسانە. ئاساییە بۆ مرۆی کورد لەبەردەم لابرینپی سیستەمی ئەوروپا بحەپەسێت. حەپەسان بەمانای لە دەستدانی توانای تێگەیشتن. رەنگە حەپەسان کورتخایەن بێت، کە دیاردەیەکی

سروشتی و هەندێجار پێویستە بۆ بەئاگابوونەوە. بەڵام حەپەسان دەکرێت درێژخایەن بێت. ئەم جۆرە حەپەسانە مرۆڤ لە دونیا دەکێشێتەوە، فزولیەتی ئەکوژێ، بە جۆرێك لە جۆرەکان گۆشەگیری ئەکات. لێرەدا مەعرفی کەم بایەخ دەبێت. لای کەسی حەپەسیو زانینی دونیا ناپێویستە چونکە لە کۆتاییدا دونیا ناتوانرێت بزانرێت. ئەم کەسانە بۆ هەڵهاتن لە حەپەسانەکە پرۆسەی ناسینی دونیا کەم بایەخ یان هەر بێبایەخ دەکەن. ئەمە لە کاتێکدا ئەوروپا بۆخۆی بوونێکە یاخی لە ناسین. فرە توێژ، زۆر توێژەکانی دژ بەیەن.



## رۆشتن وەك سەرەتا

رۆشتن سەرەتایە. سەرەتا چەندێك ساتەوەختی دەستپێکردنە هێندەش ساتەوەختی کۆتاییە. سەرەتا دەکرێت ساتەوەختی دەستپێکردنێکی نوێ بێت، کە لە پێشینەدا بوونی نەبووە. دەکرێت پچڕان بێت لەو هێڵە درێژبوانەی رابردوو. بۆیە سەرەتا دەکرێت ساتەوەختی فڕین بێت. ساتەوەختی فڕین، چەمکێکی دۆلۆز و گوتاریە، لە کتێبی هەزاربانەدا، کە مەبەستیان لێی ئەوەیە کۆمەڵێك هێڵی درێژبووەوە هەیە لە ژیانی مرۆڤدا، هێڵی خێزان، هێڵی قوتابخانە، هێڵی کۆمەڵگا، هتد. ئەم هێڵانە درێژەیان هەیە، بەڵام لە ساتەوەختی فڕیندا ئەم هێڵە بە کۆتایی دەگات و لە درێژبوونەوە دەوەستێت. وەك لە مانای وشەکەدا دیارە، بەرزدەبێتەوە بۆ ئاستێکی تر، ئازاد دەبێت لە رابردووی. رۆشتن، بڕیاری رۆشتن، ساتەوختی فڕین بوو. ساتەوەختێك بوو کە تیایا خێزان، وڵات، نەریت، مێژوو، ئاین، لە زۆر رووەوە توشی پچڕان بوون. پچڕان بۆخۆی چەمکێکی ئاڵۆزە. پچڕان بەمانای لەبیرکردن و کۆتایی هێنان بە رابردوو نییە، بەڵکو مەبەست لێی ئەوەیە کە بوەستیت و ئاوڕبدەیتەوە و جارێکی تر بە شێوازێکی تر، لە دیدێکی ترەوە، ئەو پێکهاتانە ببینی کە لەگەڵیدا پچڕانت دروستکردوە. پچڕان یانی گواستنەوە بۆ قۆناغێکی تر. پاشان ئاوڕدانە لە رابردو و بینینی لەو پێگە نوێیەوە. پچڕان تەنها کردە نییە. پچڕان روونادا چونکە کەسێك شوێنێك بەجێدەهێڵێت. بەڵکو پچڕان پرۆسەیەکی عەقڵییە. توانای پیاچونەوە و سەرلەنوێ راڤەکردن و مانابەخشینە بە رابردوو، لە

پێناوی دەوڵەمەندکردنی پێگە نوێکەی ئێستا. دیارە زۆر جار ئەم پرۆسەیە رووئەدات وەك دەرئەنجام. کاتێك کەسێك دەفرێ بۆ ئاستێکی تر، ئیتر سروشتیانە ئەوەی کە جێدەمێنێت خۆی بە خۆی مانایەکی تر دەبەخشێت.

رەنگە لای تاکی کوردی موسافیر، ئەو پچڕانەی کە رووئەدات یان یەکەم پچڕان لە رووی ئەو بازنەیەوە بێت، کە خێزان لە دەوری تاکی کێشاوە. تاکی کۆچکەر ناچارە پشت بە خۆی ببەستێت بۆ بڕیاردان، بۆ هەنگاونان. لە یەکەم هەنگاودا تاکی کۆچکردوو دەبێتە تاکێکی بەرپرس لە خۆی.

رۆشتن سەرەتایەکی تر بوو بۆ من لە رووی خێزان و پانتایی جوگرافی و زمان و پەیوەندی خۆم لەگەڵ خۆمدا. ساتەوەختی رۆشتن ساتە وەختێکی دڵتەنگ بوو. دڵتەنگیەك کە ناچاریکردم رووبەڕووی خۆم ببمەوە. رۆشتن ماڵئاواییە بۆ جێگایەکی نادیار. بۆ سەفەرێك کە مەرگ تیایا رەنگە یەکەم مەنزڵ بێت. سەفەرێك کە گەیشتن هیچ نییە جگە لە کۆمەڵێ خەیاڵ. بۆ من ئەوروپا جێگایەکی دیاریکراونەبوو. سەرزەمینێك نەبوو کە بتوانم لە سەر جوگرافیا دیارییبکەم.

لە رۆژێکی خۆرەتاودا لە شاری مێرسیلیا لە فەرەنسا، لە کابینێکی تەلەفوندا کاتێك قسەم لەگەڵ هاوەڵێکمدا دەکرد، لە وڵاتی ئەڵمانیا پێی وتم: دەچی بۆ کوێ؟ گەرچی پرسیارێکی سادە و چاوەنوارکراوبوو، بەڵام وەڵامدانەوەی زێدەگران بوو. جێگاکە ویستگەی شەمەندەفەرێکی گەورە بوو، من چاوەنواڕی شەمەندەفەری شاری ستراسبۆرگم ئەکرد. مێرسیلیا شارێکی کەنار دەریای دڵگیرە. جادەکانی پڕە لە رواڵەتی رۆژهەڵاتی.



تێپەڕینی من بەو شارەدا وەك تێپەڕینی با بوو: خێراو بێشوێنەوار. ئێستا جگە لە تراویلکەیەکی لێڵی خەوناوی هیچی ترم لەو شارە بەیاد نایەتەوە. بەڵام سەرباری ئەوە هەست ئەکەم ئەو شارە بەشێکە لە رابردووی من. خاڵێکە لە سەر هێڵی پێچاوپێچی سەفەر. بەیانیەکی خۆرەتاوبوو کە گەیشتم. پاش تێپەڕاندنی شەوێکی سەخت لە نیس. بۆ مرۆڤ ئاسانە بگەڕێتەوە بۆ ئەو جێگایانەی کە تیایدا وەك وێناو یادەوەری جێگیر نەبوون. بە تایبەت ئەگەر ئەم گەڕانەوەیە بۆ مەبەستی گێڕانەوەی سەربوردەیەك بێت، ئەم تراویلکەییە ئازادیەکت پێ ئەبەخشیت کە بتوانی پانتایی شارەکە گونجاوانە بۆ دەقەکەت بەرهەم بهێنێتەوە. رەنگە مێرسیلیا زیاتر بۆئەوە بگونجێت هەتا لە چیرۆکێکدا، لە رۆمانێکدا بۆ بگەڕێیتەوە. چونکە بەو یادەوەریە تێپەڕ و کزە ناتوانرێت لە سەری رامێنی. بەڵام دەرفەت و ئازادیت پێئەبەخشی هەتا ئازادانە سەرلەنوێ بەرهەمی بهێنیتەوە.

ئەزموونی من لەو شارەدا ئەزموونی موسافیرێك بوو پڕ لە ترس. کۆچکەرێك کە دەیخواست بڕوات، بە زووترین کات. تێپەڕینی کەسێك نەبوو بۆ بینین، بۆ ئەزموونکردن. ئەو رۆژانە چەند مانگێکی پێش مۆندیالی فەرەنسابوو. لە زۆر شوێن لە جامخانەکاندا تۆپێکی پێ دانرابوو. من نوسینە فەرەنسیەکانم بۆ دەخوێندرایەوە بەڵام بەبێ هیچ تێگەیشتنێك. کاتێك کە شەمەندەفەر کەوتە رێ دەقی لێترانژیی (نامۆی) کامۆم کەوتەوە یاد. یادکەوتنەوەی ئەو دەقە رەنگە پەیوەست بێت بەو هەستەی کە لەو ساتەوەختەدا بەسەرمدا زاڵبوو. هەستکردن بە نامۆیی، بە بێ

مالّی، بە سەرما، بە دڵتەنگی، لە هەمانکاتدا بینی دروشم و نوسراوی سەردیوارەکان و رۆیشتن بۆ جێگایەکی تر. رەنگە هۆکاری سەرەکیشی ئەوەبێت کە هێندە نەبوو ئەو رۆمانەی کامۆم بۆ زمانی عارەبی خوێندبووەوە. دەقەکەی کامۆ جۆرێکە لە رووبەڕووبونەوە، کەسێکە کە دەخوازێت ژیانێك بژی راستیانە دوور لە رووپۆشە کۆمەلآیەتیەکان. ئەم دەقانە ئەو کۆترەدارانەبوون کە ئاگری سەفەریان تیا خۆش ئەکردین. گێنگلّیان پێئەداین و هەست و سۆزیان دەهێنایە سوێ. من نامۆبووم وەك نامۆیەك دەبینرام. لەو پانتاییە جوگرافی و کۆمەلآتیە تەسکەی کە تیا ئەژیام وەها دەبینرام کە کەسێکم سەر بەدەرەوە، رچەشکێن و زۆر جار غەریب.

ئەگەر کەسێك بە خۆڕسك یان بە سروشت سەر بە جێگایەك بێت، پێویست ناکات قسەی دەربارە بکات، وەك ئیدوارد سەعید دەڵێت. بەڵکو ئەو تەنها ئەوانەن قسە لە سەر جێگای نیشتەجێبونیان ئەکەن کە پێویستیانە قسەی لەسەر بکەن. بەم پێیە پرسی من دەربارەی جێگای سروشتی بوونی خۆم نیشانەی نامۆبوونی من بوو لە زێدی خۆم.



## زێدی من

زێدی من گوندێکە لە گەرمیان. گوندێکە لە سەرزەمینێك کە گەرما لە هەرە دیاریترین دیاریدەکانیەتی. گەرمیان ولآتی خۆرە. ژینگە کاریگەریەکی زۆری هەیە لە سەر ژیار و کەسایەتی کەسەکان. لە سەر دەرکەوتە و رواڵەتیان. ئەگەر رۆژێك کوردستان ببێتە ولآت ئێمە دەکەوینە نزیك سنورەکانی باشور لەگەڵ عەرەبدا. کەلتوری عەرەب، لە زۆر رووەوە دەرکەوتەو زاڵێتی هەیە بەسەر ژیار و زمان و رواڵەتدا. سنوربوون، کەناربوون یان پەراوێزبوون نییە، وەك لە کەلتوری گشتیدا دەبینرێت. رەنگە وەك فەیلەسوفی نیومارکسیستی فەرەنسی ئیلنۆی بلیبار دەڵێ: سنور ناوەندە. سنور ئەو جێگایەیە کە جیاوازەکان دەبنە دراوسێ، شوێنی گۆڕینە و بەریەککەوتنە. لەوێدا تاك رووبەڕووی کەلتوری تر، بەهایەکی تر، ژیارێکی تری جودا لەوەی خۆی دەبێتەوە. ئەم سنورە لە راستیدا تەنانەت لەگەڵ عەربدا نییە، وەك نەتەوەیەکی سەردەست لە عێراقدا، بەڵکو لە هەمانکاتدا لەگەڵ ئێراندایە و بە هەمانشێوە لەگەڵ کۆمەڵێك ژێرکەلتوری ترە وەك کەلتوری شیعە، کاکەیی، تورکومان و عەرەبی سوننی، بەلآم جوگرافیای بچکۆلەی زێدی من گوندێکە کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی بە کۆماربوونی عێراق. لەو ساڵەدا باپیرم بەتەنها هات لە نێو دۆڵێکی نزیك رووباری سیروان جێگربوو. گوندەکە بەناوی ئاوی دۆڵێکی تری نزیك بە دۆڵی گوندەکەوە ناونرا. ئاوی دۆڵی نزیك گوندەکە لە کۆن زەمانەوە بەبێ هیچ سود لێوەرگرتنێك دەڕژایە روباری سیراون: بۆیە خەڵکی بە ئاگایی و تێگەشتنی سادەی خۆیانەوە ناویان ناوە ئاوەخوێری.

## دەربارەی رووباری سیروان

هۆڵدەرلین شاعیری رۆمانتیکی ئەڵمانی دەڵێ: رووبار هەمیشە سروشتێکی شاعیرانەی هەیە. سروشتی شاعیرانە چی دەگەیەنێت. من بۆ رایەڵکردنی ئەم وتەزایە بەراوردێك لە نێوان روباری سیروان و روبار، هەر روبارێك لە ئەوروپا، ئەکەم. ئەم بەراوردکاریە هەروەها بەراوردکاریە لە نێوان دوو قۆناخی جیاواز لە مێژووی ئەوروپادا. سەرەتا دەپرسین بۆچی هۆڵدەرلین توانی دێڕە شیعرێکی وەها بنوسێت بەڵام ئەمرۆ، بۆ نموونە ئەگەر دێڕە شیعرەکانی ئیلیوت باسکەین لە وێرانە خاکدا دەربارەی تایمسی لەندەنی هیچ شاعیرانەکەیان تیا نابینرێت. ئێمە لێرەدا مەبەستمان نییە باس لە ئیلیوت بکەین.

لە رۆژانی هۆڵدەرلیندا رووبار ئازادانە رێرەوی دەگۆڕی. پەل و پۆ و جۆگە و لقی لێ دەبووەوە. لە هەستان و کەمکردنیدا رێرەو و شێوازی دەگۆڕا. رەوتی سەفەری لە سەرچاوەیەوە بۆ دەریا لە دەسەڵاتی خۆیدابوو. لە قاڵب نەدرابوو. رووبار هێشتا خاوەنی سروشتی خۆی بوو. کە مۆدێرنە دێت. مۆدێرنە بە پەیامی زاڵبوون بە سەر سروشتدا. دەستەمۆکردنی سروشت بۆ مرۆڤ. کردنی مرۆڤ بە چەقی گەردوون. ئیتر رووبار لە سەرکێشی و هەڵکشان و داکشان و پەل و پۆ ئەکەوێت. رووبار لە نێو دیواری رقی کۆنکریتیدا قەتیس دەکرێت، توناکانی، هەڵچوونە شاعیرێتیەکەی پەکی ئەخرێت. هێندە دەستەمۆ ئەکرێت کە دەکرێتە



بەشێکی خۆشەکراوی شار، بەشێك کە لە رێی تەکنەلۆژیاوە وەك ئەوەی رێگایەك بێت، هەموو کەس دەتوانێت پیایدا تێپەڕێت.

کە رووبار دەستەمۆ ئەکرێت، کە ئەکرێتە رێگایەکی گواستنەوە، دیمەنێکی بینراو، چی دی شاعیرانە نییە. بۆیە لە ئەنجامی دەستەمۆبونیدا دەبێتە شوێنی هەڵگرتنی پیسی و پۆخڵی شار. لێرەوە جیاوازی لە نێوان دیدە شاعیریەکەی هۆڵدەرلین و دیدە پیشەسازیەکەی ئیلیوت دروستدەبێت. سیروان نەشاعیرێتی هۆڵدەرلینی ماوە و نە بووە بە رووبارێکی ئیلیوتی. لە نێوانیاندا دوا دێڕەکانی شێوەنی مەرگی خۆی دەنوسێت.

## پۆلێنکردنی یادەوەریەکان

یادەوەری دەکرێت، بەپێی شێوازی بیرهاتنەوە، پۆلێنکرێت. یادەوەری دەکرێ یادەوەری تۆخ بن وەك ئەو یادەوەریانەی کە مرۆ لە میانەی وەبیرهێنانەوەیاندا بە شێوەیەکی وردودرشت سەرجەم وردەکاریەکانی بیردەکەوێتەوە. لەبەرامبەردا یادوەری دەکرێت کاڵبێت، وەك ئەو یادەوەریانەی کە وەك خەون بە یاد دێنەوە. یادەوەری کاڵ شاعیرانەن، بەتایبەت بۆ کەسێك لە بواری ئەدەبدا کاربکات، کەرەستەی خاون بۆ شوێن لە دەقدا. یادەوەری دەکرێ لە میانەی بیرکەوتنەوەیدا هەستی جودا لە نێو ناخی کەسەکەدا بهێننە ئاراوە. یادەوەری هەیە مایەی دڵتەنگییە، بە پێچەوانەوە هەیە مایەی دڵخۆشییە. ئەم نیشاەی ئەوەیە کە مرۆڤ بە ئەستەم دەتوانێت بە سەر برینەکانی رابردوویدا زاڵ بێت. یان بە مانایەکی تر مرۆڤ بونەوەرێکە کە پچڕان نییە لە مێژووی ژیانیدا. کات بۆ مرۆڤ بریتییە لە بەردەوامیەکی بێ پچڕان. لە هەمانکاتدا دەکرێ مرۆ لە رێگای جیاواز جیاوازەوە یادەوەریەکانی بیر بکەوێتەوە. یادەوەری هەیە لە رێگای بۆنەوە، هەیە لە رێگای بیستنەوە، هەشە لە رێگای بینینەوە، بیردەکەوێتەوە. گرنگیدان بە ئەندامەکانی تری هەستیاری بۆ راڤەکردنی مرۆڤ دیاریدەیەکی بڵاوە لە ئەدەبی پۆستمۆدرێندا. دەقی وەك بۆنی پاتریك سیسکن دەکرێ نموونەی دیاری ئەم جۆرە دەقەبێت. گرنگ ئەوە نییە لە رووی زانستیەوە یادەوەری لەکوێدا، لە چ بەشێکی جەستەی مرۆڤدا هەڵدەگیرێت. بەڵکو ئەوەی جێی بایەخە کە رووداوە کۆمەڵایەتیەکانە



یادەوەریەکان وەبیر مرۆ دەهێنێتەوە. مرۆڤ لە میانەی ژیانی رۆژانەیدا بەردەوام هەست دەکات دەزوویەك بە رابردوویەوە دەبەستێت.

هەرچەندە مەبەستی سەرەکی ئێمە لە یادکردنەوەی ژیانێك کە لە رۆژئاوا ژیاوین ئەوە نییە هەتا هیچ جۆرە هەستێکمان تیا بێتە جۆش، بەڵکو زیاتر مەبەست گۆڕینی هەستێکە بۆ بەشێك لە کەلتوری گشتی. ئەمە دەکرێت وەك ئەزموون ناوبرێت. ئەزموون هەبوونی توانایە لە وەستان بەرامبەر رووداوەکانی ژیان لە دیدێکی جودا لە دیدی خودەوە، بۆ بینین و هەستپێکردنی گشت رەهەندەکانی ئەو رووداوە و هەبوونی توانا بۆ بیرلێکردنەوەی، راڤەکردنی، پاشان هەڵسەنگاندنی. کۆمەڵگای ئێمە لە قەیرانی ئەزموونکردندایە. ئەم نەبوونی توانای ئەزموونکردنە وەهای لە تاکی ئێمە کردوە کە ببێتە تاکێك کە ژیانێکی سروشتیانە بژی نەك مرۆڤانە.

## غوربەت خەمی هەمیشەیی گەڕانە بۆ ماڵ

ئایا شوێنێکی تر هەیە لە دەرەوەی ماڵ؟ دیدالۆسی جۆیس دەڵێ: "رۆح لەدایکبوونێکی لەسەرخۆی هەیە لە دایکبوونێکی تاریک، بە بەراورد بە جەستە لەدایکبوونی رۆح پڕ نهێنی ترە. کاتێ کەسێ رۆحی لە ولاتەکەیدا لەدایك دەبێت، دەکەوێتە تۆڕێکەوە کە رێی فڕینی لێئەگرێ." ئەگەر ئەو تۆڕەی کە دیدالۆس باسی ئەکات چنرابێت لە ئاین، زمان، کەسوکار، مێژوو، شوێن، ئاشنایەتی، مندالّی، هاورێ، ئایا کەسێ ئەتوانێ لێی هەڵبێ یان هەر وەك جەستە بەجێی دێڵێ. نوسەر و فیمینستی ئوسترالی جیرمانی گێر، بڕوای وایە شوێنێکی تر نییە لە دەرەوەی ماڵ. ئایا ماڵ چییە، کەوا ناتوانین شوێنێکی تر لەدەرەوەی بدۆزینەوە؟ بە بڕوای ئیمانوئێل لیڤیناس ماڵ ئەو شوێنەیە کە مرۆڤ چالاکیەکانی لێوە دەست پێ ئەکات. ماڵ چەند مەرجێك بەرقەرار ئەکات کە یارمەتی کەسێ ئەدا بۆ ئەوەی بتوانێ لە دونیادا چالاك بێت. کەسێ بۆ ئەوەی بتوانێ لەدونیادا چالاك بێت پێویستی بەشوێنێکی وەك ماڵ هەیە بۆ ئەوەی بیکاتە خاڵی دەست پێکردن. جگە لەوە ماڵ ئەو شوێنەیە کە ئاشتی و دڵنیایی تیا بەرقەرارە، هەر ئەم ئاشتی و دڵنیاییەیە کە وەها لە کەسی خاوەن ماڵ ئەکات توانای ئەوەی هەبێ کاتێك لە ماڵدایە لە دونیا دابڕێ، ئەم دابڕانە پێویستە بۆ تێگەیشتن لە دونیا، چونکە ئێمە ناتوانین لە دونیا تێبگەین کاتێ کە تیایدا چالاکین. بەم پێیە ئەگەر



تاراوگە شوێنێك بێت لەدەرەوەی ماڵ، ئەوا کەسی تاراوگە ئەو کەسەیە کە توانای تێگەیشتن لە دونیا لە دەست ئەدات.

بۆیە لە ماڵ بوون بریتی نییە لە بوون لە جوگرافیای ماڵدا بەڵکو لە ماڵ بوونە لە رووی هەست و زانینەوە. هایدگەر لە قسەکردنی لە سەر شیعرێکی هۆڵدەرلین دەڵێ: دەبێ فێربین لەماڵدا بۆ ئەوەی لەماڵدا بین. کەواتە ماڵ بەها و هەست و مەعریفەیە لەمیانەی بەدواداگەڕاندا پێی ئاشنا دەبین. بەڵام ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ گوتەزاکەی لیڤیناس و پێچەوانەی کەینەوە، ئەوا بۆ ئەوەی لەماڵ تێبگەین دەبێ لەماڵ بڕۆینە دەرەوە. چونکە ئەو ساتەوەختەی کە لەماڵداین تیایدا چالاکین، چالاك بوونیشمان رێمان نادا بۆ ئەوەی لێی تێبگەین. رەنگە ئەم لێکدانەوەیە لەو هەستە تێبگات کاتێ کەسێ دەیەوێ ماڵ بەجێ بهێڵێ لە کاتێکدا کە بەجێی دێڵێ لێی تێدەگات بۆیە دەیەوێ بۆی بگەڕێتەوە.

میلان کۆندێرا دوا رۆمانی خۆی کە بەناوی بێئاگاییەوەیە، بەم جۆرە بۆ رۆژنامەیەکی ئەدەبی کورتکردەوە. کچێ لە قوتابخانە دەبێ بچێ بۆ سەفەر بۆ یەکێك لە سەیرانگا پڕ بەفرەکانی شاخی ئەلپ. کچەکە هاورێکەی خۆش ئەوێ لەوەش بەئاگایە بەرۆیشتنی بۆ سەفەرەکە هاورێتیەکەیان کۆتایی پێدێ، بەڵام سەرەڕای ئەوە سەرپێچی بڕیارەکەی دەکات و دەڕوا بۆ سەفەرەکە. لە سەفەرەکە لە ئەوانی تر دائەبڕێت و لە نێو بەفرێکی پاکدا لە بن دارێکدا خۆی رووت ئەکاتەوە تا لە سەرماندا دەمرێ. کۆندێرا دەیەوێ بڵێ ئێمە سەرەڕای ئەوە ماڵ و شوێنەکانمان خۆش

دەویٚ، بەلاٚم سەرپیٚچی لیٚدەکەین و بەجیٚی دیٚلیٚن، کە بەجیٚی دیٚلیٚن لیٚی پەشیمانین، بۆیە بە ئازاریەوە دەمرین.

بەلاٚم ئیٚمە لە ئەفلاتۆن و ئەرستۆوە فیٚری ئەوە بووین کە بنەمای فەلسفەکردن تیٚرامانە. ئەگەر مالٚ ئەو شویٚنە بیٚت کە هەموو شتیٚ تیا ئاشنا بیٚت و لە دۆخیٚکی دلٚنیاییدا تیایدا بژین ئەوا هەستی تیٚرامانمان لەلا گەلاٚلٚە نابیٚ، بۆیە زۆرگران دەبیٚ لە مالٚدا ببینە خاوەن بیرکردنەوەی فەلسەفی. بەلاٚم لای لیڤیناس مالٚ شویٚنی بیرکردنەوەیە، لە هەمانکاتدا بیرکردنەوەی فەلسەفی لای ئەو لە سادەخستنی ئەو شت و دیاریدانەیە کە میانەی رودانیان و بەردەوام بینینمان بۆیان دەبنە سادە. بۆیە ئەگەر لە مالٚیٚکدا بین و هەموو شتەکان تیایدا چی دی نەبنە مایەی سەرنجمان، هیچ شتیٚ نەبیٚتە رامان، ئەوا وەك ئەوە وایە لە گۆریٚکدا بین. بەلاٚم لە هەمانکاتدا تاراوگە گەرەنتی ئەوەمان ناداتیٚ کە بمانکاتە کەسیٚکی بیرکەرەوە. بەلاٚم تاراوگە مرۆڤ ناچارئەکات بە بیرکردنەوە، ئیتر تا چەندیٚك ئەو بیرکردنەوانە داهیٚنەرانەن، مەسەلەیەکی ترە.

ئەدەبی تاراوگە ئەدەبی لە مالٚ دابرِانە. ئەدەبیٚکە کە مالٚ هەردەم تیا گەورەترین ئامادەیی هەیە. ئەدەبی بەراوردکاری نیٚوان دوو ژیانە، دوو شیٚواز، بەلاٚم لەوە ناچیٚ ئەدەبی تاراوگەی کوردی هیٚشتا لەدایك بوبیٚت. بۆئەوەی کەسیٚك واقیعیٚك بکاتە بابەتی بەرهەمیٚکی ئەدەبی دەبیٚ بەشیٚوەیەکی تۆکمەو چرِوپرِ لەو واقیعە تیٚگەشتبیٚ، تیٚگەیشتنیٚ کە بتوانیٚ لەو واقیعە دابرِیٚ و بیکاتە کەرەستەی بەرهەمیٚکی ئەدەبی.



بەبرِوای من ساتەوەختی لەدایکبوونی دەقی ئەدەبی ساتەوەختی نامۆبوونە. نامۆبوون بە جۆریٚ هەست بکەی لەتاراوگەدای چونکە دەبیٚ هەموو روودا و شت و کەسەکان بە جۆریٚکی وەها جیاواز ببینی کە لای ئەوانی تر بیکەتە مایەی تیٚرامان. وەك ئەو ویٚنەگرەی کە لەگۆشەیەکی زۆر جیاوە لە شتیٚکی سادە دەروانیٚ بەجۆریٚ وەهامان لیٚئەکات لیٚیرامیٚنیٚن. ئەم تیٚروانینە رەنگە لەگەلٚ ئەو تیٚروانینەی بەختیار عەلی-دا تەبابیٚت، چونکە بەختیار دەیەویٚ پیٚمان بلٚیٚ کە تاراوگە دەتوانریٚ پۆزەتیف بیٚت. بەلاٚم ئەم پۆزەتیف بوونە تەنها بۆ کەسانیٚکە کە دەتوانن ئازار بگۆرِنە سەر شیٚوازیٚکی تر. یان ئازار لای ئەوان ئەو شەیتانەیە کە فاوستی گۆتە پیٚویستی پیٚیەتی بۆ ئەوەی بەردەوام بیٚت لە نوسین، بەلاٚم بۆ زۆرینەی خەلٚکی ئەم ئازارە هەر بە ئازار دەمیٚنیٚتەوە. بۆیە کاتیٚ کە نووسەریٚ لە روانگەی ئەوانی ترەوە دونیا دەبینیٚ ئەدەبیٚکی پرِ لە ئازار دەنووسیٚ. کاتیٚ دەقیٚ دەربارەی پیاویٚکە کەتەمەنی گەنجیٚتی لە کامپی پەنابەریدا کوشتووە لە چاوەروانی پارچە کاغەزیٚکدا، بۆ ئەوەی مافی پەنابەری پیٚببەخشریٚ، پیاویٚکی وەها بۆ ئەوەی لەرووی دەروونییەوە نەروخیٚ پیٚویستی بەوەیە ئەو مالٚەی کە لیٚی دابرِاوە وەك بەهەشت ویٚنای بکات.

ئەگەر سیمای تاراوگە دابرِان بیٚت، ئەوا لە سەدەی بیست و یەکدا دابرِان بە هەمان شیٚوەی سەردەمی نالی نییە. لە سەردەمیٚکدا کە بەهۆی تەلەفزیونی کەنالٚە ئاسمانیەکانەوە، ئامیٚرەکانی تەلەفونی مۆبایلەوە دابرِان پیٚویستی بە سەر لەنویٚ دارِشتنەوەیە. لە کاتیٚکدا دەتوانی رۆژانە

دیمەنی ولاّت ببینی، ئەگەر بتەوێ دەتوانێ گوێت لەدەنگی هەرکەسێك بێت کە دەتەوێ کاتێك لە ژورەکەتدا دانیشتووی، هەر هەواڵێکت مەبەست بێت لە ڕێی کەناڵە جیاجیاکانەوە دەتوانی بە دەستت بگات، دەتوانی ڕۆژانە و هەفتانە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ولاّت بخوێنیتەوە. لێرەدا بەهۆی تەکنەلۆجیاوە تێکچوونێك هەیە لە نێوان مادی (ئەکچواڵ) و مەعنەویدا (ڤێرچواڵ). ئایا بۆ کەسێکی نامۆ کوێ ئەکچواڵە و کوێ ڤێرچواڵە؟؟ دەزانین کە هەردوو دۆخەکە چ ئەکچوال و چ ڤێرچوال دۆخی بوونن و هەروەها لە دۆلۆزەوە فێری ئەوە بوین کە هەموو بوونێك لە هەمانکاتدا هەردوو شێوازەکە لە خۆی دەگرێ. کەواتە بۆ کوردێك لە تاراوگە، کوردستان لە هەمانکاتدا بونێکی مادی و بونێکی نامادی(مەعنەوی) هەیە، بە هەمان شێوەش تاراوگە. ئەم ئامادەبوونە مەعنەویەی کوردستان بەشێوەیەکی تۆکمە. لە کاتێکدا یەکێك لە خەسڵەتەکانی بوونی مەعنەوی نەگۆڕانە ئەوا کوردستان لە جیاتی ئەوەی ببێتە سەرزەمینێك کە بە بەراورد بە شوێنەکانی تر وەبەرهەم بهێنرێتەوە، دەبێتە سەرزەمینێك ڤێرچوال کە نابێ بگۆڕدرێت.

بۆ ئەوەی ئەدەبی تاراوگە لە دایك بێت پێویستە نووسەرەکەی لە ڕێگای زمانێکی ترەوە لە کوردوستان بنوارێ. یان بە زمانێکی تر بنووسێ. لە میانەی شەڕی ناوخۆی یوگوسلافیای پێشوودا ئەلکسەندەر هێمون وەك پەنابەرێکی سیاسی چووە ولاّتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. هێمون دەرچووی ئادابی ئینگلیزی زانکۆی سەراییفۆ بوو. هەر بە گەشتنی بە ئەمریکا بڕیاری دا زمانی ئینگلیزی بکاتە زمانی نووسینی، دوای سێ



ساڵ هێمون یەکەم کورتەچیرۆکی نووسی. ئەمڕۆ ئەو لە نێو ئەدەبیاتی ئینگلیزی زماندا بەشێوەیەکی بەربلاو ناسراوە. خاوەنی کۆمەڵە چیرۆکێکە بەناوی پرسیارەکانی برۆنۆ و ڕۆمانێك بە ناوی کەسی خەڵکی هیچ کوێ. هەروەها لە گۆڤارە ناسراو و بەربلاوەکاندا وەك نیورکەر و گرانتادا بەرهەمەکانی بلاو دەکاتەوە.

## یادەوەریە کاڵەکان

١-کاتژمێر چواری بەیانی، ڕۆژێکی پایزەی، شارێکی باکوری وڵاتی هۆڵەندا، بە ناوی خرۆنیگین. ئەو ڕۆژانە من لەگەڵ دوو هاوڕێی تری کوردمدا لە بەشی سەرەوەی ماڵی خێزانێکی هۆڵەندی ئەژیاین. ماڵەکە لە گوندێکی نزیك بە شاربوو. ئەو بەیانییە ئێمە چاوانوارِی ئەوە بووین بە پاص بگەڕێینەوە. لەوەئەچێت یەکێك لە شەوەکانی کۆتایی هەینی بووبێت. ئەوەی من هەمیشە بیرم دەکەوێتەوە ئەوەیە کاتێك پارچە کاغەزێك لە دەستم کەوتەوە کچێکی ئەسمەری بە ڕەچەڵەك کۆریایی پیی وتم: نیت خود فۆر میلیو، بەمانای باش نییە بۆ ژینگە. دوو کچەکەی تری هاوڕێمان هەمان شتیان دووبارەکردەوە.

ژینگە بوونێکی نەبووە لە ئاگایی تاك و کۆمەڵگایی ئێمەدا. ئێمە هەتا ئێستا بە ئاگانین دەرباری ئەو پێکهاتە سروشتیانەی کە لە سەری دەژین. هیچ جۆرە زانینێکمان دەربارەی نییە. هەست ناکەین کە دەتوانین پەیوەندیمان لەگەڵیدا هەبێت. گوێ بە زیان و ئازارەکانمان نادەین. وەك چۆن ئێمە بونەوەرێکی بێ ماڵین هەروەهاش بێئاگایین دەربارەی سروشت و دەوروبەرمان. ئەمە نەك پەیوەندی بە چۆنیەتی ژیان و ژیاری ئێمەوە هەیە، بەڵکو پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی بە ئابوری و ژیانی ئابوری ئێمەوە هەیە. ئێمە لە جێگایەکدا دەژین لە سەر گۆی زەوی بە سامانی سروشتی دەوڵەمەندە، ئەگەر ئێمە نەتوانین لە نێوان ئەم سامانەو سیاسەتدا سیستەمێکی ئابوری داڕێژین کە خزمەت بە زۆرینەبکات ئەوا زۆر ئاسانە



کە ببێتە سەرچاوەی بەرهەمهێنانی ستەمکاری. کاتێك سروشت لە بری کۆمەڵگا دەبێتە سەرچاوەی یەکەمی دارایی دەسەڵات ئەوا کۆمەڵگا دەبێتە بوونێکی بێ بایەخ، بۆیە لە بری ئەوەی دەسەڵات ئابوری بخاتە خانەی کۆمەڵگاوە، ئابوری دەکاتە ئامرازی کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگا.

ژینگە وەك لانکەی مرۆڤ سەرچاوەکەی ئاگاییە. مرۆڤ دەبێ بە ئاگابکرێتەوە لەو جێگایەی لێی دەژی. دەبێ بتوانێت لێی دابڕێت، لە دۆخە تراژیدیایەکەی مۆدێرنە دەرچێت کە خۆی بە کوێخا و ماستەری بزانێت. لە ڕاستیدا تێڕامان لەم دیدەی مۆدێرنە بۆ سروشت، دیدێکی ئاینیانەمان بیر دەخاتەوە. ئەو دیدەی کە سروشت و ئاژەڵان و بونەوارانی تر دروستکراون بۆ خزمەتکردنی مرۆڤ. دیدی ژینگەگەرایی ئەم دیدە دەگۆڕێت بۆ پەیوەندی هاوڕێتی، نەك کوێخایی.

٢- لە کۆتاییەکانی هەزارەی دووەم بەیانیەکی زوو لە ویستگەیەکی شەمەندەفەر لە شارێکی سەر سنوری ئەڵمانیا، دانیشتبووم لە پڕ پۆلیسێکی جل مەدەنی هاتە نێو شوێنی چاوەڕوانیکردنەکەوە و یەکسەر چاوی کەوتە سەر من داوای ناسنامەی لێکردم. پاسپۆرت. چی وەهای لە پۆلیسەکە کە هەر لە هاتنە ژورەوەیدا داوای پاسپۆرت لە من بکات. ئایا بۆئەوەبوو چونکە شارێکی سنوری بوو، گومانی هاتنی پەنابەرانی بە قاچاخ ئەکرد. ئایا ڕواڵەتە ڕۆژهەڵاتیەکەی من بوو کە بووە مایەی سەرنجی ئەو. ئایا شیوازی جلوبەرگەکانم بوو. ئایا تێڕامانم بوو لە شتەکان. ئایا شێوازی دانیشتنم بوو. ئایا پێڵاوەکانم بوو. ئایا جۆری داهێنان یان ڕەنگی قژم بوو. یان هەموو ئەمانە. چین ئەو ئاماژانەی کە کەسێك دەکەن

به بیانی. ئایا بیانی بوون له چیدا دەرئەکەوێت و له چیدا دەشارێتەوە. بیانی بوون ناسنامەیەکی ناڕوونە. لە دیدی کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر، لە هەڵگری ئایدەلۆژیایەکەوە بۆ هەڵگری ئایدەلۆژیایەکی تر دەگۆڕێت. بیانی بوون ناسنامەیەکە کە ئەویتر دەیبەخشێت. مرۆڤ دەبێتە بیانی چونکە ئەویتر وەهای لێئەکات کە هەست بکات بیانییە. بیانی بوون، یان بە بیانیکردن، شیوازێکە له سنوردانان، له پەیوەندی، له دەسەڵات. کەسێك دەبێتە بیانی لە تیلەی چاوێکدا، لە ئاهێکی ساردا، لە هاواری توڕەیی ژنێکە رەزا قورسی ئەڵمانیا. بەڵام سەرباری ئەمانە بیانی بوون بە پێی یاسایە. بیانی بە پێی یاسا ئەو کەسەیە کە مافی سروشتی نییە لە جێگایەکی تر. ئەو لە بیانیبوونیدا داوای باوەشکردنەوە، بەخێرهاتن، پێزانین و رێزلێنان ئەکات. ئەو دەیەوێت وەك بیانیەك بەشێك بێت له خانەخوێی، بەڵام ناتوانێت ببێتە کەسێکی خانەخوێی. نەوێران و ترسێکی گەورە دەوری بیانی بوونی تەنیوە. بیانی هەمیشە دەپرسێت ئایا بۆم هەیە. ئایا دەتوانم، ئایا مافم هەیە. دەپرسێت چونکە دەخوازێت مافی هەبێت، بە گومانە مافی هەبێت، دەترسێت مافی نەبێت. ئەمە سەرچاوەی ئەو خراپ لێگەیشتنەیە کە سەرتاپا ژیانی بیانی تەنیوە. بیانی بوون دۆخێك و شوناسێکی نەخوازراوە، بەڵام لە هەمانکاتدا کەسی بیانی بوو ناخوازێت دەستبەرداری بێت. کاتێك کەسێك بە بیانی دەکرێت، لە دەرئەنجامدا زێدی خۆی تیادا رۆمانسی دەکرێت. رۆمانسی بوونی زێدی خود بۆ پەنابەری کورد ئاسانە. چونکە ئەو لە رومانسیبونێکەوە بازئەدات بۆ رۆمانسیبوونێکی تر. ئەو پێش گەیشتنی لە پەیوەندیەکی رۆمانسیدا بووە



لەگەڵ ئەوروپادا. رومانسی بوونی پەیوەند دەبێتە شێوازێك لە چارەسەر بۆ قەیرانەکانی ژیانی رۆژانەی کە بێ توانا یان کەم توانایە بەرامبەریان. لە کاتێکدا کە رووبەڕووی واقیعی سەختی ژیانی ئەوێ دەبێتەوە ئەوا راستەوخۆ رۆمانسیبوونەکەی کە دەربارەی ئەوروپا هەیبوو پێش گەشتن، لە یەکەم پەرچەکرداری گەیشتندا پێچەوانەی ئەکاتەوە بۆ کوردستان. ئیتر ئەو دەبێتە ئەو مرۆڤەی کە لە وڵاتی خۆی هەموو شتێکی هەبوو، ئێستا لەوێ هیچی نییە. ئەو دەبێتە ئەو کەسەی کە ئەوانی تر دەیانناسی، رێزیان لێدەگرت، خاوەن پێگەی کۆمەڵایەتی بوو، بەڵام ئێستا لێرەدا لە ئەوروپا دارن بووە.

**دەربارەی دارنبوون**

دارنبوون لە جێگایەکدا روودەدات کە پێی دەڵێن کامپ. کامپ وەك ناوێك و وەك شوێنێك لە فەرهەنگی کەلتوری و سیاسی و مێژوو ئەورووپا دیرۆکێکی سامناکی هەیە. کامپ جێگایەکە کە مرۆڤ لەوە ئەکەوێت مرۆڤ بێت. لەوێدا مرۆڤ دەبێتە ژمارەیەك، ئامرازێك، کێشەیەك، بوونەوەرێك کە بەڕێوەدەبرێت. لەو پانتایەدا ژیانی تایبەت بوونی نییە. نوسەری گەورەی جولەکەی ئیتالی پریمۆ لیڤی لە سەربوردەیەکدا دەگێڕێتەوە، جارێکیان لە پەنجەرەی ژووری کامپەکەیانەوە دەست بۆ بەفر درێژ ئەکات، ئەفسەرێکی نازی چاوی لێئەبێت رێگای پێنادات. کاتێك لیڤی دەپرسێ بۆ؟ ئەفسەرەکە لە وەڵامدا دەڵێت لێرە بۆت نییە. کامپ یانی ئەوپەڕی ملکەچی. ژیان بۆخۆی دەبێتە بابەتی سیاسەت. سیاسەتیش لە رێگای ژیانەوە پیادە دەکرێت. ئەمە ئەو دیاریدەیەیە کە فۆکۆ پێی دەڵێت: بایوپۆلەتیك.

یەکەم ئەزموونی کامپی من لە کوردستان بوو. کاتێك لە کۆتایی هەشتاکان لە گوندەکەمان گوازراینەوە بۆ ئۆردوگا. لە رۆژئاوا لە شاری هارلمەوە دەستی پێکرد لە ولاتی هۆڵەندا. لە ساڵانی کۆتایی سەدەی رابردوو بوو.

کامپ وەك وێڵگەی یەکەمی پەنابەر لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر دەگۆڕێت، بەڵام هەرهەموویان یەك ئامانجیان هەیە: ئەویش بەدوورگرتنی کەسی پەنابەر لە کۆمەڵگا، هەتا لە رووی یاساییەوە لێی دەکۆڵرێتەوە و



لە رووی کۆمەڵایەتیەوە رادەهێنرێت یان راستتر خۆشەدەکرێت. لە کامپ مرۆڤ رادەهێنرێت لە سەر چاوەنواڕی، نائۆمێدی، پرۆسەی یاسایی، زمان، سیستەمە کۆمەڵایەتیەکان. کامپ جێگایەکە لە دەرەوەی شوێن. لە دەرەوەی شوێنی ئاسایی نیشتەجێبوون، هەندێ جار لە رووی جوگرافیەوە، بەڵام زۆرجار لە رووی کۆمەڵایەتی و دەروونیەوە. مرۆڤی رۆژئاوایی لە مێژوویدا لە رێگای سیستەمەکانەوە خۆشەکراوە. هەر لە سیستەمی کڵێساوە هەتا سیستەمە فرە توێژەکانی دەوڵەت، ئەم مرۆڤە رادەهێنرێت، خۆشەدەکرێت، فێردەکرێت، بۆئەوەی ببێتە کەسێکی بەسود، گوێڕایەڵ، شارستانی. کامپ سیستەمێکە بۆ سنوربەندکردن. سنوربەندکردن لە هەموو بوارێکدا. لە کامپدا توانای بینین و تێکەڵکردن و سەفەرت سنورداره. وەك یەکەم ویستگەی گەیشتن بۆ زۆر کەس دەبێتە ویستگەی پەشیمانی. هەموو کامپێ کەسایەتی و کارەکتەری خۆی هەیە. هەروەها هەر کامپەو چیرۆك و پاڵەوانی چیرۆکی بەخۆی هەیە. کامپ نمونەیەکی بچوککراوەی دونیای سێیە. لەوێ ژمارەیەکی زۆر لە روومەتی خەمبار دەبینی کە لە شوێنە دوور و پڕ لە ئازارەکانی دونیاوە هاتوون، بە دوای پەناگەیەکدا وێڵن. گەڕان بە دوای پەناگەیەکدا ناوی کەسی پەنابەرە. پەناگەیەك کە هەندێ خەسڵەتی ماڵی هەبێت. ماڵ ئەو جێگایەیە کە لە خەونی هەموو دانیشتوانی کامپدایە. لە کامپدا دوو جۆر ماڵ هەیە. ماڵێك لە سەر زەمینێ دوور کە تەنها لە یادەوەریدا بوونی هەیە. لە وێنەو چیرۆکەکاندا. لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا زیاتر و زیاتر وێنای جۆرێك لە بەهەشت وەرئەگرێت. بەهەشت، هیچ نییە جگە لە ماڵێکی لە

دەستچوو. ماڵی دووەم ماڵی ئەو دیو بڕیارەکانی وەزار تی دادە. وەزارەتی داد ئەو وەزارەتەیە کە کێشەی پەنابەران لە خۆی دەگرێت. بڕیاری وەرگرتن و وەرنەگرتنی ئەو ماڵە لە دەست ئەو وەزارەتەدایە. ماڵی چاوەڕوانکراو ماڵێکی رۆژئاواییە. ماڵێکە کە نارەحەتیەکانی کامپ هێندەی تر ئەیانکاتە پانتاییەکی ئەفسانەیی. ئەفسانە ئەو میتۆدەیە بۆ کردنەوەی تەلزمەکانی نهێنی. بەلآم ئەم میتۆدە لەبەر نەبوونی توانا بۆ کردنەوە، ئەوا زیاتر و زیاتر ئەیگوێزێتەوە بۆ پانتاییە دوورەکانی خەیاڵ. مرۆڤی نیشتەجێی کامپ لەوە بێئاگایە کە ئەو بۆ هەمیشە ماڵی لە دەستچووە. جێگیربوون لە نێوان دوو ماڵدا کە هیچ کامیان ماڵێك نین لە سەر زەوی مرۆڤی پەنابەر ئەکاتە بوونەوەرێکی بێماڵ. بێماڵ بوون، دارنبوونە لە دونیا. لای لیڤیناس ماڵ شوێنێك نییە بۆ دابڕان لە دونیا، بەڵکو پانتاییەکە کە لەوێوە خاڵی بەشداریکردن لە دونیادا دەست پێ ئەکات.



## چییە گەرمیانی بیت؟

چییە ئەگەر مێژوویەکت هەبێت بەتاڵ لە زەردەخەنە؟ دیرۆکێ هەموو بەروارەکانی بە کارەسات بێت. چۆن ئەتوانی لە تەنیاییەکی سارد وە بیر لە گەرمیەکی خەمناك بکەیتەوە. ئەم دەقە هەوڵی گەڕانەوەیە بۆ یادەوەری لە پێناوی گەڕان بە دوای بووندا. یاخود لە هەمانکاتدا سەرکێشی ئەوە ئەکات کە بوون بونیادنێت. بوون لە سەرزەمینێکی یاخی. لە جێگاو شوێن و ساتەوەختی تایبەتدا. ئەم گەڕانەوەیە بۆ هەڵدانەوەی مێژوو یان بۆ نوسینەوەی بە سەرهاتەکان نییە. مەبەست لێی شەڕکردن نییە لەگەڵ لە بیرچونەوەدا. گەڕانەوەیەکە بۆ رزگارکردنی رابردوو لە کۆتەکانی مێژووگەرێتی. هەوڵدانە بۆ لە مێژوخستنی کۆمەڵێك روودان بە مەبەستی بونیادنانی رووداو لێیان. چەمکی زاڵ لەم پرۆژەیەدا بوون و ناسنامەیە. بوون لە بەرامبەر سروشتدا، لە بەرامبەر ئەویتردا. لە هەمانکاتدا بوون لەگەڵ سروشتدا، لەگەڵ ئەویتردا. لە نێوان ئەویتر و سروشتدا خوا و دەسەڵات دێنە نێوەوە. پەیوەندی مرۆ، یان مرۆیەکی تایبەت لە جێگایەکی تایبەت، لە ساتەوەختێ تایبەتدا، لە روانگەیەکی گەلێك تایبەتەوە، لەگەڵ خوادا، لەگەڵ دەسەڵاتدا.

ئایا ئەمە کێشەی ناسنامەیە: کێیەتی خود. یان قەیرانی سەرزەمینێکە نامۆ بە خەون. ئەی چییە لە دووری هەزاران میلەوە بتەوێ بگەڕێیتەوە بۆئەوێ. پرۆسەی گەڕانەوە پرۆسەی سەرلەنوێ بونیادنانی بونێکە کە هەرگیز نەگەشتوەتە ئاگایی بەبوونی خۆی. هەرگیز

گومانی نەکردوە، نەیپرسیوە، دۆشدانەماوە، توشی دڵتەنگی نەبووە لەو بوارەوە. ئەو منەی کە دەگەڕێتەوە، منێکی دڵشکاوە، یاخی، دوور، هەگبە پڕ. منێک کە خەمی بونیادنانی بوونی خۆیەتی لەم سەفەرە ئارکیۆلۆژیەدا.

سەرەتا: من لەوێ لە دایك بووم. گەورەبووم. فێری یەك و دوو بووم. لە بەرد رامام. لە خاڵەکانی روومەتی نەنکم حەپەسام. سەربوردەی زۆرم بیست. لەوێ لە گەرمیان لە گوندێ گەورەبووم. گوندێ ئارکەلۆژیای دەگەڕێتەوە سەر سەردەمی یەکەم بە کۆماربوون. لە کۆتایی پەنجاکانی سەدەی رابردوودا کاتێك دەسەڵات لە لایەن ئەفسەرێکی نیمچە شێتەوە ناوی لە خۆی نا کۆمار" باپیرم بڕیاری دا کە بێت لەوێ جێگیربێت. من هەمیشە تامەزرۆی ساتەوەختی گەیشتن ئەکەم. یەکەم گەشتن. دیارە پێش ئەوە ساتەوەختێکی زێدە گرنگ بوونی هەیە کە ساتەوەختی بڕیاردانە. من خۆم لە گەشتندا شکستم هێنا. چونکە نەمتوانی شوێنی یەکەم بەجێبهێڵم، نەمتوانی بگەم.

ئەوێ گوندێکە رەق. روبارێ بەرد بە دۆڵێکدا تێئەپەڕێ. ساڵێ لافاودێت، سێ ساڵ نایەت. کە لافاودێت لەگەڵ خۆیدا، لە کێڵگە بەرد ەڵانەکانەوە، بەردی روش و زبر و خۆربردەش دەهێنێت. هەریەکەو حیکایەتێکی دوور و درێژی ژیان و بونیان لەو دەڤەرە، لە نێو تنوکە تیژەکانیدا هەڵگرتوە. حیکایەتی بارانی سەرەتای پایزێ. ئارەقەی وەرزێری برسی، سکە خشەی مارمێلکەیە، جریکە جریکی کوللە.



باپیرم بە تەنها بە بێدەنگی بووبە دراوسێی بەرد، هاوسێی یاڵ. لە ژێر سێبەری ئاسماندا ئەنوست و رۆژەڕێیەك دەڕۆشت هەتا تینوێتی بشکێنێ. لەگەڵ کۆماردا سە رەتایەکی نوێ دەستیپێکرد. کۆمار رووداوێك بوو، کە برینی خستە نێو مێژوویەکی بێ لەزەت. ئەو ساڵە مەشکە کەرەی زیاتر تیابوو نەنکم ئەیووت.

باپیرم چاوە کانی کزبوون. تەنها ماڵەبوو. سەرباری هەموو ئەمانەش سۆفی بوو. ئەم ماڵە لە بەرد و قوڕ پێکەوە نرابوو. سەرەتاییترین توخمە پێکهێنەرەکانی بوون. ئەندازەی ماڵەکە لە دوو ژوور و دالانێ، سەربانێ لە گڵ داڕێژرابوو. ئەمە چ لە رووی مەتریاڵ و چ لە رووی ئەندازەوە هەتا بڵێی سەرەتایی بوو. چۆن لەم سادەییە بگەین؟ تێڕامان لە ئارکیتێکچەری نێشتەجێ بوون لە گەرمیان کارێکی سادەنییە. چۆن لە نێو ئەم سادەییەدا وەڵامی ئاڵۆزی نیشتەجێ بوون بدۆزیتەوە. ئەمە هاوکێشەیەکە لە نێو سادەیی و ئاڵۆزیدا دێتودەچێت. لە ئەنجامدا ئەو شوێنەی پێکدێت کە پێی دەڵێن ماڵ. ئەو پنتە تایبەتەی تاك لە سەر گۆی زەوی. ماڵ وەك چەمکێ، وەك شوێنێ. ژوورەکان وەها دروستکرابوون کە کەمترین روناکیان دەبووە میوان. پەنجەرە مەتریاڵێك نەبوو لە ئاگاییدا ئامادەبێت. ئەو پەڕی هەوڵدان بوو بۆ جیابوونەوە لە دونیا لە دەرەوە. دابڕانێك لە سروشت، لە ئەویتر. بۆ هەبوونی پانتاییەکی سنوورداركراو بۆ کۆکردنەوەی خود. لێرەدا دیالیکتیکی دەرەوە و ناوەوە دەستپێئەکات. ئەم چونە ناوەوە، ئەم چونە قۆزاخەیە، بۆئەوەی نەبوو پەیوەندی نەمێنێ لەگەڵ دەرەوەدا. بەڵکو مەبەست لێی ئەوە بوو: ئەو خودەی کە لە دەرەوە لە پانتاییە ناکۆتا و

بێدەنگ و تەنهاکاندا هەستی بە پەشۆکان و ماندووی و پەرشیەك ئەکرد، پێویستی بەوە بوو شوێنێکی جودای هەبێ هەتا خۆی کۆکاتەوە و سەرلەنوێ ئامادەبێت بۆئەوەی جارێکی تر لە دونیادا بەشداربێتەوە. هەڵاتنێکی تری خۆر بکاتە سەرەتایەکی نوێ.

ماڵ بۆ باپیرم هەروەها پەیوەست بوون بە خاکەوە. بە خاڵێکەوە لە سەرزەمین. ساتەوەختی کۆتایی ناجێگیری بوو. پێش کۆمار دەسەڵاتی ئاغای کورد ئەویان هەمیشە بەوە ناچارئەکرد کە جۆرێك بێت لە کۆچەری. گەڕیدەیەك بێت بەدوای پانتاییەکدا وێل بێت: ئەمە تەنها رێگاچارەبوو هەتا پیاوانە هەبێت، مرۆڤانە بژی.

چۆن بیر لە پانتاییەکی وەك داڵان بکەینەوە؟ داڵان رەنگە رەگی لە داڵدەداندا هەبێت. داڵان لەهەمانکاتدا نیمچە داخراو و نیمچە کراوەیە. نە دابڕانە لە دەرەوە بەتەواوی و نە بەشداریەکی تەواو. شوێنێکە بۆ هەستکردن بە روناکی. ئەو چارەسەرە سادەیەیە بۆ سەردەمی پێش کارەبا. سەردەمی سروشتێتی روناکی. ئالەم پانتاییەدا مرۆڤ لە نێو دوالیزمەکانی سێبەر و خۆر، دەرەوە و ناوەوە، بینین و نەبینیندا دەتوانێ هاتوچۆبکات، بژی. داڵان شوێنێکە بۆ بینین: بۆ هەبوونی توانا بۆ پیادەکردنی دەسەڵات لە رێگای چاوەوە. دەرەوە دەبینیت و لە کاریگەریەکانی دەرەوە پارێزراوی.

ئەو پرۆسەیەی باپیرم لە سەرەتای دەستپێکردنیدا بوو پرۆسەی ئاوەدانی بوو. لە نێو ئەم پرۆسەیەدا ئاو رۆڵی سەرەکی دەگێڕێت. ئاو و ئاوەدانی، وەك پێشینان دەڵێن. بەڵام ئەگەر ئاوەدانی پرۆسەی پێکەوەلکانی ئاو و خاك بێت ئەوا ئەم پرۆسەیە لە گەرمیان زێدە گرانە. لەوێ ئاو هەیە خاك



نییە و لەوێ خاك هەیە ئاو نییە. بەجۆرێکە ئەم جوتە لە پەیوەندیەکی نەگەتیفدان. لەم سەرزەمینە سەختەدا پێکەوە بەستن، دروستکردنی ژیان پێویستی بە ئەرك و رەنجی بێ پساو و کاری پشودرێژە. لێرەوە ململانێ سەختەکەی بوون دەست پێ ئەکات. بوون کە پێویستی بە هەماهەنگی سروشت و خود و دەوروبەر هەیە.

کاتێك کە گەشتن بە ئاو ئامانجێکی سەختە، دەبێ بیر لە باران بکەینەوە. باران ئەو چارەسەرەیە کە لە دەرەوەی دەسەڵاتی مرۆڤە. بۆیە هێندە لە پیرۆزی ئاڵاوە. چارەسەرێکە، لە گەرمیان زۆربەی ساڵ، پێویستی بە پاڕانەوە و نزا و نوێژ و چاوەڕوانی درێژ هەیە. باران هەموو ساڵێ نایەت. هەندێ ساڵ خۆی ئەکاتە ئەو یارە تۆراوەی کە تەنها بۆ ختۆکەدانی حەز خۆی دەرئەخات. باران ژیان دەگە شێنێتەوە بژێوی ئامادەئەکات، ژین ئاسان ئەکات.

بەڵام ئاو چیرۆکێکی تری هەیە. گوندەکەی باپیرم نزیك روباری سیروانە، هەروەها لە دۆڵێکدا بوو کە دراوسێی دۆڵێکی پڕ لە ئاو بوو. سیروان لە شاخەکانەوە سەرهەڵئەگرێت بەرەو باشور. روبارێکە رێچکەکەی بە ئەستەم ئەگۆڕێت. هەمیشە سنورێك بووە بۆ لێکجوداکردنەوەی ئەوبەرو ئەمبەر. باپیرم لەو بەرەوە نەنکمی هێنابوو. بەیەك گەیشتنیان بەدەر نەبوو لە ئەفسانەی خۆی. ئافرەتێك بوو بەدەر لە ویستی خۆی، وەك هەموو ئافرەتەکانی سەردەمی خۆی لە گەرمیان درابووە پیاوێك.

ئەوەی بۆ من مایەی پرسیارە ئەوەیە ئەم دۆخە سروشتییە سەختە چ جۆرە بوونێك دێنێتە ئاراوە. لە نیوان خود و سروشتدا چ جۆرە بوونێك

توانای بوونی هەیە. ئایا بوون و ماڵ چ پەیوەندیەکیان هەیە. ئایا ماڵ شوێنی نیشتەجێ بوونی بوونە، یان بوون لەگەڵ ماڵدا هیچ پەیوەندیەکیان نییە.

گەرمیان کە سەرزەمینی ئەم شانۆیەیە: شانۆی ململانێی بوونی مرۆڤێکی کوردی سادە لە ناوەندەکانی سەدەی بیستەمدا، سەرزمینێکی چۆڵە. چۆڵە بەوەی وێنا نەکراوە، بیری لێنەکراوەتەوە، بە چەمك نەکراوە، هیچ دەقێکی دەربارە نەنوسراوە. ئەم چۆڵێتیە وەك جۆرێك لە پاکیزەیی هەروەها جۆرێك لە ناسنامەمان پێ ئەبەخشێت. ناسنامەیەك کە رووبەڕووی پانتاییەکی نادیارمان ئەکاتەوە. چونکە کەس نەهات بە کاوەخۆیی لە رۆژانەی ژیان رامێنی، پێمان بڵێ لە شادی و خۆشی لە کوێدان، ئەم سەرزەمینە چ جۆرە هەستێك دەهێنێتە ئاراوە. ئێمە ناچارئەکات بە حەپەسانەوە رامێنین. بەڵام بێگومان ئێمە شێوازی تری دەربڕینمان هەیە. من ناوی ئەنێم شێوازی دەربڕینی سروشتی. ئەمە ئەتوانرێت لە دوو ناوەندا ببینرێت یەکەمیان سروشتی رووت وەك بەرد، کێو، یاڵ، خۆر، گەرما و سەرما. هەروەها کاریگەری ئەو سروشتە لە سەر جەستە. بە تایبەت لە سەر روخسار و روومەت و رواڵەت.

چونکە لە نێوان سروشتی رووت سروشتی جەستەدا، ناوەندێك یان بەربەستێکی ئەوتۆ بوونی نییە، ئەوا دەتوانرێت بوترێت پەیوەندی نێوانیان پەیوەندیەکی راستەوخۆیە. لە گەرمیان سروشت سەختە. کەواتە ململانێی بونیش بۆ مانەوە بۆ درێژەدان بە ژیان هەروەها سەختە. ئەوێ سەرزەمینێکە هیچ تیا میانڕەو نییە. کە گەرما دێت سەرابێکی تەماڵ



بەسەر هەموو شتێکەوە شەپۆل ئەدات. بەردەکان دۆزەخیانە ئەکوڵێن. هەر زوو هەموو شتێ وشك هەڵدێت. ئینجا کە با هەڵئەکات مەرگیش چەند هەنگاوێ نزیك ئەبێتەوە. لێرەدا بوون بواری نییە بیر لە هیچی تر بکاتەوە جگە لەوەی چۆن خۆی لەم هێرشەی مەرگ بپارێزێ. گەرما سروشتی جەردەی هەیە. بە ئاشکرا دێت و هەرچیەکت هەیە ئەیبا. گەرما ئەنفالکەرە.

سۆفی عەزیز دەبوو ئاشنابێت، نیشتەجێ بێت، وردە وردە بگوزەرێ. ئەم هەموو پرۆسەیە بە سەریەکەوە، کارێکی ئاسان نەبوو. گەرمیان وەك پێکهاتەیەك لەگەڵ ئاشنابوون و نیشتە جێ بوون و گوزەرانکرندا هەرگیز خۆی بە ئاسانی بەدەستەوە نادات. سروشتێکە نەگریسی و ملنەدان لە ناخیایەتی. ئەوە نییە یاخی بێت، بەڵام هەرگیز نابێتە دۆست. چۆن لە تەنیشت سروشتێکەوە بژیت کە دۆستایەتی ناکات. کە زوو هەڵدەچێت، خێرا دەتۆرێ، بە کشە مرەیەك دڵی ئەشکێ. لە نێوان سەختی و ناسکیدا تێکەڵیەکی سەیر هەیە. هەڵچونی خێرا، هەڵچونی توند، هەمیشە رەگێکی قووڵی لە ناسکیدا هەیە. ناسکی لێرەدا رەنگە جۆرە هەستێکی بە عەقڵانی نەکراوبێت.

سۆفی عەزیز کە ئەو رۆژانە تەمەنی لە سەرەتای چلەکاندا بوو، ئەرکی ئەوەبوو دونیایەکی تەی نەکراو تەیکات، دونیایەکی خۆشەنەکراوە، خۆشەکات. بۆئەمە دەبوو بڕواتە ناوچەکانی دەوروبەری لێیان رامێنێ، ناویان بنێت. کاتێك خوا ئادەمی لە بەهەشت وەدەرنا، فێری هەموو ناوەکانی کرد. ناوەکانی پێووت بۆئەوەێ بتوانێ بەئاسانی جێگیربێت، خۆی

بگونجێنێ هێنده هەست بە ناومۆیی نەکات. بەڵام ئەگەر ئادەم سزادرابوو بە تاراوگە، ئەوا سۆفی عەزیز بڕیاری کۆتایی تاراوگەی دابوو. بۆئەوە ژیانی پێش نیشتەجێبوون، ژیانی سەردەمی دەسەڵاتی ئاغا ساتەوەختێك بوو کە تیا گران بوو ببێتە مرۆڤ. ئەو دۆستی مۆرڤ و دادپەروەری و ئازادی بوو. بەڵام سیستە می بەرامبەر دەیانویست ئەو خەسڵەتانەی تیا بکوژن. بیکەنە مرۆیەکی بێدەنگ، کۆیلە، رەنجبەر، وەرزێرێکی بێ نان. بۆیە ئەو هەستی نەئەکرد لە هەوارگەی نوێیدا کەسێکی نامۆیە، یان ناچارکراوە بە تاراوگە. هاتن و چون، بڕیاری نیشتەجێ بوون، ناونان لە شوێنەکان هەموو ئەمانە مایەی پیادەکردنی دەسەڵات بوون بۆئەو. لە ناوناندا سنور دارشتن پیادەئەکرێ، شوێنەکان پۆلێن ئەکرێت، پاشان دەتوانرێت وێنابکرێت، دەستنیشان بکرێت، ئینجا لە پرۆسەی پەیوەندیکردندا ئاماژەی پێبکرێت. پاش ناونان دەیتوانێ ئێوارە بە ماڵ و مناڵەکانی بڵێت، ئەمرۆ رۆیشتم بۆئەوێ، سبە ینێ بەرخەکان بەرن بۆئەوەێ، دەتوانین لەو بانە گەنم و جۆ بچێنین. ئەم ناونانە، ئەم هەستکردن بە دەسەڵاتە، ئەم کوێخابوونەی خود هەموو مایەی هەستکردن بوو بە بوون، بە ئازادی، بە توانا. لە نێو ئەمانەدا ئەو هەستەش چەکەرەی ئەکرد، کە بە ویستی خۆم، بە خواستی خۆم، بە ئارزووی خۆم، دەتوانم دەست بەکاربکەم، یان دەست لە کات هەڵگرم. هەموو بەرهەمەکەی هەر بۆخۆم دەبێت و کەسی تر باج و خەراج ناخاتە سەرم. کەس جوێنی مزرم پێنادات، تفم لێناکات، لە بەرامبەر ئەوانی تردا نامشکێنێتەوە، خۆیم بەسەرا گیڤناکاتەوە. ئەو لەوێ دەبووە مرۆڤ. مرۆڤ بوون پێویستی بە پانتایی و ئازادی و دۆستایەتی



سروشت و ئاژەڵ خود هەیە. ئەوەی لەم هاوکێشەیەدا ونبوو ئەوی تربوو. مرۆڤێ تر، کەسێکی تر.

هەرچەندە چۆڵایی جۆرێك لە سام و ترسی لەگەڵ خۆیدا دەهێنایە ئارا، بەڵام لە هەمانکاتدا ئەو پەڕی بواری ئەدا بەبوونی خود. ئەگەرچی هەبوونی ئەویتر پێویستە بۆ بونیادنانی گفتوگۆ، بۆ هەستکردن بەبوونی خود. بەڵام پرسیاری گەورە لێرەدا ئەوەبوو، ئایا بوونە نائازادەکان دەتوانن بکەونە گفتوگۆ، دەتوانن نوێنەرایەتی خۆیان بکەن، دەتوانن بڕیاربدەن، دەتوانن خۆیان دەربڕن، دەتوانن پەیمان ببەستن، دەتوانن ببنە جێی متمانە: دەربارەی هەموو ئەمانە گومان هەیە. بوونی نائازاد ترسنۆکە، راڕایە، هەمیشە پێویستی بەوەیە، لە هەموو بڕیاردانێکدا بگەڕێتەوە بۆ سەرچاوە، بۆ ئەوی گەورە. بۆیە سۆفی عەزیز هەمیشە دەپاڕایەوە کە کەس نەیەت بۆ مەملەکەتەکەی، ئەگەر هاتوو کەسێك هات ئەوا کەسێکی رۆح ئازادبێت نەك پیاوی کەسێکی تر. لە راستیدا سۆفی بوونی باپیرم یارمەتیدەر بوو بۆئەوەی ژیانێکی نوێ د ەستپێبکات. سۆفی یانی ئەو رۆحە دڵتەنگەی کە هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدایە بتوانێ نزیك و نزیکتربێتەوە لە مەعشوق. سۆفی ئەو بوونەوەرەیە کە هەمیشە جۆرێك لە دڵتەنگی و بێدەنگی لە خۆیدا متداوە، بەڵام هەرگیز تەنها نییە. چییە هەمیشە بیر لە خۆشەویستیەکی ناکۆتا بکەیتەوە. چییە هەمیشە لە هەوڵێکدا بێت کە کۆتایی نییە. مەعشوق کە خودایە، ئامادەیە، ئامادەیە لە جوڵەی مێرولەکاندا، لە گڤەی بادا، لە شینایییە ناکۆتاییەکەی ئاسمان، لە تەنهایییە پرۆکێنەرەکەی دەشت و دەر. دوور لە خودا مەحاڵە بتوانرێ

لەگەڵ ئەم سروشتەدا بگوزەرێ. سەرباری ئەم میتافیزیکیایە، سۆفیزم هەندێ خەسڵەت دەبەخشێ، هەرچەندە بچکۆلەبوون، بەڵام یارمەتیدەرو پێویست بوون بۆ بەرگریکردن و درێژەدان بە بوون لە گەرمیان. سۆفی بوو، یان بونێکی سۆفیانە، بونێکی سڵنەکەرەوە بوو لە ئازار، لە تێرامان، لە دۆستایەتی سەختی، لە مەحەبەت لە ساتە گرانەکاندا. سۆفیبوون مایەی پشودرێژی و دان بە خۆداگرتن و هەستکردن بوو بەبوونی سەرچاوەیەکی لە بن نەهاتووی هێز، پاڵپشت، دۆستایەتی. سەرباری هەموو ئەمانە سۆفیبوونی سۆفی عەزیز، یارمەتی ئەدا لەگەڵ خۆیدا یان لەگەڵ یاردا گۆرانی بڵێت، چاوەکانی لێکنێت و لە دونیا تێپەڕێت. ئەم هەستی هەڵاتنە، تێپەڕین لە خود، لە دونیا، هەستێکی سروشتی بوو. کە مرۆڤ دەیەوێ هەڵبێت، دابڕێت، جودابێتەوە، کە دەیەوێ ئەمانە ئەنجامدا دەیەوێ بۆکوێ بڕوات، ئایا چ مەنزڵێ، چ سەرزەمینێ تر هەیە. بۆ سۆفی عەزیز ئەمە سادەبوو. بۆئەو خود بەشێك بوو لە گشت. هەڵاتن لە خود، هەڵاتن بوو بە ئامانجی بوون بە بەشێك لە گشت، لە سروشت، لە دونیا. ئەمە هەوڵدان بوو بۆ دۆستایەتیکردنی بەرد. مانەوە بەبێ جوڵە و بەبێ دەنگی لە دونیادا. بۆ هەماهەنگیکردنی مێروولە. سەفەرێکی کورت لەگەڵ پەپولەیە دڵتەڕدا. سۆفیبوون یارمەتی ئەدا دەرگاکانی جەستەی، دەرگاکانی رۆحی لەبەرامبەر دونیادا بکاتەوە، نەك بۆئەوەی ئەوانی تر ببنە بەشێك لێی، بەڵکو هەتا دەرفەت بەخۆی بدات لە خۆی دابڕێ، ببێتە بەشێك لە گشت.

ئەم بوونە سەرچاوەی ئەزموونکردن بوو.



ئەم جۆرە بوونە یارمەتیدەر بوو هەتا چی دی بەربەست نەمێنێ. چی دی هەستکردن بەشەرم بۆ هەتا هەتایە ونبێت. ئەگەر شەرم ساتەوەختی رووتبونەوەیە لە بەرامبەر ئەویتردا، ساتەوەختی رووتبوونەوەی جەستە، رووتبونەوەی رۆح، رووتبونەوەی ماناکان، ئەوا بوون بەبەشێك لە هەموو دەبێتە ئەو ساتەوەختەی کە رووتبوونەوە تیایا بێ مانادەبێت. ئێمە بۆئەوەی شەرم نەکەین ئەوا دەبێ داپۆشین، بشارینەوە، دابڕێین، جودابینەوە، نهێنی بپارێزین. بەڵام بوونێك کە دەیەوێت لە خوا نزیکبێتەوە، ببێتە بەشێك لە وجود ئەوا هیچ هۆیەکی نییە هەتا هەست بە شەرم بکات.

سۆفی عەزیز بۆئەوەی بوونی بونیادنێ، پێویستی بەوە هەبوو کە ماڵ پێکەوەنێ، ماڵی بۆ یادەوەری، بۆ رۆح، بۆ چونە دەرەوە لە دونیا، بۆ بەشداریکردن لە ژیان. بە کورتی ماڵێ بۆ بوون. چۆن ماڵێك کە لە مەتریاڵ یان مادەی سادە پێکەوەنرابێت دەتوانێت ببێتە شوێنی رۆح. کە رۆح ئەو خودە نەمرە بێت لە جەستەدا، ئەوا بەبێگومان پێویستی بە ئەزموون هەیە، بە گوزەران، بە نیشتەجێی. کاتێك کە رۆح لە جێگایەکدا نیشتەجێ ئەبێت، ئەوا بواری ئەوەی دەبێت کە یادەوەری کۆکاتەوە، کە بەسەریاندا بچێتەوە، لە پرۆسەی دووبارەبوونەوەدا بە کاوەخۆیی زیاتر و زیاتر لێیان قووڵ بێتەوە.

ئەزمونکردنی دونیا لە رێگای گەڕان و پشکنینەوە نابێت. بەڵکو زیاتر پێویستی بە پەیوەستبوون و نزیکبوونەوە و پەیوەندی هەیە. پێویستی بە عیشق هەیە. مرۆی گەڕیدە ئەو مرۆڤە نییە کە لە دونیا تێئەگات. بەڵکو ئەو مرۆیە کە دونیا ئەکاتە بابەتی بینینی. بە

بابەتکردنی دونیا مایەی تێنەگەیشتنە. بۆیە مەرجی سەرەکی تێگەشتن کە سروشت، هەبوونی دۆستایەتی و پەیوەندیە. مانەوەیە لە پنتێکی جێگیردا بۆ چوونە نێو نهێنیەکانی، تێکەڵاوبوونە بە گەشە و گۆڕان و دیاریدەکانی. ئەگەر سۆفی بوون یارمەتیدەر بوو بۆ بەرگریکردن و هەبوونی پشویەکی درێژ لە هەمانکاتدا سەرچاوەیەك بوو بۆ سادەبوونەوەی بوون و سەرەتاییبوونی پەیوەندیەکان. سۆفی بوون عەشقێك بوو بۆ مەحاڵ. بۆیە ئەمە لە هەمانکاتدا ڕێگربوو لە بەردەم رووبەڕووبونەوەیەکی رووتی خود. تێڕامان لە توانا سنوردارە کانی خود بە مەبەستێك، بۆ داهێنانی ئەو دەسکەلا و ئامرازانەی کە ئەو سنوردارێتیە بەرفراونکات.

عیشقی خودا عیشقی پاکێتی و توانای رەها و رەوابوو، بۆیە خودی لەوە ئەخست ببێتە خودێکی پۆلەتیك. خودێك کە بەرپرسیارێتی بگرێتە ئەستۆ. هەوڵی بەشداری و گۆڕان بکات. لە داهێنان سڵ نەکاتەوە. ئەمانە هەمووی دەتوانرێت لە هاوکێشیەکدا کۆبکرێنەوە. کە تایەکی عیشقە بۆ مەعریفە، مەعریفەیەکی بێ سنور، ئەو تاکەی تری عیشقە بۆ دادپەروەری بۆ رەهایی بۆ خودا. عیشقی مەعریفە، بنەمایەکە بۆ بونیادنانی دەسەڵات. بۆ پتەوکردنی پایە کانی خود. بۆ هەبوونی توانا لە بەربەرەکانێکردنی سروشت. لە ئەنجامدا بۆ دەستەمۆکردنی سروشت. ئەم دەستەمۆییە، بە مانای باڵادەستی مرۆ دێتەوە، وەك بوونێکی خاوەن مەعریفە.



بەڵام کاتێك ئەوەی لە ئارادایە ئەوەیە کە چۆن دادپەروەی بێتە ئاراوە. چۆن پەیوەست بیت بە دادپەروەری رەهاوە. لێرەدا مەعریفە دەبێتە پاشکۆ. کاتێك مرۆ بەدوای دادپەروەریدا وێڵە، مانای وایە کە لە دۆخێکی پڕ لە ستەمدا ئەژی. لە سەردەمی ستەمدا عیشق مەحاڵە. کاتێك مرۆ لە نێوان ستەمکاریەکی رەهادا گێرئەخوات لە ئەنجامدا خەون بە رەواییەکی رەهاوە دەبینێ، لە ئەنجامدا وەك خود بوونی ئەدۆڕێنێ. لە تواناکانی داران ئەکرێت، لە نیوان ئازار و خەوندا، ئێستای لە دەست ئەچێت. خودا و مەعریفە دوو هێڵی پێکەوە هەڵنەکردەن. کاتێك ئادەم لە داری مەعریفەی خوارد توشی سزابوو. سۆفی بوون، ئەگەر گرێکی دەهێنا بۆ روناککردنەوەی ناخ، ئەوا لە هەمانکاتدا ڕێگربوو لە بەردەم داهێنانی گرێکی مرۆڤانە بۆ وەدیهێنانی رۆشنگەری. کاتێك بونێك دەبێتە بەشێکی دانەبڕاو لە هەموان، لە شتەکان، لە هەمانکاتدا دەبێتە بوونێکی ناجودا، ناسەربەخۆ بونێك کە جڵەوی عەقڵی ئەداتە دەست سروشت، لە ئەنجامدا دەبێتە بەشێك لە سروشت.

ئەگەر ئەمە دۆخی بوونە لەگەڵ سروشتدا، ئەی دەبێت دۆخی بوون چۆن بێت لەگەڵ ئەویتردا، لەگەڵ دەسەڵاتدا.

## ڕۆژێك لە مەنفا

دەبێ هەر ڕۆژێك بێت لە ڕۆژەكان، لە ڕۆژەكانی هەفتە، ڕۆژەكانی مانگ، ڕۆژەكانی ساڵ، هەموو ڕۆژەكانی وەك یەكن، هیچ ڕۆژێكی مەنفا لەیەكتر ناچێت. ئەگەر چی ڕەنگە شتەكان دووبارەببنەوە، بەڵام هەمیشە هەستەكان جودان. بەڵام ئەمڕۆ ڕۆژێكی تایبەتە. ڕۆژێكە ڕەنگە جارێكی تر من دێبرا بارێت نەبینمەوە. دێبرا باریت و قژە زەردەكەی، چاوە شینەكانی، قەدە باریك و باڵا چناریەكەی. یان هیچ نەبێ هەرگیز بەتەنیشت یەكەوە دانەنیشین، یان جارێكی تر ڕێناكەوێ پێكەوە پرۆژیە ئامادەكەین بۆ وانەی كارگێری دەربارەی شوكولاتە. دێبرا ڕەنگە ببێتە كەسێكی ناسراو. (من پرۆژەی كتێبێك لە مێشكمایە بۆ نووسینی پرۆفایلی خەڵكانێك لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، دێبرا یەكێك دەبێ لەوانە، هەر هیچ نەبێ لەبەر وێنە جوانەكانی). دوو ساڵ لەمەوپێش شا جوانی ئەم شارەبوو. (من ئەو دەم بۆ نەگبەتی لە كوردستان بووم لەبەر بێكارەبایی و گەرمادا وەك گەماڵ ئارقەم دەرئەدا). ساڵێ پێش ئەوە لە ڤەلەنتاینا من كارتێكم بە دیاری داپێی بە شەرمەوە بە دەستوخەتە ناشیرینەكەم لە پشتەوەیم نووسی: دێبرا تۆ شۆخ و شەنگی. هەرچەندە ئەو حەزی لەمن بوو، بەڵام من هەرگیز بڕوام نەكرد. ئەو كچە جوانە بۆچی حەزی لەمنە، خۆشێت نەبووە.

ئەمڕۆ من خۆێندنم تەواوكرد. خوێندنێك كە یەك بە یەك ڕۆژەكانیم خۆشویست. بەدەگمەن نەبێ لە وانەیە دوانەكەوتم. هەر دەڵێی دوێنێیە چوار ساڵ لەمەوبەر بە شەرمەوە دەڕۆشتم بۆ زانكۆ بۆ ئەوەی كاروباری دەستپێكردنی خوێندن دەستپێبكەم. یەكەم ڕۆژ هەتا دەرگاكە ڕۆشتم، تەماشایەكم كرد و گەڕامەوە، بیرم بۆ زانكۆكانی خۆمان چوو لە كوردستان كە بە تەلبەند و شورتە دەورەدراون. من لە پۆلەكەماندا كە پەنجاوچوار كەس بووین، تەنها بیانی بووم لە نێو هەموو ئەوانی تردا. لە زانكۆدا تەنها كوردبووم. سەرباری ئەوە تەنها ڕۆژێك چییە هەستم نەكرد كە بیانیم. كە لە سلێمانی لە سەرەتای نەوەدەكان ئەمخوێند هەموو ڕۆژێ هەستم ئەكرد كە لادێیم. كچەكان وەها هەڵسوكەوتیان لەگەڵاكردم كە هەستبكەم قۆزم، كوڕەكان وا مامەڵەیان لەگەڵاكردم كە هەستبكەم پڕم لە زانیاری، مامۆستاكان لە سەرووی هەمویانەوە ئەو بڕوایەیان پێبەخشیم كە بتوانم بەدەنگی بەرز بیركەمەوە. من هەموو ڕۆژەكانی زانكۆم خۆشئەوێت. من لەوێ خەڵكانێك بوونە هاوەڵم كە هەتا گۆڕی مەرگ هاوڕێمن.

ئیتر لەمەولا من نە قوتابیم و نە خوێندكار. چی دی كاتم نییە لەگەڵ تۆنی مۆرفیدا بە سەعات قسەی قۆڕ بكەم و قاقای پێكەنینم بگاتە كەشكەڵای فەلەك. یان ناتوانم لەگەڵ جۆن ئۆسۆلۆڤاندا شەوێ تابەیانی لە بارێكی تاریكدا دانیشین باسی سیاسەت و ئەمریكا بكەین. یان تم، ئەو پیاوە تەمەن شەست ساڵەی كە پاش سی و پێنج ساڵ لە بەڕێوبەرایەتی بانك هاتەوە بۆ زانكۆ بۆ ئەوەی ببێتە هاوڕێی من و باسی سیاسەت بكەین. كە بیر لە تم و باوكم ئەكەمەوە دڵم تەنگ ئەبێت.

من ئیتر لەمەولا ڕەنگە کاتم نەمێنێ هەتا گێژ گێژێ بە بازاڕدا بڕۆم و لە بەرخۆمەوە ساتێ بە کوردی لەپڕ بە عەرەبی ئینجا بە ئینگلیزی یان بە فارسی گۆرانی بێمانا بڵێم. ڕەنگە نەتوانم لە بەرامبەر باڵەخانەو دوکان و پارك و کچە تەنورە کورتاکاندا بەسەعات بیر لە فەلسەفە بکەمەوە. نەتوانم ئەو هەموو کاتە لە دوکانی کتێب فرۆشەکاندا بەسەربەرم. کتێبخانە مزگەوتی منە. لەمڕۆ بەدواوە بەیانیان زوو لە گردەکە ناڕۆمە خوارەوە، بە پردەکەدا ناپەڕمەوە، بە قەراخ روبارەکەدا ناڕۆم. بیر لەوە ئەکەمەوە سەیارەیە کۆن بکڕم هەتا پێی بچم بۆ ئیش. هاوسەرەکەم رقی لە سەیارەیە. باشبوو ئەگەر کچێ کوردم، وەك یەکێك لەوانەی سلێمانی، بهێنایە ئەوا هەر دوای وشك بوونەوەی خەنەی بوکێنی ناولەپی داوای بی ئێم دەبلیوی لێئەکردم.

من لێرە لە مەنفادا ئەژیم. هەموو جێگایە بۆ من مەنفایە. ڕەنگە ئێرە لە هەموو جێگایەك کەمتر مەنفا بێت. کە یارەکەم باسی ئیتالیام بۆئەکات لە هەموو شتێ زیاتر باسی ژورەکەیم بۆئەکات. بەڵام من لەکوردستان ژوورم نییە. من هەرگیز لەوێ ژووری تایبەتی خۆم نەبووە. من هەرگیز تایبەت نەبووم. کێ تایبەتە. هەمووماان بەتەنیشت یەکەوە هاوینان لە سەربان لە ژێر ئەستێرەدا دەنوین.

ساڵانێکی زۆر کە بەشەقامەکانی ئەم شارەدا دەڕۆیشتم هەمیشە بیرم لە کتێبەکانم ئەکردەوە لە ماڵ. ئەو کتێبانەی کە یادەوەری زۆرم لەگەڵیاندا هەبوو. هەندێکیانم بە فێڵ و تەڵەکە لە ڕێبینی ئەحمەد هەردی وەرگرت و هەرگیز بۆم نەگەڕانەوە. لەبیرمە تازە خەتم دابوو، خۆم زۆر بە



شت ئەزانی، بێئەوەی لاپەڕەیەکم لە کتێبێکی فۆکۆ خوێندبێتەوە، وەك زۆربەی ڕۆشنبیرانی کورد، هەمیشە ناوی فۆکۆم دەهێنا. ڕۆژێکی گەرمای هاوین من و حەمە گۆپاڵە . چوین بۆ ماڵی ڕێبین ئەوەندە ناوی فۆکۆمان هێنا تا ڕێبین بردینیە کتێبخانەکەی لە سەرەوە کۆمەڵی کتێبی داپێمان.

ڕۆژەکانی زانکۆ زوو تێپەڕین. لە مەنفا کات یان خێرا دەڕوا یان هەر ناڕوا. هەموو ڕۆژێك بەشێکی هاکەزاییەو بەشێکی نوێ. هێلکەو ڕۆن خواردنی بەیانیان، خۆشتن، کارەبای بەردەوام، بۆن لە خۆدان، ماچکردنی هاوسەرەکەت، بەستنی قەیتانی پێڵاو، وشککردنەوەی قژ، ناردنی نامە بە مۆبایل، بیرکردنەوە لە کوردستان، توڕەبوون لە بە ناو سیاسەتمەدارە کوردەکان، چون بۆ ژێرخانی کتێبخانەکەی زانکۆ بۆ ئینتەرنێت، خوێندنەوەی ڕۆژنامە کوردی و ئینگلیزی و عەرەبیەکان، ناردنی نامە بە ئیمەیل، خوێندنە وەی ئیمەیل، شۆربا خواردن لە نیوەڕدا، کڕینی گاردیان لە زانکۆ، چوون بۆ ئاودەست، چون بۆ کتێبخانە، سڵاو لە کچ، ئەگە ئەمانە ڕۆتینن ئەوا هەندێ ڕۆژ هەیە لە پڕ بیرێکی نوێت بۆدێت، بیرێ دەربارەی نووسین، دەربارەی خواردن دروستکردن، نوسین و چێشت لێنان و نوستن لەگەڵ ئافرەتدا سێ دیووی یەك دراون!!! یان بە ڕێکەوت ڕێت دەکەوێتە کتێبێکی هەرزان و پڕ بە بایەخ لە یەکێك لە کتێبخانە دەستی دووەکانی شاردا، یان ڕەنگە ژمارەی نوێی گۆڤاری لەندەن بووك ریڤیوو نووسینێکی پڕ لەزەتی تیابێت، یان نیورکەر کورتەچیرۆکێکی ئەلسکە ندەر هەیمن بڵاوکاتەوە، یان نیورك بووك ریڤیوو وتارێکی جوان دەربارەی سیاسەتی ئەمریکی بنووسێ یان بیرۆکەی چیرۆکێ بێت بە

خەیاڵتدا یان دەقە شیعرێکی ناسك دەربارەی عەشق یان غوربەت یان لە پڕ بتوانی دەستکەیتە خوێندنەوەی یولیوسێس.

من دڵخۆشم کە لێرەم. لە کوردستان بومایە جگە لە سەگێکی پیس هیچی تر نەبووم. من لە باوانە کوردەکانمەوە جوتێ چاوی قاوەیی و کەللە سەرێ زللەو پانم بۆ ماوەتەوە. کۆمەڵێ بیروڕای بێکەڵك و کانیە لە خۆشەویستی پاك. من نازانم بۆچی هەستئەکەم لە مەنفام. من لێرە بۆ یەکەمجار وەك هاوولاتیەك مامەڵە کرام. بیرم دێ لە نەوەدەکان دوای سی و یەکی ئاب کە لە تورکیاوە سنوورداش کرام پارتی، کە حیزبێکی دیموکراتخوازی کوردستانە!!! لەگەڵ سەگێکدا بەندیانکردم. بەڵام هێشتاکە زۆربەی خەونەکانم لە کوردستانن. ڕەنگە تەنها لەبەرئەوە چونکە خەونی ترسناکن.

پەیوەندیەکی سەیر و سەمەرە هەیە لە نێوان نووستن و مەنفادا. لەم دواییانەدا ڕۆژنامەی نیویۆرك تایمز لە عەباسی کیارۆستەمی پرسی بۆچی ئێران جێناهێڵی، وەك زۆربەی ئەوانی تر، خۆ لەوێ ڕێگەنادەن کەس تەماشای فلیمەکانت بکات، گەر کەسێك بیەوێ دەبێ بە دزیەوە لە بازاڕی ڕەش بە دی ڤی دی بیکڕێ. عەباس لە وەڵام وتی: چونکە تەنها لە ژورەکەمدا لە تاران دەتوانم بە باشی بنووم. نووستن یەکێکە لە کێشە گەورەکانی پەنابەران، هەمیشە لە کاری وەرگێرانەکەم پەنابەرە کورد و عەرەبەکان بۆڵە بۆڵی ئەوەیانە کە شەوانە خەو ناچێتە چاویان.

چوار ساڵی ڕابردوو زۆرم دەربارەی لیبرالیزم، مارکسیزم، کەپیتالیزم، زۆر یزمی تر خوێند. زۆر کتێبم خوێندەوە، لە زۆر کۆڕدا ئامادەبووم، لە



ڕێی زانکۆوە لە پەرلەمانی یەکێتی ئەوروپادا ئامادەبووم، لە کۆبونەوەی ناتۆ، لەگەڵ سەرۆك وەزیرانی لۆکسۆمبۆرگ. دەربارەی سیستەمی گەلێك وڵاتی دونیا وانەم وەرگرت، کۆرسێکی تایبەتم وەرگرت دەربارەی چین، کۆرسێ دەربارەی ئەفریقا، کۆرسێ دەربارەی ئەمریکا. لە نێوان ئەمانەدا ئازادانە بیرمکردەوە ململانێم لەگەڵ مامۆستاکانمدا کرد، هەموویان لە هەموو کوردێك زیاتر ڕێزیانگرتم، گوێیان لێگرتم، فێریانکردم چۆن خۆم لەو نەرێتە عەرەبیە پاککەمەوە کە بەسەر کەلتوری ئێمەدا زاڵە، کەلتوری قسەی زل، هاوارکردن، ماستاوکردن یان جنێودان. فێربووم کە هیچ شتێ ڕەش و سپی نییە.

ئەم شارە وڵاتی منە. کە هاتم بۆ ئێرە هەر هێندە ئینگلیزیم ئەزانی کە بڵێم وەت ئز یۆر نەیم. مای نەیم ئز، هەندێ وردە دێڕی بێکەڵکی تر. ساڵانێکی زۆر لەسەر کورسیە ڕەقەکانی قوتابخانەکانی کوردستان وانەی زمانی ئینگلیزیم خوێند، خەتای من نەبوو، سیستەم و مامۆستاکانیش تابلێی بێکەڵك بوون. بەینی خۆمان بێت چی بەکەڵك دێت لەو وێرانەیە. ئەمساڵ پاش جەژنەکانی کریسمس لەگەڵ تێد بایاکینیدا وانەی سیاسەتی ئەفریقیم خوێند، ئەو کیشوەرەی کە لەبەر پاشماوەی کۆلۆنیالیزم و ئەو دونیابینی و عەقڵیەتە پوچەڵ و گەندەڵانەی سەردەمی فیودالیزم هەرگیز نەیانتوانی کۆمەڵگایەکی خۆشگوزەران بۆخۆیان پێکەوەنێن. کە لە وانەکاندا گوێم لە تێد دەگرت بیرم بۆ کوردستان ئەچوو. ئێمە زۆر بەڕوون و ئاشکرا بەرەو هەمان تراژیدیا ئەچین. کۆمەڵێ چین توێژ هەن لە

کوردستان، دار، بەرد، خۆڵ، لم، چۆلەکە، ئاو، هەوا، ژن، پیاو، کچ، قەیرە، منداڵ، قمقمۆکە بەکورتی هەموو گیانلەبەرێ، هەموو مرۆڤێ، هەموو تنۆکێ نەوت، خوێن، لەو دەڤەرە بە موڵکی خۆیان ئەزانن. ئەوان خۆیان دەوڵەتن دەوڵەت ئەوانە. ئەمە لە مێژوودا بێوێنە نییە، لویسی چواردە دەیوت من دەوڵەتم. لە سەردەمی سەرۆکی پێشودا هاواریان دەکرد: اذا قال صدام قال العراق.

مەنفا برینە، برینێکە هەرگیز سارێژ نابێ. ئەم برینە لە ئەنجامی وەئاگا هاتنەوەوەی رۆح یان دەرون دێت لە دەرەوەی جێگای خۆی. ژیان لەگەل ئەم برینەدا ژیانێکی عاشقانەیە، عەشق هەمیشە تێکەڵەیەکە لە ئازار و خۆشی. من تازە لە مەنفا نەبێ هەڵناکەم. بێبیرکردنەوەش لە کوردستان، لە دایکم، خەو ناچێتە چاوم.



## سەربوردەی پیاوێکی تەنیا

دلّم تەنگە! بەتەنیا لە کۆتایی مەتبەخەکەدا، لە سەر ئەو کورسیەی کە تۆ هەردەم لەسەری دائەنیشتی و لە دەرەوەت ئەنواری، من ئێستا بە تەنیا دانیشتووم. بێ تۆ ماڵەکە پڕە لە بێدەنگی. من ئەمەوێ گۆرانی بلّێم. گۆرانی وتن هەستکردنە بەتەنهایی. گۆرانی بلّێم دەربارەی ئەوەی ئەم شارە چەند چۆڵە بەبێ تۆ. کە بیر لەتۆ ئەکەمەوە گرانە هیچ شتێ تر بکەم. گرانە وشە لەدەمم بترازێ. وەك زەریا لە بەیانیە ساردەکەی مانگی پێشوو، کە پێکەوە لە پەنجەرەی ئۆتێلەکەوە تێمان ئەڕوانی، ماتم. چەند دڵتەنگم بۆ ئەو رۆژانە. ئەو رۆژانەی کە لە نوێنە گەرمەکەدا تۆ داوات لێئەکردم فێری زمانی کوردیت کەم. بەنازەوە ئەتووت: پشیلەیە رەش، پشیلەیە رەش لە شووشە.

ئێستا تۆ لێرەنیت. لە گوندێ بچکۆلە لە پادەشتی چیا پڕ لە بەفرەکەی ئەلپ، وەك پێم ئەڵێیت بەیانیان زوو لە خەو هەڵئەستیت و لەگەڵ باوکتدا ئەڕۆی هەتا ئالك بخەنە بەر ئەسپەکان، مانگاکان دادۆشن. رۆژەکان نارۆن. من وەك بەندی رۆژەکان ئەژمێرم. کە دێیتەوە حیکایەتی زۆرم بۆ ئەگێڕیتەوە. باسی کتێبەکەی فێرناندۆ پێسەوام بۆ ئەکەی، نادڵنیایی. لەم ماڵەدا زۆرمان دەربارەی ئەدەبی ئەڵمانی و ئیتالی و ئوتریش قسەکرد. هەموو جارێ پێم ئەڵێی رۆژێ ئەڕۆین بۆ ڤیەنا، لە کافێ گەورەکاندا پێکەوە قاوە ئەخۆینەوە و دەربارەی غەریبی قسەئەکەین. من لە گەڵتدا دێم بۆ دۆزەخ.

من ئەم ڕۆژانە سەرگەرمی بیکێتم. لە نهۆمی سەرەوە لەو ژورەی کە لەمناڵیەوە هی تۆیە، هەموو بەرهەماکانت هەیە. دوور لە تۆ وەك ئیستراگۆن نازانم بۆچی لێرەم، هەرئەوەندە ئەزانم چاوەڕێی تۆم. بەڵام بەدڵنیاییەوە تۆ دێیتەوە، تۆ نابیتە گۆدۆ. من و تۆ چەند لە فلادیمێر و ئیستراگۆن ئەچین. کە دڵم ئەشکانی پێتئەوتم: دەستم لێمەدە، پرسیارم لێمەکە، قسەم لەگەڵا مەکە، بێدەنگ بەو جێم مەهێڵە. ئەزانی لە ڕۆژی دووەم کە دێنەوە سەر شانۆ ئیستراگۆن هەمان هەستی هەیە.

بکێت ئەم ڕۆژانە تەمەنی ئەبێتە سەد ساڵ. ئەگەر بمایە ئێستا روومەتی چۆن بوو؟ دەبوو چی تری بنوسیایە؟ کە دێیتەوە، ئێوارەیە پڕ لە بارانە. من چاوەکانیشم تەڕەو بە گوڵێکەوە چاوەڕێتم. کە باوەشت بۆ ئەکەمەوە بە چرپەوە پێت ئەڵێم: جارێ تر جێممەهێڵە.



## ئەوروپا

لە کوێدا بەدوای ئەم کیشوەرەدا بگەڕێین، لە چیرۆکی سەفەرەکاندا. لە مۆژدەی قاچاخچییەکاندا، لە خەیاڵی پیاوێکی دڵ پڕ لە ئازاری پەراوێزخراو لە کوردستان، لەو وێنانەی کە دەگەنەوە وڵات، لەو وشانەی کە لە تەلەفونەکاندا دەوترێن، لە کورتە نامەکاندا، یان لەو گفتوگۆیانەی کە لە سەرتاشخانەو چاخانەو پاسو پیاسەی ئێوارانو هۆڵی زانکۆو قوتابخانەکانو خوانی شێوو خەونی ئەو کچە تازەپێگەشتوانەی کە لە چاوەڕوانیدا پیردەبن. ئەمە سەرابێکی سەختە.

ئەگەر ئەوروپا لە شوێنە تەڕو تاریکەکانی ناخماندا ئامادەبێت، ئەگەر شانۆی خەونە ئەرخەوانییەکانمان بێت، ئیدی بۆچی دەبێ ئێمە سەفەری بۆ بکەین. ئێمە بەبێ جیاوازی هەر هەمومان، یەك بەیەك، پەیوەستین بە ئەوروپاوە. لەکاتێکدا هەندێکمان بۆی هەڵدێین، ئەوا ئەوانی ترمان لێیهەڵدێن. ئەوانەی کە لێیهەڵدێن، کە نەفرەتی لێئەکەن، کە بە بێزەوە تەماشای ئەکەن، لە هەموان زیاتر بیری لێئەکەنەوە. پەیوەندی ئێمە لەگەڵ ئەوروپادا ڕێك وەك پەیوەندی ئێمە وایە لەگەڵ سێکسدا، هەمیشە تێکئاڵاوە لە پیرۆزیو تابۆ، لە پیسێتیو جوانی، لە گوناەو خۆشی، لە چەپاندنو تەقینەوە، لە نکولێکردنو دێوانەیی.

بەڵام ئەم کیشوەرە ساردە لە جێگایەکی ترە. سنوری خۆی هەیە، یاسای خۆی هەیە، مێژووی خۆی هەیە، دیرۆکێکی پڕ لە فەلسەفەی خۆی هەیە. کەواتە ئەم کیشوەرە لە جێگایەکدا نیشتەجێیە. بەڵام بەڕاستی ئەوروپا لە تەنها جێگایەکدایە، یان لە گشت جێگاکان.

لەکاتێکدا ئەوروپا لە نێو ئێمەدایە، لە ناخی ناخماندایە، بەڵام ئێمە دەمانەوێ بۆی بڕۆین، هەرچەندە بۆی دەڕۆین، بەڵام ئێمە ناگەینە ئەوروپا. هەرچەندە ئامادەین بۆی بمرین، بە سنورە پڕ لە مینەکاندا بپەڕینەوە، شاخو چەمو دەشتو رووبار تەیکەین، بەڵام هەرگیز پێیناگەین. چۆن لە جێگایەك بگەین کە پێیناگەین، کە ناتوانین پێیبگەین. چۆن ناگەینە جێگایەك کە هەر یەکەمان کوڕە پلكو کوڕە پورو کچە خاڵو ئامۆزاو براو نەنکمانی لێیە. بەڵام گەیشتن یانی چی؟ پێش هەموو شتێ گەیشتن یانی جێهێشتن.

جێهێشتن هاتنەدەرەوەیە لە جێگا، وەك ئێدوارد سەعید بایۆگرافیەکەی ناونا لە دەرەوەی شوێن، بەڵام گەیشتن بەمانای چونە ناوەوەی شوێن نییە. رەنگە گەشتن هەرگیز بواری ئەوە نەدا کە بگەیتە ناو شوێن، بۆیە پاش جێهێشتنی شوێنی یەکەم، ئەگەری ئەوە هەیە بۆ هەمیشە لە دەرەوەی شوێنەوە بمێنیتەوە. ئەم ستاتۆیە، هەتا بڵێی دڵتەنگە. بەڵام لە هەمانکاتدا برینێکە یاخی لە قەتماخە. رەنگە پاش جێهێشتن جارێکی تر خود ئارەزووی ئەوە نەکات کە بە شوێن ئاشنابێتەوە. لێرەدا ئەو جێگایە سەرهەڵئەدا کە بەختیار عەلی ناوی ئەنێت ناشوێن.

خوێنەری بەڕێز ئەم ستونە دەربارەی ئەوروپایە وەك پرۆژەیەك. وەك خەونێك، وەك پەناگەیەك، وەك مێژوویەك، وەك کۆمەڵگایەك، وەك شارستانیەتییەك، وەك وێڵگەی سزا، وەك کامپی پەنابەران، وەك مۆزەخانە، کتێبخانە، مۆدێرنە، قاتوقڕی، هەزارەها هەزار شتی تر. هەروەها دەربارەی ئەوروپا ئەدوێین لە بۆمبای، لە سلێمانی، لە مۆمباسا، لە زۆر زۆر شوێنی تر.



لە توێی ئەم ستونانەدا یادەوەریو ئامادەبوونو تێڕامانو عیشقو رقو پەیوەستبوون، قسەی لێوەئەکرێت. ئەمە سەفەرێکە نە سەرەتای هەیە نە کۆتا. نە هەرگیز دەستپێئەکاتو نە هەرگیز کۆتایی دێت.

بۆیە بڕیارمدا لەسەر ئەم بابەتە بدوێم، چونکە هەستئەکەم هەتا بڵێی هەنوکەییە. هەنوکەییە، کە دەبینم کوردێك، بە روومەتێکی خەمبارانە بە شەقامە ساردەکانی یەکێك لە شارە بێ دڵەکانی ئەوروپادا بە تەنها لە سەرخۆ ئەڕوا. هەنوکەییە چونکە ئەو خەون بینینەی کە لە خەیاڵدانی ئێمەدایە دەربارەی ئەم کیشوەرە تۆوێکی زۆری شکستی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتوە. هەنوکەییە چونکە ئەوروپا شوێنی کردوەتە بوونێکی میتافیزیکی. ئێمە کە رەدووی سەراب ئەکەوین لە ساتەوەختی مەرگدا ژیان کورت ئەکەینەوە بۆ دیدێکی شاعیرانە. ئێمە بەرەو شکستێکی دڵتەنگ هەنگاو ئەنێین زۆر دڵتەنگترو خەمبارتر لەوەی عەرەب.

پرسیاری مۆدێرنە، مۆدێرن بوونی کۆمەڵگای ئێمە، تەنهاو تەنها لە تێگەشتنی ئەوروپاوە دێت. تێگەشتن بە مانای لاساییکردنەوە نە، بە مانای هەوڵدان بۆ گەشیتنە هەمان ئاست نە، بە مانای شوێنکەوتنی هەمان رێگا نە. تێگەشتن یانی چونە ناخی رووداوەکانەوە بۆ کردنەوەی تەلیسمەکان، دۆزینەوەی کلیلەکانو پاشان هەوڵدان بۆ دروستکردنی کلیلێکی تایبەت بە خود، لە مەتریاڵەکانی خود.

بۆ تێزی دوکتۆراکەم من بەردەوام لەگەڵ ئەم بابەتانەدا هەڵسوکەت ئەکەم. لە زانکۆ وانەی دەربارە دەڵێمەوە، لە توێی کتێبو دەقو بەڵگەنامەکاندا ورد وردێ بۆی دەخوێنمەوە، دەچمە کۆڕو سیمینارەکان. لەگەڵ ئەوەشدا بەشێکی زۆری ئەوروپا یان بینیومە یان تیا ژیاوم. رۆژانە

لە ماڵی ئێمە بە ئەڵمانیو ئیتاڵیو ئینگلیزی قسەئەکرێت. هەمیشە لە هاوڕێو دۆستمان لە وڵاتانی ترەوە دێنە میوانی. ئەوروپا وەك زمان، وەك کەلتور، وەك شێوازی چێشتلێنان، بەشێکی ژیاری ڕۆژانەی ئێمەیە. لەبەر ئەم هۆکارانە من ئەتوانم بڵێم کە ئەتوانم دەربارەی ئەم کیشوەرە، چ وەك بونێکی فیزیکیو چ وەك بونێکی میتافیزیك بنوسم.

پێمخۆشە ئەم ستونە رچە شکێن بێت. کارێك دووبارەو سواو نەبێت. نە ببێتە مایەی ئۆریەنتالیزم، ڕۆژهەڵاتناسی، وەك ئەوەی هەندێك ڕۆژهەڵاتی لە ڕۆژئاواوە، وەك کوێخا ڕۆژئاواییەکانیان لە ڕۆژهەڵات دەڕوانن. نەك ببێتە مایەی بەرهەمهێنانی دەقی ئۆکسیدێنتال یان خۆرئاواناسی، کە وەك چۆن ڕۆژهەڵاتناسی پڕیەتی لە بوختانو کینەو هەڵەشە، وەهاش ڕۆژئاواناسی بریتییە لە تۆڵەو دەمارگیریو هەست بە لاوازیکردن.

ئەم ستونە، وەك کارەکانی پێشوو، سەفەرێکە بە هاوەڵی ئێوە، بەنێو دونیایەکدا کە هەمومان بیری لێئەکەینەوە، خەونی پێوە دەبینین، لە هەمانکاتدا حەزدەکەین ڕۆژێك وڵاتی خۆشمان وەك ئەوروپای لێبێت. هەرچەندە زاراوەی ئەوروپا لە زمانی قسەکردنو نوسراوی کوردیدا چەندین مانای جیاجیا لە خۆی دەگرێت، هاوەڵم بن با پێکەوە بڕۆین بۆ ئەمستەردام، ڕۆم، ڤیەننا، پاریس، لەندەن، شارە خۆشەویستەکەم دۆبلن. وەرە با پێکەوە بەدڵی ئەم کیشوەرە، هەتا لە دڵە پڕ لە خورپەکەی خۆمان بە ئاگابین.



### پاترا بەندەرێك بۆ جێهێشتن

ئەوە دە سەعاتە لێرەم، دەسەعاتی ڕەبەق. هەتا ڕۆژبوو بەردەوام ئارەقەم دەرئەدا، هەرکە تاریکی دادێ لە سەرماندا هەڵئەلەرزم. بەڵام هەرچۆنێك هەست بکەم نابێ بجوڵێم. ئەبێ خۆم وەکو مردوو لێبکەم. ئەبێ نقەم لێوە نەیەت. نابێ کەس هەست بەبوونم بکات لێرە. بیرمکردوەوە بنووم، بەڵام هەرزوو بۆم دەرکەوت، نا ئەوە بیرێکی باش نییە. نووستن بێئاگام ئەکات، رەنگە بجوڵێم، رەنگە پرخە پرخە بکەم. دەبێ مردوویەکی بەئاگابم، زۆر بەئاگا. چاوەکانم زەق کەمەوە، گوێم بۆ هەموو چرپەیەك هەڵخەم. دەبێ کەس هەست نەکات من لێرەم، نەك هەرئەوە، من خەمی پۆلیس و شۆفێرەکانم نییە، ئەوەی خەممە سەگە سەگ. سەگ ئەتوانێ بۆنی هەناسەم بکات، ئەوەندە بەسە بۆ ئەو بێبەزەییە بۆ ئەوەی هەناسەی من بێت بە لوتە سورەوەبوەکەیدا، ئەو لووتەی کە لە لوتی خەڵکی ئەسکەندەنافیا ئەچێ. هەر ئەوەندە بۆنێك هات بە لوتیدا ئیتر دەست ئەکاتە حەپین، وەڕین. سەگ بە ئاسانی ئەتوانێ بۆنی ئارەقەکەشم بکاتەوە، بە تایبەت کە بۆنی ئارەقەم هەتا بڵێی ناخۆشە. من لەگەڵ سەگوەڕدا پەیوەندیەکی سەیرم هەیە" هەندێ جار حەزم لێیە" چونکە نیشانەی ئاوەدانیە، بەتایبەتی لە شەودا، زۆرجاریش لێی بێزارم، چونکە ئەیانەوێت پەلامارم بدەن. کاتێك کە لە سنووری ئێران پەڕینەوە قاچاخچیەکە پێی وتین ئەگەر بێتوو سەگی ڕەبایەکان بۆنمان بکەن ئەوا دەست ئەکەنە وەڕین و ئیتر ئەوە بەسە بۆ ئەوەی جەندرمەکان شەلم کوێرم هیچ نابوێرم بماندەنە بەر فیشەك.

جەندرمە، ئای چەندێ حیکایەتی سەیروسەمەرەم هەیە لەگەڵیاندا، ڕۆژێك هەموویتان بۆ ئەگێڕمەوە.

بەڵام ئێستا من نابێ زۆریش بیرکەمەوە نابادا خەیاڵ بمباو ئاگام لەخۆم نەمێنێ. ئەگەریش هاتوو ئاگام لەخۆم نەما ئیتر ئەوە بەسە بۆئەوەی یەك دوو جوڵەی بێئاگا بکەم و کەشف بم. ئەگەر بمەوێ لێرە بڕۆم، لەم بەندەرە، ئەبێ خۆم وەکو مردوو لێبکەم. من زۆر لەوە باش ئاگادارم، کە من وەك کەسێکی زیندوو، وەك مرۆڤێك، وەك یەکێك لەو گەشتیارانەی کە جانتای تا بلێی گەورە و گرانیان بەکۆڵەوەیە، ڕێگەم پێنادرێ لێرە بڕۆم. تەنانەت لەڕووی یاساییشەوە من بۆم نییە. بەڵام من ئەمەوێ بڕۆم، بۆیە ئەبێ مرۆڤ بوونی خۆم بخەمە ئەولاوە، ئێستا کاتێ ئەوە نییە، بیر لەخۆم بکەمەوە وەك مرۆڤ. ڕەنگە لە ژیانمدا هەرگیز کاتی ئەوەنەیەت. زۆر بە ئاسانی من کوردم، کوردیش لە سەر نەخشەی جیهان بوونی نییە" بۆیە دەبێ منیش بوونم نەبێ. ئەگەر داوای بوونی خۆم بکەم ئەوا یاسا پێشێل ئەکەم. بەڵام لە ڕاستیدا من ئەوەندە گوێ بە یاسانادەم. لە حەمورابییەوە تا ئێستا تەنانەت یاساکانی خواش یاسای مرۆڤانەنین. دەڵێن مرۆڤ بوون بەسە بۆ ئەوەی مافت هەبێت، بەڵام لەڕاستیدا ئەوە لە درۆیەك زیاتر هیچی تر نییە، بەلای کەمەوە بۆ من.

ئێرە بەندەرێکە لە سەر دەریای سپی یان دەریایی ناوەڕاست. شارێکە لە دامێنی شاخێکدا. نیشتەجێبوون لە نێوان شاخ و دەریادا دڵگیرە. ئەم شارە ناوی پاترایە" سێهەمین شاری گەورەی ئەم وڵاتەیە، ئەسینا و پیوسالۆنیکی، شاری یەکەم و دووەمن. لە بەشی ڕۆژهەڵاتی ئەم وڵاتە کە ناوی یۆنانە، شارێکی تری وەها هەبوو، شارێك ناوی کەڤاڵە بوو. زۆربەی



ماڵەکان ڕەنگیان سپی بوو، سپی وەك جلی بوکێنی، وەك قازی دەریاچەی حیکاتەکانی منالّی. من هەر بۆ ساتێ کەم پیا تێپەڕیم. لە خەیاڵمدا دەڵێی لە دەقێکی شیعریەوە هاتوەتە دەرێ. ئەو شارە لە خەیاڵمدا لە وێنەی پۆستکارتێ ئەچێ، کە کەسێکی خۆشەویست لە سەر زەمینێکی دوورەوە بۆی ڕەوانەکردبێ. من خۆم بۆ خۆم لە خەیاڵمدا وێنەکان کۆئەکەمەوە، چونکە من کەسم نییە، نە لەدوور نە لە نزیك تا پۆستکارتم بە پۆستدا بۆ بنێرێ. پێویست بە بیرلێکردنەوە ناکات، بۆ ئەوەی من کەسێك نامەیەك یان پۆستکارتێکم بۆ ڕەوانەبکات دەبێ ناونیشانێکم هەبێ. دەبێ لەم سەر زەمینەدا شوێنێکم هەبێ شوێنێکی جێگیر کە تیایا بگوزەرێم. ئەو شوێنە دەبێ ناوی هەبێ، ماڵ ژمارەی هەبێ، گەڕەك ناوی هەبێ، لە شارێك بێت، سەر بە وڵاتێ کە هەمووکەس دانی پیانابێت و بزانێ لە کۆێیە. بەڵام من شوێنی وەهام نییە، هیچ هیوایەکیش لە ئاسۆدا نییە ڕۆژێك دێ ببمە خاوەن شوێنێکی وەها. من و نیشتەجێ بوون، عەجەم واتەنی کوجا مەرحەبا. من لە زێدی خۆم هەڵکەنرام، ئیتر بڕواناکەم جارێکیتر لە هیچ کوێ بگیرسێمەوە. ماڵ جێگایەکە سەر بە ڕابردوو. ڕەنگە بۆئەوەی دڵنەوایی خۆم بدەمەوە، قسەی ئەم و ئەو بە بیرخۆم بێنمەوە، لە توێ کتێبەکاندا بە دوای بە هابەنەدا بگەڕێم. نیتچە فەیلەسوفی ئەڵمانی، ئەو پیاوەی سمێڵێکی کەتەو زلی هەبوو، وەك ئەندامانی هۆزی قەڵغانی لە گەرمیان، بێشوێن و سەرگەردان بوو. ئەو ئەڵێ، ڕەنگە لە خۆشبەختیم بێت کە من خاوەن ماڵ نیم. ڕەنگە ڕستەیەکی وەها باش بێت بۆ دڵنەوایی دانەوە بەڵام دەردی بێماڵی ئەوەندە سەختە دێڕ و دوو دێڕ لەم و لەوەوە ئەهوەنی بە دلاّ ناهێنێ.

من لەوە باش دڵنیام، هەرچەندە راستیەکی تاڵە بەڵام ئەبێ رۆحمی لەسەر رابێنم، کە من ئەگەر هاتوو لە خاڵێکی تایبەتدا لەم گۆی زەویەدا نیشتەجێبووم ئەوە مانای ئەوە نییە من ئەو شوێنە ئەبێتە ماڵم. ئەو شوێنە نابێتە ماڵ بۆ من. ماڵ شوێنێکی تایبەتە. تازە ماڵ خۆمان خۆش. ماڵ شوێنێکە سەر بە رابردوو. ئیتر من ئەبێ بە ژیانی بێماڵی رابێم. ئەبێ خۆم رابێنم کە بەبێ هیچ بەربەستێك کراوەم لەم دونیایەدا. راستیتان پێبڵێم کە بەو شێوە بیری لێئەکەمەوە ئەوەندێ شتێکی خراپ نییە. بەڵام هێشتا من لەسەرەتادام جارێ ئەبێ ئەم بەندەرە بەجێبێڵم. چونکە لەم بەندەرە و لەم وڵاتەدا هیچ تروسکاییەك بەدی ناکەم بۆئەوەی نەك ماڵ تەنانەت ببمە خاوەن ژورێکی هێندەی تابوتێك. ئەم بەندەرە هەروەك شارەکە ناوی پاترایە. سێ سەعات بە قەتار لە ئەسیناوە دوورە. من لەگەڵ فاتحە سوردا درەنگی شەو پاش چاوەڕوانیەکی زۆر لە ویستگەی شەمەندەفەرەکەوە بۆ ئێرە بەڕێکەوتین. دانیشتن لە کورسیە ئەستورو نەرمەکانی شەمەندەفەرەکە تا ئەوپەڕی خۆش بوو. رۆژانێکی زۆرە من لە جێگایەکی نەرمدا رانەکشاوم. رەنگە نەرمی یەکێك بێت لە مافە بنەڕەتیەکانی مرۆڤ. نازانم چونکە من تا ئێستا هەستم نەکردوە پێویستم بە خوێندنەوەی جاڕنامەی مافی مرۆڤە. بەڵام زۆر بە پێویستی ئەزانم کە بەندێکی لەو جۆرەی تیابێت. بەندێك تیا نووسرابێت: هەموو مرۆڤێك بەبێ جیاوازی رەنگ و رەگەز مافی ئەوەی هەیە لە شوێنی نەرمدا پاڵکەوێت.

کە گەشتینە ئێرە هێشتا دونیا بەتەواوی روناك نەبوبوەوە. بەڵام دیمەنی ژێر روناکی گڵۆپە خەواڵوەکان بەس بوو بۆئەوەی پێت بڵێ ئێرە جێگایەکی



دڵگیرە. دەڵێن سێ هەزار ساڵە ئەم شارە بە قەراخ ئەم دەریایەوەیە. ئێرە لە مێژوودا سەرزەمینی گەلێك جەنگ و شارستانیەت و کاروانسەرای جەنگاوەر و پادشا و سەرکردەکان بووە. ئێرە سەر بە بەشێکە لە خاکی یونان کە بە پینۆپیل ناسراوە. رەنگە شەڕی پینۆپیلەیسیەکان لە سەر ئەم خاکە روویدابێت.

بۆ شەمەندەفەرەکە ئێرە دوا ویستگەبوو، من و فاتیحە سور خێرا دابەزین. کە ویستگەکەمان جێهێشت ئەمانزانی لەلای چەپەوە پارکێك هەیە لەوێدا لە ژێر ئاسمانێکی پڕ لە ئەستێرەدا کوردەکان شەوەکانیان بەسەر ئەبەن. ئێرە هەرچەندە جوان و دڵگیربێت من ئەوەندە هەستی پێناکەم، هێندە چێژی لێنابینم، چونکە لە راستیدا من توانای هەستکردن بە جوانیم لە دەستداوە. من لەم سەفەرەدانیم بۆئەوەی جوانیەکان ببینم. من هەر چاوم لە کەشتیەکانە کە لە دەریادا با ئاڵاکانیان ئەشەکێنێتەوە و بە لە سەرخۆ بەرەو ئەوبەر لەنگەر ئەدەن. من هەمووجارێ کە لە سەر کورسیە ئاسنینەکانی بەندەرەکە دائەنیشتم بیرم لەوەئەکردەوە کەی کەشتیەك ببا بۆ ئەوبەر. هەرچەندە ئەوەنەبێ ئەو ئارەزووەم نەهاتبێتە دی، من تا ئێستا پێنج جار پەڕیومەتەوە. پێنج سەفەری دووروو درێژ بە دەریادا. پێنج رۆشتن و پێنج هاتنەوە. من دەمەوێ رۆشتنێك بێت بێ هاتنەوە. لەم سەفەرەدا من توانای ئەوەم نییە رووم بەرەو رۆژهەڵات وەرگێڕم. من رووم لە رۆژئاوایە و پشتم لە رۆژهەڵات. بەشی زۆری سەفەرەکان بە دەریای ئەدریاتیکدابوو. هەر جارەی بۆ بەندەرێکی جیاواز. جارێك بۆ باری لە باشور، جارێك بۆ بەندرێ سەربازی لە ئەنگۆنا نزیك ڤینیسیا لە باکور، جارەکانی تر ناوی جێگاکانم لە یادنەماوە.

ئەدریاتیك دەریایەکە باریك هەتا ناودڵی کیشوەری ئەوروپا درێژئەبێتەوە. ئەم جارە دیسانەوە وا مەزەندە ئەکرێ کە بچێ بۆ باری. سەفەری باری باشترە. سەفەرێکی کورتترە. جارەکانی پێشوو هەمووجارێ من سەرێکم لە مردن دا. تا قەراخەکەی رۆشتم و گەڕامەوە. هەرچەندە ئەم سەفەرە سەرتاپا گەشتە بە قەراخی مردندا. کاتێك لە سەر پشت بەبێ جووڵە لە جێگایەکی تاریك و تەنگدا پاڵئەکەوی، هەر کوتومت لە گۆڕ ئەچێ. لەوێدا دەرونت پڕئەبێ، هەندێ جار بە باشی هەناسەت بۆ نادرێت، وا هەست ئەکەی هەر ئێستا نا ساتێکی تر، رۆحت لە لووتەوە دەرئەچێ و ئیتر ئەبێتە لاشەیەکی سارد و سرو بێ گیان. هەستکردن بەمردن بگرە خودی مردن خۆی ساتەوەختێکە ئەوپەڕی دڵتەنگ. ئەوەندە هەستێکی بەهێزە، لە هەستکردنت ئەخات. لاشەت خاوئەبێتەوە و واهەست ئەکەی ئەحەسێیتەوە. هەندێ جار زەردەخەنەیە ساردیش ئەکەوێتە سەرلێوت. ئەگەر تۆزێك توانات تیامابێ بۆ بیرکرنەوە ئەوا وەها بەباش ئەزانی بیرنەکەیتەوە.

تەسلیم بوون بە مردن لە رەحەت بوون ئەچێ، رەحەتبوونی پاش پێکەوەبوون، بە تایبەت لەگەڵ کەسێکی عاشقدا. وەك ئەوەی بیستبێتم. من هەندێ جار کە لە پشت لۆریەکی داخراوەوە خەریك بووە هەناسەم لێببڕێ و بخنکێم، دڵم بە خۆم ئەسوتا. بە خۆم ئەڵێم کاتی ئەوە نەهاتوە بمرم. ئێرە جێگای ئەوە نییە بمرم. لێتان نەشارمەوە ئەو ساتەوەختانە کە خەریکە ئەمرم پەشیمانم لەوەی کە لە ئەسینا نە رۆشتم بۆ گلۆپ. نە رۆشتم بۆئەوەی لەگەڵ ئافرەتێکدا بنووم. ئەگەر بێتوو بمرم و لە باوەشی ئافرەتیکدا نەبوبم هەست ئەکەم تاوانە. تاوانە بمرم و نەزانم ئەم بوونەوەرە



جوان و ئیسك سوك و دڵگیرە تا چەندێك توانای ئەوەی هەیە خۆشی بەم لاشە خۆشی نەدیوەم ببەخشێ. بەڵام هەرکە ئەگەمەوە بەندەرەکە پەشیمان نیم. چونکە هەرزوو خەیاڵە رۆمانتیکیەکان بەسەرمدا زاڵ ئەبنەوە. من حەزئەکەم پێش ئەوەی لاشەم بدەمە کەسێك دڵمی بدەمێ. بەڵام باش باشی ئەزانم ئەمە دێرێکی تا بڵێی خەمناکە. رەنگە لە ژیاندا هەرگیز بواری ئەوەم بۆ نەڕەخسێ دڵم بدەمە کەسێك، ئەم دێرە لە شیعرێکی سلڤیا پلاسەوە فێربووم. ئەو ژنە رۆح سوکە خەمناکە کە دڵتەنگانە خۆی کوشت.

من نازانم ئەم لۆریە کەی ئەکەوێتە جووڵە. بەڵام تازە من ئەبێ چاوەڕێکەم. من زۆرجاری تر چاوەڕێم کردوە، بە جۆرێك خەریکە رادێم بە چاوەڕوانی. ئەم ساتەوختی بێدەنگی و تەنهاییە فێری زۆر شتیکردم. شتی جوراوجۆر و جیاواز. بۆ نموونە لە میانەی ئەم چاوەڕوانیەدا فێری زەیتون خواردن بووم. زەیتون میوەیەکی تا بڵێی بە تامە، چ رەش چ سەوز. لەم ساتەوختانەدا رووبەڕووی خۆم بوومەوە" بۆم دەرکەوت کە من هەرگیز بیرم لەخۆم نەکردوەتەوە، بەڕاستی من نازانم خۆم کێم. بۆم دەرکەوت کە بۆئەوەی ئەم سەفەرە بگەیەنمە جێگایە، دەبێ بزانم خۆم کێم، دەبێ دڵنیابم لەئەوەی من چۆن چۆنیم. رووبەڕووبونەوەیەکی سەختە. هەروەها زۆرم بیر لەدایکم کردەوە. دایك و غەریبی پێکەوە گرێدراو تێکەڵاون. کاتێك لەم سەفەرەدا لە هەموو شتێك رووتئەبیتەوە دونیا بەو پەری بێبەزەییانە دێتە بەردەمت و رووبەڕووت ئەبێتەوە وا هەست ئەکەی دەستی دێوێك لە بینەقاقاتایە. ئا لەو ساتەوەختانەدا پێویستت بە کەسێکە باوەشت بۆ بکاتەوە، پێویستت بە کەسێکە خۆشەویستیەکی بێپانی هەبێ بۆت، ئا

لەو ساتەوەختەدا جگە لەدایکت هیچ کەسێکی تر شك نابەی. بۆیە دایك و سەفەر هەردەم پێکەوەن.

هەر ئامادەیی دایکە ناهێڵێ بمریت. ناهێڵێ خەیاڵی شێتانە و بێزاری دەستت لە ژیان پێبەردا. لە ئەنگۆنا، لە شەوێکی پڕ تاریك و باوبۆراندا، دوای سی و پێنج سەعات سەفەر نەمتوانی پێبنێمە سەر خاکی ئیتالیا. کە لە لۆریەکە دەریانهێنام لە ژورێکی بچکۆلەدا بەندیانکردم. بەندیانکردم تا کەشتیەکە بەرەو یونان کەوتەوە ڕێ. کە دەرگایان لێکردمەوە بەبێ وەستان تا نهۆمی سەری سەرەوەی کەشتیەکە ڕۆشتم. دەریا لە ژێر تاریکیەکی وەك شەوی یەڵدادا شێتانە شەپۆلی ئەدا. دڵتەنگ بووم بیرم لەوەئەکردەوە خۆم هەڵدەمە دەریاوە. بیرکردنەوەك کە تەزویەکی بە لەشما هێنا. بیرمکردەوە ئەگەر بمرم، دایکم هەرگیز لاشەکەم نابینێتەوە. چاوە شینەکانی کوێردەبن، هەتا مردن جلی رەش لەخۆی ناکاتەوە.

سەفەری گەڕانەوە بۆ یونان، خەمناکە. لە سەرفەری سەربازێکی بڕوادار ئەچێ کە لە شەڕێکی دۆڕاو گەڕابێتەوە. بەڵام گەڕانەوە، هەردەم گەڕانەوەیە بۆ دەستپێکردنەوەیەکی تر. ئەوەی دڵتەنگە گەڕانەوەکان وەك یاری مار و پەیژە هەردەم دەتباتەوە بۆ خاڵی سەرەتا. بەڵام هەموو گەڕانەوەیەك وانەی خۆی هەیە، حیکایەتی خۆی هەیە. تاموچێژی خۆی هەیە. هۆمەر لە ئۆدیسەدا ئەڵێ: شاری زۆری بینی و بە مێشکی زۆر خەڵك ئاشنابوو. ئازاری زۆری چێشت، دڵی رەنجا لە دەریای کراوەدا. ئەم سەفەرە بۆخۆی ئۆدیسەیەکی ترە.



لە گەڕانەوەدا، کە کەشتیەکە دەگاتە نێودڵی دەریا، ئیتر منیان ئازادئەکرد. یەکەم شت لە ئازادبوونمدا ئەمکرد، ئەگەڕام بۆ خۆشتن. بۆ پاکبوونەوە. پاشان بۆ نانخواردن. پاشان ئەگەر ڕۆژبوایە لە سەرکورسیەك دائەنیشتم لە دەریام ئەڕوانی. روانین لە دەریا، بە تایبەت ئەوکاتانەی کە لە هیچ لایەکەوە وشکانی بەدیناکرێ دڵتەنگە. لە ساتەوەختێکدا کە مرۆڤ رووبەڕووی هێزێك دەبێتەوە کە لە خۆی زۆر تۆکمەترە، ئەوە ساتەوەختێکە کە تیایا هەست بە بچوکی و لاوازی ئەکات. ساتەوەختێکە کە ترس و دڵتەنگی باڵت بەسەرائەکێشێ. بەشەو لە هۆڵی سینەماکەدا لە سەرکورسیەکان دەنووستم.

یەکێك لەو بابەتانەی لەوەتەی گەشتوومەتە ئەم بەندەرە خەیاڵم جێناهێڵێ، نوسینی دەرگا و دیواری ئاودەستخانەکانی بەندەرەکەیە. کە بۆ یەکەمجار بەیانیەکان بۆئەوێ ڕۆشتم حەپەسام. خوێندنەوەیان وەك بریندارکردنی دڵ وابوو بە گوێزان. کوردەکان لەگەڵ خۆیاندا دروشمەکانی شەڕی ناوخۆیان هێناوە، لێرە لە سەر دەرگاو دیواری ئەم ئاودەستخانەیە لە کاتی گووکردندا ئەینوسنەوە. بۆ من مایەی شەرم بوو لەم بەندەرە خەمبارو دڵتەنگە، لەم مەنفایە، وەها ئاوڕ لە وڵاتبدەیتەوە کە هێشتا ئارەزووی کوشتنی هاورەگەزەکەت، هاوزمانەکەت، هاوماڵەکەت، هاودینەکەت هەبێ. لە مێژووی هەموو گەلاندا شەڕی ناوخۆ لە هەموو شەڕێکی تر خوێناوی تر بووە. وەك کورد دەڵێ حیز بە خاڵی خۆی فێرە. کە ئەیانبینی پێکەوە دائەنیشن، بە نزیك یەکەوە لە ژێر ئاسمانێ روتا، دەمانچەیان ئەنوون، گرانە بەلاتەوە بیرکەیتەوە، کە ئەگەر ئێستا لە کلاوقاسم بوونایە یان لە کەپکی حەمەدئاغا، تەنها ئارەزویان ئەوەبوو

یەکتری خەڵتانی خوێن کەن، بن بەرد و شیو و دۆڵەکان لە لاشەی یەکتری پڕکەن. پاشان بڕۆنەوە بۆ بنکە و بارەگاکانیان هەتا گوێ لە رادیوکانیان بگرن، چۆن چیرۆکی سەرکەوتنیان بۆ ئەهۆنێتەوە. کورد بڕوایەکی کوێرانەو ئاینیانەی بە رادیو هەیە. ئەوەندە بەسە بڵێی رادیو وەهای وت بۆ ئەوەی راستی و دروستی قسەیەك بسەلمێنێ.

گوێم لە ترپەی پێیەکە لە نزیکەوە دێت. پیاوێك بە لە سەرخۆ و بێدەنگانە هەنگاو ئەنێت. بە هەنگاوەکانیدا، بە ترپەی پێیدا لەوەئەچێ قەڵەو و بە تەمەن بێت. حەزم ئەکرد لە شوێنێکەوە روومەتیم بدیایە. شوێنێکی بچکۆلە. هەر هێندەی کونی دەرزیەك بەسە. رەنگە ماڵ و منداڵی هەبێ، رەنگە وەك من رەبەن بێت، بەڵام رەبەنیەکەی ئەو وەك من نییە. ئەو شۆفێری لۆریە" وەك هەموو شۆفێرێکی تر بە ئافرەت و شەراب ئاشنایە، نەك هەر ئاشنا بەڵکو ئەوانە دۆستێکی نزیکی ئەون. کێشە نییە ئەو هەر کێیە یان هەرچۆنێکە، ئەوەی من ئەمەوێ، یەك نەمدۆزێتەوە دوو بە سەلامەتی بمگەیەنێتە سەرخاکی ئیتالیا، ئیتر لەوێ خۆم سەفەرەکەی خۆم بەم کیشوەرە ساردەدا دەستپێئەکەم. پیاوەکە بە دەوری لۆریەکەیدا خولایەوە، ئەوا سەرکەوت، ئێستا نا ساتێکی تر ئەکەوێتە رێ.



## رۆژانی ئیتالیا

فڕۆکەخانەی ئەم شارەی کە لێی دەژین -کۆرك- پاش نیوەڕۆیەکی درەنگ، خۆم و خێزانە بچکۆلەکەم، هاوسەرەکەم و نامۆی کوڕمان، لە رێی هێڵی ئاسمانی ئێرلینگسەوە بەرەو رۆمی پایتەختی ئیتالیا فڕین. رۆم یان رۆما لە بیست و یەکی نیساندا ئاهەنگی یادی ٢٧٦٠ ساڵەی دامەزراندنی گێڕا. بەڵام ئێمە، کە لە خۆرئابونێکی دڵگیردا گەشتینە رۆم، مەبەستمان رۆم خۆی نەبوو. کە گەشتین لە فڕۆکەخانەکەوە، کە ناوی فڕۆکەخانەی دافنشییە، پاش هونەرمەندی هەرە ناسراو لیوناردۆ دافنشی، بە شەمەندەفەر بەرەو ویستگەی رۆم تێرمینەی بەڕێ کەوتین. کە گەشتین دونیا تاریك بوو. رۆم لە یەکەم بینینیدا پیس و پۆخڵ و شپرز دیاربوو. لەوێ ساتێ ماینەوە تا هاوسەرەکەم کە خۆی هەڵگری ناسنامەی ئیتالیەو زمانی ئیتالی وەك زمانی دایکی دەزانێ چوو بۆ بلیت بڕین. من و نامۆ لە تەنیشت جانتا رەشە گەورەکانمانەوە وەستابوین. لە راستیدا نامۆ خەوتبوو. باربرا کە ناوی هاوسەرەکەمە لە دوورەوە هەمیشە ئاوڕی لە ئێمە ئەدایەوە خەمی ئەوەی بوو کەسێك بزانێت ئێمە بیانین و هەوڵبدات دزیمان لێبکات. ویستگەی شەمەندەفەرەکانی ئیتالیا بە باخەڵ بڕین و دزین ناسراون.

کە باربرا هاتەوە، دوو بلیت و هەندێ وردە تەماتە و پەنیر و نانی هێنا. ئێمە کاتمان نەبوو بۆئەوەی بچینە جێگایەك نانی ئێوارە بخۆین، بۆیە دەبوو شێو لە قیتارەکەدا بکەین. خواردن لە ئیتالیا ئەگەر باشترین خواردن نەبێ لە دونیادا ئەوا بە دڵنیاییەوە یەکێکە لە هەرە باشترین خواردنەکانی دونیا. (ئەم راستییە پاش چەند رۆژێك کە رۆشتین بۆ چێشتخانەو

**پیتزەریاکان دەرکەوت کە لە راستیدا وەهایە). چەند رۆژێك پێش سەفەر من کە بیرم لە ئیتالیا ئەکردەوە و بە بازاڕەکانی کۆرکدا تێئەپەڕیم، پیتزا و کاپۆچینۆم وێنا ئەکرد و دەمم وەك کانی بەهار پڕ ئەبوو لە ئاو. ئەو قیتارەی کە ئێمە سەفەری داهاتومان پێئەکرد لە شاری ناپۆلیەوە ئەهات. ناپۆلی شارێکە لە باشوری ئیتالیا. باشور سەرزەمینی هەژاری و مافیا و توندوتیژیە. (لە جێگای تردا ئێمە قسەمان لە سەر ئەوە کردوە). شەمەندەفەرەکە لە پلاتفۆرم یان وەك بە ئیتالی پێی دەڵێن بانیاری ژمارە چوار دەوەستا.**

**لەوێ ژن و پیاوێ بە ئیسپانی پرسیاریان لیکردم، منیش زۆر بە ویقارەوە بە ئینگلیزی وەڵامم دانەوە، پیاوەکە کە ورگنێکی گەنم رەنگ بوو تەماشایەکی کرد و رۆشت. من دە ساڵێك لەمەوپێش بە قاچاخ بە ئیتالیادا تێپەڕیم. ئەو زەمانە هەتا رۆم هاتم و ئیتر هیچ بەرەو باکور نەڕۆشتم. ئەم سەفەرە جودا بوو. ئەمجارە کەسێك بووم ئازاد. بەبێ ترس قسەم دەکرد، دەمڕوانی، دەمپرسی. تەنانەت بە دەنگی بەرز بۆ نامۆ بە گەرمیانی گۆرانیم دەووت. بەڵام نامۆ کە تەمەنی تەنها چوار مانگە زیاتر حەزی لە هۆرەی جافیە. لەلایەکی ترەوە ئەمڕۆ ئیتالیا بۆ من جودایە. من بە جۆرێك لە جۆرەکان پەیوەندیم هەیە. نامۆ لە ڕێی دایکیەوە، جگە لە پاسپۆرتی تر هەروەها هەڵگری پاسپۆرتی ئیتالیشە. بۆیە لە داهاتودا و هەروەها لە ئێستاشدا ئیتالیا بەشێك دەبێت لە چیرۆکی خێزانە بچکۆلانەکەی ئێمە.**

**من منالی گوندێکی بچکۆلەم لە گەرمیان. گوندێك، وەك سەرتاپا گوندەکان کوردستان چیرۆکێکی هەیە خەمناك. بۆیە کە من سەفەر**



**ئەکەم هەمیشە حەزئەکەم بە تەنیشت پەنجەرەوە دانیشم و لە دونیا بنوارم. کە دەنوارم بەراورد ئەکەم. مێشکم وەك شارە زەردەواڵەی لێدێت. دەبێ باوکم حەز بکات لێرە بژی. دەبێ دایکم ئەم شارەی بەدڵ بێت. بەڵام ئەو جگە لە ماڵی خوا نیازی هیچ شوێنێکی تری نییە.**

**مرۆڤی کورد بەگشتی پەیوەندیەکی سەیری هەیە لەگەڵ شوێندا. شوێن بوونێکی بزرە لە ئاگایی ئێمەدا. ئێمە نەك لە شوێنەکانی تری دونیا، بەڵکو تەنانەت لە شوێن و جێگاکانی خۆشمان رانامێنین. چەند سەیرە کورد کە سەرزەمینەکەی کە هەمیشە لە مەترسیدایە هێشتا دوو دەقی جوانی دەربارەی وڵاتەکەی نەنوسیوە. ئەمە یەکێکە لە کێشە ئاڵۆزەکانی ناسنامەی ئێمە. سەر زەمینی ئێمە ئەوەی دەربارەی نوسراوە جگە لە کۆمەڵێ دەقی کاڵ و کرچ نەبێ کە رەنگدانەوەی جۆش و خرۆشە لە بری داهێنان، هیچی دەربارە نەنوسراوە. لەلایەکی ترەوە بە تایبەت ئێمە کە وەك نەتەوەیەك تێدەکۆشین کەچی خاك، شوێن، ژینگە، ماڵ، گوند، شار، هەموو ئەمانە چەمکی ونن لە خیتابی کەلتوری و سیاسی و رۆشنبیری ئێمەدا.**

**کە قەتارەکە گەیشت، ئێمە سەرکەوتین. ویستگەی گەیشتنمان شارۆچکەیەکی بچکۆلە بوو لە هەناوی چیا بەرزەکانی ئەلپ. ئەو جێگەیەی ئێمەی تیا دانیشتبوین ژورێك بوو. قیتاری ئیتالی بەگشتی کۆنن. جانتاکانمان خستە سەرەوە و پاڵمان لێدایەوە. نامۆ لە سەر کورسیەك لە نێو کورسیە تایبەتەکەی خۆیدا ماندوو برسی بوو. وەك هەمیشە کە تێر شیری دایکی بوو دەستی کردە پێکەنین. من هەمیشە**

ئەوەم بیرئەکەوێتەوە کە لە ڕۆژانی ئابلۆقەدا پرۆسەی نەوت بەرامبەر خۆراك هەبوو. بۆ نامۆش زەردەخەنە بەرامبەر شیر.

من دڵتەنگ بووم کە سەفەرەکەمان لە شەودابوو. حەزم دەکرد لە پەنجەرەوە لە سەرزەمینی ئیتالیا بنوارم. بۆمن ئەوە دەرفەتێکی دەگمەنە. ئێمە منالی کۆمەڵگایەکی داخراوین. هەر دەرفەتێك بۆ تێڕوانین لە دونیا کاریکی پڕ لە لەزەتە. دەساڵ لەمەوپێش کە بە سەر زەمینەکانی باشوردا لە دوای لۆریەکی داپۆشراوەوە خۆم حەشاردابوو، تا ئەوپەڕی دڵخۆش بووم کە کونێکی بچکۆلەی هێندەی دەرزیەکم دیەوە تا لە دەرەوە بنوارم. ئەو ڕۆژانە جگە لە کێڵگەی تەماتە هیچی ترم نەئەبینی. بەڵام ئەمجارە بەوە دڵخۆشی خۆم ئەدایەوە کە سەفەری گەڕانەوەم بۆ ڕۆم بە ڕۆژ دەبێت، ئەوجا دەرفەتم دەبێت تێر تێر بنوارم.

جێی تێڕامانە کە ئەدەبی سەفەر، ئەدەبی گەشت، ئەدەبی کۆچ هیچ ئامادەبییەکی نییە لە کۆمەڵگای ئێمەدا. ئێمە کە ڕۆژانە بە لێشاو لاوەکانمان سەفەر دەکەن تێگەشتنمان بۆ دونیای دەرەوەی خۆمان تەنها لە ڕێی وێنە و قسەی زارەکی ئەم و ئەوەوەیە. ئەگەرچی لەمەلاو لا هەوڵ هەیە بۆ نوسینەوەی داستانی سەفەری کورد، بەڵام تا ئێستا هیچ دەقێکی بە پێزی بەرهەم نەهێناوە. ئیتالیا سەر زەمینێکە زۆر خەڵك دەربارەیان نوسیوە. یەکێك لە بە ناوبانگترین ئەو نوسیانانە سەفەرنامەکەی گۆتەیە. گۆتە وەك هەموو ئەڵمانیەك عەشقی هەموو شتێکی ئیتالیایە. (من چەند بەشێکی کەمی سەفەرەکی ئەو نەبێ هێندەم نەخوێندوەتەوە، بەشێکیم لە زاری باربرای هاوسەرمەوە بیستوە کە خۆی مامۆستای ئەدەبی ئەڵمانییە لە زانکۆ).



سەفەری ئەمساڵی ئێمە وەك ساڵی پێشوو کە ڕۆشتین بۆ نەمسا تەنها بۆ پشودان نەبوو. مەبەستی سەفەری ئەمساڵ خێزانی بوو. ئێمە دەبوو بڕۆین بۆ گوندێکی دورەدەست لە چیاکانی ئەلپ بۆ ماڵی باوك و دایکی هاوسەرەکەم. ئەوان سەر بەو کەمینە کەمەی ئەڵمانی زمانن کە لە بەشی چیاکانی ئەلپی ئیتالیا ئەژین. ئەلپ وەك دەزانین زنجیرە چیایەکی درێژە لە فەرەنساوە تا سویسرا و نەمسا و ئیتالیا درێژ دەبێتەوە. خەڵکە ئەڵمانی زمانەکانی ئیتالیا بە وڵاتەکەیان دەڵێن تیرۆڵ. ئەو بەشەی کە لە سنوری ئیتالیادایە بە تیرۆڵی باشور ناسراوە، وەك چۆن خۆمان دەڵێین کوردستانی باشور. چیرۆکی تیرۆڵ و کوردستان لە زۆر ڕووەوە هاوشێوەن. (لێرەدا من قسە لە سەر ڕەهەندی سیاسی ناکەم، ئەوە بۆ دەرفەتێ تر).

کە گەیشتین ویستگەی شەمەندەفەرەکە بچکۆلە و چۆڵ بوو. لە ژووری چاوەنواڕی کردنەکەدا جگە لە پیرەمێردێ بەساڵا چوو کەسی تری لێنەبوو. ئێمە کە چوینە دەرەوەی ویستگەکە یوددو، کە خوشکی هاوسەرەکەمە، چاوەڕێمان بوو. دونیا وەك لە گەرمیان دەڵێن لە بوم و لێڵەدابوو یانی دەمەو بەیان بوو. ئێمە جانتاکانمان خستە ناو قەمەرە بچکۆلەکە و بە ڕێگا باریك و پێچاوپێچەکاندا تێمان تەقاند. پاش نیوسەعات گەشتینە ماڵێکی تەنها لەوپەڕی گوندەوە لە بەرزایی ١٢٠٠ مەتر لە دەریاوە. باوك و دایکی باربرا چاوەڕێمان بوون. ئەوان هەردوکیان تەمەنیان لەسەرووی شەشت ساڵانەوەیە و لەوێ کاری جوتیاری ئەکەن.

دونیا ساردبوو. ئێمە ڕۆشتینە مەتبەخەکە تا بەرچایی بخۆین. نانی قاوەیی، پەنیری جۆراوجۆر، هێلکەی خۆماڵی، قاوە و هەنگوینی یودلەر. یودلەر گۆران شوانە لە شاخەکانی ئەلپ. پاشان دەبوو بەرنامەی

کارەکانمان دەست پێبکەین. ئەو ڕۆژە پاش نیوەڕۆ دەبوو لە گوندێکی تر لە چیاکەی ئەوبەرەوە قەشەیەك ببینین. قەشەکە کاروباری مەراسیمی ئاینی هاتنی نامۆی ڕێك ئەخست. ئێمە ریك کەوتین کە ئاهەنگەکە بۆ هاتنی نامۆبێت بۆ دونیا نەك بۆ نێو ئاینی کاتۆلیك. چونکە بۆ من وەك موسوڵمانێك کارێکی ئاسان نەبوو. بەڵام ئەوان خەڵکیکی هەتا بلێی ئاینین منیش بەش بە حاڵی خۆم باوەڕم بە ڕێزگرتنی ئاینەکانی تر هەیە بۆیە ڕێکەوتین نامۆ هەم لە ئاینی ئیسلام و هەم لە ئاینی فەلەش بە ئاگابێت. بۆئەوەی لە دەرئەنجامدا مرۆڤێکی کراوە و سادە و سنگ فراوان بێت. لە راستیدا ئاینەکان دژ بە یەك نین. ئەگەر بێتوو ئێمە بتوانین سیاسەت لە ئاین بە دوور بگرین ئەوا ئاینەکان تەواوکەری یەکترین لە بری دژی یەکتر و ئەگەر بتوانین ئاین بکەینە کەلتور ئەوا هەرگیز ئامادەنابین یەکتری لە سەر بکوژین.

ماڵی خەزورانم گەورە و گرانبوو. ژورەکەی ئێمە لە نهۆمی دوو بوو، باڵکۆنیەکی بە سەر دۆڵێکی پان و بەریندا دەینواڕی. ئێوارێ کە لە سەر کورسیەکی تەختە، لە بالکۆنە تەختەکەدا لەو پەڕی هێمنیدا شیر و قاوەم فرێەکرد. بیرم لە دایکم کردەوە. بیرم لە کوردستان کردەوە، کەی ڕۆژێك ئەویش ببێتە سەر زەمینێ کە بتوانین مرۆڤانە تیا بژین. کە زەنگی کلێسا لێیدا من چوم بۆ پیتزا خواردن. بێ ئێوە ناخۆش خۆش بوو. ڕۆژی دوایی ئێمە لە ئاهەنگی شایی خوشکی باربەرادا بەشداربوین. لە نوسینەکانی داهاتوودا زیاتر دەربارەی ڕەهەندەکانی تری سەفەرەکە ئەدوێین.



### ئەڤینی کەلتورەکان

ئەم ناونیشانە، بەدەر لە ئەڤین، ڕەنگە لە هەموو ناونیشانێکی تر زیاتر بوترێت و دووبارەبکرێتەوە. ڕووداوەکانی دونیاش، کەش و هەوایەکی وەهایان هێناوەتەوە ئاراوە کە تێڕوانینێکی وەها بۆ پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر جێی بڕوایە. ئەم چەمکە یەکەمجار لەلایەن ڕۆژهەلاتناسی جولەکە بێرنارد لویسەوە داڕێژدرا، بەلام لە سەردەستی ساموئیل هێنتنگتۆن کەوتە سەرزاری هەموان.

هینتینگتۆن دەڵێ جیاوازی گەورەی نێوان گەلان لە ڕووی کەلتورەوەیە. چی دی ئایدەلۆژیا یان ئابووری نییە. چەمکی کەلتور، چەمکێکی ترسناکە. لە سەرەتادا کەلتور ئەو دابونەرێت و هەڵسوکەوت و دونیابینیانە ئەگرێتەوە کە سەرتاپا ئەندامانی نەتەوەیەك یان گەلێك هەیانە. کەواتە ئەگەر کەلتور ببێتە مایەی ناکۆکی ئەوا ناکۆکی دەکەوێتە نێوان سەرجەم ئەندامانی گەل و نەتەوەکانەوە. لە پاش شۆڕشی فەرەنسا ئار. ئار. پالمەر وتی سەردەمی شەڕی پاشاکان بەسەرچوو، ڕۆژگاری شەڕی خەڵك دەستی پێکرد. بۆیە لە شەڕی شارستانیەکاندا تاکەکان بەتایبەتمەندی و وردەکاریەکانیانەوە بەرەو ڕووی یەکتر ئەبنەوە. ئەمە شەڕێکە سەرجەم کونج و کەلەبەرەکانی ژیان ئەگرێتەوە. زۆر بە ئاسانی دەکرێ وەك پاساو بهێنرێتەوە بۆ هەموو جۆرە هەڵسوکەوتێ.

ئایا کەلتوور دواین قۆناغە بۆ جوداکردنەوەی گەلان لە یەکتری. ئایا پێکدادانی کەلتووری دواین قۆناغی شەڕی نێوان گەلانە، لە کاتێکدا زۆر

شێوازی تر تاقیکرانەوە. ئایا کەلتورەکان شەڕ ئەکەن و بەیەکدا دێن چونکە کەلتورێك لە کەلتورێکی تر باڵادەست ترە. ئایا کەلتورێك نییە بۆ مرۆڤایەتی. ئایا هەرشارستانیەتێك تەنها یەك کەلتوری هەیە. ئایا جیاوازبوون مایەی پێکدادانە یان جیاوازەکان ئەتوانن پێکەوە بژین.

ئەوەی وەهای لێکردم بگەڕێمەوە بۆ ئەم بابەتە، چیرۆکی پەیوەندی دوو هاوڕێی نزیکمە. هەرچەندە ئەم بابەتەو کتێبەکەی هینتنگتۆنیش بابەتی وانەیەکم بوو لە وانەکانی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان لە زانکۆ ساڵی رابردوو. چونکە ئەو دوو هاوڕێیە لەبەر ئەوەی سەر بە دوو کەلتوری جودان، ئەم چەمك و تێڕوانینانە بوونەتە بەربەست لە بەردەم پەیوەندی و پێکەوەبوونیاندا.

با بڵێین هاوڕێ کورکەم ناوی هەردیە. هاوڕێ کچەکەشی کە بە رەگەز ئیتالیە ناوی کلارایە. هەردی وەك یەکێك لەو هەزارەها لاوانەی تری کورد بۆ چەند ساڵێکە دوور لە وڵات، لە شارێکی مامناوەند لە قەراخ زەریای ئەتڵەسی نیشتەجێ بووە. هەردی ئارەزووی زۆرە. حەزدەکات بچێتە سینەما، بخوێنێتەوە، جارجارێکیش کە عاشق ئەبێ ئەنووسێ. ئەو کەسێکی کراوەیە و هاوڕێی زۆرە. کاری وەرگێران ئەکات و لە زانکۆ ئەدەب و زمانی ئینگلیزی ئەخوێنێ. لە بەر دڵ ناساکی عیشقێکی تایبەتی هەیە بۆ ئەدەب و سینەمای یابانی، بەتایبەتی رۆمانی دارستانی نەرویجی هاروکی مۆراکامی و فلیمەکانی کوروساوای دەرهێنەر. ئەم بڕوابوونە بە ناسکی هەردەم وەهای لە هەردی کردبوو سڵ لە عەشق بکاتەوە. بەڵام وەك رۆژێك کچێکی فەرەنسی کە ناوی ئانابوو پێی وت:



ئەی چی ئەکەی ئەگەر عاشق بوویت. پرسیارەکەی ئانا ئەوەندە کاریگەربوو هەندێ جار هەردی وای بیرئەکردەوە کە ئەگەر عاشق بێت وەك پاڵەوانێکی کافکایی رەنگە هەتا لاشەشی بگۆڕێ.

بەڵام ئەو بێئاگابوو کە کەسێك هەیە چاوەڕێیەتی، بەدوایا ئەگەڕێ، بوخچەی کچێنی خۆی بۆ داناوە. هەردی هەرکە کچێکی دەناسی و هەرزوو هەستی بە نامۆیی ئەکرد، دەگەڕایەوە بۆ ئەو بڕوا کۆنەی کە ئەو رەنگە تەنها لەگەڵ کچە کوردێکدا بەختەوەربێت. هەردی سەرەڕای ئەمانە ئارەزوویەکی شێتانەی هەبوو بۆ فەلسەفە. لە سەرەتای لاوێتیدا عەشقی فەلسەفەی فەرەنسی بوو، بەڵام لەم دوایانەدا وەهای هەست ئەکرد کە شێوەی ئەندازەی بیرکردنەوەی گۆڕاوە. زیاتر مەیلی بەرەوە شێوازی فەلسەفەی ئەنگلۆساکسۆن ئەڕوات. ئەم ئارەزوەی بۆ فەلسەفە وەهای لێکردبوو زۆر دلڕەق بێت لە پشکنینی بیروڕاکانی. لە نێو ئەو بیروڕایانەدا کە هەردەم دەیخستە ژێر پرسیارەوە بیروڕای بەختەوەری بوو لەگەڵ کچی کورددا. ئایا ئەم کوردە. ئایا کوردبوون ناسنامەی کەسایەتیە یان ناوی نەتەوەیەکە کە بە رێکەوت ئەم بەشێکە لێی. ئایا نەتەوە یان دەوڵەت تەنها چەمکی سیاسی نین و بەس، ئیتر دەبێ چ پەیوەندیەکیان بە کەسایەتیەوە هەبێ. ئایا کێشەکە زمانە. هەردی جگە لە زمانی دایکی بە سێ زمانی تر بەباشی قسەی ئەکرد. زۆریشی ئارەزووبوو فەرەنسی فێربێت، بەڵام لەوەتەی لەگەڵ کلارادا بوبوونە هاوڕێ زیاتر سەرقاڵی ئیتالی بوو. کلارا هەردەم پێی دەڵێ، تەنیا یەك دێڕ گرنگە لە یادت بێت ئەویش تیامۆیە، کە یانی خۆشم ئەوێی.

سالێ لەمەوپێش لە پایزێکی درەنگدا، ئەو رۆژانەی کە ئەم شارە بێوێنە جەنجاڵ و قەرەباڵغە، چونکە هەفتەی ڤێستیڤاڵی فلیمی سینەمایە، بۆ یەکەم جار کلارا هەردی کەوتە بەرچاو. هەر چەند هەفتەیەك پاش ئەوە لە ئێوارەیەکدا کە باران وەك توکی گا ئەباری، هەردی بە تەنها لە سەرخۆی لە بازاڕەوە بەرەو ماڵ ئەڕۆشتەوە. کە لە پردەکە پەڕیەوە و بە بەردەم بازاڕە کۆنەکەدا تێپەڕی کە بە بازاڕی ئینگلیزەکان ناسراوە، ئافرەتێکی باڵابەرزی ئەسمەر لە دەروازەی بازاڕەکەوە هاتەدەرێ و بەدەم زەردەخەنەیەکەوە بە هەردی وت های.

ئەگەر جاران بوایە هەردی لە شەرمدا سەرێکی ئەلەقاندو ئیتر هیچی نەئەووت. بەڵام شێوازی ژیاری غوربەت هەموو شتێکی لە هەردیدا گۆڕیوە. ئیتر هەردووکیان بەرەو کۆتایی بازاڕەکە کەوتنە رێ. کلارا خۆی بە هەردی ناساند و وتی: ئەوە ساڵ نیوێکە لەم شارەم زوو زوو تۆ ئەبینم. هەردی لە وەڵامدا وتی من هەرگیز تۆم نەبینیوە. هەر ئەو ئێوارەیە بڕیاریاندا پێنج شەممەی داهاتوو هەردوو لە کافێ مینابەنەکەی زانکۆ ئێوارە قاوەیەك بە یەکەوە بخۆنەوە.

کە پێنج شەممە هات هەردی لە ژوانەکە درەنگ کەوت چونکە بەشی فەلسەفە کۆڕێکیان ئەگێڕا دەربارەی شۆپنهاوەر، هەردی وەك هەمیشە لەوێ ئامادەبوو. کاتێ باس هاتە سەر چەمکی ئارەزووی ژیان و خۆشەویستی لای شۆپنهاوەر، هەردی بیریکەوتەوە کە ئەو ژوانی هەیە، بەڵام ئەو دەمە نیوسەعات بەسەر کاتەکەدا تێپەڕی بوو. کە گەشتە ئەوێ هەردوو قاتی کافێکە گەڕا کلارای نەبینیەوە. هەردی کە بەتەنها لە



کافێکەدا دانیشت بیری لە شۆپنهاوەر کردەوە، بە تایبەت ئارەزوی ژیان. ئایا ئارەزوو بۆ بەردەوامی ژیانە ئێمە وەها لێئەکات لەگەڵ ئەوانی تردا پەیوەندی ببەستین. ئایا هەر ئەم ئارەزوەیە، کە کێیەتی ئەویتر دیاری ئەکات. ئایا من کە کەسێك ئەبینم هەرخێرا بیرلەوە ئەکەمەوە کە ئەگەر هاتوو منالمان بوو دەبێ منالەکانمان چۆن بن. ئایا ئەمە بۆخۆی بیرکردنەوەیەکی ئاینیانە نییە، کە مەبەست لە پێکەوەبوونی ژن و پیاو وەها لێك ئەداتەوە کە بۆ بەردەوام بوونی نەوەکانە و بەس. پێش شۆپنهاوەر هەردی هەرگیز وەها بیری لە پەیوەندی نەکردبوەوە.

بۆ ئەو شتی تر هەبوون زیاتر جێی بایەخ بوون. ئایا ئەویتر توانای هەیە ئەم بناسێ وەك خۆی. لە کاتێکدا ئەم کەسێکە جودا بەم کەلتوورە. ئایا دڵناسکیەتەکەی رائەگیرێت. ئایا رێگەی پێئەدرێت خۆ بێت و لە پەیوەندیدابێت. ئەو هەردەم پیرەمێردە ئایرلەندیەکەی هاوڕێی ئەهاتەوە یاد، کە جارێکیان پێی وت: دوو دار لە تەنیشت یەکەوە بۆ ئەوەی وەك یەك گەشەبکەن و هەردوکیان تۆکمەبن تا بەرگەی تۆفانەکانی زەریا بگرن دەبێ لەنێوانیاندا مەودایەك هەبێ. ئایا بە هەمان شێوە دەبێ لە پەیوەندی عیشقیشدا مەودایەك هەبێ. ئایا عیشق زەمانی بەسەر نەچووە. ئایا بە هاتنی فیمینستەکان ئافرەت هەرزانترین و زۆرترین کاڵا نییە لە بازاڕدا. بۆ هەردی جێی سەرسوڕمانبوو کە ئافرەت ئازادی خۆی لەوەدا ئەبینێتەوە کە ببێتە جێی سەرنجی پیاو.

لە رۆژی دوایدا هەردی چوو بۆ ئۆفیسەکەی کلارا لە نهۆمی دووەمی ئەو باڵەخانە نوێیەی کە بە باڵەخانەی ئۆراهێڵی ناسراوە. ژورەکەی کلارا

لە ناوەندابوو. لایەکی پڕبوو لە کتێبی زمانەوانی و ئەدەب. هەردی داوای لێبووردنیکرد بۆ دواکەوتنی. کاتێ کە هۆکارەکەی لێکدایەوە کلارا زەردەخەنەیەك کەوتە سەرلێوی و وتی: منیش خۆم عەشقی ئەدەب و فەلسەفەم، بەڵام کەمتر شۆپنهاوەر. پاشان کە کلارا بە هەردی وت لە سەر کورسیەکە دانیشێ، هەردی پرسیاری دەربارە ژنە رۆماننوسە ئوتریشیەکە کرد کە لەم ساڵانەی دوواییدا خەڵاتی نۆبڵی پێبەخشرا. هەردی تەنها فلیمی پیانۆژەنی دیبوو کە سیناریۆکەی رۆمانێکی ئەوبوو. کلارا رۆمانەکەی نەخوێندبووەوە. بەڵام هەندێ بەرهەمی تری ئەوی خوێندبووەوە. هەردی بۆیە باسی ئەوی کرد بۆ ئەوەی باسی ئارەزووی خودوێرانکردن و خۆشەویستی بکات.

کلارا بەتەوەسەوە گوێی ئەگرت، کە هەردی ئەیووت: هەندێ جار بۆ ئەوەی بە کۆمەڵگا پێشاندەین کە ئێمە کێین، کێیەتی راستی خۆمان ئەشارینەوە و کەسایەتیەکی ساختە بۆ خۆمان دروستئەکەین، هەرکاتێکیش کە بەتەنها بووین رقمان لێیەتی. زۆرجار خەڵك هەن هەست بەعەشقێکی گەورە ئەکەن بەڵام لەبەرئەوەی عەشق زۆرجار وەك لاوازی و تەسلیم بوون تەماشائەکرێت، هەردەم لە هەوڵی ئەوەدان کە بیچەپێنن، بیشارنەوە هەندێ جار بە پێچەوانەوەی پێشاندەن، بۆیە لە ئەنجامدا خودوێرانکردن دەبێتە بەشێك لە ژیانیان.

کلارا لە هاویندا تەمەنی دەبێتە ٢٨ ساڵ. وەك خۆی ئەیوت رۆژێکی خۆشی هاوین دایکی لە مەزرابوو کە لە پڕ بۆی دەرکەوت کە کلارا دەیەوێ بێتە دەرێ. کە کلارا خۆی باسی ئەمەی ئەکرد هەستی بە



خۆشیەك ئەکرد. پاشان دایکم بۆی دەرکەوت کە بەبەیەکی بێدەنگی جوانکیلەی بی ئەزیەت هاتە دونیاوە. کلارا دوو خوشك و برایەك و دایك و باوکێکی هەیە، لە گوندێکی بچکۆلە لە پادەشتی چیاکانی ئەلپ لە باکوری ئیتالیا. کلارا و هەردی هەر ئەو رۆژە بڕیاریاندا کە ئێوارەی رۆژی داهاتوو بڕۆن بۆ کافێ بچکۆلەکەی سەرەتای شەقامی واشنتۆن ستریت. ئەو کافیەیە بۆ هەردی جێگایەکی تایبەت بوو. زۆرکاتی لەوێ لە سەر کورسیە باریك و درێژەکانی بەسەربرد بەدەم قاوەخواردنەوە و خوێندنەوە و بیرکردنەوەوە. یەکەم جار کچێ پۆڵۆنی مەکرباز پاش نیۆرۆیەکی هاوین لەگەڵ خۆیدا بردی بۆ ئەوێ. زۆر جار بە تەنها و هەندێ جاریش بە تایبەت ئەو رۆژانەی کە هاورێ نەرویجیەکەی لێرە ئەژیا پێکەوە ئەچون بۆ ئەوێ بۆ قسەکردن لە سەر دەقەکانی دۆلۆز و گیتاری. هەردی عەشقی دەقی نۆمادۆلۆجی (کۆچگەری) بوو. بەڵام هەردەم لەگەڵ دۆلۆزدا هەستی بەگرانیەك ئەکرد. زۆر هەوڵی دا هەردوو کتێبەکەی دەربارەی سینەما بخوێنێتەوە بەتایبەت کاتێ کە خەریکی خوێندنی قۆناغی نیوریالیزم بوو لە سینەمای ئیتالیدا، بەڵام بۆی نەکرا.

ئێوارەی داهاتوو لە کافێکە هەر باس باسی ئەدەب بوو. کلارا لە هەردی پرسی لە نێو نووسەرە ئیتالیەکان ئەو کێی زیاتر بەدڵە. هەردی بە بێ یەکودوو وتی ئیتالۆ کالڤینۆ، بە تایبەت رۆمانی شارە نەبینراوەکان. کلارا ئەو دەقەشی نەخوێندبووەوە بەڵام بیستبووی. هەردی هەر ئەو ئێوارەیە بۆی دەرکەوت کە ئەم دڵخۆشە لەگەڵ ئەم کچەدا. کە لە کافێکە رۆشتن هەردی بە کلارای وت ماڵی من لە سەر رێگایە حەزئەکەم

لەگەڵمدا بێیت کتێبەکانم ببینی و ئەگەر ئەشتەوێ یەك دوو کتێب لەگەڵ خۆتدا بەرە.

کلارا بێ ئەوەی وەڵام بداتەوە رازی بوو. کتێبەکانی هەردی لە تەنیشت چێشتخانەکەوە بوو. دوو رۆمانی بەختیار عەلی و کۆمەڵە شیعرێکی فەروغ نەبێ هیچ دەقێکی تری کوردی نەبوو. هەردی بێ ئەوەی بەختیار بناسێ کۆمەڵێ یادەوەری لەگەڵدا هەبوو بە تایبەت ئەو رۆژانەی کە لە سلێمانی قوتابی بوو. هەردی دەمێك بوو حەزیئەکرد ئەو رۆژانە وەك رۆمانێك بنوسێتەوە. هەردەم کە بیری لێئەکردەوە بە خۆی ئەوت دەقێك ئەبێت وەك دەقەکەی جیمس جۆیس، وێنەی هونەرمەند لە تافی لاویا. کۆمەڵە شیعرەکەی فەروغ دیاری کچە کوردێك بوو لە شاری سلێمانی کە هاوینی پار ئەو لەوێ بوو. پەیوەندی ئەو لەگەڵ ئەو کچە کوردەدا کە ئێستا جگە لە هاوڕێتیەکی بەتین هیچ نییە رۆژانێك بە خەیاڵێکی تربوو. ئەو کە ناوی باران نەبوو بەڵکو هەردی وای بانگ ئەکرد، کاریگەری هەبوو لە سەر گۆڕینی دونیابینی هەردی بەرامبەر بە بەختەوەری لەگەڵ کچی کورددا. هەرچەندە هەردی تا ئێستاش هەردەم بیری لێئەکاتەوە و زۆریش حەزئەکات هەردەم وەك دوو هاوڕێی زۆر نزیك بمێننەوە، بەڵام هەموو ئارەزویەکی ئەوەی لە دەستدا کە بیەوێ ژیانی لەگەڵدا بەشکات. ئەو وەك هەموو کچێکی کورد خۆشەویستی ئەویست بەڵام نەیئەزانی چییە و چۆنە. نیتچە ئەڵێت گرانە بۆ پیاو لەگەڵ خودادا پەیوەندیەکی راشکاوانە و راستەقینەی هەبێت، چونکە خوا رێنادا پیاو گوناه بکات. بە لای هەردیەوە هەمان تێگەشتن بۆ خێزان و ئەندامەکانی بەتایبەت کچ لە



کۆمەڵگای کوردیدا راستە. کچی کورد نابێ گوناهبکات، ئەگەر گوناهی کرد، ئەوا رەنگە سزاکەی مەرگ بێت، یەکێك لەو گوناهانە خۆشەویستییە. بۆیە کچی کورد لە خێزاندا خۆشناویسترێ بەڵکو چاودێری ئەکرێ. هەر ئەمە بوو بەلای هەردیەوە گران بوو. ئەو ئەیزانی کەسێك ئەگەر خۆشنە ویسترابێت ناتوانێ خۆشەویستی ببەخشێ. هەربۆیە زۆربەی لاوی کورد کە ژن دەهێنن هەرزوو هەست ئەکەن کە ژنەکەیان ئەو میوانەیە کە هەرگیز ناڕوات.

کە رۆشتن بۆ ماڵەوە هەردی دوو کتێبی دابە کلارا بۆ خوێندنەوە، یەکەمیان رۆمانی ئایەتە شەیتانیەکانی سەلمان رۆشدی بوو، کە هەردی وتی، جوانترین دەقە دەربارەی غوربەت نوسرابێت. ئەویتریشیان دەقی گەلگامیش بوو. کلارا کە پاڵی دابوو بە قەراخ کتێبخانەکەوە دەستیکردە خوێندنەوەی پەرەگرافی سەرەتای رۆمانەکەی سەلمان روشدی. بۆ ئەوەی سەرلەنوێ لە دایك بیت، جوبرەیل فریشتە کە لە هەوادا هەڵبەزو دابەزی بوو ئەیوت، سەرەتا ئەبێ بمری. هۆژا هۆژا! بۆ ئەوەی لە سەر سنگی زەوی بنیشیتەوە، ئەبێ پێش ئەوە بفڕی. تاتاتاتا! چۆن ئەتوانی جارێ تر پێبکەنی، ئەگەر پێش ئەوە نەگریت؟ چۆن ئەتوانی دڵی ئازیز ببیتەوە، بەبێ ئازار؟

ژوانی ئەو ئێوارەیە، هەرچەندە سادەبوو، بەڵام لە هەردوولادا هەندێ بیرۆکەی هێنایە ئاراوە. ئیتر هەردوکیان حەزیان ئەکرد یەکتر ببینن و قسەبکەن. هەردی لەو دەروازەیەوە کە دەچووە زانکۆ لە پەنجەرەی ئۆفیسەکەیەوە کلارای ئەبینی کە هەردەم لە بەردەم کۆمپیوتەرەکەیدا

دانیشتبوو، خەریکی ئامادەکردنی وانەکانی بوو دەربارەی ئەدەبی ئیتالی. زۆرجار ئەگەر باران نەبوایە (چونکە هەردەم لەم دورگەیە بارانە) هەردی لە تەنیشت کلێساکەوە دەوەستا تا کلارا ئاوڕێکی لە دەرەوە ئەدایەوە، ئیتر ئەوی بەرچاوئەکەوت، یان ئەڕۆشت بۆ ئۆفیسەکەی یان ئەو ئەهاتە خوارەوە، یان لە بەردەم کلێساکەدا ئەوەستان یان پێکەوە ئەچوون بۆ قاوەخانەکەی نهۆمی خوارەوەی مۆزەخانەکە، کە باڵەخانەیەکی تابلێی دڵگیرو جوان بوو، بە تەنیشت رووبارەکەوە دروستکرابوو.

ترسی جیاوازبوونی شارستانیەکان و پێکەوە نەگونجانیان سەرەتا لای کلارا سەریهەڵدا. ئەو زۆر جار بە شێوەیەکی نەرم لە میانەی قسەکانیدا ئاماژەی پێئەدا. یەکێك لەو دێڕانە کە هەردەم ئەیوتەوە ئەوەبوو، من و تۆ دوو کەلتوری زۆر جیاوازمان هەیە. بۆ هەردی لە سەرەتادا دێڕێکی وەها وەك زۆر شتەکانی تر کە ئەوتران تەنها بیری لە یەك رەهەندی ماناکەی ئەکردەوە. هەردی دڵنیابوو لەوەی کە ئەو سەربە کەلتورێکی جیایە. هەرچەندە کەلتورەکەی خۆی هێندە بە دڵ نەبوو، بەڵام هەردەم بە بەشێکی لە پێکهاتەی کەسایەتی خۆی دائەناو نکوڵی لێنەئەکرد. ئەو بڕوای وەهابوو ئەگەر کوردیش نەبوایە و بهاتایە لە کەلتووری کوردو تراژیدیاکانیان بە ئاگابووایە ئەوا وەك بەشێك لە مرۆڤ بوونی وەك کێشەیەکی نزیك لە خۆیەوە تەماشای ئەکرد.

لە رووی سیاسیەوە کاتێك هەردوولا زیاتر بە یەك ئاشنابوون هاوبەشیەکی زۆر هەبوو لە نێوانیاندا. کلارا لەو بەشەی ئیتالیایە کە پاش جەنگی جیهانی یەکەم خرایە سەر ئیتالیا. بە سروشت خۆی بەشێکە



لە وڵاتی ئوتریش. بۆیە هەرچەندە ئەو ئیتالی بوو بەڵام زمانی دایکی ئەڵمانی بوو. کە هەردی باسی کوردستانی بۆ ئەو ئەکرد، هەرزوو لەمەسەلەکە ئەگەشت. چۆن پاش شەڕەکان، براوەکان بەبێ گوێدانە ئارەزوی گەلان خاك و وڵاتەکەیان بەش ئەکەن. بەڵام چیرۆکی کوردستان بێ وێنە تراژیدی بوو. لەلایەکی ترەوە کلارا کچی گوندێکی بچکۆلە و لە خێزانێکی ئاینییە، لە هەمانکاتدا هەردی خەڵکی گوندێکی گەرمیانە کە تا ئەم چەند ساڵەی دوایی ژمارەی ماڵەکانی لە پەنجەکانی دەست تێپەڕی نە ئەکرد. بۆ کلارا باوکی و بۆ هەردی باپیری جێی شانازی بوو. کلارا هەردەم بە هەردی ئەووت کە قسەئەکەی، کە رای خۆت بەرامبەر مەسەلەیەك دەرئەبڕی هەردەم باوکم ئەخەیتەوە یاد. هەندێ جار مایەی دڵتەنگیمە کە ئەگەر رۆژێك بێت تۆ و باوکم پێکەوە لە سەر مێزێ دانیشن ناتوانن لە یەك تێبگەن. هەردی ئەیووت باپیرم سۆفی بوو، بێدەنگانە عاشق بوو. من ئەوم بینی، بەڵام چونکە کە من لەدایك بووم ئە و نابینابوو، ئەو هەرگیز منی نەدیبوو. هەردەم بیرلەوەئەکەمەوە کتێبێکی دەربارە بنووسم. کتێبێ دەربارەی نابیناییەکەی، ئەو تاریکیەی کە رووبەڕووی ئەبوەوە. دەربارەی خەمەکانی، سەرکەشی و عەشقی ئازادیەکەی، ململانێکەی دژ بە ئاغا کوردە جەللادەکان و بەعسیەکان، شەکەرەش هاوڕێ شێتەکەی.

بە تێپەڕبوونی کات ئەوان هەردوکیان زیاتر خولیای یەکتردەبوون و زیاتر حەزیان ئەکرد دەربارەی یەکتر بزانن. دیدارەکان بە ئاسانی دەڕۆشت و قسەو بابەتەکان زیاتر و زیاتر تایبەت دەبوو. دیدارەکان لەلایەن هەردیەوە

هێشتا له قۆناغی ناسینی کەسێکدابوو، هێشتا دووربوو له پەیوەندی و عەشقەوە. تا ئەو ئێوارەیەی کە بڕیاربوو هەردوکیان پێکەوە بڕۆن بۆ بەرنامەیەکی رادێویی. ئەو ئێوارەیە بڕیاربوو لە سەر پردەکەی پشت بانکەکە یەکتر ببینن. بەڵام بە چەند دەقەیە پێش کاتی یەکتربینیەکە کلارا مەسجێکی نارد کە ئەو نایەوێ بێت و رۆژی دوایی لە زانکۆ ئەیبینێت پێی ئەڵێت بۆ.

رۆژی دوایی لە کافێی خوێندکاران لە نهۆمی دوو هەردوو لە سەرمێزێك و لە گۆشەیەکی کافێکەدا کۆبوونەوە. کلارا پرسیاری شەوی پێشووی کرد. هەردی وتی خۆشبوو بە تایبەت قسەکردن لەگەڵ کێڤندا (کێڤن دۆیل چیرۆکنووس و رۆماننوسێکی ئایرەلەندیە، دۆستی نزیکی هەردیە). بەڵام بەدڵنیاییەوە خۆشترئەبوو ئەگەر تۆ بهاتیتایە و کێڤنیشت بناسیایە. کلارا لە وەڵامدا وتی، زۆر حەزم ئەکرد بێم، بەڵام کە لە ژوورەکەمدا دانیشتم و یەك دوو دێڕم لە شیعرە ناسکەکانی پاپلۆ نیرۆدا خوێندەوە، هەستمکرد لە دڵمدا حەزێك بۆتۆ چەکەرەی کردوە. ئەترسم ئەگەر بەردەوام بین لە یەکتربینین حەزت لێبکەم. بەڵام هەرچەند بیری لێئەکەمەوە ئەم حەزە نابێت و ئەگەر بشبێت ئاسان نابێت. دڵنیام نە خێزانی تۆ و نە خێزانی من پێی دڵخۆش نابن. شیعرەکەی نیرۆدا یەکێك بوو لەو ٢٠ قەسیدە تایبەتەی کە ئەو دەربارەی عەشق نووسی بووی. شیعرێکی تەڕ و ناسك بوو. ئەمشەو ئەتوانم دڵتەنگترین دێڕ بنووسم.

هەردی بە نیرۆدا ئاشنابوو، فیلمی پۆستەچی کە دەربارەی رۆژانی غوربەتی ئەوبوو لە ئیتالیا یەکێك بوو لە فیلمە دڵگیرەکانی هەردی.



بەڵام نیرۆدا چەندێك لەڕووی عەشقەوە ناسك بوو لەڕووی هەڵوێستی سیاسیەوە بەندی خەونە ئەرخەوانیەکانی کۆمۆنیزم بوو، بەجۆرێك عاشقانە شیعری بۆ ستالین نووسی. رۆژەکان ئەڕۆشتن و پەیوەندی نێوان هەردی و کلارا تا ئەهات بە تین تر ئەبوو. زۆرپێکەوە رۆشتن بۆ سینەما بە تایبەت سینەما کۆنە بچکۆلەکە کە بە کینۆ ناسراوە. کینۆ لە زمانی ئەڵمانی و پۆڵۆنی و رووسیدا بە مانای سینەما دێت. هەموو جارێك پاش فیلم دەڕۆشتن بۆ بارە کۆنەکەی قەراخ رووبارەکە کە ناوێکی ئایرەلەندی هەبوو، سپیلپینگ فێنەگ. کە بە مانای کرێکارە کۆچکەرەکان دێت. ئایرلەندیەکان یەکێکن لە هەرە کۆچکردوترین نەتەوەکانی دونیا، بە جۆرێك ئەستەمە جێگایە هەبێ باڕی ئایرلەندی لێنەبێ. کلارا جارێکیان ئەوەی لە هەردی پرسی لە وڵاتی ئێوە باڕی ئایرلەندی هەیە. هەردی لە وەڵامدا وتی: کوردستان لە مێژوویدا سەرزەمێنێ ژێردەستەو داخراوبووە، ئەستەمە بۆ هەرکەسێکی تر بتوانێ بڕوات لەوێ بەدوای بژێویدا بگەڕێ.

کلارا بە وردی لە هەڵسوکەوت و سەرنجەکانی هەردی ئەنواڕی. هەمووجارێکیش منالآنە و بێباکانە دەربارەی ورد و دڕشتی ژیان ئەیپرسی. کلارا ئەو رۆژانەی کە لە ئوتریش لە زانکۆ خوێندبووی لە زۆر کۆڕ و کۆبوونەوەکانی فیمینستەکاندا ئامادەبووبوو. بە تایبەت ئەو فیمینستە توندڕەوانەی کە هەردەم لە بەرابەرکێیەکی بەردەوامدان لەگەڵ هەموو هەڵسوکەوتێکی پیاودا. شەوێك کە باران بەخور ئەباری پاڵتۆ رەشەدرێژەکەی کلارا زنجیرەکەی دانەئەخرا. هەردی لە بەردەمیدا بەبێدەنگی وەستابوو نەیئەتوانی دەستی یارمەتی درێژکات چونکە هەرزوو

کلارا دەیووت، بۆچی ئەبێ بۆ تۆ داخرێت و بۆ من دانەخرێت، تەنها لەبەرئەوەی تۆ پیاوی. بەڵام ئەو شەوە باران تا سەر ئێسقان هەردی خوساند، هەردی هەمیشە جۆرە بێزاریەکی تیابوو بەرامبەر بەو فیمینستانەی کە هەڵەوەدای دەسەڵاتن. ئەو بڕوای وابوو ئەوان شایانی پشتگیری نین بەڵکو ئەوەی ئەوان ئەیانەوێ تەنها گواستنەوەی دەسەڵاتە لە نێرەوە بۆ مێ. بۆ هەردی لە پاش خوێندنەوەی کتێبەکەی دۆلۆز و گیتاری لە ژێرناوی کەپیتالیزم و شیزۆفرینیا بڕوای وەهابوو کە کێشە لە خودی دەسەڵاتدایە، نەك بەوەی لە دەستی کێدایە. ئەو شەوە هەردی بێزاربوو بەڵام بێزاری ئەو هەرگیز تووڕەبوونی پێوە دیارنەبوو، پاش ساتێك چاوەڕوانی وتی: ئەگەر رێگام پێبدەی رەنگە من بتوانم یارمەتیت بدەم. ئەوە مانای ئەوە نییە من باشترم بەڵکو رەنگە شوێنی من لە بەرامبەر زنجیرەکەدا باشتر بگونجێ. کلارا بەبێ دەنگی رەزامەندی نواند. کە پێکەوە لە ژێر بارانەکەدا دەستیانکرد بەرێکردن هەردی کەوتە قسەکردن. کە ئەمەوێ یارمەتیت بدەم مانای ئەوە نییە من لە تۆ زاناتر یان بە تواناترم. ئەگەر تۆ بڕوات بە تواناو کەسایەتی خۆت قایم بێت کارێکی وەها نابێتە مایەی دڵگرانیت. کلارا بێ دەنگ بوو.

کە گەشتنە ویستگەی پاصەکە کلارا لەبەردەم هەردیدا بۆ ساتێ وەستا، ئینجا باوەشی پیاکردو بە لە سەرخۆ وتی: راست ئەکەی، ئینجا بە لێوە تەڕەکانی ماچیکرد و پاشان ماچی یەکتریان کرد. ئەو شەوە کەلتورەکان لە ئەڤیندابوون هەموو نیازێکی بەیەکدادان وەلاخرا. جگە لە دیدی هینتینگتۆن هەردی بە نیازی ئەوەبوو باسی ئابووریناس و



کۆمەڵناسی هیندی سین بۆ کلارا بکات. ئەماندتا سین خاوەنی پاداشتی نۆبڵە لە ئابووریدا. ئەو بە تەواوی دیدێکی جودای هەیە دەربارەی پەیوەندی کەلتورەکان. بەلای سینەوە هیچ کەسێك نییە تەنها خاوەنی یەك کەلتووربێت. کورتکردنەوەی هەر شارستانیەتێکش بۆ تەنها کەلتورێك خیانەتە بەرامبەر بەو شارستانیەتە. نە رۆژئاوا خاوەن یەك کەلتورە و نە رۆژهەڵات.

لە کۆتایی ئازاردا کلارا بۆ سەردان گەڕایەوە بۆ ئیتالیا. هەردی ئەو بەیانیەی کە لە فڕۆکەخانە ماڵئاوایی لێکرد هەستیکرد کە عاشقە. ئەو بەیانیە ئاسمان شین بوو. هەردوکیان کە گەشتنە فڕۆکەخانەکە چونە نهۆمی سەرەوە. هەریەکەو پیاڵەیە قاوەی لەگەڵ خۆیدا هێنا و رۆشتن لەبەردەم پەنجەرە گەورەکەدا دانیشتن هەتا لە هەستان و نیشتنەوەی فڕۆکەکان بنواڕن. هەردی لەگەڵ قاوەکەدا وەك هەموو بەیانیەك رۆژنامەیەکی گاردیانی کڕی. گاردیان و رۆژانی یەکشەمە ئۆبزێرڤەر ئەو رۆژنامەیە بوو کە هەردی بەردەوام ئەیخوێندەوە. کە هەردوکیان پێکەوە لە لاپەڕەی یەکەمیان نواڕی بێدەنگ بوون و دەستیانکرد بە قاوەخواردنەوە. پەڕەی یەك بە وێنەو هەواڵی مەرگی زیاتر لە عێراقەوە داپۆشرابوو.

کلارا وتی چۆن بتوانم بە ماڵەوە بڵێم کە من عەشقی کەسێکم خەڵکی وڵاتێکە کە مرۆڤ و ژیان لە هەموو شتێکی تر هەرزان و بێبایەخترە. دایکم و باوکم بەرگەی هەواڵی وەها ناگرن. رەنگە هەموو سەفەرەکە بگریم. ناتوانم لێیان بشارمەوە و حەزناکەم پێیان بڵێم. بێگومانم ئەوان ئەترسن. ئەترسن لە کەلتوور لە ئاین لە داب و نەرێت. راستی بڵێم من

خۆشم ئەترسم. پەیوەندیم لەگەڵ تۆدا تێکەڵەیەکە لە ترس و گومان و عەشق.

هەردی هەر بێدەنگ بوو. باش دەیزانی ساتێ تر کلارا ئەداتە پرمەی گریان. پاش سەعاتێ کلارا بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە ماڵئاواییکرد. هەردی هەر لەوێ مایەوە تا پاصی داهاتوو گەشت. کە سەردێڕەکانی لاپەڕەی ڕۆژنامەکەی ئەخوێندەوە بیری لە مانگی داهاتوو ئەکردەوە. مانگی داهاتوو نیسان بوو. کە نیسان هات هەردی لە دەفتەری یادەوەریەکانیدا نووسی: نیسان دڵڕەقترین مانگە، ئیلیوت وێرانەخاکەکەی وەها دەست پێئەکات. لە نیساندا تۆ سەفەرتکرد. بەیانیەك بوو، ڕۆژنامەکان پڕبوون لە هەواڵی خوێناوی. من بە کڵاوە گوڵگوڵیەکەوە، کە تۆ جارێك پێت بەخشیم، تا دەمەونیوەڕوان لە کافێ چۆڵەکەی نهۆمی دوو دانیشتم، نەم ئەزانی چی بکەم. یەکەم مەسجی کلارا پاش چەند سەعاتێ گەشت. بێدەنگم، لە قەتارام بۆ ماڵەوە، گوێم لێیە ئەوانی تر هەر خەریکی باسی یەکترین. خەریکە ئارەزووی قسەکردن لە دەست ئەدەم. هەردی بەیانیەکیان پاش نانخواردن دەستیکردە نووسین.

دڵم تەنگە! بەتەنیا لە کۆتایی مەتبەخەکەدا، لە سەر ئەو کورسیەی کە تۆ هەردەم لەسەری دائەنیشتی و لە دەرەوەت ئەنواڕی، من ئێستا بە تەنیا دانیشتووم. بێ تۆ ماڵەکە پڕە لە بێدەنگی. من ئەمەوێ گۆرانی بڵێم. گۆرانی وتن هەستکردنە بەتەنهایی. گۆرانی بڵێم دەربارەی ئەوەی ئەم شارە چەند چۆڵە بەبێ تۆ. کە بیر لەتۆ ئەکەمەوە گرانە هیچ شتێ تر بکەم. گرانە وشە لەدەمم بترازێ. وەك زەریا لە بەیانیە ساردەکەی مانگی



پێشوو، کە پێکەوە لە پەنجەرەی ئۆتێلەکەوە تێمان ئەڕوانی، ماتم. چەند دڵتەنگم بۆ ئەو ڕۆژانە. ئەو ڕۆژانەی کە لە نوێنە گەرمەکەدا تۆ داوات لێئەکردم فێری زمانی کوردیت کەم. بەنازەوە ئەتووت: پشیلەیە ڕەش، پشیلەیە ڕەش لە شووشە.

ئێستا تۆ لێرەنیت. لە گوندێ بچکۆلە لە پادەشتی چیا پڕ لە بەفرەکەی ئەلپ، وەك پێم ئەڵێیت بەیانیان زوو لە خەو هەڵئەستیت و لەگەڵ باوکتدا ئەڕۆی هەتا ئالك بخەنە بەر ئەسپەکان، مانگاکان دادۆشن. ڕۆژەکان نارۆن. من وەك بەندی ڕۆژەکان ئەژمێرم. کە دێیتەوە حیکایەتی زۆرم بۆ ئەگێڕیتەوە. باسی کتێبەکەی فێرناندۆ پێسەوام بۆ ئەکەی، نادڵنیایی. لەم ماڵەدا زۆرمان دەربارەی ئەدەبی ئەڵمانی و ئیتالی و ئوتریش قسەکرد. هەموو جارێ پێم ئەڵێی ڕۆژێ ئەڕۆین بۆ ڤیەننا، لە کافێ گەورەکاندا پێکەوە قاوەئەخۆینەوە و دەربارەی غەریبی قسەئەکەین. من لە گەڵتدا دێم بۆ دۆزەخ. من ئەم ڕۆژانە سەرگەرمی بیکێتم. لە نهۆمی سەرەوە لەو ژوورەی کە لەمناڵیەوە هی تۆیە، هەموو بەرهەماکانت هەیە. دوور لە تۆ وەك ئیستراگۆن نازانم بۆچی لێرەم، هەرئەوەندە ئەزانم چاوەڕێی تۆم. بەڵام بەدڵنیاییەوە تۆ دێیتەوە، تۆ نابیتە گۆدۆ. من و تۆ چەند لە فلادیمێر و ئیستراگۆن ئەچین. کە دڵم ئەشکانی پێتئەوتم: دەستم لێمەدە، پرسیارم لێمەکە، قسەم لەگەڵا مەکە، بێدەنگ بەو جێم مەهێڵە. ئەزانی لە ڕۆژی دووەم کە دێنەوە سەر شانۆ ئیستراگۆن هەمان هەستی هەیە.

بکێت ئەم ڕۆژانە تەمەنی ئەبێتە سەد ساڵ. ئەگەر بمایە ئێستا ڕوومەتی چۆن بوو؟ دەبوو چی تر بنوسیایە؟ کە دێیتەوە، ئێوارەیە پڕ لە بارانە. من چاوەکانیشم تەڕە بە گوڵێکەوە چاوەڕێتم. کە باوەشت بۆ ئەکەمەوە بە چرپەوە پێت ئەڵێم، جارێ تر جێم مەهێڵە.



## پەڕینەوە بۆ یونان

ئەو بەیانیەی کە دەبوو لە ئەستەنبوڵەوە بچم بۆ یونان کۆڵەپشتە ڕەنگ سورە کۆنەکەم ئامادەکرد و براکەم گەیاندە فڕۆکەخانەی ئەتاتورك و پاشان بە میترۆ گەڕامەوە بۆ ئۆتۆگار، کە بە تورکی یانی ویستگەی پاس. لەوێ لە نوسینگەی میترۆ بلیتم بۆ سالۆنیکی بڕی. کابرای تورك پێی وتم لێرە کاتژمێری دە دەکەوینە ڕێ. ڕەنگە بە هەشت یان نۆ کاتژمێر بگەیتە ئەوێ. هێشتا زووبوو، بە ئۆتۆگارەکەدا کەوتمە ڕێکردن. یادەوەریەکی کز ختوکەی ئەدام. چواردەساڵ لەمەوپێش بە خواستی چوون بۆ ئەوروپا لەگەڵ کۆمەڵێ زۆری تری خەڵکدا گەیشتمە ئێرە. پاشان چووم لە چاخانەکەی ئەوبەرەوە ڕۆژنامەیەکی زەمانی چاپی ئینگلیزیم کڕی. لە ڕۆژانی پێشووم لە ئەستەنبوڵ، کە ئەمە ڕۆژی شەشەمم بوو، یەکەم شت بوو کە هەموو بەیانیەك دەمکڕی. خوێندنەوەیان کۆمەڵێك زۆری لە هێڵی پەیوەندی لەنێوان من و دونیای سیاسی و کۆمەڵایەتی تورکیادا هێنایە ئاراوە. بەتایبەت لەم ڕۆژانەدا کە تورکیا لە گەرمەی بانگەشەی هەڵبژاردندا دەژی. بانگەشەیەك کە هەرچی پەرچێتی هەیە پێوەی دەبینرێت. بە زۆر کاراکتەر و ناو و دەزگا زیاتر ئاشنابووم. لەم هەڵبژاردنەدا سێینەیەك هەیە کە چارەنوسی تورکیا دیاری ئەکەن ئەوانیش پەکەکە، ئەرگەنەکۆن و ئەردۆغانە. کوردو دەوڵەتی قووڵ و ئیسلام. ئەم سێ کاراکتەرەی نێو سیاسەتی تورکی بە شێوازی جیا لە ململانێی سەختدان

لەگەڵ یەکتردا. هەریەکەو لە دەسەڵاتی ئەویتر گومانی هەیە و هەوڵی سنورداركردنی ئەدات.

لە ستونەکانی داهاتوودا زۆر لە سەر تورکیا دەوەستین، بەڵام ئەمڕۆ باس لە پەڕینەوە ئەکەین بۆ یونان. پەڕینەوە بۆ من دیاریدەیە، رووداوە و چەمکە، بەڵام سەرباری هەموو ئەمانە بەشێکە لە یادەوەری. ئەمڕۆ من کە دەخوازم بپەڕمەوە وەك کەسێکی ئازاد بە ناسنامەیەکی ئەوروپییەوە دەپەڕمەوە. لە کۆتاییەکانی سەدەی رابردوو کاتێك خەونم بەپەڕینەوەوە دەدی جگە لە لاوێکی کورد، لە وڵات هەڵاتووی پڕ لە خەونی کاڵ، هیچی تر نەبووم. ئەودەم پەڕینەوە وەك خۆم مەحاڵ بوو. بۆئەوەی بپەڕمەوە دەبوو بە شاراوەیی و بە نهێنی بپەڕمەوە. کاتێك کە چا تورکیە دیشلەمەکەم نزیکی تەواوبوون بوو، کاتی رۆشتنی پاسەکەشم نزیکبووە. کە جارێکی تر گەڕامەوە بۆ نوسینگەکە کچێ وردیلەی ئێسك سوکی رەنگ خۆڵی لێبوو. ئەمە بکەمە هاوسەفەری خۆم باشە، بە خۆمم وت. کە کەوتینە گفتوگۆ وتی خەڵکی ئیکزانتیم، مامۆستای سەرەتاییم، بۆ سەماکردن هاتومەتە ئەستەنبوڵ. من سەماکەری کەلەپوری یونانیم. کەوای وت زۆربام کەوتەوە یاد، پاڵەوانی رۆمانە ناسراوەکەی نیکۆس کازانتزاکی. بەڵام لە سەرەتای ناسینی ئافرەتدا پیاو نابێت باسی کەسێکی وەك زۆربا بکات، ئەگینا دەبێتە رۆبیرت دینیریۆ لە فیلمی شۆفێری تاکسی، کە کەسێکی گەڕاوەی شەڕی ڤێتنامە نازانێت چۆن لەگەڵ مێینەدا بە شێوازێکی ئاسایی مامەڵە بکات. کچەکە زۆری حەز لە گفتوگۆ بوو، بەڵام من سەرقاڵی بیرکردنەوەبووم. پاشان لە پاسەکەدا وتی من دەچمە جێگایەك دەنووم.



منیش وتم: لە سەفەرەکەم رائەمێنم. کە گەشتینە خاڵی پەڕینەوە یادەوەریەکان هەتابێ زیاتر تۆخدەبوونەوە. ئۆپسەلە و شوێنەکانی پەڕینەوە، شەوە سەخت و پڕ مەترسیەکان. ئێمە بەو خوێن گەرمی لاوێتیەوە لە دەست جەنگە ناوخۆییەکانی حیزبە کوردیەکان هەڵئەهاتین، ئامادەبووین، زۆرترین ئازارو شەڕەشەق بچێژین، بۆئەوەی بڕۆین بۆ شوێنێك کە هیچ کوێ نەبوو جگە لە خەونەکانمان. کە لە سەرزەمینێکدا سیاسەت بە هەڵە دەچێت، ژیان دەبێتە قوربانی. بۆیە ئەوانەی کە دەیانەوێت بژین زۆرترین ئازار دەچێژن. لە کاتێکدا ئەوانەی کە دەخوازن بمرن یان مردن دەکەنە پیشە ژیانیان دەگوزەرێ.

کە گەشتینە خاڵی پشکنینەکە لە کەشوهەوایەکی بەهاری پڕ لە جریوەی مەلدا مۆری رۆشتنیان لە پاسپۆرتەکەی من داو پاشان رۆشتین بۆ خاڵی پشکنینی ئەوبەر. پۆلیسە یونانیەکە ورگن بوو، سمێڵێکی زلی وەك گا فرۆشانی هەبوو. هەوڵی زۆری ئەدا هەتا خۆش مەشرەب بێت. زیاتر لەگەڵ کچی ناسکدا ئەدوا. من و کچە یونانیەکە پێکەو قسەمان ئەکرد. من حەزم لە سیاسەت نییە، وتی. من هەرگیز لەو کەسانە تێناگەم کە وەها دەڵێن: من وتم. ئێمە چی دی لە سەردەمی یونانی کۆندا ناژین کە سیاسەت بەشێکی جیابێت لە ژیان. ئەگەر بتەوێت بژیت، ناچاری بە سیاسەتکردن. حەزنەکردن بە سیاسەت یانی بەکویلەبووی سیاسیەکان. ئەگەر بتەوێ بە رێگایەکدا بڕۆیت، مناڵەکەت بنێریتە خوێندن، لە سوپەر مارکێتێك شتێ بکڕێت، هەموو کاری سیاسین و سیاسەت کاریگەری راستەوخۆی هەیە لە سەر چەندایەتی و چۆنایەتیان.

کە جارێکی تر سەرکەوتینەوە ئەسکەندەرپۆلی بوو. شارێکی بچکۆلەی بەندەراوی. کە لە نهۆمی دوو، لە کورسی ژمارە حەوت، لە پاسێکی مارسیدیسی تازەدا لە دەرەوەم دەنواڕی، بیرم دەیبردم بۆ ئەو ڕۆژگارانەی کە بە پێیان، بە شەو، لە ژێر دەنوکی بێبەزەیی مێشولەدا، بە دزیەوە دەڕۆشتین. یونان لە مانگی ئایاردا وەك بەهارە. پاسەکە دەچووە گوندە بچکۆلەکان، لە شاری وەك کۆمەتین، ئیکزانتیێ، کەڤالە دەوەستا. پاشان درەنگی ئێوارێ گەشتە سالۆنیکی.

سالۆنیکی شارێکی جوانە. خۆر و دەریا و شاخ و مێژوویەکی دێرینی هەیە. کە بە قەراخ دەریادا پیاسەئەکەیت بەلای پەیکەرێکی مەزنی ئەسکەندەری مەکدۆنیدا تێئەپەڕی. ڕوومەتی لاوێکی قەشەنگ. ڕۆژی دوایی کاتێك لە مۆزەخانەی ئارکیلۆژیم دەڕوانی بۆم دەرکەوت کە ڕواڵەتی ئەسکەندەر شێوازێکی پارادیمی بووە. پاش ئەو هەموو پاشاکان دەیانویست لە وێنەکانیاندا وەك ئەو دەرکەون. چەند کەسایەتیەکی پوچیان هەیە پاشاکان. مێژووی هاوچەرخی یونان زۆر هێڵی هاوشێوەی مێژووی هاوچەرخی خۆمانی هەیە. سەردەمانێ دوور و درێژ لە ژێر دەسەڵاتی عوسمانی. پاشان ناشنالیزم، ئینجا حوکمی عەسکەرەکان و دیکتاتۆرەکان و شەڕی ناوخۆو تا ڕۆژگاری ئەمڕۆ کە وڵات بەدەست دارمانێکی ئابووری سەختەوە دەناڵێنێ. کە ئابووری گریك ڕووخا خێرا گریك لە لانکەی شارستانی ڕۆژئاواوە بووبە سەرزەمینێکی سەر بە ڕۆژهەڵات. هەرزوو ئەڵمانەکان کە هەمیشە ئامادەباشن بۆئەوەی ئامۆژگاری ئەوانیتر بکەن چونکە خۆیان لە سەرووی هەموانەوە دەبینن،



دەستیانکرد بە سوکایەتیکردن بە یونانیەکان. ڕۆژنامە ئەڵمانیەکان سڵناکەنەوە بە یونانیەکان بڵێن: ئێوە تەمەڵەکان، کاسەپوچەکان، شکستخواردوەکان دورگەکانتان بفرۆشن. لە سالۆنیکی کە هەواڵی ئەسینا دەهات مرۆڤی لێدەتۆقی. ڕۆژنامەی ئەسین نیوز لە پەنای فۆتۆگرافی سەرتاشخانەیەکی کوردیدا نوسیبووی: ئەسینا جێگایەکە کە مرۆڤ سڵ دەکاتەوە لێی بژی.

## Dublin

لە تەنیایی ساردترە ئەم شارە. پاش سێ کاتژمێر من ئەگەم. خەریکی خوێندنەوەی کتێبێك بووم دەربارەی دەوڵەت. دەوڵەت وەك بیرێك پێش هەموو شتێك، وەك بەرهەمهێنانی ئاگایی. جارجارێك ئاورێك لەدەرەوە ئەدەمەوە، هەموو شوێنێ وەك گەڵای گوڵەحاجیلە سپییە. پاش گەشتن، لە ویستگەی هیوستنەوە، بە میترۆی لویس دەڕۆم بۆ ناوەندی شار. ئەو کتێبخانە بچکۆلەیەی کە لە بەردەم زانکۆی تیرینیتیدایە یەکەم جێگایە بۆی ئەچم. شوێنێکە هەستێکی تایبەتم پێئەبەخشێ. لە جەنجاڵییەوە بۆ بێدەنگی. لە واقیعەوە بۆ خەیاڵ، لە دۆزەخەوە بۆ بەهەشت. بورخس ئەڵێ: ئەگەر بەهەشت هەبێت ئەوا لە شێوەی کتێبخانەدایە. ئاشکرایە ئەمە جگە لە خەیاڵێکی بورخسیانە هیچی تر نییە.

لەوێ هیچ کتێبێك ناکڕم، پاشان دەڕۆم بۆ هیچن فیگن، لە نهۆمی دوو بەشی رامیاری فەلسەفەی لێیە. لەوێ کتێبێکی جورجیو ئاگامبین ئەکڕم. کتێبەکە ناوی مناڵێتی و مێژووە: دەربارەی شکستی ئەزموونکردن. مناڵێتی لە ناونیشانەکەدا مەبەست لەو قۆناغەیە کە هێشتا زمان نەبووەتە وشە. من دەمێکە بیر لە ئەزموونکردن ئەکەمەوە. هەر لەم روانگەیەوە هەوڵمدا لە ئیمپریشینیستی دۆلۆز تێبگەم. ئیمپریشینیست مەبەست لێی توانای مرۆڤە، بۆ وەدەستهێنانی ئاگایی و کۆکردنەوەی زانیاریی لە رێگایی ئەزمونکردنەوە. من بیر لەوە ئەکەمەوە، بۆچی ئێمە وەك گەلێك توانای ئەوەمان نییە ئەزمونکەین. بۆ نموونە بیر لە هاتن بۆ ئەوروپا بکەرەوە، چەندێك لە ئێمە لە توانایدایە ئەوروپا ئەزموون کات.



بەڵام ئەوەی دەبێ بوترێت کە ئەزموونکردن بەبێ ئاگاییەکی پێشینەی مەحاڵە. ئەگەر مرۆڤ تێگەشتنێکی وشەییانەی دەربارەی ئەو رووداوە نەبێت کە بەسەریدا دێت، یان رووئەدات ئەوا ناتوانێ ئەزموونی کات. بۆیە بۆ زۆرینەی کورد بوون لە ئەوروپا بە هیچ جۆرێك ئەزموونکردنی ئەوروپا نییە.

دیارە دەبێ زۆرتر دەربارەی ئەمە بدوێین، بەڵام من لێرەدا مەبەستم نییە فەلسەفە بکەم. پاش پەڕتوکەکەی ئاگامبین، دەقێکی تری سلاڤیو ژیژاك دەکڕم بە ناوی بەخێربێن بۆ بیابانی واقیع. من لەم ساڵەی دوایدا چێژێکی زۆر دەبینم لە خوێندنەوەی فەلسەفەی هاوچەرخی ئەوروپی. دیارە لە فەلسەفەدا دوو قوتابخانەی زۆر جیاواز هەن کە یەکێکیان بە قوتابخانەی کیشوەری، کۆنتینێنتاڵ، ناسراوە کە مەبەست لێی ئەوروپییە، ئەویتریان بە فەلسەفەی شیکاری، ئەنالیتیك، ناسراوە، کە زیاتر ئەو دەقانەی کە بە زمانی ئینگلیزی لە بەریتانیاو ئەمەریکا دەنوسرێن. دیارە جەنگێکی ئاشکرا لە نێوان ئەم دوو لایەنەدا هەیە.

سەرباری سەرما، خۆرەتاوە. من هەمیشەو هەمیشە لە هاتنمدا بۆ دۆبلن هەستێکی دیدالۆسیانە، هەستێکی یۆلۆسێسیانە دامئەگرێ. هیچ هێندەی ئەوە چێژ بەخش نییە کە دونیا لە چاوێکی رۆماننوسێکەوە ببینی. بە تایبەت رۆماننوسێ وەك جویس. بۆیە پلانم هەیە بڕۆم بۆ لشبونە لە چاوی ساراماگۆوە ئەو شارە ئەزموونکەم. هەروەها گەڕانەوە بۆ ئەستانەو ئەزموونکردنی لە دیدی ئۆرهانەوە.

پاش پەڕینەوە لە شەقامە جەنجاڵەکە، دەڕۆم بۆ کتێبخانەیە تر. ئەمەیان ناوی واتەرستۆنە. لەوێ لە نهۆمی دوو کافێیەك هەیە. وێنایکە

دانیشی لە سەر مێزێك بە تەنها، لە نێو ژمارەیەکی بێشومار لە کتێبدا، لە دیوارێکی مینابەنەوە لەو خەڵکانە بنوارێت کە بە دەست نەگبەتییەکانی ژیانەوە ئەتلێنەوە. بخوێنیتەوەو بیرکەیتەوە. ئەوە بۆ من ساتەوەختێکی بەهەشتیانەیە. چونکە من بەختی ئەوەم نییە بڕۆمە بەهەشت، دەبێ لێرە هەستی پێبکەم. چونە بەهەشت لێرە، ساتەوەختێکی سۆفیگەریانەیە. سۆفێگەری یانی دۆستیکردنی خوا، بوون بە بەشێك، لە گەڵای گیا، بەرد، بوون بە هاوڕێی پەپولە، دراوسێی مێش.

کە لەوێ دائەنیشم بیری کوڕەکەم ئەکەم، دوور دوورە لە چیاکانی ئەلپ، لای داپیرەو باپیرەی فێری خلیسکانێی سەر بەفر و سواری ئەسپ ئەبێت. من بە بیرکردنەوە لە نامۆ، نالی واتەنی، دڵم وەختە بێ بە ئاو و بە چاوما بکات عبور.

نامۆ یارمەتیم ئەدات ژیان منالانە ئەزموون کەم، هەستبکەم کە چەندێك بە مەترسی دەورەدراوم‌و چەندێك بە جوانی فەرامۆشکراو. لە راستیدا ئەم قەیرانی ئەزموون نەکردنە، لە دڵی ئەو کێشەدایە کە بۆچی مرۆڤی ئێمە مرۆڤێکی سیاسییانە نییە. دیارە تێگەشتنێکی هەڵە هەیە، کە گوایە مرۆڤی کورد زیاتر سیاسییانەیە، بۆیە دەبێ تۆزێك لەو بوارە دوورکەوێتەوە. ئەوەی مرۆڤی کورد تێوەگلاوە سیاسەت نییە. سیاسەت بریتی نییە لە باسکردنی ئەم‌و ئەو، لە کۆکردنەوەی زانیاریی دەربارەی ئەم مەسئول‌و ئەو مەسئول، یان دەربڕینی چەند وشەیەکی ئاگراویی بۆ خۆبەتاڵکردنەوە. بەڵکو سیاسەت یانی توانای وێناکردنی خود وەك بەشێك لە کۆمەڵگا. وەك پەیوەستێك بە شوێنەوە، هەبوونی خەون دەربارەی ژیانێکی خۆش، یان بە لانیکەم ژیانێکی باش. دیارە ژیانی باش یان خۆش



بە تەنها مەیسەر نابێت بۆیە چونێتی ڕێکخستنی پەیوەندی‌و بەرژەوەندییەکانی خودو ئەوانی تر. سیاسەت یانی فێربوونی سنگفراوانی، لێبوردەیی، دەستەمۆکردنی توندوتیژی.

لە کافێکە داوای کاپۆچینۆیەك ئەکەم، بیر لەوە ئەکەمەوە چی بۆ هەفتەی داهاتوو بنوسم لە گۆشەکەمدا. بیر لە خوێنەرەکانم ئەکەمەوە، هەندێکیان بە ئیمەیل لێم ئەپرسن، کەی منالی دووەمان دەبێت، کەی بیر لەوەئەکەمەوە فیلمێ دەرکەم، کەی ئەگەڕێمەوە بۆ کوردستان، لەکوێ فێری ئەم کوردیە بووم. زۆر شتی تر.

من ئەوەندە کاتم نییە، دەبێ پاش نیوەڕۆ کاربکەم. پاشان بگەڕێمەوە بۆ شارەکەی خۆم. ڕۆژی دوایی ڕۆژێکی جەنجاڵە. دەبێ زوو هەستم. کار لە سەر تێزەکەم بکەم. پاش نیوەڕۆ بڕۆم بۆ زانکۆ بۆ وانە وتنەوە و هەروەها ئامادەبوون لە کۆڕێکی شەیمەس ئۆتۆمە دەربارەی پەیوەندی تەکنەلۆژیا بە هاوڵاتی بوونەوە. دیارە شەیمەس چونکە مەیلێکی مارکسییانەی هەیە تەکنەلۆژیا بە یارمەتیدەرو سودبەخش دەبینێ. بەڵام لە روانگەی بنیامین‌و هایدگەرو ئاگامبینەوە دەتوانرێت بە جۆری تر ببینرێت.

بۆ نموونە هەر تەکنەلۆژیایە، ڕێگرە لە ئەزموونکردنی مرۆڤی ڕۆژئاوایی. ئاگامبین بڕوای وایە ئەو شکستی ئەزموونکردنەیە کە بوەتە سەرچاوەی ئەو هەموو بێزارییە، ئەمەش لەو سەرکردنە سەر کحول‌و دەرمانی بێهۆشکەرو سێکس‌و شتی ترا دەبینرێتەوە. ئەم شکستی ئەزموونکردنەیە، کە ژیانی کردوەتە بیابانێك. مرۆڤ هەمیشە هەڵپەیەتی، لە ئەنجامدا جگە لە ماندویەتی‌و بێزاری هیچی تر بە دەست ناهێنێ.

## ئیکسیل

چەند رۆژانێکی تر لێرەوە دەگەمەوە ئەوێ. ئایا من لە هیچکوێ بـووم جگە لەوێ؟ کە لە ئەمەریکا بوو، تۆماس مان، نوسەری گەورەی ئـەڵمان وتی: من لە هەر کوێ بم، ئەڵمانیاش لە وێیە. ئایا منیش لەگەڵ خۆمـدا ئەوێم هێنا؟ هێنانی ئەوێ یانی نەبوون لەوێ: بەڵام ئەوەی کە گومانی تیا نییە ئەوەیە کە من، وەك بونێکی فیزیکی، لێرەم. ئایا لەم هاتنی ئەوێ بۆ ئێرە: ئەوێو ئێرە چییان لێهات؟ ئایا ئـەوێو ئێـرە یـەکتریان مـارەکرد، چ جۆرە مارەکردنێك، پاش خۆشەویستیەکی رۆژهەڵاتی پڕ لە ئەفسـانە، یـان پاش ناچاریەکی دڵتەنگ، وەك مێردی ئـامۆزا بـە ئـامۆزا. یـان وەك دوو هێڵی تەریب بەتەنیشت یەکەوە لەمندا مانەوە، بەپێی یاسـای خـەمباری ئەندازە، هێڵی تەریب هەرگیز یەکتر نابڕن.

ناونیشانی ئەم سـتونە یـانی جێهێشـتنێك بـەبێ توانـای گەڕانـەوە. رۆشتنێکی یەکجاری، نەمانی پەیوەندی. هەر بۆیـە شـاعیری سـەردەمـی رۆمانی ئۆڤید دەڵێ ئیکسایڵ یانی مـەرگ. مـەرگیش هـەر رۆشـتنێکی یەکجاریە. مەرگیش بوون بە یادەوەریە لای هاوڕێیان. مەرگیش گەڕانەوەیە لە خەونەکاندا. بەڵام جودایی مەرگو ئێکسایڵ یـان غوربـەت لەوەدایـە، مەرگ گەشتنە بەماڵ. گەشتنێ بەبێ جێهێشتن. بەڵام برینی غوربـەت لـە ونبوونی ماڵدایە. لە هەرکوێ هەست بە ماڵ بکەیت لـە غوربـەتا نیـت. بەڵام ماڵ هیچ نییە جگە لە ئەفسانە. دەبێ خۆت باوەڕ بـە خـۆت بێنیـت کەئەمە ماڵە، ئەگینا هیچ کوێ بە سروشتی خۆی نابێتە ماڵ.



غوربەتیش وەك ماڵ هەستە. غوربەتی من لە غوربـەتی کـە سـی تـر ناچـێ. هەرکـەسـەو بـە شـێوازی خـۆی نامۆیـە. بـەڵام سـەرباری ئـەم تایبەتمەندییە نامۆبوون کۆمەڵێ هێڵی هاوبەشی هەیە. نامۆ ئەو کەسەیە کە پەیوەندیەکانی بە خۆیەوە، بـە شـوێنەوە، بـە خۆشـەویسـتانیەوە، بـە دوژمنەکانیەوە، پەیوەندیەکی تێکچووە. تێکچوون بە زمانی کوردی وتـراو یانی شێت بوون: (کاکە تێکچووە) (ئەو داماوە تێکچووە). کەواتە ئەگـەر نامۆیی تێکچون بێت، ئایا نامۆبوون شێتیە. مـن ئەوەنـدە شـێتم ئـەزانم عەقڵ چییە، ئەوەندە عاقڵم ئەزانم شێتی چییە، فۆکۆ دەڵێـت. بـەم پێیـە، ئەگەر بمانەوێت بزانین شـێتی چـییە دەکـرێ زانیاریمـان دەربـارەی عـەقڵ هەبێت. لە راستیدا غوربەت دۆخێکە هەمیشە لە نێوان عەقڵو شـێتیدا جۆلانێ ئەکات. ئەوانەی ناتوانن بەم جۆلانێکردنە هەستن لە دۆخێکی زێدە دڵتەنگدا ئەژین.

بەڵام ئەو کەسەی کە تێکەڵە لە شێتیو عەقڵ، کە تێکچووە، کە هیچ پەیوەندیەکی سادەی نییە، تەنانەت بە خۆشیەوە، چ جۆرە مرۆڤێکـە. ئایـا توانیویەتی شێوازێکی تری هەبێ لە بوون. ئایا ئەو توانایـەی لـە خۆیـدا بەدیهێناوە بۆئەوەی ببێتە بـوونێکی تـر. بـوون بـە بـوونێکی تـر، تـەنها شێوازی مرۆڤانەی بوونە. کەسی نامۆ کە پچڕاوە لە رەگی جەستەی بوەتـە جەستە یەکی بێئەنـدام، بێگونـاه، بێسانسـۆر، بـەڵام توانیویـەتی ببێتـە جەستەیەکی کـراوە. لـە هەمانکاتـدا بـوونێکی کـراوە. بـوونێکی کـراوە بوونێکە زیاتر لە مرۆڤ. چونکە مرۆڤ بەرهـەمێکی کۆمەڵگاییـە، بـونی کراوە لەو بونە تێئەپەڕێ، بەبێ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ سروشت. لەبەرئـەوەی

مرۆڤ بونەوەرێکە لە نێوان سروشتو کۆمەڵدا گیریخواردوە" مرۆڤی خاوەن بوونی کراوە تێکەڵەیە لەو دوانە بەبێ ئەوەی هیچکامیان بێت.

پێش ئەوەی هیچ دەرئەنجامێك بەرهەم بێنین، با تایبەتمەندیەکی تری کەسی نامۆبوو، یان نامۆکراو باسکەین. کەسی نامۆ لە هەموو کەسی تر زیاتر لە زماندا نیشتەجێیە. کەسێك دەڵێ، دەگێرێتەوە، دڵی بە وشەیە خۆش دەبێتو بە وشەیە تر دەشکێ. ئەگەر ئێستا دەرئەنجامەکانمان کۆکەینەوە: مرۆڤی نامۆ، دابڕاوە، دوورە، تێکچووە، شێتە، خاوەنی ئەگەری بوونێکی کراوەیە، عاقڵە، لە زماندا گیرساوەتەوە. ئایا ئەو کەسەی کە خاوەن ئەم هەموانەیە هێشتا مرۆڤە، یان کراوەیە بۆ بە ئاژەڵ بوون، بە رووەك بوون، بە بەردبوون یان بە خەیاڵ بوون. کەسی نامۆی تەنیا هەندێ جار ئیرەیی بە سەگێکی بچکۆلەی باوەشی ژنێ قژزەردی رۆژئاوایی دەبات. ئیرەیی دەبات کە ئەو هێندەی ئەو سەگە بایەخو رێزو بە هاو حورمەتی نییە. بەڵام وەك کابرای نامۆ، ژنی خاوەن سەگەکە بە هەمانشیوە پەیوەندی لەگەڵ مرۆڤەکاندا تێکچووە. ئەمە بەتایبەت لە جەستەی شارە میترۆپۆلەکاندا. لە جێگای وادا وەك زیگمان باومان دەڵێ هەموو کەس نامۆیە. رەنگە کەس هێندەی بۆدلێری شاعیری فەرەنسی، بە تایبەت لە شیعری قازدا، و رەخنەکانی ڤاڵتەر بنیامین لە و چامەیە، هێندە بە جوانی ئەم هەستە دەربرێت. کەسی نامۆ حەزئەکات ببێتە باڵندەیە بچوك بچوكو لە ساتەوەختی تایبەتدا بەبێ ئەوەی سنورەکان گیری بدەن هەر زوو بگاتە ماڵەوە. حەزئەکات ببێتە مارێك لە جێگایەکیدا خۆی پەپکەکاتو پۆلیسەکان نەیبینن تا ئەپەرێتەوە. حەزئەکات



ببێتە کەسێکی نەبینراو. بەڵام ئەم بوونەوەرە کە دێتەوە بۆ کوێ دێتەوە، وەك کێ دێتەوە، بۆچی دێتەوە، چی لە هاتنەوە دەوێت. ئایا هەموو هاتنێك هاتنەوەیە. ئایا گەڕانەوەیە بۆ ئاشنایەتیو ئاشنابوون یان بۆ سەرسوڕمانو خۆدەرخستن. ئەگەر کەسێك بتوانێ بێتەوە ئەوا یانی هەرگیز لەوێ دوور نەبووە، هیچ برینێکی تیا دروست نەبووە. ئەگینا گەڕانەوە مەحاڵە. ئەم سروشتە مەحاڵیەتەی هاتنەوەیە هاتنەوە ئەکاتە پرۆسەیەکی کراوە. هاتنەوە ساتەوەختی ئاشتبوونەوە نییە، گەڕانەوە نییە بۆ رابردوو، بۆ جوگرافیایەکی ئاشنا. چونکە خود بووەتە خودێکی کراوە، ئیتر ئاشنایەتی خۆمان خۆش.

هاتنەوە تێکەڵەیەکە لە شیعرو شۆڕش. شاعیرو شۆڕشگێڕ دوو جۆرە مرۆڤن ئەوەی دەیانەوێ ئەوە نییە کە دەیڵێن یان دەیکەن. خۆیان بەرگەی خۆیان ناگرن، هەرگیز دان بە راستیدا نانێن. بەڵام دۆخی ئیکسایل، دۆخی رووتبونەوە، بێدەسەڵات بوون، تەنها بوون، خەمباربوون، دۆخێکە کە مۆدێرنەی رۆژئاوا کردویەتیە بەشێکی دانەبڕاوی سروشتی ژیانی کەسەکان. مرۆڤ لە سایەی دەوڵەتی مۆدێرندا تەنهاو بێدەسەڵاتو بێ مافە. هەمیشە ناچارە ئەو خواستانە بەجێبهێنێت کە سیستەم داوای لێئەکەن. گەرچی سەربەخۆیيو ئازادیو هاوولاتیبوون بانگەشە بۆ شتی تری جودا ئەکەن، بەڵام مرۆڤی ئەم سەردەمە، ژیانی، ئارەزووی، جەستەی، خەونەکانی، هەموو لێی رفێنراوەو پاشان وەك ماف یان ئازادی پێی ئەفرۆشرێتەوە. ئەگەر ئەمجارە هاتمەوە چێژ لەوە دەبینم غەریبانە لە سلێمانیدا بەتەنها بڕۆم.

## ماڵی روناکی

ماڵی روناکی جێگایەکی تایبەتە بۆ رێپیشاندانی کەشتیەکان کاتێک بەتەنگەبەرەکاندا تێئەپەڕن بۆئەوەی بگەنە بەندەری شارەکان. ئەم ماڵە هەمیشە لەنزیکترین خاڵی دەریاوەیە. لەناوەڕاستیدا قولەیەك هەیە کە بەشێکی مینابەنە. لەناو قولەکەدا گلۆپێك هەیە کە روناکی بەرەو دەریا یان زەریا دەنێرێت. لەڕێگای ئەو روناکیەوە کەشتیوانەکان ئاگادارئەکاتەوە کە لەوێوە وشکانی دەست پێئەکات. ئەو ماڵی روناکیەی کە دەیبینم رەنگی سپییە لەسەر گردێکی بچکۆلەی بەردین بونیادنراوە. جاران ئەم جێگایانە خەڵکی تیائەژیا. بەتایبەت ئەوانەی کە لەوێ کاریان ئەکرد. بەڵام ئێستا بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاوە خۆیان سەربەخۆیانە کارەکەیان بەڕێوەدەبەن. رۆژگاری ئەمڕۆ هەندێکیان کراونەتە مۆزەخانە یان جێگای میوانداری.

ئەم ماڵە چ وەك ناو چ وەك کار بۆ من مایەی تێڕامانە. بۆچی ناویان ناوە ماڵی روناکی. چەمکی ماڵ بۆ پیاوێکی دوورە ماڵی وەك من مایەی خرۆشانە. ماڵ زۆر بەکاردەبرێت لەزمانە ئەوروپیەکاندا. ماڵ لەهەمانکاتدا یەکێکە لەو چەمکانەی کە زۆرترین بیری لێکراوەتەوە لەبیری ئەوروپیدا. ئۆدیسەی هۆمەر سەرتاپا دەربارەی گەڕانەوەیە بۆ ماڵ. یولیوسێسی جۆیس هەروەها دەربارەی گەڕانی پیاوێکی جولەکەیە لەشاری دۆبلندا بەدوای خۆیدا، کە لەهەمانکاتدا یانی بەدوای ماڵیدا. لەفەلسەفەدا هایدگەر بەو فەیلەسوفە دائەنرێت کە سەرتاپا پرۆژەکەی دەربارەی ماڵو بێ ماڵییە. پرسی بوون کە هایدگەر زۆربەی کارەکانی بۆ تەرخانکردوە پەیوەندیەکی راستەوخۆی هەیە بەماڵەوە. ماڵ جێگایەکە بۆ بەخێرهاتنکردن. لای لیڤیناس ماڵێك کاتێك ئافرتێکی تیایە ماڵێکە کە دەتوانێ بەکاری بەخێرهاتن هەستێ. دیارە ماڵ لای لیڤیناس رەهەندێکی ئەخلاقی هەیە. لەهەمانکاتدا پنتێکە بۆ بەشداریکردن لەدونیادا. (مایەی سەرسوڕمان نییە کە لیڤیناس هێندە کۆنەپارێزە، ئەو جولەکەیەکی زایونیزمە، دژی زۆر لەپێکهاتەکانی مۆدێرنەیە).

ماڵ بۆ ئێمەی کورد ئەوەندە جێی بایەخ نییە. گەرچی ئێستا کۆمەڵگای کوردی گۆڕاوە، بەڵام هێشتا رۆحی ئێمە، بیری ئێمە، خەونی ئێمە، پەیوەست نییە بەماڵەوە. رەنگە جێگیرێتی هێشتا چەمکێکی نوێ بێت لەئاگایی ئێمەدا. ئەمە چونکە ئێمە وەك خۆمان نین، ئێمە رێگەمان پێنەدراوە کە لەدونیادا بەشداربین، ئێمە ئاینمان، کەلتورمان، بیری سیاسیمان، هەمیشە ئەمانخەسێنن، بێدەنگمان ئەکەن، پەراوێزمان ئەخەن، کاتێك ئەوە رۆڵی ئێمە بێت لەدونیادا ئیتر نە دونیاو نە ماڵ نابنە جێگایەکی بایەخدار.

رەنگ کەم گەلی تری دونیا هەبێت کە هێندەی ئێمە رووبەڕووی ماڵ روخان بوبێتەوە، کارێکی وەها کە کاریگەری راستەوخۆی هەیە لەسەر یادەوەری، لەسەر شوێن، لەسەر ئارامی، لەسەر پەیوەندیکردن بەسروشت و دەوروبەرو ئەویترەوە. کەچی تەنها دەقێك نییە لەئەدەبیاتی ئێمەدا قسە لەسەر تراژیدیایەکی هێندە بەسۆ بکات.

(کە ئێمە لەکۆتایی گوازراینەوە بۆ ئۆردوگای سمود ، پێیان وتین ئەو مالآنەی تیا نیشتەجێن مالّی خۆتان نییە ، حکومەت داویەتی پێتان، هەرکاتێکیش بیەوێ وەدەرتان ئەنێت. ئیتر ئێمە بووبووینە مرۆڤێك کە هیچ پەیوەستبوونێکمان نەمابوو بەخاكو ولآتو شوێنو نیشتەجێبوونو یادەوەریەوە. هەتا بلّێی رووت و لاوازبووین). ئۆردوگا بۆخۆی دیاردەیەکی بونگەرایی رامیاریە ، کە بیری ئێمە پەی پێنابات.

بەلآم ئەم هەموو بێئاگاییە رەنگە سەرچاوەیەکی جودای هەبێت. کاتێك ئێمە ئەزانین کە نرخی مالّ چییە ، کە لەدەرەوەی مالّ رۆلّمان هەبێت، بایەخمان هەبێت، چالاکیمان هەبێت. بەلآم کاتێك ئێمە هیچ لەمانەمان نەبوو ، ئەوا پێویستمان بەمالّ نییە بۆئەوەی خۆمانی تیا کۆکەینەوە ، بۆئەوەی بیکەینە پانتاییەك هەتا لەدونیا دابڕێین، بۆئەوەی پاشان کارامانە تیایدا وەك خۆمان بەشداری تیابکەین. بەلآم ئەوەی سەیرە کە ئەم بێمالّیەی ئێمە نەبوەتە مایەی تێڕامان. ئەم بێمالّیەی کە ئێمەی رووتو رەجالّ کردوە ، ئێمەی کردوەتە بونەوەرێ نا سیاسی ، کەسێك کە توانای قسەکردنی نییە.

لێرەدا بەشایستەی ئەزانم ئاماژە بەژنە فەیلەسوفی هیندی ناسراو سپیڤاك بدەم. ئەو خانمە دەلّێ: پەراوێزخراوان توانای قسەکردنیان نییە. قسەکردن لای ئەو بریتییە لەکرداری وتنو بیستن. کاتێك تۆ بلّێیتو نەبیسترێیت، ئەوا وتنی تۆ تەنها وەك وتنێك دەمێنێتەوە نابێتە قسەکردن. ئێمە نەك لەسەردەمی بەعسدا ، بەلّکو لەڕۆژگاری دەسەلآتی (بەناو-خۆمانەی) کوردیدا: هەمیشە نەبیستراوبوین. دیارە قسەکردن



لەکۆمەلّگای کوردیدا دیاردەیەکی هەتا بلّێی سەیرە. هەمووکەس بۆخۆی ئەدوێ. ئەوە ئاگایی، ئەخلاق، زانین، شارەزایی، ئەزموون نییە کە کەسێك دێنێتە قسە ، بەلّکو رۆلّێکی تایبەتە کە کەسەکان دێنێتە وتن. دیارە ئەوەی جێی خۆشحالّییە کە لەنێو پەراوێز خۆیدا قسەکردن هاتە ئاراوە. ئەمانە ئەمانباتە نێو دونیای ئەو بونەوەرەی کە پێی دەلّێن روناکبیر یان رۆشنبیر. مالّی روناکی لەهەموو شتێك زیاتر بیری رۆشنبیر و ئەرکی ئەو بونەوەرەم ئەخاتەوە. رۆشنبیر یان روناکبیر، وەك مالّی روناکی هەلّگری روناکیە. بۆیە دەتوانم بلّێم کە لەنێوان مالّی روناکیو رۆشنبیردا چەند لێکچوونێك هەیە. روناکبیر وەك مالّی روناکی هەلّگری روناکیە. بیرێکی روناك. وەك چۆن مالّی روناکی رۆشنایی دەکاتە زمانی ئاخاوتنی، وەهاش روناکبیر روناکی بەکاردەبات. مالّی روناکی ئەرکی ئاگادارکردنەوەیە ، ئاگادارکردنەوە لەوەی نەبا گەمێوانەکە کەشتیەکە بە ئاقارێکی هەلّەدابیات. هەروەها کاری روناکبیر هۆشیارکردنەوەیە نەبادا بەلەمی کۆمەلّگا لەبەردە سەختەکانی نامرۆڤبوون بدات. وەك چۆن روناکبیر دەبێ لەنێوان تاریکیو روناکیدا جیاکاری بکات، بەهەمان شیوە مالّی روناکی لەنێوان ئاو و وشکانیدا کاری جیاکردنەوەیە. دیارە چەمکی روناکی هەتا بلّێی چەمکێکی زەردەشتیانەیە. شەڕی هەتایی نێوان تاریکیو روناکی جومگە سەرەکیەکانی بیری ئەو فەیلەسوفە یان پێغەمبەرەن. (لەپاش ئەم ستونە چەند ستونێك دەربارەی بەکاربردنی بیری زەردەشت دەنوسم بۆ بونیادنانی تیورەیەکی سیاسی جودا لەتیورە سیاسیەکانی ئەوروپا).

ماڵی روناکی لەڕۆژانی تەمتوماندا لەبری روناکی دەبۆڕێنێ. ناموٚ لەبۆرە بۆرەکەی ئەترسێت. هەرزوو پەردەی پەنجەرەکان دائەداتەوەو دەستئەکاتە خوێندنەوەی کتێبی ئاژەڵان. لەتەمتوماندا ئاسمانو زەریا پێکەوە ئەنوسێن. شەوێکی سپی گوندەکە ئەپۆشی. من دەست ئەکەمە خوێندنەوە.



## هاتن بۆ میوانی زەریا

هاتنی ئێمە (بە خێزانی) بۆ ئێرە، بۆ گوندێ بچکۆلەی نوستوی قەراخ زەریای ئەتڵەسی، لەهەمانکاتدا یانی بڕیاری جێهێشتنی شارە. شار لەم سەردەمی درەنگی سەرمایەداریدا هەتا بێت دەبێتە جێگایەکی بەرتەسك. ئەگەر لای فەیلەسوفو کۆمەڵناسی ئەڵمانی (هابرماس) شوێنی گشتی رۆڵێکی هێجگار گرنگی بینی لەگەشەکردنی مێژووی مۆدێرنی ئەوروپا، ئەوا ئەمڕۆ ئەو شوێنە گشتییە لەمەترسیدایە. شوێنی گشتی یانی: شوێنێك بۆ گۆڕینەوەی بیرورا، بۆ پەیوەندیکردن، بۆ رێکخستن. لەئەنجامی ئەمانەشدا مرۆڤەکانی نێو کۆمەڵگا دەرفەتیان دەبێت بیرورا بگۆڕنەوە، گفتوگۆبکەن، لەئەنجامدا کۆمەڵەو رێکخراو پێکبێنن. بەلاّم لەسەرووی هەموو ئەمانەوە فێری عەقلاّنیەتبن. بەلاّم ئەفسوس ئەمڕۆ شار خەریکە هەموو ئەم پێکهاتانە لەدەست ئەدات. پانتاییە گشتیەکان چی دی لەڕاستیدا گشتی نین. سەرکەوتنی کەپیتالیزم، هەتا پێش ئەم قەیرانە ئابوریەی ئەم دواییە. ئەو خیاتبەی کە زاڵبوو، ئەوە بوو کە دەبێت هەموو شوێنێك لەلایەن کەرتی تایبەتەوە بەڕێوەببرێت. کەرتی تایبەت کە هەموومان ئەزانین تەنیا یەك ئامانجی هەیە ئەویش قازانجە. بەلاّم مەرج نییە هەموو کارێکی کۆمەلاّیەتی ببێتە مایەی قازانجی ئابوریی، بۆیە ئەم سیستەمە بەبێ بایەخ سەیری بڕێکی زۆر لەچالاکیە کۆمەلاّیەتیەکان ئەکات کە گرنگو پڕ بایەخن بۆ کۆمەڵ، بەلاّم لەڕووی ئابورییەوە دەشێ وەها نەبن. ئەگەر بێتوو بیر لەچەمکی قازانج بکەینەوە، هەرگیز قازانج

بەمانای قازانجی هەموان نایەت. لەڕاستیدا ئەگەر هەر شتێك ببێتە مایەی قازانج بۆ هەموان ئەوا هەرگیز بەقازانج لێکنادرێتەوە لەلایەن سیستەمی سەرمایەدارییەوە، بەڵکو قازانج هەمیشە قازانجی خاوەنە، خاوندارەکانیش هەمیشە کەمینەن.

لەو شارەی ئێمەی لێئەژین، ناوەندی شار هەتا بێت لەڕووی سوپەرمارکێتو باڵاخانەی بەرزەوە بەرفراوان دەبێت، کافێو بارەکان بونەتە شوێنی تەماشاکردنی تەلەفزیۆن، بەتاییەت بارِی ئایرلەندی ئەو جێگە تاریكو تەڕو توشو دڵتەنگەیە کە هەمیشە ئایرلەندیەکان زۆرترین کاتیانی تیا بەسەر ئەبەن، بەڵام وەك جێگایەك بۆ دابڕان لەدونیا بۆ سەرخۆش بوون. ئەو کتێبخانە گشتیەی کە لەناوەندی شاردایە هێشتا باڵاخانە کۆنەکەی هەیە کە بەئەندازەی فاشیزم بونیادنراوە. هەرچەندە ئەو خەڵکانەی تیا کارئەکەن هەتا بلێی خەمخۆرن، بەڵام کەلتوری قازانج ئەوەندە گرنگی بەئەدەبو خوێندنەوەو رۆشنبیریو کەلتورو خوێندنەوە نادات.

شار هەتا بێت دەبێتە جێگایەکی نامۆ. جێگایەك کە پیایدا تێئەپەڕیت حەزئەکەیت هەر زوو بەجێی بهێڵی. ئەو گۆڕانانەی کە لەم دوایانەدا بەخێرایی ئاگر کۆمەڵگاو بونیاد شاری ئێمەشیان گرتەوە بەم ئاراستەدا ئەڕۆن. ئەگەرچی باڵەخانەو خانووی نوێ وەك قارچك لەهەموو جێگایەکەوە هەڵئەقلۆپێ، بەڵام بۆ بەشێکی زۆری ئەندامانی کۆمەڵگا تەنها مافی ئەوەیان هەیە تەماشایکەن. ئەم تەماشاکردنە کە دەبێتە مایەی نائومێدیو دڵتەنگیو بێبەریبوون. شاری کوردی لەزۆر رووی ترەوە



مایەی نامۆ بوونە. یەکێك لەو بونیادانەی لەم دوایەدا من چەند جارێك، هەندێجار بە پێکەنینو جاریتریش بەخەمباری، بووە مایەی بیرکردنەوەم چەمکی گوندی ئەڵمانیە. گوندی ئەڵمانی لەسلێمانیە. لەڕووی سیمبولەوە مرۆ دەتوانێ، لەڕێگای ئەم ناونانەوە، ژمارەیەکی بێشومار لەدەردو نەگبەتیە کۆمەڵاتیەکانمان دەستنیشانکات. یەکێك لەوانە بێز لەخۆکردنەوەیە، بێزکردنەوەیە لەخاکی خۆ، لەوڵاتی خۆ، لەخودی خۆ، لەبەرهەمی خۆ. راستیەك هەیە کەس ناتوانێ نکوڵی لێبکات ئەویش ئەوەیە ئەگەر ئێمە خۆشەویستیمان بۆ ئەو هەموو شتانەی سەرەوە نەبێت ئەوا هەرگیز ناتوانین لەڕووی ئابورییەوە ببوژێینەوە، گەشە بکەین.

لەڕوویەکی ترەوە چییە لەسلێمانی بژیتو هەست بکەی لەئەڵمانیای. کچێکی هاوڕێم لەسلێمانی جارێکیان بەشانازیەوە پێی وتم: ئینجا با لێرەش بم (یانی سلێمانی) من ئەوروپیانە ئەژیم. بۆ ئێمە تەنانەت جێگاش بوەتە میتافیزیك. بوەتە بوونێکی ناواقیعی. بوونێکی دەرەوەی شوێن. ئەمانە لەئەنجامدا دەبنە هۆی دابڕانمان لەژیانی راستەقینەی خۆمان. دیارە کەس ناتوانێ نکوڵی لەوەبکات ئەوانەی حەز دەکەن لەگوندی ئەڵمانی بژین، ئەو کەسانەن کە دەخوازن بەتەواوی دابڕێن لەواقیعی کۆمەڵگای ئێمە. لە هەمانکاتدا ئێمە نکوڵی لەوە ناکەین کە خەڵك شایستەی ئەوەن ژیانێك بژین بەهەمان ئاستی ژیان لە گوندێکی ئەڵمانی. (هەرچەندە من بەش بە حاڵی خۆم نەك لە گوندی ئەڵمانی تەنانەت لەشاری ئەڵمانیش نامەوێ بژیم).

هاتنی ئێمە بۆ ئەم گوندە بۆ حەسانەوەیە. ئەم ماڵە کە خاوەنەکەی خانمێکی ئەڵمانییە بۆ ماوەی مانگێك دەچێتەوە بۆ ئەڵمانیا. ئەو، لە زانکۆ هاوکاری ئێمە، خانوەکەی داوە پێمان بۆ ئەم ماوەیە. لێرە ژیان جیاوازە لە شار. کە لە چێشتخانەکەدا دائەنیشم زەریایەکی ناکۆتا دەبینم، هەندێ جار بە هێمنیو جاریتر بە توڕەیی شەپۆل ئەدات. لێرە (ئەڵێی باوەنورە) کات بە هێواشی ئەڕوات، ئەوەندە شت نییە بیکەی. نە تەلەفزیون، نە ئینتەرنێت، نە دەرودراوسێ، نە بازاڕ. بەڵام ئەوەی من دڵخۆش ئەکات توتڕكو چۆلەکەو ئاسۆی ناکۆتایی زەریاو مەزرای چۆڵە. توتڕك هێشتا مزرە. من ئەمەوێت بە نامۆ بڵێم پێویستمان بە هەندێ خۆرە، واباشە بڕۆین لەگەرمیان قەرزی کەین. نامۆ گوێنادات توتڕکی تفت ئەخواتو روومەتە بچکۆلەکەی قرچ ئەکات. چۆلەکەش بۆ من هاوەڵێکی پڕ لەیادەوەریە. چۆلەکە کە بە پۆل دەفڕن، ئەوانیش بە دوای توتڕك خواردندا وێڵن. بەڵام من دەبەنەوە بۆ منالّی. کە ئێواران لە سەر زەریا دائەنیشم، بیر لە گۆرانی شاعیر ئەکەمەوە، بۆچی کانی رێگەی نەدا هەست بەم جوانیە بکات. ئایا هەستی بە غەریبی ئەکرد، یان هەستی نەتەوایەتی بوو. ئەوەی زیاتر توشی حەیرانم ئەکات ئەو جوان دۆست بوو. بەڵام هەموو شتێك من هەمە یادەوەریمە. هەست ئەکەم لە ئاورباخ ئەچم، ئەو جولەکەیە لە مەنفا لە ئەستەنبولّ هەموو ئەدەبی ئەوروپی لە یادبوو.

هەرزوو بیری شار ئەکەم. نقوم بونێکی بۆدلێریانە لە ئاپۆڕەدا. کوپێ کاپۆپچینۆ، رۆژنامەی گاردیان، چوون بۆ کتێبخانە.



**پیاسەیەك لە هامبۆرگ**

کە گەیشتم، ئەو کچە روسەی کە لەگەڵ مندا ئۆفیسەکە بەش ئەکات لەوێ نەبوو. ئەو هەمیشە پاش نیوەڕۆ دێت. لە نهۆمی سێ، لە باڵەخانەکەی گیگا، ناوەندی ئەڵمانی بۆ لێکۆڵینەوەی گڵۆباڵ، من مێزو کورسی و کۆمپیوتەری خۆم هەیە. بەیانیان کە شوقەکەمان لە ئەڵتۆنا بە جێدەهێڵم بۆ ئەوەی بێم بۆ GIGA بۆ لێکۆڵینەوە وا هەست ئەکەم بە قەراخ خەونەکانمدا پیاسەئەکەم. لە کوینگشتراسە سواری شەمەندەفەری ئەندرگراواند underground ئەبم پاش چوار وەستان لە ناوەندی شاری هامبۆرگ دائەبەزم. ئەم بەیانییە تی شێرتێ رەنگ سپی مارکەی لەکۆستا و پانتۆڵی رەنگ کرێمی لیڤایسم لە بەردایە. لەگەڵ خۆیشمدا لاپتۆپێکم lap top هەڵگرتوە کە پڕە لە پرۆژە و خەونی نیمچە چەکەرە کردوو.

ئەمڕۆ پرۆفیسۆر فیورتگ Henner Feurtige لەوێ نییە. هەر پاش ساتێ ژنی سکرتێرەکە هات بۆئەوەی بەیانی باشم لێبکات. چەند رۆژێ لەمەوپێش کاتی گەیشتنم پرۆفیسۆر فیورتگ منی بەئەوانی تر ناساند، ئەو خانمە پڕ لە رێزە لە هەموان گەرم و گوڕتربوو. بەڵام ئێرە لە دەرەوە، یان سەر شەقامەکان ناچێت. هەموو کەس بەیەکتری دەڵێن هەلەو. هەموو کەسێك لێرەیە بۆ لێکۆڵینەوە. ئێرە خانەی بیرە think tank. ئەو جێگایەی کە بیر تیا بەرهەم دێت و لەگەڵ بیرەکانی تردا بەریەك دەکەوێت.

من هەر زوو، پاش تەماشاکردنێکی دەرەوە، لە پەنجەرە گەورەکەوە، کە دەریاچە بچکۆلەکەی ئەلتۆنا و شەمەندەفەرە چوستەکان و پەردە پیرەکانم لیوە بینی، دەستم بەکارکردنکرد. لەو بێدەنگی و پانتاییە فراوانەدا، لە میانەی بیرکردنەوەدا، هەستت دەکرد دەفڕی. فڕین چەمکێکە دۆلۆز بەکاریدەبات بۆ ساتەوەختی پچڕان لەگەڵ هێڵە درێژبووەکانی ژیاندا. لە ساڵی ١٩٤٨ هەر چەند ساڵێ کەم پاش کۆتایی هاتنی جەنگە کوشندەکەی جیهانی دووەم، ئەم باڵەخانەیە کە ئێستا بوەتە ماڵی گیگا، بۆ مەبەستی کۆمپانیای نەوت بونیادنرا. بۆیە ژورەکانی فراوان و پان و پۆڕن، بە جۆرێك کچە روسەکە کە خەریکی کارکردن بوو لە سەر رۆڵی ئیلیت elite لە ولاتانی ئاسیای ناوەند وەهای هەست ئەکرد لە باڵەخانەیەکی چۆڵ و هۆڵ دایە. سەرباری ئەندازە تایبەتەکەی کاری بیرکردنەوە هەمیشە کارێکی تەنها و گۆشەگیر و سەرقاڵبوونە لەگەڵ خوددا.

دەبوو زوو بچم بۆ کتێبخانە لە نهۆمی چوار. لەوێ بەشی تایبەت بە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست هەیە. پەرتۆکەکان بە زمانی جیاوازن بەلام ژمارەیان کەمە. هێشتا هیچ پەرتۆکێکی بە زمانی کوردی لێ نییە. ئامادەنەبوونی کورد وەك بابەت، وەك دید، وەك کێشە، وەك قە یران، کەلێنێکی گەورەیە لە بەشی رۆژهەلاتناسی خوێندندا. (ناوەندی لێکۆلینەوەی رۆژهەلاتی ناوەڕاست نزیکەی هەشتا هەزار کتێب و گۆڤاریان هەیە، بەلام لە بەر هەندێ کێشەی خاوەنداریێتی مافی لێکۆلینەوە، لە بەرلین دەستی بەسەراگیراوە). (پرۆفیسۆر پاتریك، کە لێکۆلەرەوەی بەشی رۆژهەلاتی



ئاسیای دوورە ئەمەی پێی وتم). هێندێك لە کتێبەکانی کتێبخانەکە بە کەلکی من دێن چونکە لە شەستەکانی سەدەی رابردوودا لە چاپدراون و ئێستا بە دەگمەن دەستدەکەون.

لەوێ لە کتێبخانە ساتێکم بە سەربرد. بۆ من کتێبخانە ئاشناترین جێگایە لە دونیادا. هەمیشە قسەکەی بۆرخسم لە بیرە کە دەڵێت: ئەگەر بەهەشت هەبێت لە شێوەی کتێبخانەدایە. دەمەونیوەڕۆ کە برسێتی هالاوی بۆ هێنام، بە خێرایی بە قادرمەکەدا هاتمە خوارێ. دەستەکانم خستەگیرفانمەوە و بەبێدەنگی بە قەراخ ئاوەکەدا بەرەو ناوەندی شار بەرێکەوتم. چی بخۆم، ماسی و پەتاتەو زەلاتە خۆشەکەی رۆژی پێشوو، کە تەباخێ ئیتالی و کرێکارێ روس لە چێشتخانەیە بچکۆلە لە ژێر زەمینێکدا لە جادەی کۆلۆنادەن چاکیان ئەکرد. جادەی کۆلۆنادەن جادەیەکی قەشەنگ و پڕ لە کافێ و کۆگای گرانبەها و کتێبخانەی پڕ لە پەرتوکی هەرزان و چاکە، یان بڕۆم لە کافێیە دانیشم، لە ئەندازیاری باڵەخانەکان و روومەتی مەردمەکان بنوارم. ئەمڕۆ بە ئەنقەست هیچم لەگەڵ خۆمدا نەهێنا بۆ خوێندنەوە. دەمەوێت پڕ بە پڕ رۆژەکە بژیم. دەمەوێ ببینم، بنوارم، تێڕامێنم. لە جۆرە ژیارێکی تر، شارێکی تر، سیستەمێکی تری پێکەوەبوون. لێرە لە هامبۆرگ کە بە شەقامەکاندا دەڕۆی، زمانی تورکی هەمیشە بەرگوێت ئەکەوێت و رێکپۆشی خەلکەکەی سەرنجی چاوت بۆلای خۆی رائەکێشێ. ئەوەی ئاشکرایە هەردەم شارە دەوڵەمەندەکان زیاتر مایەی راکێشانی بیانیەکانن. ئەوانەی دێن بۆئەوەی لە تەنیشت پیاوە دەوڵەمەندەکانەوە خەونەکانی خۆیان بلاوێننەوە.

من که گەیشتمە ناوەندی شار بڕیارمدا، ئەم نیوەڕۆیە وەها بەسەربەرم وەك ئەوەی پاڵەوانی ڕۆمانێکی نەنوسراوبم. بە لەسەرخۆ بڕۆم و هەنگاوبنێم، بە قوڵی لە هەموو شتێ بنوارم، هەوڵبدەم مانایەك بۆئەم پێکەوەبوونە بدۆزمەوە، کە لەم شارەدا دەگوزەرێ. جارجارێك بوەستم، ئێستێك بکەم، یان ئەگەر ئارەزووم هەبوو وێنە یە بگرم. بۆئەوەی ئەم خەونە فەراهەم کەم، وەك پیاوێکی غەریب. سەرەتا چووم لە قاوەخانەیە togo وەك ئەوەی لیرە لە هامبۆرگ پێی دەڵێن، کە بە ئینگلیزی پێی دەڵێنtake away کاپۆچینۆیە cappuccino و پارچەیە کۆراسانم کڕی و بڕیارمدا ئەم ژەمی نیوەڕۆیە بەدەم ڕێکردنەوە بخۆم. سەرەتا بیرم لە هەردوو چەمکەکە کردەوە. هەردووکیان وشەی ئینگلیزین، یەکەمیان یانی بۆئەوەی بڕۆی، دووەمیان یانی لەگەڵ خۆتدا بیبەی. هەردوو بە هەمانمانادێن بەڵام کارکردنی زمان لە ناوەندە جیاوازەکاندا جودایە. بەدەستێکم کاپۆچینۆ گەرمەکەو بە دەستەکەی ترم کوراسانەکەم، دەرۆشتم و ساتێ لە باڵەخانەکان و ساتێ تر لە کۆگاکان و جارجارێك لە ڕوومەتی جوانی ئافرەتەکانم ئەنواڕی. هەنگاوم ئەناو بیرم ئەکردەوە. کۆراسان جۆرە کولیچەیەکی بە ڕەگەز فەرەنسیە. دەربارەی سەرهەڵدانی ئەفسانەیەك هەیە. ئەفسانەکە لە ڕووی مێژووییەوە بێ بنەمایە. بەڵام هەبوونی مایەی سەرنجە بە تایبەت کە پەیوەستدارە بە یەکێك لە کێشە هەرە گەرمەکانی ئەم ڕۆژگارەوە. کێشەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا! ئەفسانەکە دەڵێت. کاتێك تورکە عوسمانیەکان گەمارۆی شاری ڤیەننایاندا لە ساتەوەختی شکانیاندا، نانەواخانەکانی ڤیەننا بۆ ئاهەنگی سەرکەوتن ئەم



جۆرە کولیچەیە دروستئەکەن کە لە شێوەی مانگی یەك شەوەیە و هێمای موسوڵمانانە. بە خواردنی ئاماژە بە لە ناوبردنی تورکە عوسمانیەکان ئەکەن.

دەرۆیشتم و بیرم لە خۆم ئەکردەوە، منی منالێ لادێی، منالێ خەڵکی گەرمیان، چی ئەکەم لێرە. ئەمە خەونە یان حەقیقەت. ئەمە منم لێرەم بۆئەوەی بیرکەمەوە، بۆئەوەی دەربارەی ڕووداوەکان، کێشەکان، تراژیدیاکانی سەرزەمینە دوور و گڕگرتوەکان چەمك بەرهەم بێنم. ئەم بیرەی کێیەتی من، هەردەم ئامادەیە، هەروەها کاریگەری زۆری هەیە لە سەر شێوازی ئامادەیی من لێرە. من کە ناتوانم سەد دەر سەد لێرەبم. بۆیە هەمیشە بینینەکانم بینینێکی بێلایەن نین، بەڵکو لە ڕاستیدا بینینێکی بەراوردکارانەن. من هەمیشە لە نێو دوو دونیادا بەراورد ئەکەم. کە ئامادەبوونم لە هیچ کامیاندا پڕاو پڕ نییە. ئەم نائامادەبوونە منی غوربەت، یان منی ناوەند، وەك هۆمی بابا دەڵێ، بەرهەم دێنێ.

بیرکردنەوە کارێکی پڕ لە مەترسییە. بیرکردنەوە هەمیشە جێهێشتنە، جێهێشتنی متبووەکان، رامبوەکان، نوستوەکان. جیهێشتنێکە کە گەیشتن تیایا نەزانراوە. لە میانەی بیرکردنەوەدا هەمیشە ئەو پرسیارە لە گۆڕێیە، ئەرێ گەیشتن لەکوێیە. دەکرێت مرۆڤ لە دایك بێت و بژێت و بمرێت بەبێ ئەوەی بیریکردبێتەوە. بەبێ ئەوەی ئەو وێرانەی تیا زابێت هەتا بزانێت، سوپێرە-ئودا، بوێرە بزانە، وەك کانت زاراوە لاتینیەکەی بەکاردێنێت لە وتاری چیەتی ڕۆشنگەریدا و ئەیکاتە کرۆکی چیەتی ڕۆشنگەربوون.

**هامبۆرگ شارێکی ناسکە. یەکێکە لە شارە جوانەکانی ئەم گۆی زەویە. من هەرگیز وەها وێنام نەکردبوو. ناوی تەوای ئەم شارە بە ئینگلیزی. Freie und Hansestadt Hamburg بە ئەڵمانی.**

Free and Hanseatic City of Hamburg

**کە بە مانای شاری هامبۆرگی ئازادی کۆمەڵەی هانس دێت. هانس کۆمەڵەیەکی بازرگانی ناسراوی سەردەمی سەدە ناوەندیەکانە. کە ئەمە بۆخۆی گەواهی ئەوەیە کە ئەم شارە لە تاریکترین قۆناغەکانی مێژووی ئەم کیشوەرەدا، جێگایەکی تایبەتی هەبووە. بۆ من ئەڵمان توخمە مرۆڤێکن کە بەتاڵن لە جوانی. سارد و سڕن. روومەتیان هەمیشە مۆنە. وەك رۆبۆت دەچن بۆ کار و دەگەڕێنەوە بۆ ماڵەکانیان. لە رومەتیاندا هیچ شێوازێك لە پەیوەندیکردن نابینرێت. بەڵام ئەو دیدەی من دیدێکی روکەشە. لە هەمانکاتدا بەتاڵ نییە لە راستی.**

**شەقامەکانی ناوەندی شاری هامبۆرگ، پان و بەرین و پاکن. بە ئاسانی بوار بە ئەو جۆرە پیاسەیە ئەدەن کە شاعیری فەرەنسی بۆدلێر پێی دەوت فلۆنێغ. فلۆنێغ یانی رێکردن و نوقمبوون لە ئاپۆرەدا بەبێ ئەوەی بە ئاگابیت لە ئەوانی تر.**

**ئەو قاوەخانەیەی خواردنی نیوەڕۆم لێکرێ ناوی قاوەخانەی بەلزاك بوو. رۆماننوسی ناسراوی فەرەنسی. رۆژی پێشوو یەکێك لە پرۆفیسۆرە شارەزاکانی لاڤانت، کە ناوی فەرەنسیە بۆ شام و ئیسرائیل، کاتێك پێکەوە چووین بۆ نانی نیوەڕۆ، پێی وتم لەوێ قاوەی باش هەیە. قاوە دۆستێکی وەفادارە. هەمیشە هەوڵئەدات بە ئاگا بتهێڵێتەوە.**



**کە پارەم دا ئافرەتەکە وەك ئەوەی بزانێت کە من نیازمە رۆژێکی خۆش بە سەر بەرم بە ئەڵمانی پێی وتم: شونە تاگ، کە یانی رۆژێکی خۆش. (لە راستیدا ئەوە نەریتێکی بازرگانیە) پاشان لە ترافیکەکە وەستام هەتا گڵۆپی پیاوە سەوزەکە هەڵبێت. پیاوە سەوزکە، وەك هەموو سیمبولەکانی تری ناوەندە گشتیەکان نێرانەیە. پیاو لە دەرەوەیە، پیاو لە جادە دەپەڕێتەوە. لێرە لە ئەڵمانیا یاسا وەك ئاین پەیڕەو دەکرێت. دەسەڵاتی یاسا ژیانی دامەزراندوە، بەڵام تا رادەیەکی زۆریش بێماناو بێتامی کردوە. بە جۆرێك هەرشتێك یاسایی بێت رەوایە و هەرشتێکیش نایاسایی بێت ناڕەوایە. پاشان بە قەراخ کۆگاکانی ئایسکرێمدا تێپەڕیم، خەڵك لەبەر خۆری لاوازی هاویندا دانیشتبوون. بەشی زۆریان پیرەژن و پیرەمێردن. ئەڵمانیا وەك زۆربەی وڵاتانی تری ئەوروپا هەتا بێت رێژەی مرۆڤی پیری زیادئەکات. خەڵك زۆرئەژین و زۆر کەم منالێیان ئەبێت. بەجۆرێك لە سەرەتایی ئەمساڵدا حکومەتی ئەڵمانی یارمەتیەکی زۆری بۆ ئەوانە تەرخانکردوە کە منالّ دیننە دونیاوە.**

**لە پردەکە پەڕیمەوە، زەنگی کلێساکە دەستی کرد بە لێدان، زەنگی کلێسا ئەگەر بۆ ئەوانی تر بەهایەکی ئاینی هەیە بۆ من زیاتر سات ئامێزە. ئەو زەنگە ئاگادارم ئەکاتەوە کە ساتێ تر لە تەمەنم کورتبوەوە. کڵێساکان لێرە ژمارەیان زۆرە. بێدەنگ بێدەنگ حیکایەتی شەڕە خوێناویە درێژەکانی رابردوو دەگێڕنەوە و هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدان کە بەرگێکی نوێ لەبەرکەن. بۆنی خوێن، خوێنی عیسا بە خاچەوە، خوێنی شەڕە**

نەبراوەکان، لەگەڵ بێدەنگی-دا، یاری سەرەتاتکێ ئەکەن لە نێوان دیار و نادیاردا.

زۆربەی کلێساکانی ئێرە پرۆتستانتن. لە پەیڕەوانی ئەو پیاوەی کە ناوی لوپەرە. لوپەر کە هەستی کرد من بیر لە ئەو ئەکەمەوە، هەر پاش پەڕینەوەم لە پردەکە، بە پیریمەوە هات. پێکەوە بە شەقامەکەدا دەستمان بە رۆشتن کرد. من لە دوا پاروی کوراسانەکەم گازم ئەگرت و کاپۆچینۆکەم خەریك بوو سارد ئەبوەوە. لە لوپەرم پرسی، من خەڵکی ئێرە نیم. ئەم رۆژانە لە وڵاتی من، هێشتا ئاین، وەك رۆژانی ئەوروپای پێش تۆ وەهایە. هێشتا کەمینەیەك خۆیان بە خاوەن ئاین و نوێنەری خوا ئەزانن. هێشتا زۆرینە نازانن چی لە کتێبە پیرۆزەکانیاندا نوسراوە. هێشتا کەس ناوێرێ بە ئازادانە بیر لە ئاین بکاتەوە، قسە دەربارەی ئاین بکات، ئاین هێندە تینوی دەسەڵاتە نیو هێندە خەمی ژیان و ئازادی و یەکسانی و خوا پەرستی نییە.

لوپەر سەری بۆ ئەلەقاندم. ئێنجا لێم پرسی تۆ چیت کرد. شۆڕشی تۆ چی بوو. لە وەڵامدا وتی شۆڕشی من لە دیدێکی روون و سادەوە بوو. ئەوەی من ویستم ئەوە بوو. کە ئاین ببێتە بەشێ لە ژیانی هەموان، بە زمانی خەڵکی سادە، نەك زمانی لاتینی قەشەکان، بەیان بکرێت. کە لوپەر ئەیویست زیاتر قسەم بۆ بکات، من خۆم بە تەماشاکردنی ئەو قەرەقۆزەوە خەریك کرد کە لە هەوادا سەمای ئەکرد. حەزم ئەکرد لوپەرم لە کۆڵ بێتەوە. کە بە قەراخ ئەڵستەردا هاتمەخوارێ کچێ سەر داپۆشراوی تورکم بینی خۆی بە هاوڕێکەیەوە نوساندبوو، توند توند یەکتریان



ئەگوشی. لاوە ئەوروپییە موسوڵمانەکان شەرم ناکەن لە ناوەندە گشتیەکاندا سۆز و خۆشەویستیان بۆ یەکتر پیشاندەن. بۆ من دیمەنێکی سەیربوو. لە کۆمەڵگا ئیسلامیەکاندا عیشق، نهێنییە، شەرمە، مایەی ئابڕووچونە، شەڕ و خوێنی لێ ئەبێتەوە.

حەزم کرد پێش ئەوەی پیاسەکەم تەواوکەم و بگەڕێمەوە بۆ ئیش، دوا بەشی لەگەڵ هاینەدا بەسەربەرم. هاینە ناسکترین و غەریبترین شاعیری ئەڵمانە. رۆژانێك لە هامبۆرگ ژیا بوو. ساڵانێ زۆر لە غوربەت. وەك زۆر لەو غەریبە کوردانەی ئەمڕۆی ئەوروپا، بە دڵێکی ناسك و بە توانجی تەنز ئامێز هەمیشە لە پەیوەندیدا بوو لەگەڵ وڵاتەکەیدا. هاینە هاوڕێیەکی نزیکی مارکس بوو. شیعری جوانی بۆ هەژاران نوسیوە. کە بە پردەکەدا پەڕیمەوە پروشکە ئاوی فوارەکەی ناو ئەلستەر دای لە گۆنام. ئەوەندەی نەبرد جارێ تر خۆم لە گیگا بینیەوە.

## کۆتایی هەفتەیەك بۆ بیرکردنەوە

یەکشەمەبوو. هێشتا زووبوو بۆئەوەی کەس بەدەرەوەبێت. من بە تەنها بە شەقامەکەی تەنیشت سان ستیڤن گرینا ئەهاتمەخوارێ. دڵم پڕبوو، حەزم ئەکرد شتێ بنووسم، شتێ بنووسم بۆ ئەوەی دڵم بکرێتەوە. پارچە شیعرێ دەربارەی نووسینی سەردیوارەکە، "با بوەستێ شەڕ"، دەربارەی ئەو هاوڕێیانەم کە لەو دیوو ئوتێلەکەی، شیلبۆرنەوە، جێم هێشتن بۆ ئەوەی لە نهۆمی دووی باڵەخانە کۆنەکە، لە کۆنفرانسەکەیان بەردەوام بن. ئەوان ئەنارکیستن، من شتێکی لەو بابە تەنیم، من لەم ژیانە کورتەمدا تەنها بۆ جارێکیش نەبووم بەهیچ شتێ، هەرکاتێك بمەوێ ببمە شتێ ئەوا هەست دەکەم من کورت دەبمەوە بۆ یەك شت، کە لە هەمانکاتدا زۆر شتی تر هەیە کە ئارەزوم بۆی دەڕوا. بەکورتی من رۆحێکی فاوستیانەم هەیە، ئەمەش هەردەم مایەی ئازاربووە بۆم. بەڵام لە هەموو ئەمانە زیاتر من بیر لەو دوو کچە ئەکەمەوە، کە لە کیشوەرێکی تر ئەژین، لە شارێك ناوی سلێمانییە، یەکەمیان ناوی ئاگرەو دووەمیان ناوی سەربانە. یەکەمیان کە ناوی ئاگرە لە ئاو ئەچێ، لە رەوانیا، لە سادەییا، لە ئاسانیا، لە پاکیا، بۆیە هەردەم لە گەڵمایەو ئەیکەمە هەوێنی هەموو داهێنانێکم. دووەمیان نموونەیە بۆ ئازارەکانی لەزەت و تراژیدیاکانی پەیوەندی.

من هێشتا بە تەنیشت سان ستیڤن گریندا دێمەخوارێ، دەمەوێ وەك بۆدلێر خۆم نوقم کەم لەم پیاسەی بەیانیەدا. هێشتا لە نووسینەکان ئەڕوانم، بە دووای کافێیەکدا ئەگەڕێم، بۆ ئەوەی رۆژەکەمی لێوە



دەستپێبکەم، کە جێنێفەر، کچە خرپنە ئەمریکیەکەی خەڵکی لویسیانا، لێی پرسیم: کە ئەمڕۆ چۆن بەسەر ئەبەم، پێم وت، ئەیکەمە رۆژێکی پاریسیانە. چەند ساڵێك لەمەوبەر دەمەو بەیانیە زوو لە پاریس، تەنها من بووم لە سەر خۆ ئەڕۆشتم، هەموو کەسێ رای ئەکرد. لە ماڵ رایئەکرد بۆ ئیش، لە رابردوو رایئەکرد بۆ داهاتوو، لە نائومێدیەکان رایئەکرد بۆ فرسەتێ. من دوا نیوەڕۆی ئەو رۆژە بۆ یەکجاری پاریسم جێهێشت.

لەگەڵ خۆمدا کتێبێکم پێیە، کتێبێ کە چاپتەری یەکەمی دەربارەی واڵتەر بنیامینە: ئەو پیاوەی لە چیاکانی سنوری ئیسپانیا رۆژێ لە ترسی ئەوەی نەکەوێتە دەستی نازیەکان خۆیکوشت. لێرەدا لەم کتێبەدا ئەڵێ: دەرئەنجامی نامۆبوونی خۆمانە لە خۆمان کە وامان لێئەکات، چێژ لە تەماشاکردنی مەرگی خۆمان وەرگرین. من دوێنێ کە گەیشتمە ئێرە لە کتێبخانەیەکی دەستی دوو ئەم کتێبەم کڕی، پاشان رۆشتم لە سەر ئەو کورسیەی کە لە ژێر دارێکایە لە ترینیتی کۆلیج، دەستمکرد بە خۆێندنەوەی، ئەوەندەی نەبرد باران دەستیپێکرد ئیتر من ناچار بووم بڕۆم. کە ئەڕۆشتم بە سەدان خوێندکاری ئیسپانی وەك من بۆ داڵدەیەك ئەگەڕان، لە نێو خۆیاندا هاوار هاواریان بوو من هیچیان لێتێنەئەگەشتم، من تەنها یەك دێڕ لە زمانی ئیسپانی ئەزانم، تەیکی یەرۆ، یانی، خۆشم ئەوێی.

من بە تەنیشت پارکەکەی سان ستیڤن گرینا دێمە خوارێ و بەدوای کافێیەکدا ئەگەڕێم، لە سەرەتای گرافتن ستریت کافێیەك هەیە ناوی

**ئینسۆمنیایە، کە یانی شەونخونی. ڕەنگی دیوارەکەی لە ڕەنگی خوێنی گایە. پێش ئەوەی بگەمە ئەوێ بیر لەوە ئەکەمەوە، ئایا ئۆبزیرڤەرێ بکڕم یان نا. من لە شارەکەی خۆمان لە باشور هەموو یەکشەمانێك ئۆبزێرڤەر ئەخوێنمەوە. من ئەو ڕۆژنامەیە ئەخوێنمەوە نەك بۆ ئەوەی دڵی مامۆستای مافی مرۆڤ شیمەس ئۆتۆمە ڕازیکەم، بەڵکو لەبەر ئەوەی شایەنی خوێندنەوەیە. تۆماس مەکارپی-ش ئەو ڕۆژنامەیە ئەخوێنێتەوە، هەروەها کیڤن دۆیڵیش جار جارێ.**

**پێش ئەوەی بگەمە کافێکە کلۆدام بینی، بەدەم یەکترەوە وەستاین. دەمێك بوو یەکترمان نەدیبوو. لە دوای ئەو شەوەی لە برۆکسل کە من ئەوم بە سەرخۆشی بە کۆڵانە تەسکەکانی ئەو شارە بێزارەدا بردەوە بۆ ئوتێلەکە. خەریکم هەندێ جل ئەکڕم، لەم ڕۆژانەدا ئەڕۆم بۆ ئەرجەنتین، کلۆدا وای وت و ڕۆی. لە کافێکە کچە جوانەکە لێی پرسیم چیم ئەوێ، وتم قاوە. لە وێدا پۆست کاردێك هەبوو لەگەڵ خۆمدا هەڵمگرتوو بە دوای مێزێکدا گەڕام. قاوەکەم بە تاڵی خوارد و بیرم لە دوو کچەکەی هاوڕێم لە سلێمانی کردەوە.**



**دۆبلن**

***من و کورسیەك و مێزێك***
***کافێیەکی نیوە چۆڵ***
***قاوەیەکی ساردبووەوە***
***بەیانی ڕۆژێکی بێدەنگ***
***شاری دۆبلن***
***تەنیا تەنیا دانیشتووم***
***بیر لە ئێوە ئەکەمەوە***
***یەکێکتان ڕووت ئەویترتان بە جلەوە.***

**له ساده کەوتنی سادەیی!!**

ئەگەر ئەرکی فەلسەفە، لە سادەخستنی سادەییە، وەك لیڤیناس بڕوای وایە. ئەوا مەنفا هەموو سادەیەك لە سادەیی ئەخات. مەنفا مەرگی ئاشنایەتیە. ئەگەر فەیلەسوف لە ماڵی خۆیدا بە ئارەزووی خۆی بیرئەکاتەوە، ئەوا مەنفا ناچاربوونە بەبیرکردنەوە. مەنفا جێگایەکی تر نییە بەڵکو پەڕینەوەیەکی بەردەوامە لە دونیایەکەوە بۆ دونیایەکی تر. مەنفا سنورە، لە نێوان دەرەوەو ناوەوەدا نا، لە نێوان تۆ و ئەوی ترا نا، بەڵکو لە نێوان خۆت و خۆتدا. لە ماڵ: روومەتەکان بەچاوت ئاشنان، دەنگەکان بەگوێت. لە خەو هەڵئەستی بۆ درێژەدان بە رۆژێکی تری ئاسایی. لە مەنفا هەموو لە خەو هەستانێ، لە خەو هەستانێکی گریگۆری سامسایانەیە، ئەو پیاوەی بەیانیەك کە لە خەو هەستا پاش خەونێکی ناخۆش، هەستیکرد بووەتە بونەوەرێکی تر. ئەگەر چی تۆ لە جەستەدا نابیتە بوونەوەرێکی تر، بەڵام لای ئەوان تۆ بوونەوەرێکی تری.

پێش نوستن، وەك چۆن بۆ منداڵ حیکایەتی خۆش ئەگێڕنەوە، تۆش بیر لەماڵ ئەکەیتەوە. بەڵام هەمان هەست کە مارسێل پرۆستی دائەگرت تۆش دائەگرێ. پرۆست لە بەشی یەکەمی رۆمانی گەڕان بەدوای کاتی لە دەست چوا، ئەڵێ: سەردەمانێك زوو ئەچومە جێگاوە. مۆمەکەم هێشتا نەکوژابووەوە، هەرخێرا چاوەکانم لێك ئەناو، کاتم نەبوو بە خۆم بڵێم "من ئەنوم"، دەنوستم. هەر پاش نیو سەعات، ئەو بیرانەی وایان لێکردم بنوم بە خەبەریان ئەهێنام". تۆش وا هەستدەکەی لە ماڵ بووی، لە تەنیشت



دایکتەوە دانیشتبووی بەسەرهاتی خۆتت ئەگێڕایەوە. خەڵکێکی زۆر دانیشتبوون گوێیان لێئەگرتی. هەر زوو هەست بەو تراژیدیایە ئەکەی، لەوێ کە ئامادەبوون گوێت لێبگرن تۆ نەت ئەتوانی قسە بکەی، لێرە کە ئەتوانی قسە بکەی کەس نییە گوێت لێبگرێ.

کە لە ژوانێکدا لێت دەپرسن، کەی دەگەڕێیتەوە؟ ئەوان وا ئەزانن پرسیارێکی سادەیان لێکردووی، بەڵام تۆ هەموو رۆژێ ئەو پرسیارە لە خۆت ئەکەیت و وەڵامەکەیت پێ نییە. سەیر ئەوەیە وەڵام ئەدەیتەوە، جارێك ئەڵێی: ناتوانم بگەڕێمەوە، جارێکی تر: هەرکاتێ بۆم گونجا، هەندێ جارێش دەڵێی: بەم زووانە. هەرچەندە تۆ راستی ناڵێی بەڵام درۆش ناکەی، تۆ هەر جارەو بیرێکی جیاوازت هەیە، هیچ شتێ لە ژیانی تۆدا جێگیرنییە.

چونکە تۆ لەوانی تر ناچی، ناچاری لە دووتوێی کتێبەکاندا بە دووای هاوەڵێکدا بگەڕێی. بەدوا گە ڕانێکی سەختە، هەموو کەسێ پێت دەڵێ، ئەمە رێگای منە دوام مەکەوە. بۆیە هەندێ جار حەز ئەکەی هەموو ئۆدیسە بەگۆرانی بڵێی.

## نوستن لەژێر ئاسمانێ شینا: لە کیسەخەوێ شینا

که له ماڵ دەڕۆی ئیتر دەبیتە ئەو بونەوەرەی کە لە نێوان ئاسمان و زەویدا بۆ مەنزڵێ رائەمینێی. تۆ چی تر، وەك زیمیل دەڵێ: دووری لەوانەی کە لێتەوە نزیکن، نزیکی لەوانەی کە لێتەوە دوورن. ئەو پاش نیوەڕۆیە کە چاوت کردەوە، دونیا شێوازێکی تر بوو. بەردێ سەرینت بوو، ئاسمانێکی شینیش بەسەر سەرتەوە. لە دوورەوە ئاوێك، وەك ئاوی حیکایەتەکانی منالّی لە ژێر خۆردا ئەبریسکایەوە. هەموو شتێ لە بێدەنگیدا نووقم بوو، جار جارێ لە دوورەوە لە دەشتاییەکەدا، شەمەندەفەرێکت ئەبینی تێئەپەڕی. حەزت دەکرد بتبات بۆ ئەسینا. تۆ یەکەم کەس و دوواین کەس نیت بەم خاکی یۆنانەدا تێئەپەڕی. ئەسینایەکان وشەی بەربەریان داهێنا، تۆ ئێستا بەربەریەکی نوێی. یەکێك لەوانەی کە والتەر بنیامین دڵی پێی خۆشە. بنیامین دەڵێ: تالّی ژیان وا لە بەربەری ئەکات، سەر لە نوێ دەست پێبکات، ژیانێکی نوێ دەست پێبکات. بۆیە لای ئەو هیچ هەتا هەتایی نییە. لەبەر ئەمەش ئەو ڕێگا لە هەموو شوێنێکدا دەبینێ، لە کاتێکدا ئەوانی تر چیاو دیوارەکان دەبینن ئەو لەوێشدا ڕێگا دەبینێ. تۆ ئەڕۆیت و بە دوای مەنزڵێکدا وێڵی. شارەکان جێدەهێڵی و هیچ گوێ بە یادەوەریەکانت نادەی. لە ویستگەی شەمەندەفەرەکاندا ئەنویت و ڕۆژی دوای ئەڕۆیت و ئاوڕیشی لێ نادەیتەوە. بۆ تۆ چی دی جێگایەکی تاییەت نییە، بۆ تۆ هەموو جێگایەك وەك یەکە.



## بۆ تۆ ئەی تەنها هاوڕێکەم: پێسەوا

ناوت لە پاڵەوانی ڕۆمانێکی مارکیز ئەچێ، فیرناندۆ ئەنتۆنیۆ نوگیورا پیسەوا. وەك خۆت دەڵێی ئەگەر کەسێ بیەوێ ژیانت بنوسێتەوە ئاسانە، تۆ تەنها دوو بەروار لە ژیانتدا هەیە، ئەو ڕۆژەی کە هاتیتە دونیاوەو ئەو ڕۆژەی کە جێتهێشت. لە لشبۆنە لە دایك بووی، ئەو شارەی کە تۆ ئەڵێی هەر بۆ ئەوە باشە تیایدا خەمناك بیت. دەمێکە من بیر لەوە ئەکەمەوە سەرێ لەوێ بدەم. دەڵێن لە قاوەخانەیەکی بچکۆلە کە ناوی بەرازیلە، پەیکەرێکی تۆ هەیە، هەموو جارێ بیر لەوە ئەکەمەوە بێم و قاوەیە لە سایەیدا بخۆمەوە. بەلاّم تۆ تەنها یەك کەس نیت. تۆ لە هەمان کاتدا خۆتیت و ئە لڤێرۆ کەیەرۆ و ئەلڤارۆ دۆس کامپۆس و هەروەها ڕێکاردۆ رایس. چەند ساڵێ لەمەوبەر کە "ساڵی مردنەکەی ریکاردۆ رایس"-ی ساراماگۆم ئەخوێندەوە، کچێ کاتەلانی هاوڕێم بوو، ئەویش تۆی خۆش ئەویست. ریکاردۆ رایس بەبێ زانیاری تۆ لەدایك بوو. هەرکەسێ تۆ بناسێ کۆتایی یەکەم هەفتەی مانگی ئازاری ساڵی جەنگی مەزن بە لەدایك بوونی تۆ دائەنێ. لەو ڕۆژەدا لە ژوورەکەتدا ڕۆشتیتە سەر دۆلابێ بەرز، هەندێ پەڕە کاغەزت هێنا و هەر بە پێوە، وەك هەموو جارێ، دەستت کرد بەنوسین. بەبێ وەستان سی پارچە شیعرت نووسی، وەك خۆت ئەڵێی جۆرە لەزەتێکە نازانی چۆن باسیکەیت. ئەوە خۆشترین ڕۆژی ژیانت بوو، بڕواشت وابوو ڕۆژێکی تری وا نابێتەوە. شیعرەکانت ناونا شوانی مەڕ، بەلاّم ئەوانە خۆت نەت نوسین ئەلبێرتۆ کەیەرۆ نوسیان، ئاغاکەت، وەك

خۆت دەڵێی. تۆ لەو شیعرەدا ئەڵێی: "من هەرگیز لە ژیانما مەڕم بەخێو نەکردوە، بەڵام لەوە ئەچێ کردبێتم. رۆحم لە شوان ئەچێ. بە خۆرو با ئاشنایە. دەست لە ناو دەست لەگەڵ وەرزەکاندا ئەڕوات و تێڕائەمێنێ".

ئەی تەنها هاوڕێکە م، تۆ ژوورێکی بچکۆلەت هەبوو، پەنجەرەیەکی تیابوو پەردەی نەبوو، لەوێوە ئەتنواڕیە ژنە پورتوگالیەکان کە بە کۆڵانە تەسکە بەردینەکاندا تێئەپەڕین. دەڵێن ئافرەتی وڵاتەکەت لەشیان پڕە لە توك، ببورە هاوڕێم من تا ئێستا لەگەڵ هیچ ئافرەتێکی وڵاتەکەمدا نەنووستووم. کاری وەرگێڕانت ئەکرد، هەروەها منیش، زمانی ئینگلیزیت خۆش ئەویست هەروەها منیش. بەڵام من و تۆ لە یەك شتا لەیەك ناچین، تۆ حەزت لە بیرکردنەوە نەبوو، دەتووت وەك ئەوە وایە لە ژێر باراندا رێ بکەی. بەڵام رۆشتن لە ژێر باراندا لەگەڵ ئافرەتا خۆشە. بیرکردنەوە بۆ خۆی ئافرەتە" پڕە لە ئازار، پڕە لە لەزەت. بەڵام تۆ عەشقی تەنیایی بووی، جگە لەوە لە ژیاندا ئارەزووی هیچت نەئەکرد، بۆ تۆ شیعرنووسین رێگایەك بوو بۆ بەتەنیا مانەوە. لێم ببورە هاوڕێم من کوفری وا ناکەم بڵێم تۆ ئاشنای ئازار نەبووی، تۆ خۆت دەڵێی، تۆ و تەنها خۆت ئەزانن، چەندێك پڕ لە ئازارە ئەو دڵەی کە هیچ بڕواو یاساو میلۆدی و بیرێکی تیا نییە. نازانی چۆن باسی کەیت، چونکە زۆر بەسادەیی ئەوە هەستە، هەستیش وەك ئاسمان وایە، ئەبینرێت و لە هەمانکاتدا هیچی تیا نییە ببینرێ. هاوڕێم، کە تەنها دەبم دەتخوێنمەوە، خۆت دەزانی تەنیاترین کاتم ئەو کاتەیە کە لەگەڵ ئەوانی ترام، کە بەرێگادا ئەڕۆم بە گۆرانی دەتلێم.



## دەربارەی ماڵێ لە غەریبستان

لە حەوشە بچکۆلەکەی پشتەوە تەنافێکمان هەیە، جل و خەمی پیا هەڵئەواسین. لە چێشتخانەکەماندا ئێواران، برنج و یادەوەری لێ ئەنێین. لە سەر مێزێکی بچکۆلە بە پیازو تەنیاییەوە ئەیخۆین. دەکرێ ئەم ماڵە لە هەر شوێنێك بێت. ئەوە تەنیا ماڵەکەیە لە شوێنێکە نەك ئێمە. دەکرێ لە جێگایەك بێت، هەردەم لە خوا بپارێیتەوە خۆر دەرکەوێ هەتا تۆزێ جلەکان و خەمەکان وشك بنەوە. ئەم ماڵە لە هەرکوێ بێت وەکو یەکە. لە هەرکوێ بێت قادرمەیەکی تیایە، لە کۆتاییەکەیدا ژورەکەی منە. ژورێ، زەمانێ تەنیا پەنجەرەیەکم هەبوو بەرەو ئاسمان. ئێوارانیش سێبەری دار کەستەناکە ئەکەوتە سەری. دارکەستەناکەش ماڵی باڵندەیەکی خەمبار بوو، کە شەوان ئەهات و گۆرانی بۆ تەنیای ئەوت. لەو پەنجەرەوە، قەتارەکانم ئەبینی، ژنە تەنیا خەمبارەکانیان ئەبرد بۆ بەندەرەکە و پەنابەرە رەش پێستەکانیان ئەهێنا بۆ شار. ژوورەکەی من لە تەختەبوو، هەر هێندێکیش لە تابووتێ گەورەتر بوو. لەو دیو پەنجەرەکەوە لە دوورەوەش مانگاکان لە بێدەنگیدا ئەلەوەڕان. لەم دیو پەنجەرەکەشەوە، من و مێزێ تەختەو شوشەیە مەرەکەب و کتێبێکی فێربوونی زمان. غەریبستان زمانێکی تری هەیە، کە من ناتوانم گۆرانی پێ بڵێم.

## چون بۆ شار لەگەڵ بیکێتدا

که له پرده بەردینەکەی سان پاتریك ئەپەڕیتەوه، لەژێر ئاسمانێکی وەك قژی من خۆڵەمێشیدا، ماڵێ رەنگ شین بە لوتدا ئەتەقێ، لەو ماڵەدا لە نهۆمی دووەم من و بیکێت، هەر یەکەو ژوورێکمان هەیە. ژووری بۆ من لە رۆژهەڵات، ژووری بۆ ئەوە لە خۆرنشین.

*بێکێت دێبیت بڕۆین بۆ شار؟*
*نازانم!*
*نازانم یانی ئا.. یان نا؟*
*هیچ کامیان، هەردوکیان!!*
*من ئەمەوێ بزانم دێبیت یان نا؟*
*رەنگە!*
*رەنگە بێبیت یان نا؟*
*نازانم!*

بیکێت، پیاوێکە هێندە درێژ، هەرگیز لە وێنەدا پێلاوەکانی دەرناچێ. رومەتێکی هەیە پڕ لە هێڵ، وەك قوڕی قەراخ سیروان لە هاویندا، وەك دەفتەری قاچاخچی لە سەفەردا. بیکێت لە توخمی شەمشەمەکوێرەیە، لە تاریکیدا هەست بە ئازادی ئەکات و لە شەقەی باڵ ئەدات، لەگەڵ هەڵاتنی خۆرا ئەنوێ. پار کە هات، باران بوو، وەك هەموو رۆژەکانی تری ئەم بەندەرە. بە پیرەژنە دەرگاوانەکەی وت، من خەڵکی دۆبلنم، لە



پاریسەوە هاتووم، ئەمەوێ ساڵێ لێرە بمێنمەوە، پاشان دەڕۆم بۆ ڤێنس، چەند مانگێ لە نزیك پارکەکەی سانت مارکەوە ژوورێ ئەگرم، ژووری لە پەنجەرەکەیەوە، سەعاتە پیرەکە دیاربێت، بۆ ئەوەی هەموو رۆژێ ببیبینم، چەند بێمانایە کات، چەند بێهودەیە بەردەوامی. لەوێ خۆم فێری زمانی ئیتالی ئەکەم. "من و تۆ لە نیوەی ئەم دووڕیانەدا چی دی چارەنوسمان پێکەوەیە، وەئاگاهاتم و خۆم لە دارستانێکی تاریکدا بینیەوە، جێگایەك کە رێگای راست تیایدا بۆ هەتا هەتایە ون بوبو. ئای من". ئەوە دێڕە سەرەتاکانی ئینفێرنۆیە*، من ئەڕۆم لەوێ بۆ ئەوەی دانتی بخوێنمەوە.

* ئینفیرنۆ: داستانە بەناوبانگەکەی دانتی ئەلاگیریە، دۆزەخ.

## کۆتجێ لە کەنەمارا*

لێرەوەڕا زەریای ئەتڵەسییە، ئەم کۆتجە لە بێدەنگیدا نوقمە، دراوسێی بەردەو هاوڕێی با. من دوێنێ گەیشتمە ئێرە، دەنگی ئافرەتێ لە پاریسەوە پێم دەڵێ: "شەوان لەوێ مەمێنێرەوە و ڕەنگەکانیش تێکەڵ مەکە". لەبەردەم ئەم کۆتجەدا بەردەڵانێك هەیە، لەناویدا گیا هەموو شوێنێکی گرتوە، ئەم گیایانە گەڵاکانیان باریکن و شەوانە ئاونگێکی زۆر لە خۆ ئەگرن. گیا و گەڵاکانی، قەسیدەکەی ویتمانم بیرئەخاتەوە. واڵت ویتمان پیاوێك بوو ردێن سپی، لە پشت ئەم زەریایەوە، لە سەرزەمینێ ئەژیا کە پێی دەڵێن ئەمەریکا.

دوو سەدە لەمەوپێش کە پەتاتە نەخۆش کەوت، (تابلۆکەی ڤان کوخ بێنەرەوە یادی خۆت، پەتاتە خۆرەکان)، خەڵکێکی زۆر لە برساندا مردن، ئەوانەی وەنەوزێکیان تیا مابوو، سواری پشتی گەمێیەك بوون، ڕۆشتن هەر ڕۆشتن، خۆیان و سکێکی برسی و خەونێکی کۆڵۆمبسیانە، لە پشتیشتانەوە وڵاتێ کە لە ژێر پۆستاڵی سەربازە ئینگلیزەکاندا خوێنی لێ ئەچۆڕا، هەر ڕۆشتن تا گەشتنە شارێکی گەورە کە پێی دەڵێن بۆستن.

من لێرەم بۆ ئەوەی ئەم ماڵە بۆیاخکەم، دەنگە دوورەکە پێم ئەڵێ: "ئەوە نزیکەی سەدەیەکە کەس لەوێدا نەژیاوە، ئاگات لە تەونی جاجۆڵکەکان بێت". ئەم کۆتجە کتێبێکە، لە لاپەڕەکانیدا گۆرانیەکانی شەڕ نوسراوە، شەڕ دژی براکان، شەڕ دژی دوژمنەکان. ژنەکە کە دەنگی لە دوورەوە دێ لە باڵوێزخانەی وڵاتی ئایرلەندا ئیش ئەکات، ڕۆژانێکی



زۆری لە بەغدا بە سەر بردوەو زەمەنێکیش لە بەیروت. کە باسی مێژووم بۆ ئەکات جار جارێ نینۆکە هێشتا تیژەکانی شارەزایانە ئەخاتە برینە سارێژ نەبوەکانی جەستەمەوە. من ئەبێ ئەم کۆتجە بخوێنمەوە، پاشان ڕەنگی بگۆڕم، ئینجا بڕۆم لە سەر تاشە بەردێ لە بەر زەریادا دانیشم گۆرانی بۆ خۆم و یەکێکی تر بۆ ناخودا ویسکی خۆرەکان بڵێم.

* کۆتج: ماڵێکی شێوە تایبەتە بە زۆری لە دەرەوەی شارەکانەدایە.
* کەنەمارا: ناوچەیەکە لە ڕۆژئاوای وڵاتی ئایرلەندا.

**بۆ مەرگی جاك درێدا**

لە ژێر چێشتخانە یابانیەکەوە، کە سوشی خۆشیان هەیە، هۆڵێکی سینەمای بچکۆلە هەیە" پێی دەڵێن تریسکلۆ. تریسکلۆ، کورسیەکانی رەق و کۆنن، ئەو فیلمانە پێشان ئەدات کە زۆرکەم خەڵك ئەیانەوێ ببیینن.

دوو ساڵ لەمەوپێش، ئەو کاتە درێدا تەمەنی تەنها حەفتاو دوو ساڵ بوو، لە کچێکی بچکۆلەی خەڵکی کۆپنهاگنەوە ئیمەیلێکم بۆ هات، "فیلمێك دێت دەربارەی ژیانی درێدا، چاوی بۆ بگێرە، شایستەی بینینە". کچەکە ناوی ئانیا-یە" لە پاڵەوانی رۆمانەکەی پیتەر هۆگ ئەچێ کە ناوی، سمێلا خان هەست بە بەفر ئەکات. پیتەر هۆگ، خۆی خەڵکی کۆپینهاگنەو رۆمانەکەش دەربارەی ژنێ گرینلاندیە لەو شارەدا. کۆپینهاگن لە مانگی دیسەمبەردا کە تاریکی تیایدا وەك ئاسمان بێکۆتاییەو هەموو شتێ تیا ئەبیەستێ.

فیلمە بایوگرفیەکەی درێدا لە تریسکلۆ پێشاندرا. پۆستەرەکەی وێنەیەك بوو سەرنج راکێش، پیاوێ قژ ئێجگار سپی، پایپێکی بە لادەمەوەیەو پۆز بۆ کامیراکە لێئەدا. هەرچەندە درێدا بێزارە لە وێنەی خۆی، بەڵام من بەلامەوە جوان بوو، ئایا جوان بوو چونکە درێدا بوو؟ ئەو ئەڵێ بۆ ساڵانێکی زۆر بەرگریم لەوە کرد کە وێنەم بڵاو نەبێتەوە، چونکە یەکەم، کێشەیەکی ئایدەلۆژیم هەبوو لەگەڵ وێنەداو دووەم خۆم و لاشەم ئەوەندە لە پەیوەندیەکی باشدا نین.



فیلمەکە بە گرتەیەکی پانۆرامایانەی شاری پاریس دەستپێئەکات. ئەو شارەی، زوو زوو پۆستکارتی جوانم لێوە بۆ دێ، (پۆست کارت، لە سۆکراتەوە بۆ فرۆید، ناونیشانی کتێبێکی درێدایە کە ساڵی هەشتا نوسیویەتی)، چونکە هێندەی پەنجەکانی دەستم کچی جوانی تیائەناسم. درێدا جولەکەیە، وەك کامۆ، لە جەزائیری سەر بە فەرەنسای حەفتاو چوار ساڵ لە مەوپێش هاتە دونیاوە. رۆژانێك لە بەر جولەکە بوونی لە قوتابخانە دەرکرا. بەڵام ئەو پیاوێ ئایندار نییە، بۆیە فاروق رەفیق خۆشی ناوێ. درێدا ئەڵێ، لە سیناگوگ (شوێنی نوێژی جولەکان) تەنها حەزم لە گۆرانیەکان بوو، بەڵام هەردەم ئاینم بە ماهیەتێ داناوە کە بیرکردنەوە تیا ونە، دووبارەکردنەوەیەکی کوێرانەیە. کە گەورەبوو نیتچەی خوێندەوە، پاشان رۆسۆ، ئەو هەرچەندە باش لێیان تێئەگەی، بەڵام لەوە دڵنیا بوو کە دژ بەیەکن، بۆیە بەلایەوە گران بوو هەردوکیان لە خۆیدا جێبکاتەوە.

پێش فیلمەکە بیرم لەوە ئەکردەوە، دەبێ ژیانی فەیلەسوف چی بێت بۆ ئەوەی شایانی ئەوە بێت بکرێتە فیلم، درێدا رەبەن نییە وەك کانت و دیکارت، ژیانیشی بێ روداو نییە، ئەو پیاوێکی تا بڵێی چالاك بوو. چالاك بوو لە بەرگری کردن لە بیانیان، لە دژایەتی کردنی ئاپارتاید، لە فیلمەکەدا سەفەرێك هەیە بۆ ئەفریقای باشور بۆ بەسەرکردنەوەی ئەو شوێنەی کە ماندیلای تیا بەندبوو، هەروەها قسەکردن لە زانکۆی جوهانسبرگ دەربارەی لێبوردن.

کە لە درێدا ئەپرسن چۆن نوسینەکانی فەیلەسوفێ لە ژیانی جیا ئەکرێتەوە، ئەو لە وەڵامدا ئەڵێ: نازانم ئایا ئەتوانرێ جیابکرێتەوە، بەڵام

ئەوەی دەیزانم ئەوەیە کە لە سۆکراتەوە بۆ هایدگەر کەس بە زمانی 'من' قسەی نەکردوە، ئەوان هەردەم هەوڵی ئەوەیانداوە کە ژیانی تاکە کەسیان بە پەراوێزبکەن و وای دابنێنن کە رێکەوتە. ئەوەی بۆ ئەوان گرنگ بووە بیرکردنەوەیان بووە.

درێدا لە چل کتێب زیاتری نوسیوە، لە کتێبخانەکەیدا لە ماڵەکەیان لە پاریس لێی ئەپرسن ئایا ئەم هەموو کتێبەی کە هەتە خوێندودەتنەوە، ئەویش لەوەڵامدا ئەڵێ، نەخێر... تەنها چواریانم خوێندوەتەوە بەڵام زۆر بەوردی. با منیش دانی پیا بنێم، تۆ مردی بەڵام ئەوە زەمانێکە من پێنج کتێبی تۆم هەیە هیچکامیانم نەخوێندوەتەوە بە تەواوی. دوایین کتێب ناوی سیاسەتی هاورێتییە، بەدێرێ دەست پێئەکات سەرم لێی دەرناچێ، 'ئەی هاورێکەم، هاورێتی نیە'. لە زانکۆ گەلێك کتێبی تۆ هەن، هەموو جارێ لە بەشی فەلسەفەدا ئەم دیودیویان ئەکەم و بە خۆم دەڵێم رۆژێك دێت بیانخوێنمەوە. بەڵام بڕیار بێت ئەو کتێبەی لەگەڵ ڤاتیمۆدا نوسیوتانە دەربارەی ئاین بیخوێنمەوە.

پاش تۆ من نامۆم بە قسەکانی خۆم، دڵنیا نیم ئایا وشەکان من دەڵێن یان من وشەکان دەڵێم. لە دوای تۆ من نازانم دەق لە چییەوە دەست پێئەکات و لە چییەوە کۆتایی دێت. چی دەقەو چی دەق نییە، تۆ جارێکیان لە چێشتخانەیەك لە نیویۆرك هاوارت ئەکرد، ئەم مێزی دانیشتنەش دەقە. تۆ هەموو جارێ بەدەست ئەوەوە دەتناڵان کە ئەوانی تر خراپ لێت تێگەشتوون، تۆ نهیلیست نیت، ئەی خراپ لێتێگەشتن نییە نەمری مسۆگەر ئەکات، وەك ئۆسکار وایڵد جارێکیان وتی. نەمری، تۆ



پێت وتین، ئەگەر کەسێ بڵێ من، ئەوا لە هەمانکاتدا پێمان ئەڵێ، من زیندوم، من نەمردوم. بەڵام تۆ و ئەو شێتەکانی تری پاریس،(فۆکۆو دۆلۆزو تادوای)، پێتان وتین، ئەو سیستەمەی کە هەیە لە توانایدا نییە ئاشتی و خۆشگوزەرانی بێنێت.

ئەوەی مایەی بێزاری فەیلەسوفانی ئینگلیز زمانە ئەوەیە کە لە دوکانی کتێب فرۆشەکاندا کتێبەکانی تۆو شێتەکانی تری پاریس بەشێکی زۆری داگیرکردوە، بۆیە زۆر هەن وا ئەزانن تەنها ئێوەن پاریسیەکان دەتوانن فەلسەفیانە بیربکەنەوە، لە کاتێکدا فەلسەفەی ئەنالاتیکی زۆر فەلسەفیانە نوسراوەو خوێندنەوەشی خۆشترە. مردیت، بەلای منەوە ئەوە بەسە لە سەر گۆڕەکەت بنوسن دیکۆنستڕکشن.

**بەیانیت باش ئەی نیوەشەو!**

هۆڵەکە هەزار کورسی تیایە، لە نێویاندا پیاوێ بە تەنیا دانیشتووە، لە ژێر بارانی مۆسیقایەکی دڵگیرا چاوەڕێ ئەکات فلیمەکە دەست پێبکات. پیاوەکە کتێبێ ئەخوێنێتەوە، من لە دوورەوە ئەیبینم، بەرگی شینە، دواین رۆمانی میلان کۆندێرایە. کۆندێرا چەند ساڵێ پێش ئەوەی من بێمە دونیاوە پراگی بەجێهێشت لە پاریس نیشتەوە، لەو رۆژەوە هەردەم لە خۆی ئەپرسێ پراگ یان پاریس، کافکا یان پرۆست. ئەمڕۆ سێیەم رۆژی ڤیستڤاڵی نێودەوڵەتی سینەمایە. من لەگەڵ کچێ پۆڵۆنیا ئیش ئەکەم، لە کراکۆف ئەدەب و سینەمای خوێندوە، لەش و لارێکی کەتەی هەیەو بەردەوام قسەئەکات.

فیلمەکە کە پیاوەکە چاوەڕێ ئەکات دەست پێبکات، فیلمێکی ئیتالیە، من یادەوەریەکی زۆرم هەیە، ئەگەڕێتەوە بۆ فیلمە سادەکەی دیسیکا، پاسکیل دز. فلیمەکەی ئەمڕۆ ناوی: بەیانیت باش ئەی نیوە شەو، دێڕەشیعرێکی ژنە خەمبارە ئەمریکیەکەیە کە ناوی، ئیمیلی دیکنسنە. فلیمەکە دەربارەی بە بارمتەگرتنی مۆرۆیە، سەرۆك وەزیرانی ئیتالیا لە کۆتایی حەفتاکان لەلایەن لیوای سورەکانەوە، رێد بریگەید. من بەدەستی خۆم نییە نێگرێم بیر ئەکەوێتەوە، ساڵانی غوربەتی و دەقە جوانەکانی دەربارەی خۆشەویستی و هەژاری و شۆڕش. نێگرێ بیرمەندی لیوای سورەکان بوو. هەروەها لاپۆ ڤەنینی و قژە درێژەکەی.



وەك دۆلۆز ئەڵێ: سینەما زمانی دونیایە، هەموو ساڵێ لەم هەفتەیەدا، فیلمی سەیرو سەمەرە لە کونج و کەلەبەری دونیاوە دێن، بۆ ئەوەی ساتێ لەئاگایی ئەم شارەدا بژین و شوێنێك لە یادەوەریدا بەجێبێڵن.

**من و تۆ!**

**من و تۆ هەین، یان هەر دوو دەنگی خودایین؟**

**تۆ زۆر دووریت. من دوور تر. تۆ ژوورێکی پەنجەرە شکاوت هەیە، منیش دڵێ وەك دیواری بەندیخانە. تۆ سڵ ئەکەیتەوە خەون ببینی، منیش ئەگەر خەونەکانم لێ داچۆڕێ ئەبمە بیابانێ وشك. تۆ چەندێ کراوەی هێندەش داخراوی، من هەر خۆمم بە دیار قاوەیە تاڵەوە رۆژگارەکانی تەمەنم ئەسوتێنم.**

**شتی بچکۆلە دڵم ئەهێنێتە خورپە، چەند دێرێ لە یادەوەریەکانی باسکاڵ، بیرکردنەوە لە ناوی تۆ. من بۆت ئەنوسم حەزم لە ژنێکە بچکۆلە، ژیر، قسەکانی بۆنی ئەو کتێبانەی لێبێت کە کەم کەس ئەیانخوێنێتەوە، شەوگاری بەدەم بیرکردنەوەوە بکوژێ لە وشەیە کە هێشتا نەهاتوە بەزارا. تۆ هەواڵی دەریام لێ ئەپرسی، نوستنی سەر شەقامە ساردەکان، ئەو دێڕانەی کە حەرامن. تۆ حەزت لە خەیاڵ نییەو من پیاوێکم لە خەیاڵ، تۆ دورەپەرێزئەکەیت لە شەراب و منیش خەیامانە بۆی ئەڕۆم. تۆ لە عەشق رائەچڵەکێی منیش لە فەرهەنگی زماندا بەدوای مانایا ئەگەڕێم. من هێندەی رۆژگارەکانی تەمەنی نەنکم چیرۆکم پێیە، تۆش رۆمانی بەسەرهاتی ئەو پیاوانەی کە بە کۆڵانە پیسەکانی شارا رەدووت ئەکەون. جارجارێ هەردوکمان بە دزیەوە بیر لە پێکەوە بوون ئەکەینەوە، بەڵام هێشتا دڵنیانین، سەربووردەی تراژیدیایەکی ئاشکرایە یان سەد ساڵ لە خۆشی.**



**نیوەی یەکەمی ناوی من، نیوەی یەکەمی ناوی تۆ، وەکو یەکن. دەبێ رۆژێ پێکەوە ئەو هەردوو نیوەیە بخەینە سەر سەرینێ، لە ئوتێلێ هەرزان لە شاری لشبونە، هەتا بە چرپە چرپ شیعرێکی تەڕو ناسکی فیرناندۆ پێسەوات بۆ بخوێنمەوە، لە کۆتاییدا پێت بڵێم دێی لە گەڵمدا بۆ سانتیاگۆ دی کۆمپۆستیلا تا شوم پێبکەی، تۆ ئەڵێی نا!**

## پاصی ژمارە حەوت

ژنێ ناوی لیزایە، هەرگیز لە ژوان دواناکەوێ. لە ئێوارە ساردەکانی زستاندا لە ویستگە چۆڵەکەدا، پێکەوە قاوەی گەرم ئەخۆینەوە و چاوەڕوانی پاصی ژمارە حەوت ئەکەین. هەردەم ئێواران شەقامەکە وەك دڵم چۆڵە. لە چاوەڕوانیدا قسەئەکەین، قسەئەکەین و وشەکان لە دەمماندا ئەبێ بە هەڵم. ئەو هەردەم باسی ڕۆمانەکانی مارگرێت ئەنتوودم بۆ ئەکات، من هەر ئەوەندە ئەزانم ئەو دەربارەی ئەو خانمانە ئەنوسێ کە بەفەرەنسی پێیان ئەڵێن لە فامێ فەتال یان ژنی سەر بەگۆبەن.

لیزا، قژێکی هەیە وەك ڕۆژانی غوربەت، ڕەش و ئاڵسکاو و درێژ. رومەتیشی لەو پەیکەرە دەگمەنانە ئەچێ جارجارێ پیکاسۆ، بۆ بەسەربردنی بێزاری دروستیئەکردن. ئەو حەزئەکات بە رووتی گوێ لە مۆتزارت بگرێ، بە تایبەتی سیمفۆنیای تەنیا شەوێکی بچکۆلە (ئاینە کلاینە ناخت)، لە باوەشمدا کتێب بخوێنێتەوە، تا درەنگێ بە دیار فیلمە ئیتالیەکانی فلینیەوە دانیشێ.

کە شەقامەکە بێدەنگ ئەبێ، بە هێمنی بە گوێمدا ئەچرپێنێ، دەربارەی ماڵەوەتان شتم پێبڵێ؟ ماڵمان لە قەراخی رووبارێکە لە بەرد، لە مەملەکەتێ لە هیچ کتێبێکدا دەربارەی نەنوسراوە. ئەی دایکت، ژنێکە رەشپۆش، لە خەونی ئایەتوڵاکان ئەترسێ و بە تەنیا رۆژگارەکانی دووری من ئەژمێرێ. براکانت، دایکم جارجارێ منیان ئەخاتەوە یاد، من لای ئەوان گورگی بیرچونەوە خواردوومی و یوسفێکم باوکیشم خۆشی



ناوێم. ئەی باوکت، من هیچ ناڵێم، کە چاوەکانی داوای وەڵامم لێئەکەن، دەڵێم پیاوێکە هیچی دەربارە نازانم. کە پاصەکە دێت، لیزا داوام لێئەکات لەگەڵیدا بڕۆم، من ئەڵێم نا. حەزئەکەم بگەڕێمەوە کونجە بچکۆلانەکەی خۆم، بە تەنیا خەونێ ببینم. کە پاصەکە ئەڕوات، من و تەنیایی و سەرما بەرەوماڵ دێینەوە.

**سەربوردەی پیاوێ تەنیا**

یەکشەممان ماڵەکەمان پڕ ئەبێ لە بێدەنگی. کە بەئاگادێم گوێم لە دەنگی زەنگی کلێساکانە. کلێساکان لە هەموو شوێنێکن! من هەردەم رقم لە دەنگی زەنگی کلێسایە. دەبێ ئەو زەنگانە بۆ کێ لێبدەن، من لە خۆم ئەپرسم. پاشان گۆرەویە خوریەکانم لە پێئەکەم. من تەنها سێ جووت گۆرەوی خوریم هەیە، یەکیان لە ڕەنگی خۆڵ، یەکێ تریان لە ڕەنگی بێوەژن، ئەویتریان لە ڕەنگی تەنیایی.

ئینجا بە ئاوی شلەتێن خۆم ئەشۆم. لەگەڵ ئاودا یادگاریەکی زۆرم هەیە. لە سەر پشتی کەشتی گەورە، گەورەتر لە خەیاڵ، بە ئیجە و ئەدریاتیك و دەریای سپی و بەلتیك و دەریایی باکور و زەریای ئەتڵەسیدا سەفەرم کردوە.

پاش قاوەتی، وەك هەمیشە ئەچم شیرێك و ڕۆژنامەیە ئەکڕم. یەکشەممان شەقامەکانیش پڕن لە بێدەنگی. ماڵی ئێمە لە گەڕەکی جولەکەکانە. لە پردی لەرزانە ئەپەڕمەوە و لە بەرخۆمەوە گۆرانی ئەڵێم. شە قامەکان بۆنی حەشیشەو شەهوەتیان لێدێ. هەموو شوێنێك پڕە لە ئاخزە جگەرەو کۆندۆم. لە پاییزدا گەڵاکانیش دائەبارێن، من زۆر حەزم لە گەڵاکانە کە ئەوەرێن، داری رووت تابلۆیەکی ئەبستراکتە، ڕێم ئەدا ئازادانە خەیاڵی پێوەبکەم. پاش پردەکە خوێندنگای مۆسیقاکە دێت. هەموو جارێ کە بەوێدا تێئەپەڕم دەنگی پیانۆیەك بە کزی دێت. بۆگارد و فیلمەکەی کازابلانکام بیرئەکەوێتەوە. ئای خوایە عەشق چەند سەختە.



ڕۆژانێ نەفامانە دڵم دایە دەست گەورەکچێکی بچکۆلە. ساڵێك بە دیاریەوە دانیشتم، تەنها جارێکیش لە دەرگای نەدا.

کە ڕۆژنامە ئەکڕم ژنێ پۆلۆنی بەدەممەوە پێئەکەنێ، پێکەنینێ ساختە. ئێمە لە ڕۆژگارێکدا ئەژین هەموو شتێ تیا ساختەیە. تەنانەت ساختە لە حەقیقەت بەڕێزترە. لە کتێبی ناوەرۆکی مەسیحیەتدا فیورباخ هاوکێشەیەکی سەیرمان پێشکەش ئەکات. پیرۆزی پیرۆزتر ئەبێ تا لە حەقیقەتەوە دوورتربێت. بەڵام من لە بری فیورباخ بیر لە کریستینا یونگمان ئەکەمەوە، ئەو مەکربازەی لەگەڵ ماچدا باسی کراکۆفی بۆ ئەکردم، سەرکێشیەکانی ڕۆژانی هەرزەیی. کە ئەگەڕێمەوە ماڵەکەمان بۆنی شێی لێدێ. نامەی بەر پەنجەرەکە ئەبینم، وشە بە وشەیم بیرئەکەوێتەوە: (وردیلەکەم، حەزئەکەم زۆر بێبەزەییانە وەك جەلادێ دڵم بشکێنی! وەهام لێبکەی بڕۆم لە پشت کلێسا هێمنەکەوە لە سەر گیاکورتەکە بۆخۆم بە تەنیا دانیشم و لە ئاسمان بنوارم. حەزئەکەم هەستبکەم کە دوای تۆ ژیان بێمانایە، بڕیاربدەم نەڕۆم بۆ وانەکانی فەلسەفە.

کە دڵم بشکێ ئەگەڕێمەوە ماڵەوە، لە بەر پەنجەرەکەدا بە تەنیا گۆرانی ئەڵێم، جار لە دوای جار شیعرە پڕ لە خەمەکانی فێرناندۆ بێسەوا ئەخوێنمەوە" ئەو پیاوەی کە جگە لە سێبەرو وشەو خەیاڵ هیچ هاوڕێیەکی تری نەبوو.

دڵم بشکێنە ئەی ژنە بچکۆلەکە. بەیانیانێ زوو وەك سەرباز لە شەڕێکی دەستەو یەخەدا خەنجەرەکەت بێنە و دڵم بێبەزەییانە لەتکە. کە

دڵــم ئەشــکێ ئەگەڕێمــەوە بــۆ مەعریفــە، بــۆ تەنیاییەکــەی کانــت و غەریبییەکەی سپینۆزا و پەراوێزە پڕ لە ئازارەکانی فۆکۆ و کۆچناسیەکی دۆلۆز).

ئیتر لە بێدەنگیدا ڕۆژنامە ئەخوێنمەوە.



## چۆن بۆ باراناویترین شاری دونیا

ئەو پیاوەی کە دەینێرین بۆ ئەم شارە، بچکۆلەیەکی توکنە. هەرچەندە حەزی لە باران نییە، بەڵام ڕازی بوو کە بچێتە ئەم سەفەرە. سەرەتا پێش نیوەڕۆ ڕۆژی پێنج شەممە لە گردەکەی ماڵی خۆیانەوە، وەك ئەوەی سەربازبێت لە پشووی جومعە و خەمیسا، بە جانتایەکی بچکۆلەی ڕەشەوە بەر ئەبێتەوە. لە بناری گردەکە هاوڕێیەکی، کە ئەندامی شارەوانی شارەکەیانە بە قەمەرەیەکی ڕەنگ ڕەش دەیبا بۆ فڕۆکەخانەی شارەکەیان. لەوێ ئەوەندە نامێنێتەوە، بە هێڵی ئاسمانی رایان ئێەر، کە خاوەنەکە مایکڵ ئۆلێریە بەوە ناسراوە کە زمانێ تیژی هەیە و هەرزانترین هێڵی ئاسمانی بەڕێوەدەبات، دەچێت بۆ شاری لەندەن. ئەم پیاوە هەرگیز نەچوەتە لەندەن، گەرچی لەندەن هێندە نزیکە کە هەموو فڕینەکە تەنها یەك کاتژمێرە.

بەڵام دەبێ ئەوەمان لە بیرنەچیت، کە ئەم پیاوە پێش ئەوەی لە دەرگا ڕەنگ سەوزەکەی ماڵەکەیان بڕواتە دەرەوە و بەبەردەم تەنها دوو دراوسێیەکەیاندا تێپەڕێ ماڵئاوایی لە ژن و منداڵەکەی ئەکات. پێیان دەڵێ ئاگاتان لە خۆتان بێت، زۆرم پێناچیت، زۆر بیرتان ئەکەم، زوو دێمەوە. ژنەکەی چاوی تەڕئەبێت و ئەڵێ کاتێ خۆش.

لە فڕۆکەخانەی گاتویك چەند کاژێرێکی هەیە بۆئەوەی بەسەری بەرێت، چەند ڕۆژێك لەمەوبەر، کاتێك بە گردەکەی تەنیشت ماڵ خۆیاندا لەگەڵ کورە بچکۆلەکەیدا دەڕۆشتن بۆ نانکڕین، لەگەڵ خۆیدا بیری

ئەکردەوە چی بکات لەو کاتەی کە دەبێ لە فڕۆکەخانە لە چاوەنواڕیدا بەسەری بەرێت. بیری لە ئالان دی بۆتن کردەوە، ئەو پیاوەی کە فەلسەفە بۆ خەڵکی گشتی دەنوسێ، خۆ ئەویش کەسێکی تری وەها دەناسێ کە بە زمانی کوردی دەیەوێ کاری وەها بکات، گۆشەیەکی تەسك و تروسکی هەیە لە رۆژنامەیەکدا لە وڵاتێ هەتا بڵێی دوور. دەیەوێ دوو دونیای دوور لەیەك پێکەوە ببەستێ بەڵام هەوڵەکانی وەك قنگری پیر بێسوودن یان بێتامن. ئەو بۆیە بیری لەو فەیلەسوفە رەقەکارە کردەوە چونکە ئەو ساڵێ لەمەوپیش لەلایەن فرۆکەخانەی هیسرۆوە بانگهێشتکرابوو هەتا لەوێ هەفتەیەك بەسەر بەرێت و یادەوەری و تێڕامانەکانی لە کتێبێکدا بنوسێت. کتێبەکە لە راستیدا نامیلکەیەکە ئەم تەنها چەند برێکی لە رۆژنامەی گاردیان لێخوێندوەتەوە، برێکی تریش لە کاتی نوسینی ئەم ستونەدا.

ئایا ئەمیش لەوێ دانیشێ لە موسافیران بنوارێ. فرۆکەخانە شوێنێکی سەیرە. خەڵکی دێن بۆئەوەی برۆن. دەروازەیەکە بۆ ئاسمان. جێگایەکە کە هەموو شتێك بۆ ئەوە کراوە کە یارمەتیت بدات لەوێ برۆی. لە راستیدا جێگایەکی ناجێگایە. بە قسەی سیگمۆند باومان جێگایەکی شلە. رەنگە لەوێ شتێك ببینێت، شتیك ببیستێ، شتێك بۆن بکات و ببێتە بزوێنەری چیرۆکی ژیانی، دەقێکی جوان.

بیری رۆمانێکی جوانی ژاپۆنی کەوتەوە، کە ناوی دارستانی نەرویژیە. نوسەرەکەی ناوی هاروکی مۆراکامیە و ئاوا دەستپێئەکات. تەمەنم ٣٧ساڵان بوو. لە جێگاکەمدا لە ٧٤٧ تێکا شەتەك درابووم و بە ئاسمانی پڕ



لە هەوردا بەرەو فرۆکەخانەی هامبۆرگ دەرۆشتین. کە پاڵەوانەکە دەگاتە فرۆکەخانەکە گوێی لە گۆرانی بیتلز دەبێ بە ناوی دارستانی نەرویژی، ئیتر سەرتاپا رۆژانی زانکۆی بیرئەکەوێتەوە، کە سەربوردەی ناو رۆمانەکەیە.

هەروەها بیری کەوتەوە کە سێ ساڵ لەمەوپێش ئەگەر مۆراکامی نەخۆش نەبوایە ئەوا ئەگەری ئەوە هەبوو ئەم ببیبنێت، بەڵام لەبری ئەو جەی رۆبنی وەرگێرە ئینگلیزیەکەی بینی. هەروەها ئەوەشی بەبیردا هات کە چەند ساڵێکە لە بیری ئەوەدایە کورتەچیرۆکی تۆنی تاکیتانی هەمان نوسەر وەرگێرێتە سەر زمانی کوردی.

بەڵام ئەم کە ئێستا بە گردەکەدا دێتە خوارێ لە بری هەموو ئەمانە چاپتەری دووەمی کتێبێکی جۆرجیو ئاگامبینی پێیە بە ناوی پوتێنشاڵێتی. زاراوەیەك کە هەست بەهەندێك گرانی ئەکات لە وەرگێرانیدا بۆ زمانی کوردی، بەڵام دەیەوێ لە بواری فەلسەفەوە بیگوێزێتەوە بۆ کاروباری سیاسەت. پوتێشاڵ ئەو توانایەیە کە هێشتا بەرجەستەنەبووە. ئەو بوونەیە کە نییە، کە ببێتە بوون نامێنێ. ئەم کە دەگاتە باراناویترین شاری دونیا قسە لەسەر ئەمە ئەکات بە گرێدان بە دۆخی نەتەوە پەرتەوازەکەیەوە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئەمە یارمەتی ئەدا هەتا لە رووی تیورییەوە بیر بکاتەوە کە کێشەی نەتەوەکەی بە ئەنجامدانی ریفۆرم یان نوسینی چەند دێڕێك لە دەستوردا چارەسەرناکرێت. بەڵکو کوردبوون ئەو پوتێنشاڵەیە کە لە بەرجەستەبوون ناکەوێت.

له فرۆکەخانەی گاتویك پیاوە بچکۆلە توکنەکە، کە لە باوکی خۆی ئەچێت، بەو پاوەنە کەمانەی کە پێیەتی خواردنێکی کەم ئەخوات، لە نزیك کاتژمێری هەشت بە فرۆکەخانەی هێلی نەرویژی دەچێت بۆ باراناویترین شاری دونیا. باراناویترین شاری دونیا نزیکەی سێ کاتژمێر بە فرۆکە دوورە. نێردراوەکەمان لە نزیکەی نیوەشەودا ئەگات.

سلڤی، کچە نەرویژیەکە پێی وت دەتوانی بە پاص، بە شەمەنەفەر و هەروەها بە تاکسی بێیت بۆ ناوشار. کە دەگاتە ئەوێ هیچ کرۆنی پێنییە، دەبێ بچێت لە بانکۆتی یەکێك لە بانقەکان دەربهێنێت. پاشان بچێت بۆ نوستنگە بچکۆلەکەی ئان. لەوێ هەر زوو لێی بنوێ هەتا بەیانی زوو بە ئاگابێت و ئەو کاتە کەمەی کە هەیەتی تەرخانیکات بۆ بینینی شارەکە. ئەگەر بکرێت پاسکیلێ بە کرێ بگرێت و بە قەراخ ئاو و بە بناری شاخدا بیهاژوێ.

باراناویترین شاری دونیا ناوی بێرگنە. ئەم شارە کە دووەم شاری ولاتی نەرویژە، چەند دەیەیەکی تر تەمەنی دەبێتە هەزار سالّ. لە نێوان شاخ و دەریادا، لە ژێر بەفر و باراندا ۲۵۹ هەزارو و سەد کەسی تیا ئەژی. ناوەندی شار بە مەیدانی ماسی فرۆشەکان مەشورە. پیاوە توکنە بچکۆلەکە چەند شەوێك لەوەوپێش بە ژنەکەی گووت زۆربەی کات هەولئەدات ماسی بخوات. لەو شارە بەپێی دوا سەرژمێریەکان ۱٦٦۲ کەس لە عێراق و ٦۹۰ کەس لە ئێران و ٦۰٦ کەس لە تورکیا، لەو شارە ئەژین، کە بێگومان بڕێکیان، ئەگەر بڕی زۆریان نا، کوردن.



پیاوە توکنەکە رۆژانی شەمە و یەکشەمە لە ئوتێل نیپتۆن خۆی بە کۆنفرانسێکەوە سەرقالّ ئەکات. بەلاّم هەولئەدات لە کافێیەکی میناب‌ەن قاوەیە بخواتەوە، لە خەلکی بنوارێت، بزانێ ژنیان بە بەژن و زرافە. پیاوە توکنەکە چەند هاوڕێیەکی نەرویجی هەیە هەمویان لە ئۆسلۆ ئەژین. بەلاّم ئەو ناچێت بۆ ئۆسلۆ.

## سکێچەکانی بێرگن

**پێشکەشە بە جەلال**

سکێچ وشەیەکی یونانی کۆنە، ئەمڕۆ لەبواری وێنەکێشاندا زیاتر بەکاردێت. مانای ئەم وشە ئەوەیە کە هێڵکاریەکی سەرەتایی کێشراوە بۆ وێنەیەك کە لە پاشاندا تەواو دەکرێت. هەموو هونەرمەندە ناسراوەکان سکێچیان هەیە، بۆ نموونە مەلی فڕیوی داڤنیشی، سۆزانیەکانی رامبرانت و زۆری تر. بەڵام من ئەم زاراوەیە لەم ستونەدا بەو مانایە بەکاردەبەم: کە لە رێگای وشەوە هێڵکاری کەسێك ئەکێشم، کە مەبەست تیایدا روون دەبێتەوە، بەڵام وەك هێڵکاری تەنها چەند هێڵیکی سەرەتایە. ئەم کەسانەی کە لێرەدا سکێچیان کێشراوە هەموویان بەشداربووی کۆنفرانسی هەشتەمی ولاّتە ئەسکەندەنافیەکان بوون (جگە لە یەکێکیان) بۆ رۆژهەلاّتی ناوەڕاست کە لەلایەن زانکۆی بێرگنەوە لە رۆژانی ٢٤ تا ٢٦ ی ئەم مانگە بەڕێوەچوو.

سکێچی یەکەم: ناوی عەلی رەزابوو. لە زانکۆی ڤێرجینیا مامۆستایە. دوای نیوەڕۆی رۆژی هەینی بابەتەکەی پێشکەشکرد. عەلی رەزا زاراوە هەست ورووژێنەرەکانی نێو فۆلکلۆری کوردی لە بارەی ناشنالیزمەوە کردبووە بابەتی باسەکەی. چوارشانەیەکی کەتەبوو. کە تەواوبوو زاراوەکەی گۆستاف فلۆبێرم بیرکەوتەوە، کە بە فەرەنسی ئیدێ ریسێ، کە یانی ئایدیای وەرگیراو بەبێگومان و تێڕامان. سەرتاپا بابەتەکەی عەلی رەزاش وابوو. بۆ نموونە: کورد زمانی نییە، چەند زمانێکی هەیە، کورد تا ئاستی



گێلێتی بەخۆیاندا ئەنازن، لە کرمانجیدا ناموس و لە زاراوەی موکریانیدا غیرەت بۆ وەسفکردنی نیشتمان بەکاردێت: کە هەردوکیان بارگاوین بۆ وروژاندنی هەست.

کە من وتم کورد تەنها یەك زمانی هەیە، ئەو وتی عەباسی وەلی خۆی کوردە، کە دەڵێ کورد چەند زمانێکی هەیە. من وتم عەباسی وەلی خاوەنی دیدی خۆیەتی، بەڵام وەك تۆ هەڵەیە. ئەوەی کە کوردی نەکردوەتە یەك، یان خاوەن یەك زمان، نەبوونی سیستەمێکی سیاسی دەوڵەتییە. کۆنە پرۆفیسۆرێکی هارڤەرد، کە ئێستا لە مەشیگانە و لە رەچەڵەکدا ئەرمەنییە. پشتگیری رایەکەی کردم. من وتم ئەگەر لە دیدێکی بەراوردکاریەوە بنوارین هەموو گەلانی دونیا وەك کوردبوون. ولاّتی نەرویج هەتا ئێستاش تاکە زمانێکی فەرمی نییە. عەلی رەزا قسەی لە سەر جەمشید و زوحاك کرد، لەوێشدا هەمان رەگە زپەرستێتی فیردەوسی و عەرەبەکانی دووبارەکردەوە، کە دەڵێن کورد لە شەیتانن، یان پاشەڕۆن، بەندە ناچاریکرد لە سەر ئەو رایانەش بکشێتەوە. دیارە لە بواری خوێندنی رۆژهەلاّتی ناوەڕاستدا، هەموو ئەو نوسینانەی کە دەربارەی کورد نوسراون، هیچ نین جگە لە دەربڕی دیدی دەسەلاّتداران، هەندێ کورد ئەم دیدە هێندە توشی سەرە گێژەی کردوون بێئاگایانە دەیڕشێننەوە، بۆ نموونە پرۆفیسۆر عەباسی وەلی. هەتا ئێستا دیدی کوردیانە بۆ رۆژهەلاّتی ناوەڕاست ونە.

سکێچی دوو: ناوی فەرەج بوو. سەرەتا بە عەرەبی ئەدوا، هەر زوو تەنگە نەفەس دەبوو دەیکرد بە فەرەنسی، بە تەمەن بوو، دەیگووت، من

تونسیم. پێش نانخواردنەکەی ئێوارە لە سەر چێشتخانەی سەر شاخەکە، من هەرکە دەمبینی خۆم لێ بەدوور ئەگرت. بەڵام لە سەر مێزی نانخواردنەکە لە نزیکمەوە دانیشت. پاش دوو پەرداخ شەرابی سور دەستی کردە گێڕانەوەی یادەوەری. ژنە فینلەندیەکەی لە تەنیشتیەوە دانیشتبوو. کاتێك فۆکۆ لە تونس مامۆستا بوو پێکەوە بووین. زۆر جار پاش وانە وتنەوە پێکەوە دەچوینە سەما. ئەو هەمیشە چەند کوڕێ عاشقی هەبوو. بەڵام زۆربەی کات لەگەڵ کتێبدابوو. لە پاریس داوەتیکردم بۆماڵەکەی، بچکۆلە و پڕ لە پەرتۆك بوو. فۆکۆ پیاوێك بوو، لە شێوازی رۆشنبیرانی سەدەی هەژدە. شەرابی سور یادەوەریەکانی دەمەزەرد ئەکردەوە. وتی باباسی کەسێکی ترتان بۆبکەم. گیڤارای باکوری ئەفریقا، فرانز فانون. لە قسەکانیدا هەمیشە لە نێوان فەرەنسی و ئینگلیزیدا جولانێی ئەکرد. فانون مامۆستام بوو، هەموو رۆژانێکی هەینی لە جەزائیرەوە ئەهات بۆ تونس بۆ وانە وتنەوە. لە پەنجەرەکەی دەرەوە دەریای باکور دیاربوو، بێرگن لە ژێر درەوشانەوەی گلۆپەکاندا خۆی بۆ خەوێکی پایزانە ئامادەئەکرد. بیرم لە خۆم ئەکردەوە، وەك هێمنی موکریانی دەڵێ: لە کوێوە بۆ کوێ. لەنێوان ژنێ فینلەندی و یەکێتر ئیتالی، گۆشتی ئاسکم ئەخوارد و گوێم لە سەربوردەی ژیانی فۆکۆ ئەگرت و بیرم لە سەر زەمینێ دوور ئەکردەوە.

سکێچی سێ: عەرەب بوو، ورگن بوو، لچ زل بوو، دەروون تەسك. کە من لە پێشکەشکردنی بابەتەکەم بوومەوە وتی، ئەو نەخشەی کوردوستانە کە تۆ پێشانتدا بۆ من مایەی سوکایەتییە. ئینجا وتی چەمکی هۆمۆ ساکەر لە هەمانکاتدا بکوژەکەی دەکاتە مرۆڤ. چونکە بکوژی



هۆمۆساکەر بکوژی مرۆڤ نییە. من لە بابەتەکەمدا وتم کورد هۆمۆ-ساکەرە. (لە ستونی داهاتوودا دەربارەی ئەو ووروژانە گەورەیە دەنوسم کە بابەتەکەم لە کۆنفرانسەکەدا دروستیکرد). قسەکانی بۆ من مایەی حەپەسان بوو. بۆچی نەخشەی کوردستان مایەی سوکایەتییە، چونکە نەخشەی پیرۆزی نیشتمانی عەرەب لەکەدار ئەکات. یان نەخشە یانی بوونی سیاسی، بوونی سیاسیش یانی بوونێکی جودا لە بوونێکی هۆمۆساکەریانە. بەڵام لە دڵی خۆمدا وتم، گەورەترین ئامانجی من ئەوەیە کە تۆ ببیتە مایەی سوکایەتیم. هەرچی دەربارەی لێکدانەوەکەی بوو، نوسینە راپۆرتیەکەی هانا ئارندتم هاتەوە بیر، ئاینکمان لە ئورشەلیم. لەوێدا ئاینکمان دەڵێت، ئەو هیچ رقێکی لە جولەکە نەبوو، بەڵام دەیویست کارەکەی خۆی بەباشی راپەڕێنێ، کاتێ زۆر بە پەلە بەرەو کامپەکانی قڕکردن دەیگواستنەوە. بەپێی لێکدانەوەی پرۆفیسۆرە عەرەبەکە ئاینکمان نەك تەنها بێتاوان بوو، بەڵکو مرۆڤیش بوو. بەگشتی خوێندنی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست رووتە لە ئەخلاق، چەقیوە لە نێو چەمکە سواوەکانی مۆدێرنەدا وەك، دەوڵەت، سەرەوە، کەمینە، هاووڵاتی.

دوا سکێچ کابرایەکی کورد بوو. سمێڵێکی بەفرینی هەبوو، قاتێ رەنگ رەژووی دڵتەنگی پۆشیبوو. خۆی وەك ستالینیەکی کۆنە شیوعی بە من ناساند، لە نزیك ناوەندی شار لە دوکانێ رۆژهەڵاتیدا بە-یەکا-تەقین. بڕوای وابوو ئەوەی شیوعیەتی بەدڵ نەبێ ئەوا دژ بە بەرژەوەندی مرۆڤبوونی خۆیەتی، بۆیە دەبێ وەك کەم عەقڵێك مامەڵەی لەگەڵا بکرێت. ئەگەر وەك رێگرێك بمێنێتەوە واباشترە لە ناوببرێت. با پێشت بڵێم

مارکس کامڵە، تەنها خراپە لەوانەدایە کە بە خراپی هەوڵی پیادەکردنی ئەدەن. کەواتە جەنابت لەگەڵ هەموو قەڵاچۆکردنەکانی هاوڕێ ستالیندای؟ بەڵێ! باشترین شێوازی چارەسەر بوو. هەردوو دەستی خستبووە گیرفانی پانتۆڵەکەیەوە زۆر بەشانازی باسی قاتوقڕی هەژارانی ئەکرد. پێیم وت تۆ نازیت نەك ستالینی، وتی نەخێر من ستالینیم. لە دڵی خۆمدا وتم: قەل بە قەل دەڵێ ڕوورەش.



## وارشۆ: پێش بینین

کە ئەم ستونە دەخوێنیتەوە من لەوێم. بۆ چەند ڕۆژێکە لەوێم. لە ڕۆژئاوا یەکێك لەو دێڕانەی کە لە سەر پۆستکارتەکانی گەشت و سەفەردا دەنوسرێت دێڕێکە کە دەڵێت: بە هیوام تۆش لێرە بویتایە. من دەڵێم بە هیوام بتوانم لەگەڵ خۆما بتانبەم. بە سەفەرێکی ئیسراو و میعراج ئاسا لە خێرایی لەیلەت و القدرێکا. یەکەم جارە پێ بنێمە سەر سەرزەمینێك، جودا لە کوردستان، هێندە هەڵگری تراژیدیابێت. یەکەم جارە دەڕۆمە شارێ بۆ ساڵانێ زۆر کۆمۆنیست بوو. چۆن لە پانتاییە وابگەم. من لەم دوایانەدا لە درێداوە فێربووم هەموو شتێك وەك دەق مامەڵەی لەگەڵا بکەم. وارشۆ بۆ من دەقێکە، چەند ڕۆژێکە خۆم بۆ خوێندنەوەی ئامادەئەکەم. هاوڕێیەکم پێیوتم گەر ورد سەرنج بدەی هێشتا داس و چەکوش دەبینی. من لە نزیك دەربەندیخان گەورەبووم داس و چەکوش ساڵانێکە بە چاوم ئاشنان.

چەند ڕۆژێ لەمەوپێش کاتێ لەگەڵ هاوسەرەکەمدا لە کتێبخانەکانی شاردا بە دوای پەرتۆکی سەفەردا ئەگەڕاین، ئەو پێی وتم، تۆ دەتەوێ چی ببینی. پرسیارێك بوو وەك چەکوش دای بەسەرما. ئایا من دەڕۆم بۆ ئەوێ بۆ ئەوەی ئەو شتانە بدۆزمەوە کە بۆی ئەگەڕێم. ئایا دەقی کتێبەکان زاڵ دەبێ بە سەر هەستی بینینمدا و ڕێگەم لێئەگرێ ئازادانە رامێنم. لە کتێبی ڕۆژهەڵاتناسیدا ئێدوارد سەعید باس لە دیاریدەیەکی وەها ئەکات، لای گەشتیارە ڕۆژئاواییەکان. ئەو دەڵێت لە ساتەوەختی بوون لە

سەرزەمینێ نوێ، لە بارودۆخێ نەناسراو و جودا و سەیردا، وەك سروشتێکی مرۆڤانە، لە دۆخێکی وەهادا مرۆڤ دەگەڕێتەوە بۆ دەقی ئاشنای نێو کتێبەکان. من زۆرجار بەچاوەکانی خۆم بینیومە خەڵکی گەشتیار کە بە نیو شاردا ئەڕۆن کتیبێك بە دەستیانەوە، هەمیشە لە نێوان وێنای کتیبەکەو دیمەنەکانی شاردا سەرەتاتکێ ئەکەن. زۆر خەڵك لە ڕۆژئاوا لە پاش سەفەر دەڵێن، ئەوە نەبوو، یان ڕێك ئەوەبوو کە چاوەڕێمان ئەکرد. کەواتە ئەوان ئەڕۆن بزانن ئەوەی دەربارەی جێگایەك وەك زانیاری لە کتێبەکانەوە وەریانگرتوە لە واقیعدا وەهایە. سەعید ئەم تێزە بە سەر ناپلیونیشدا دەسەپێنێ لە کاتی هاتنیدا بۆ میسر. ئەمە ڕەنگە بۆ کورد نامۆبێت، چونکە ئێمە هەتا ئێستا ژانرێکی ئەدەبی وەك سەفەرنامەمان نییە، تەنانەت سەفەرنامەی خەیاڵیشمان نییە. کەچی کەم نەتەوەی تر هەیە هێندەی ئێمە ناچارکرابێت بە سەرفەر.

لەم دواییانەدا شار وەك پانتاییەك بوەتە خولیام، بە هیوام نێرەکەری خۆمی تیا تاودەم. شار پانتاییە تایبەتە. هەموو شتێك تیایدا مانای تایبەتی هەیە. مرۆڤەکان، ژیاریان، ژیانیان. هەر شارە و بۆخۆی یوتوپیایەکە، کە چەندێك شاری تری نهێنی لە خۆیدا هەڵئەگرێت. هەموو شارێك بەرهەمی خەیاڵێکە، خەیاڵێك ڕۆژێك دێتە سەری کەسێك، (ئەورەحمان پاشای بابان بڕیاریدا....سلێمانی دروست بوو) بەڵام ئەو شارە هەرگیز نابێتە ئەو خەیاڵە. ئەمە پەیوەندیەکی فرە بەربڵاوە مەبەستم پەیوەندی نێوان ئایدیال و واقیع. شار پانتاییە دروستکراوە، هەموو شتێك تیا دروستکراوە. هەموو شارێك بۆ مەبەستێك دروستکراوە. گێرت میك



سەفەرنوسە بەناوبانگەی هۆڵەندا لە کتێبی ئەوروپادا پێم ئەڵێت: وارشۆ شاری یادەوەرییە. شارێکە لە ڕۆژانی جەنگی دووەمی جیهاندا سەرتاپای بووە وێرانە. پێش شەڕ گەورەترین کۆمەڵگای جولەکەی لێبوو، لە پاش جەنگ، هەتا ئەمڕۆش وارشۆ شارێکی تاك کەلتورییە. تەنها لە وارشۆ نزیکەی یەك ملیۆن کەس کوژران.

یادەوەری بۆخۆی چەمکێکی ئاڵۆزە. یادەوەری کێ، لەلایەن کێوە. یادەوەری بونیادئەنرێت. پرۆسەیەکە کە دەسەڵات ڕۆڵی گەورەی تیا دەبینێ. چی دەبێ لە یادەوەریدا بمێنێتەوە، کێ دەبێ یادەوەری یادبخرێتەوە. دەڵێن لە وارشۆ لە هەرکوێوە دەڕۆی مۆنیومێنتە. مۆنیومێنت هەوڵدانێکە دژ بە لە ناوچوون، دژ بە بیرچوونەوە. بەڵام مۆنیومێنت بۆخۆی ناتوانێ مانای خۆی کۆنترۆڵ کات. مۆنیومێنتی هەڵەبجە بۆ هەر کەسە و مانایەك دەبەخشێت.

یەکشەم پاش نیوەڕۆ ئەگەین. یەکشەم ڕۆژی کلێساکانە. پۆڵۆنیا ئەمڕۆ سەرزەمینێکە تا بینە قاقای نوقم لە گێلێتی ئاینی کاتۆلیکا. پاپای پێشوی ڤاتیکان جان پۆڵ پۆڵۆنی بوو. بزوتنەوی سۆلێدارێتی کە دژ بە کۆمۆنیوزم تێکۆشا کاتۆلیك بوون. سەرباری ئەو هەموو قەیرانە بێ ئەخلاقیانەی لە نموونەی منالبازی، ئاینی کاتۆلیسیزم بە دەستیەوە دەناڵێنی، پۆڵۆنیا هێشتا زۆر توندڕەوانە ئاینییە. لەوێ قسەکردن لە مارکس جودایە. بەڵام من زیاتر خولیای ستالینم. ستالین ئەو پیاوەیە کە مارکسیزمی بە باشترین شێوە بەرجەستەکرد. من خولیای بیناسازی ستالینیم، شێوازی شاری ستالینی، خەیاڵی ستالینی. ئەگە ر ستالین

ساتەوەختی ئەوپەڕی توندڕەوی (ئیکستریم)بێت لە بەرجەستەبوونی مارکسیزمدا، ئەوا بە پشت بەستن بە راکانی والتەر بنیامین، بە تایبەت لە کتێبی مێژووی درامای ئەڵمانی و هەروەها رایەکانی کارل شمیت بە تایبەت لە کتێبی پۆلیتیکاڵ تیولۆژی، ئەوا ساتەوەختی ئەوپەڕی راستگۆترین ساتەوەختە لە بەرجەستەبوونی دیدێکدا. (بۆ نموونە ئەنفال ساتەوەختێکە کە بەعسیزم تیا بەروونی بەرجەستە ئەبێت). مارکسیەکی وەك بنیامین و نازیەکی وەك شمیس هیچ سەرسوڕمان نییە هاوڕێ بن، نامەی گەرم و گوڕ بگۆڕنەوە، چونکە ئەو دوو بیرۆکە لە زۆر رووەوە وەك یەکن. وارشۆ قوربانی دەستی ئەم دوو بیرۆکە دڕندەیە. لە سەردەمی ستالیندا بیناسازی کۆمیونیزم چووە قۆناخی پراگماتیزمەوە یان ریالیزمەوە. وەك چۆن ئەدەبێکی پوچ هەبوو بە هەمان ناو، ئاواش ئەندازەسازی هەبوو. ئەمە لە دیدێکەوە سەرچاوەی ئەگرت کە بینا دەبێ مەبەستی سەرەکی تەنها لە بەکاربردنیابێت، هیچی تر. شوێنی نیشتەجێبوون، باڵەخانە، هەر جێگایە، ئەگەر بەتاڵبێت لە جوانی، لە یوتوپیا ئەوا بەرگەی زەمەن ناگرێ هەرزوو پەکی ئەکەوێت. ستاتیکا ئەو رۆحەیە کە بەرد ئەکاتە بونەوەرێکی خاوەن بوون. بۆیە هێشتا پەیکەرە یونانیەکان جوانن.

بەڵام من دەمەوێ سەرباری هەموو ئەمانە لە وردە شتیش بنوارم، لە سەر ئەسکەمیلی پارکەکان دانیشم و رامێنم، بە هیوام تۆزێ خۆر لێمدات. من هەر نامەوێ چاوم و ئاگاییم سەفەرکەن بەڵکو لە هەمووی گرنگتر گەدەم. دەبێ چ جۆرە خواردنە لەوێ هەبێت، چ جۆرە تامێك، چ



جۆرە میوەیەك. چ جۆرە جلوبەرگێك. سەرباری ئەوەی خەڵکی پۆڵۆنی بە من نامۆنین، بەڵام لە وڵاتی خۆیاندا چۆن دەگوزەرێن. لە ستونی داهاتوودا باس لە پاش بینین ئەکەین. بە ئاگام لەوەی کە لە نێوان پێش بینین و پاش بینیندا، ساتەوەختی بینین خۆی هەمیشە بە پەنهانی دەمێنێتەوە.

## وارشۆ: پاش بینین

که فڕۆکەکەی هێڵی ئاسمانی ویز له فڕۆکەخانەی وارشۆ نیشتەوه خۆر و گەرمایەکی خۆش پێشوازی لێکردین. دڵخۆش بوو جارێکی تر، دەتوانم به تی-شێرتێك و شۆرتێکەوه پیاسەبکەم، جارێتر وەك رۆژانی گەرمیان رەش و جوان ئەبمەوه. پاش پاسپۆرت پشکنین، که ئەوەندەی نەئەبرد، چوینه نێو کۆگاکانی فڕۆکەخانەکەوه بەو مەبەستەی هەندێ زلاتێ بکرین (پارەی ولاتی پۆڵۆنیا)، هەرچەنده پۆڵۆنیا ئەندامی یەکێتی ئەوروپایە، بەلام هێشتا یۆرۆی نییه. ئینجا به پاص چوین بۆ شار. رێگاکه ماندوو دیاربوو، به دار قەراخ درابوو، له پشتیەوه سەوزاییەکی گەش به دەم باوه کەروێشکەی ئەکرد. پاصەکه زوو زوو له ویستگەکان دەوەستا، ئەوەندەش خێرا نەئەڕۆشت، دەرفەتی ئەوه هەبوو بنوارێ.

وارشۆ له یەکەم بینیندا له شارێکی ولاتانی جیهانی سێ ئەچێت. شارەگەورکانی دونیای سێ جەنجاڵ و شێواو ناچێژەن. له دەرکەوتەی یەکەمدا ئەو ناهارمۆنیەته دەبینی که پاشان له زۆر بوارەکانی تری پێکهاتەی کۆمەڵگادا رەنگدانەوەی هەیە. مەبەستم لەمه ئەوەیە، کاتێك له تەنیشت باڵەخانەیەکی بەرزی شوشه یان مینابەنەوه خانویەك دەبینی که هەست دەکەی ئێستا نا ساتێکی تر دەڕوخێ. ئەم دوو جیاوازیە، ئەم ئاسمان رێسمانە، گەواهی ئەوەن که گەشەی کۆمەڵگا هارمۆنی نییە. به کارهێنانی من بۆ وشەی هارمۆنیا له مۆسیقاوەیە، به تایبەتی له بیتهۆڤن، کاتێك کۆمەڵێك دەنگ پێکەوه دەنگێك بەرهەم دێنن.



ناهارمۆنیەت کاتێك دێته ئاراوه که دەنگێك له دەنگەکان بەرزتر یان نزمتربێت. له باسی مۆسیقادا، وارشۆ شوێنی له دایکبوونی مۆسیقاژەنی ناسراو شۆپانه. ئەو رۆژانەی ئێمه لەوێ بووین ڤیستڤاڵی شۆپان هەبوو، له زۆر جێگا دەتتوانی بێ بەرامبەر گوێی له شۆپان بگریت. ئەوەی بەلای من و نامۆوه سەیر بوو، ئەو کورسیه رەنگ رەشه بەردینانه بوون که له چەند جێگایەکی شاردا هەبوون ئەگەر دەستت پیانایه ئەوا مۆسیقای شۆپانیان بۆت دەژەن.

پۆڵۆنیا پاش رۆخانی دیواری بەرلین به شێوازێکی خێرا هاته نێو دونیای سەرمایەداریەوه. گواستنەوەی سۆشیالزم بۆ کەپیتالیزم به گشتی به دوو شێوازبوو، شێوازی شۆك و شێوازی هەنگاو به هەنگاو. پۆڵۆنیا له شێوازی شۆك یان حەپەسان بوو. له شەو رۆژێکدا له سۆشیالیزمەوه بوو به کەپیتالیزم. ئەمه رەنگدانەوەی زۆری هەبوو.

رۆژی گەشتنی ئێمه رۆژێکی تایبەت بوو له مێژووی پۆڵۆنیا (نەك له بەر گەشتنی ئێمه!!) بەڵکو لەو رۆژەدا له یەکی مانگی ئابی ١٩٤٤ راپەڕینی وارشۆ دەستی پێکرد. ئێواری ئەو رۆژه له کاتژمێری شەش به کاتی ناوخۆیی وارشۆ، سلێمانی واتەنی، قلێشایەوه. ئێستا له یادی ئەو رۆژەدا کاتێك له کاتژمێری شەش زەنگی کلێسا لێئەدات هەموو کەس هەتا تەواوبوونی زەنگەکان بەبێ دەنگی به پێوه دەوەستن. که زەنگ لێیدا من و نامۆ بێئاگایانه ئایسکرێممان ئەخوارد، لەپڕ که ئاپۆرەی خەڵکەکه له بازارە کۆنەکەدا له جوڵەکەوت نامۆ حەپەسا.

ناوەندی شاری وارشۆ بە گشتی دوو بەشە: بەشی کۆن و بەشی نوێ. بەشی کۆن، کە ئێمە لێی نیشتەجێی بوین، ئەو بەشەیە کە پاش وێران بوونی لە سەردەستی هیتلەر هەوڵدراوە وەك خۆی بونیادبنرێتەوە. لەوێشدا گێتۆی جولەکان هەبوون. گێتۆ شوێنێکی دابڕاوی شارە بۆ کۆمەڵێ خەڵکی جیاواز. بەشی نوێی ناوەندی شار کۆگا و بازاڕی شتومەکی گران بەهان. هەرچەندە چەند کافێیەك و کۆمەڵێ کتێبخانەی جوانی تیابوو. کتێبخانە یان دوکانی کتێبفرۆشی جێگایەکی تایبەتە لە هەناوی جەستەی شاردا، ئەگەر شار وەك کەللە سەری مرۆڤ وێناکەین ئەوا کتێبخانە بەشی یادەوەریەتی. من هەمیشە لە سەفەرم بۆ شاران، بۆ حەسانەوە، بۆ دابڕان لە جەنجاڵی، بۆ چێژ وەرگرتنێکی خاو، خۆم دەخزێنمە نێو کتێبخانەکانەوە. هەر کتێبخانەو تامی خۆی هەیە. لە وارشۆ بەتامترین کتێبخانە ئەو کۆگای ئەنتیك-ەبوو کە لە نزیك زانکۆی وارشۆ بوو. لەوێ لە سوچێکی تاریکدا کۆمەڵی پەڕتۆکی بەنرخم بە زمانی ئینگلیزی دیەوە، چەند دانەیەکم لێکڕین، لە کاتی پشووی گەرمای نیوەڕۆدا چێژی زۆرم لیبینین. بە تایبەت دەقە بەنرخەکەی سەمیر الخـەلیل، ناوی نهێنی کەنعان مەکیە، لە ژێر ناونیشانی مۆنیومێنت: هونەر بازاڕێتی و بەرپرسیارێتی لە عێراق، کە لە ساڵی ١٩٩١ لە لایەن ئەندرێ دویچەوە لە چاپدراوە.

لە وارشۆ ئەنتیکخانەی زۆر هەبوون، سەردانی هەندێکیانمان کرد. جوانترینیان ئەو جێگایەبوو لە هەناوی بازاڕە کۆنەکەدا کە دەرگایەکی ڕەنگ ڕەشی قورسی هەبوو کە لەو نیوەڕۆ گەرمای هاوینەدا پاڵمان



پێوەنا، وەك کەلوێری گەوڕی گەرمیان جیرەی ئەهات، لە ناوەوە دوو ئافرەتی نیمچە رووتی، نیوەخرت، لەگەڵ پشیلە یەکی خەواڵوی تەمەڵا پێشوازیان لێکردین. پشیلەی کتیبخانەکان جوانن، ئەگەری زۆریش هەیە رۆشنبیربن!! بەڵام شاری راستەقینەی پشیلە ئەستەنبوڵە. بە هیوام رۆژێك دەقێکی جوان لە سەر پشیلەکانی ئەستنبول بنوسم.

وارشۆ، بە تایبەت ناوەندی شار جوان بوو، هێمن بوو، تا ئاستێکی زۆریش دڵتەنگ. ئەوەی وارشۆ لە شارەکانی تری دونیای سێ جیائەکاتەوە، جەستەیە، بە تایبەتی جەستەی کریستاڵی ئافرەت. کچی وارشۆیی زۆریان باڵابەرز و جوانن، لە گەرمادا شۆرت و تەنورەکانیان تا ئەوپەری کورتی کورت ئەکەنەوە، لە نمایشی جوانیاندا هەتا بلێی بەخشندەن. ئەم ئاسانیەی سێکسە وایکردوە کە توندوتیژی کەمتربێت، بە تایبەت توندوتیژی تیلە و توانج-گرتن کە شارەکانی رۆژهەڵاتی کردوەتە دۆزەخ بۆ ئافرەت. پیاوی کۆمەڵگا رۆژهەڵاتیەکان گورگانە لە ئافرەت دەنواڕێ، هێندە بێبەریە لە جەستە حەزئەکات ئێسك و پروسکی بهاڕێت. ئەمە بانگەشە نییە بۆ بەرەڵابوون، بەڵام بۆ مرۆڤاندنی پێکەوەبوون. خەونی حۆریەکانی بەهەشتە ئەو هەموو شکستخواردوەی کۆمەڵگای کردوەتە بۆمب، کە لە خوێنڕشتن و کوشتنی بێگوناهاندا تینوێتیان ناشکێ. کیزابۆری ئۆ گەورە رۆماننوسی یابانی رۆمانێکی لەمبارەوە هەیە کە تیا باسی ئەوەکات، چۆن بێبەری بوون لە جەستە مرۆڤ ئەکاتە توندڕەو. لە راستیدا گرێی بێبەریبوون بە دەستەبەرکردنی جەستە ناکرێتەوە.

بێبەرییبوو چەپپیوە تەنها چێژ لە ئازاردان و شکاندن و مەرگ وەرئەگرێت.
خۆشەویستی بۆ بێبەری بێتامە، زۆرترین چێژ بۆئەو لە لاقەدایە.

دوارۆژ بە ترام بە شاردا سەفەرمانکرد، هەژاری و پەرتەوازەیی و پشتگۆێخستن لە هەموو شوێنێك دەبینران. بەڵام وارشۆ شایستەی بینینە.



## هەولێر: بوون لە زەمەنی شاردا

ئەوەندە نابێ لەوێ بووم. بۆ خەڵکانێکی زۆر، دەربارەی دەسەڵات و ئۆپۆزسیون قسەم کرد. پاشان لە تەلەفزیونی سپێدە دەربارەی ئەنفال و ئەمریکا چاویان پێمکەوت. لە زانکۆی کوردستان بە زمانی ئینگلیزی ویستم وەڵامی پرسی شکستی مۆدێرنە بدەمەوە لە هۆڵێکی، هەتا بڵێی مۆدرێندا. هەرهەمان رۆژ لە زانکۆی سەلاحەدین هەوڵم دا دەربارەی بیری سیاسی جۆرجیو ئاگامبین بۆ قوتابییانی فەلسەفە بدوێم. ئاماژە بەمانە ئەدەم بۆئەوەی فرە توێژاڵێتی جێگایەکی وەك شار دەرخەم.

هەولێر لە چەند رەهەندێکەوە بوونێکی تایبەتی هەیە لە بونیادی ناسنامەی نوێی ئێمەدا. هەولێر جێگایە کی مێژووییە، پایتەختە، یەکەم هەنگاوی ئێمەیە بۆ میترۆپۆڵبوون. دەبێ ئەم سێ ئاستە جودایە چی بگەیەنن. ئەم ئاستانە لە هەمانکاتدا ئاماژن بۆ رەگ، فەنتازیا، درێژبوونەوە، دەسەڵات، نوێ، مۆدرێن، پۆستمۆدرێن. هەولێر لە روانگەی مێژووەوە گەواهی بوونی ئێمە ئەدا، لەوێ، لە دێر زەمانەوە. لێرەدا کات، وەك قەڵا ئاماژەی پێئەدات، تەنها ئێستا نییە، بەڵکو درێژکراوەیەکی بێ مەودای هەیە بۆ رابردوو. لێرەوە پایتەخت-بوون و میترۆپۆل-بوون تەنها فەراهەم بوونی خەونێکی دێرینە. ئەم رەهەندە مێژووییە گرنگیەکی بەهاداری هەیە لە بەسیاسی بوونی پانتایی شاری ئێمەدا. بە سیاسی بوون لە ئاستێکی گلۆباڵدا. لە سەردەمی جیهانگیریدا دەوڵەتەکان و سنورکانیان شل ئەبنەوە. ئەوەی وەك خاڵ لە سەر رووی جوگرافیای نوێ

دەرئەکەویت شارە. بۆیە شار لە ئەمڕۆدا، زیاتر لە هەموو کاتێ بونیادێکی نێودەوڵەتی و جیهانی هەیە.

لێرەوە دەکرێ پشوویەك بدرێت لە بیری سیاسی ئێمەدا، کە خەونی دەوڵەت دەبینێ، بەوەی شارێك لە ئاستی دونیادا بونیادنێت. شارێك کە ئامادەیی بە ئێمە بدات لە دونیادا. ئەمە پێویستی بە دیدێکی نوێ هەیە بۆ سیاسەت. سیاسەت بۆ بونیادنانی شار. من چەمکی شار لێرە لە ڕەهەندە یونانیەکەی (مەبەستم پۆلس) و ئۆگیستینیەکەی: شاری خوا (چاك) و شاری مرۆڤ (خراپ) دائەبڕم. شارێك بۆ ئێمە، پانتاییەك بۆ پیادەکردنی بوون لە ئاستی ناوچەیی و دونیادا. ئەگەر شاربوون شێوازێکی نوێی ڕێکخستنی کۆمەڵگابێت، ئەوا ئەم شارە تایبەتمەندی ئەوەی هەیە کە پایتەختە.

پایتەخت، چەمکێکە بە کۆمەڵێك سیمبولی گرنگەوە. پایتەخت ئاماژەیە بۆ بوونی دەسەڵاتێکی سیاسی، جێی ئاماژەیە کە لە مێژووی ئێمەدا هەمیشە پایتەخت روخسارێکی خراپەکاریانەی هەبووە. بە پایتەخت بوونی هەولێر دابڕانە لەو مێژووە، پایتەخت بوونی جێگایەکە کە چەقە بۆ کۆمەڵێ جێگای تر، کە لە هەمانکاتدا دەبێتە جێگای بەڕێوەبردنی ژیاری ئەوانی تر. لەم روانگەیەوە پایتەخت بوونی هەولێر یانی بڕیاردان لە سەر چۆنێتی ژیاری خۆمان لە جێگایەکی دێرینی خۆمانەدا. بەڵام پایتە خت لە هەمانکاتدا ڕەهەندێکی ئاشکرای جیهانی هەیە. ئێمە لە ڕێگای بە پایتەختکردنی هەولێرەوە بە خەڵکی دونیا دەڵێین گەر دەتانەوێ پەیوەندبن بە ئێمەوە دەبێ لێرە جێگایەکتان هەبێت.



بۆیە پایتەخت دەبێتە ئەو پانتاییەی کە هەموو دونیا دەیەوێ تیایا پانتاییەکی بچکۆلەی هەبێت. تێڕامان لە بونیادی سیاسی جێگایەکی وەك باڵوێزخانە یان کونسولگەری ڕەنگە یارمەتی دەرمان بێت بۆ تێگەیشتنێ زیاتر. باڵوێزخانە یان کونسولگەری جۆرە جێگایەکن لە دەرەوەی یاسا، لە دەرەوەی دەسەڵات. پنتێکی بچوکن کە یاسای وڵاتی خۆیان تیادا سەروەرە. ئەمە یانی یاسای وڵاتێ تر، لە هەناوی وڵاتێکی دووری جودادا. بەڵام ئەمە مانای شکانی سەروەری نییە، بەڵکو یانی ڕێگەدانە بۆ ئامادەبوونی ئەویتر وەك خۆی لە هەناوی ئێمەدا. ئا لێرەوە پایتەخت بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەبێتە بەشێکی ڕاستەوخۆ لە کەلتور و سیاسەت و بەرژەوەندی گەلانی تر. بە هۆی پایتەختبوونەوە ئەویتر بواری هەیە وەك خۆی ئامادەبێت.

ڕەهەندی سێیەمی هەولێری ئەمڕۆ میترۆپۆلبوونە. ئەگەر شار پێکهاتەیەکی سەردەمی مۆدێرنە بێت، ئەوا میترۆپۆل پێکهاتەی سەردەمی پۆستمۆدرێنە. ئێمە ڕەنگە شارمان هەبێت، بەڵام هێشتا میترۆپۆلمان نییە. میترۆپۆل، هەرچەندە مانا لاتینیەکەی یانی دایکی شار یان شاری دایك، کە زیاتر ڕەهەندێکی ئیمپراتۆریانەی هەیە، شاری وەك لەندەن، پاریس، ئەستەنبول، ڤیەننا. بەڵام من لێرەدا بەو مانایە بەکاری دەبەم کە شارێك وەك جیهان. شارێك کە پڕە لە تۆڕ و توێژ و پێکهاتەی جودا. شارێك کە پانتایی هەیە بۆ کاتی جودا، بوونی جودا، نمایشی جودا. شارێك کە هیچ تیا باڵادەست نییە، چونکە هەموو شتێك تیا دێت و دەچێت. شارێك هیچ تیایدا بونێکی ڕەقی نییە، بەڵکو هەموو شتێك شلە.

میترۆپۆل یانی هەبوونی بوار بۆ جودابوون، بۆ گفتوگۆ، بۆ نامۆبوون، بۆ ئەوەی بۆدلێر ناوی ئەنێت فلوێنێغ، یانی رۆشتنێکی بێ مەبەست بە تەنها لە نێو ئاپۆرەی خەڵکدا.

لێرەوە هەولێر جێگایەکە کە هەیە و نییە. کە واقیعە و یوتوپیایە. بوونێکە کە لە نێوان خواست و بەرجەستەبووندا مەلەئەکات. هەولێر کە هەڵگری ئەم هەموو سیمبولەیە، دەبێ ببێتە پانتاییە تایبەت. ئێمە لە پاش هێنری لێفێبڤێرەوە دەزانین کە پانتایی، بوونێکی سروشتی نییە، بەڵکو بونێکی کۆمەڵایەتی هەیە. بوونی کۆمەڵایەتی یانی بوونی بەرهەمهاتوو. بەڵام جێگایەکی ئاڵۆزی وەك شار پڕە لە نهێنی، پڕە لە پێچاوپێچ، پڕە لە کون و کەلەبەر، پڕە لە سوچ و پارك و گەڕەك و ناو و و بازاڕ و دونیایەك شتی تر کە هەموو ئاماژەی تایبەتی هەیە. بۆیە هەموو پانتاییەك دەقێکی شیعرییە. رەنگە گاستۆب باشلار و دەقی شیعریەتی پانتایی یارمەتیدەربێت.

ئەگەر ئێمە دەمانەوێ مێژوومان هەبێت، بوونمان هەبێت، لە دونیادا ئامادەییمان هەبێت، دەبێ لە دوو ئاستدا پێکەوە کاربکەین. ئاستی یەکەم خۆمان بین، ئاستی دووەم بەشێك بین لە دونیا یانی دونیایی بین یان گەردوونی. ئا لێرەوە چی دی تاقانەیی دەمرێت. هەولێر تەنها یەك کاتی تیا نییە. کات وەك پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی لای هەریەکەو بە شێوەیەك بەرهەم دێت. بۆیە کاتی خۆماڵی، کاتی ئاینی، کاتی جیهانی، کاتی بازاڕ، کاتی تەکنەلۆژیا، کاتی ئەخلاق و نەریت، کاتی سیاسەت دەبێ هەموو پێکەوە لە چوارچێوەی ئەم بوونەی شاردا پێکەوە هەبن. ئەمە بە



هەمانشێوە راستە بۆ شوێن، لە شاردا، یان لە میترۆپۆلدا کۆمەڵێ شوێنی جودا هەیە کە هەریەکەو خاوەن نەریت و بەهاو کەلتوری خۆیەتی. شوێنی مزگەوت شوێنێکە لە دەرەوەی کات، لە دەرەوەی شوێنی کۆمەڵایەتی، بەڵام شوێنی زانکۆ بە پێچەوانەوە. بۆ ئەوەی هەولێر شارێکی ئێمەبێت لە جیهاندا دەبێ بتوانێ میوانداری جیهان بکات.

## ئەستەنبول

لە ژێر ناونیشانی ئەستەنبول: یادەوەری شارێك، گەورە نوسەری تورك ئۆرهان پاموك كتێبێكی دەربارەی ئەو شارە نوسیوە. دەقەكەی پاموك ئاوا دەست پێئەكات: لە تەمەنێكی زۆر لاوێتیەوە، گومانم دەكرد دونیاكەم زیاتر تیایە لەوەی كە من دەتوانم بیبینم، لە شوێنێك لە شەقامێكی ئەستەنبول، ماڵێك لە ماڵەكەی ئێمە بچێت، ئۆرهانێكی تر ئەژی ئەوەندە لە من بچێت كە وەك جمكی من وابێت، یان تەنانەت لە هاوشێوەی من. ئۆرهان لە رێگای قسەكردن لە سەر یادەوەریەكانی لەسەر ئەو شارە، خۆی شارەكە بونیاد دەنێتەوە. بۆ ئەو وەك پاشان لە دوا رۆمانیدا مۆزەخانەی پاكیزە شارەكە سەرتاپا دەبێتە یادەوەری. ئەستەنبوڵ بۆ من زیاتر لە یادەوەریەكە. شارێكە، دەروازەیەكە، دونیایەكە، كۆمەڵێ یادەوەریە.

### یەكەم گەشتن

یەكەم گەشتنم بۆ ئەو شارە، لە ساڵی ١٩٩٦ بوو. ئەو دەم تەمەنم تەنها ٢٣ ساڵ بوو. پڕبووم لە خەونی تازە چەكەرەكردوو. تێڕامان لە وێنەكانی ئەو رۆژگارە روخسارێكی پر لە خەم چاونێكی پڕ خەونم نیشان ئەدا. قاچاخچیەكە كە گەیاندمی، لەگەڵ كۆمەلێك خەڵكی تردا، چاوەكانی، وەك ئاسمانی هاوینی گەرمیان، شین بوون. پاش ئازارچەشتنێكی زۆر و سەفەرێكی سەخت قاچاخچیەكە، بە مەبەستی گەیاندمان بۆ یۆنان، لە شوقەیەكی شێوە لاكێشەیی لە ناوچەی فاتیح بۆ ماوەی چل رۆژ بەندیكردین. لەوێ ئێمە چاوەڕێ بووین هەتا لە رێگەی دەریاوە بۆ وڵاتی



یۆنان بەڕێمانخات. كەواتە من لە سەرەتای بیستەكانی تەمەنمدا لە ئەستەنبووڵ لەگەڵ برێكی زۆری تری خەڵكدا لە شوقەیەكی تەسكدا، بەند بووم. لەوێدا خواردنی توركی هەرزانمان دروست ئەكرد، رۆژەكانمان ئەژمارد و چاوەڕێ بووین لەوێ بڕۆین. ئەستەنبوول هیچ نەبوو جگە لە دەروازەیەك. وەك پەندە ئینگلیزیەكە دەڵێت: بەردێك هەنگاوی بخەیتە سەر.

سەفەر لەگەڵ قاچاخچیدا سەفەرێكی جودایە. سەفەرێكە پڕ سەیر و سەمەرە. مرۆ، لە سەفەرێكی وەهادا بەتاڵە لە ئیرادە، لە بڕیار، لە خواست. بۆیە دەكرێت گومان بكرێت لەوەی سەفەر لەگەڵ قاچاخچیدا سەفەربێت. كاتێك مرۆڤ بڕیار ئەدات خۆی بداتە دەست قاچاخچی بۆئەوەی بگاتە شوێنێك، چەند ئاماژەیەك لە خۆی ئەگرێت. یەكەم: مرۆ خۆی ناتوانێت بڕوات، ئەمەش یانی نەبوونی تواناو ئیرادە. دوو: سەفەر لەگەڵ قاچاخچیدا یانی خۆدانە دەستی قاچاخچی كە یانی بوون بە ژمارەیەك، نەفەرێك، كاڵایەك كە دەبێ بگەیەنرێیت. هەر بەم شێوەیە قاچاخچی بیرت لێئەكاتەوە. قاچاخچی و تیمەكەی بیر لە نەفەرەكان وەها ئەكەنەوە كە تۆپەڵێك بن پێویستیان بەوەیە بە خێرایی و بە هەرزان بیانگەیەننە شوێنی مەبەست هەتا لە كورتترین كاتدا زۆرترین قازانجیان لێبكەن. سێ: مرۆڤ لە رێگای قاچاخدا دەبێت ببێتە بەشێك لە سیستەمی دەسەڵات، كە ئەو تیایدا هیچ نییە جگە لە گوێگرێك و جێبەجێكەری پلان. چوارهەم، چوون بە رێگای قاچاخدا یانی چوون بە هێڵێكی تەریب بە هێڵی یاسا. قاچاخچیەكان تەنها بازرگانی ناكەن بەڵكو دەسەڵات پیادەئەكەن، كەسایەتی خۆیان بونیادئەنێن، خەڵك لە دەوری خۆیان كۆئەكەنەوە،

شێوازێك لە حوكمكردن دێتە ئاراوە. گەرچی رەنگە سەفەری قاچاخ لە سەفەری سوپایەكی نهێنی بچێت، بەڵام قاچاخ لەوەدا جودایە كە دیسپلین و بەرنامەی تەواو لە سەر خواستی قاچاخچییەكە وەستاوە. لە سەفەری قاچاخدا مرۆڤ ژیانی هەمیشە لە مشتیایە، وەك پەندە كوردیەكە دەڵێت. هەمیشە ئەگەری ئەوە هەیە لە دەستت بەربێتەوە، یان لێت بەردەنەوە. لە قاچاخ كەسەكان بەپێی پلەی كۆمەڵایەتیان نرخ و بەهایان دەرئەكەوێت. هەرچەندە ئەمە تەنها پێوەر نییە بۆ پێگەی كەسێك. بەڵكو یاسای قاچاخ لە سەر توانای كوشتن یان تۆڵەكردنەوە وەستاوە. ئەگەر كەسی قاچاخچی بزانێت كەسی قاچاخ ئەگەر هاتوو خراپییەكی بەرامبەركرا دەتوانێ خۆی یان كەسوكاری تۆڵە بكەنەوە ئەوا ژیانی زیاتر پارێزراودەبێت لە كەسێكی تر. لە قاچاخدا، چونكە وەك لە مانای وشەكە دیارە یاسا بوونی نییە، یان بە مانایەكیتر یاسای گشتی بوونی نییە، بەڵكو ئەوەی هەیە یاسای سروشتیە، یان یاسا هۆبزیەكەیە، ئەویش تۆ وەك كەسێك چەندێك خاوەنی هێزیت. تا زیاتر هێزت هەبێت زیاتر پارێزراویت. دونیای قاچاخ رەنگدانەوەی راستەوخۆی دونیا كۆمەڵایەتی ئێمەیە. دونیایەك كە تا ئێستا ئاشنا نییە بە یاسا، بە بیری یاسایی. گۆڕینی هێز بۆ یاسا گۆڕانێكی خاوی پڕ لە تەنگ و چەڵەمەیە. دیارە لە یاسادا هێز كۆتایی پێنایەت بەڵكو رۆڵێكی تر وەردەگرێت. رۆڵی هێز لە دونیای یاسادا ئەوەیە كە هێز لە رێگای وشەوە رێكئەخرێت، وێنائەكرێت. كاتێك وشە رەنگدانەوەی عەقڵە، ئەوا هێز لەلایەن عەقڵەوە رێكدەخرێت. عەقڵ پێوەرەكانی جودایە لە هێز. عەقڵ دەركێكی قووڵتری هەیە بۆ



سەقامگیری، دادپەروەری، هاوسەنگی، هەرچەندە مەرج نییە هەمیشە ئەم پێوەرانە پیادەكات.

لە یەكەم گەشتندا ئەستەنبوڵ بۆ من شارێك بوو شاراوە. شارێك بوو وەك شارە نادیارەكەی ئیتالۆ كالڤینۆ. لەوێ لە پشت دەرگایەكی كلۆمدراوەوە لەزاری ئەوانەوە كە مافیان هەبوو برۆنە دەرەوە سەربوردەی ئەو شارەم دەبیست، لە ئاگایی خۆمدا هەوڵی وێناكردنیم ئەدا. گەرچی من لە ئەستەنبوڵ بووم بەڵام بێبەری بووم لە ئەستەنبوڵ. ئەو وێنایانەی هەمیشە دەگەشتن وێنای نێرانەبوون. وێنای ئافرەت و سێكس و هەندێجار جوانییە دەرەكیەكان بوون. بۆخۆی رەنگدانەوەی ئەو چەپەكراوانەبوون كە لاوی كۆمەڵگای ئێمە بە دەستیەوە دەناڵێنێ. هەرئەوەشە وەهایكردوە كە ئەوروپا وەك جێگایەكی ئازادی كپكراوەكان ببینێت. یەكەم گەشتن ئامادەبوونێك بوو لە سەرەتاتكێ. بینین لە كونی كلیكی دەرگاوە، لەو دیو پەنجەرەی پاسەوە، بەوپەڕی دڵەراوكێوە. ئایا تێپەڕین بە سەرزەمینێكدا بە كەمترین بینین و زۆرترین ترس چی دەگەیەنێت. چ جۆرە ئامادەبوونێكە ئامادەبوونێكی وەها. ئایا من لە ئەستەنبوڵ ئامادەبووم، یان لەوێ بووم بۆئەوەی لەوێ نەبم.

پاش چل رۆژ بە پاص براین بۆ قەراخ دەریا. لە ناوچەیەك نزیك بە شاری گەشتیاری بۆدروم. كە سەفەرەكە رێك نەكەوت ئێمە لە قەراخ دەریا لە قەدپاڵی شاخێك لە نێو دارستانێكی سنەوبەر جێهێڵراین.

بۆ گەرمیانیەك دەریا بۆ من جوان بوو، جوانیەكی نوێ. شەوان گوێمان لە شەپۆلەكان بوو خۆیان لە تاشە بەردەكانی كەناری ئەدا. هەموومان كە

نزیکەی بیست کەس دەبووین، پڕبووین لە خەون، لە ترس، لە چاوەنواڕی. بیرمان لە بەلەمێکی شکاو ئەکردوە بە دەریادا بمانباتە ئەوبەر. بمانگەیەنێتە دوورگەیەکی یۆنان. یۆنان سەرەتای ئەوروپا بوو. لەوێ وەك هەمیشە بەیەکترمان دەگووت نەدەگیراین. پێویستی نەئەکرد لە پۆلیس هەڵبێین، بەردەوام لە مەترسی سنورداش بترسین.

تێڕامان لە ئەزموونی کۆمەڵێ کەس، دابڕاو لە دونیای دەوروبەریان، ترساو لە هەموو کەسێکی تر، دوور لە وڵاتی خۆیان و بەرەو وڵاتێك و چارەنوسێکی نادیار، تێڕامانێکی پڕ ئاماژەیە. لە دۆخێکی وەها پڕ لە فشاردا، پڕ لە ترس، پڕ لە دڵەڕاوکێ، کەسەکان چۆن مامەڵە ئەکەن، چۆن لەگەڵ ئەو فشارانەدا هەڵئەکەن، چۆن بەرگری ئەکەن، ئایا لە کاتەکانی چاوەنواڕیاندا چی ئەکەن. دەبێ وەك ئیستراگۆن و فلادیمر جووتە پاڵەوانە بێهودەکەی بیکێت، لە شانۆگەری لە چاوەنواڕی گۆدۆدا، لە بیریان ئەچێت بۆچی لەوێن، پێویستیان بەیەکترە بۆئەوەی بیری خۆیان خەنەوە کە ئەوان بۆچی لەوێن.

ئەزموونکردنی ئێمە لە چەند شێوازێکدا خۆی دەرئەخشت. لەوێ کات هۆکارێکی گرنگ بوو، کات هەتا زیاتر تێئەڕی کەسەکان هەڵوێستی جودا جودایان دەنواند. لەگەڵ تێپەڕینی کاتدا پێداویستیەکانیش ئەهاتنە ئاراوە، خواردن و برسێتی. ڕۆژەکان تێئەپڕین و هەموو کەس لە خۆی دەپرسی ئایا چەندیتر لێرەدەبین و چی بخۆین. برسێتی کاریگەری ڕاستەوخۆی هەبوو لە سەر بیرکردنەوە و هەڵوێست و ئەخلاقی کەسەکان. وەك تزیڤان تۆدۆرف پێمان دەڵێت لە شوێنی وەك کامپی لەناوبردنی



جوولەکەکاندا ئەخلاقی تایبەت هەبوو، هەروەها لەوێش. لە دۆخی و جێگای وەهادا مرۆڤ دارن دەبێت، رووت دەبێتەوە، ڕووبەڕووی خۆی دەبێتەوە. کە بۆ مرۆڤێکی وەك کورد، بۆ کەسایەتیەکی وەك کەسایەتی گەورەبووی نیو خێزانی کورد ڕووبەڕووبونەوەیەکی سەختە. لەوێ کەسەکان بەدوای هاوڕێتیدا دەگەڕێن، بەدوای خواردندا دەگەڕێن. بە هەموو شێوەیەك هەوڵێ مانەوەی خۆیان ئەدەن لە دۆخێکدا کە مانەوە تیایدا کەوتوەتە بەر مەترسیەکی گەورە. کە هەستدەکەی شکست دێنێت، چۆن هەڵسوکەوت ئەکەی.

ڕووبەڕووبونەوەی شکست یان ئەگەری شکست لە جێگایەکی دوورە دەستی نامۆ و خۆ بینینەوە لەو پەڕی بێدەسەڵاتیدا دەبێتە هۆی ڕاچەنینێکی زۆری بیروباوەڕ و باری دەروونی کەسەکان. ئەستەمە بۆ مرۆ ئالودەبێت بە شکست. بەڵام مرۆڤی خاوەن ئاگایی سەربەخۆ دەبێتە خاوەن ئەزموون لە شکستەکانیەوە. لە سەفەری هاندەراندا شکست هەمیشە ئەگەرە. شکست دۆخێك یان ساتەوەختێك نییە کە مرۆ بە سەریدا سەرکەوێت یان تێیپەڕێنێت. بەڵکو ئەگەر چونە هاندەران سەرکێشیەك بێت بۆ سەرەتایەکی نوێ ئەوا شکست هەمیشە ئەگەرێکە لە ئەگەرە دڵتەنگەکان.

مرۆڤ بە زۆر شێواز شکست دێنێت. بە هەمانشێوە بە زۆر شێواز مامەڵەی لەگەڵا ئەکات یان بەرپەرچی ئەداتەوە. شکست هەیە دەبێتە ئەزموون. شکست هەیە دەبێتە خاڵی وەرچەرخان. شکست هەیە دەبێتە ساتەوەختی بە ئاگابوونەوە. شکست هەیە دەبێتە هۆی کرانەوە بەرەوڕووی

دونیایەکی تردا. کەسەکان و بارودۆخەکانیان و ئاستی ئاگایی و باری دەروونیانە کە چۆنێتی پەرچەکرداری شکست دیاری ئەکات. لە مێژووی گەلاندا شکست بووەتە هۆی هەستانەوەی تۆکمەتر. بەڵام لای کورد مێژوویەکی تری هەیە. کورد شکست دێنێت، بەبێ ئەوەی ئەزموونی شکست بکات. بەبێ ئەوەی لەسەر رووداوی شکست رامێنێت، راڤەی کات، هەوڵی بینینی هەموو توێژەکانی بدات. وەك دەڵێن شکست بێخاوەنەو سەرکەوتنیش بە سەدان خاوەنی هەیە. مرۆڤی کورد بە نێو شکستەکاندا ئەڕوات و لێیان رانامێنێ، وەریان ناگێڕێت بۆ ئەزموون، نابێتە هۆی پێداچوونەوە. لە راستیدا کەلتوری کوردی شتێکی ترمان دەربارەی شکست پێدەڵێت. ئەویش کۆڵنەدانە. کۆڵنەدان یانی هەوڵدانی کەڕ و کوێرانە بەرەو ئامانجێك، کە زۆرجار بەباشی نەناسراوە. وەك بەهایەکی ئاینی کۆڵنەدان بەرەو ئامانجێکی تەڵخ زیاتر بە گوڕترە لە تێکۆشان بۆ ئامانجێکی روون. بۆیە هەمیشە کۆڵنەدان بۆ ئامانجە ئەفسانەییەکانە، بۆ ئەو ئامانجانەیە کە مرۆڤ بە ئازادی خۆی بەو پەڕی ئایدیالەوە وێنایان ئەکات.

ئەوروپا ئەو جێگایە بوو کە لە خەیاڵدانی ئێمەدا بەم شێوەیە وێنا ئەکرا. شکست بۆ نەگەشتن بە ئامانجێکی ئەفسانەیی بە سوێ ترە لە شکست لە پێناوی ئامانجێکی عەقڵانی. ئەمە وەهای ئەکرد شکستهێنان بۆ گەیشتن بۆ ئەوروپا شکستێکی تراژیدی بێت لە ژیانی کەسەکاندا.



**بەندیخانە**

ئێمە کە برسێتی تەنگی پێهەڵچنین، بێ هیوابووین لە هاتنی قاچاخچییەکەمان، بۆیە ناچاربووین لە بەرەبەیانێکی زوودا، لە سەرخۆ، بە قەدپاڵەکەدا بێینە خوارێ و پاشان بەو رێگا گڵێنەدا کە بە شۆفل دروستکرابوو لە سەرخۆ برۆین. کە گەشتینە یەکەم گوند لەوێ هەر زوو وەك ئەوەی هەواڵمان لێدرابێت، سەربازی تورك هاتن و دەستگیریانکردین. ئەوە یەکەمجاربوو من لە تەمەنمدا بچمە بەندیخانە. ئەوەندە بەباشی ئاگادارنەبووین پرۆسەکە چۆن بەڕێوە دەبرێت، بەڵام پاش وێنەگرتن لە چەند لایەکەوە، ئێمە کە ژمارەمان نزیکەی ٢٦کەس دەبوو لە ژوورێکی بچوکی تەسکی تاریك ئاخێنراین.

بەندیخانە، بە کوردی یانی ئەو جێگایەی تیایدا دەبیتە بەند. بەند یانی کۆیلە. کەواتە بەندیخانە ئەو جێگایەیە کە مرۆڤ تیایدا دەبێتە کۆیلە. هەمیشە ئەم کۆیلەبوونە وەك جۆرێك لە سزا دەبینرێت. بەڵام بەندبوون یانی بێبەریبوون لە ژیان، وەك ئەوەی خۆت دەخوازیت. بۆیە کۆیلە بوون لە هەمانکاتدا یانی لە دەستدانی مافی ژیان وەك ئەوەی خۆت دەخوازیت، سنوردارکردن یان کۆتاییهێنان بە ئازادی گەڕان، بینین، بەشداریکردن و زۆر شتی تریش. ئێمە بەوە سزائەدراین کە بە قاچاخ هاتوینەتە نێو وڵاتێکی بیانیەوە و دەمانەوێت بە قاچاخ برۆین بۆ وڵاتێکی تر. ناو بەندیخانەکە تاریك بوو. کە جەندرمە تورکەکان بە زنجیرەکە دەرگاکەیان کڵۆم ئەدا، لە زرەیدا هەستمکرد ئەمە ئەو جێگایەیە کە زۆرم

دەربارەی بیستوە و هەرگیز ئەزموونم نەکردوە. جێگاکە هێندە تەسك بوو ئێمە ناچاربووین لە نزیك یەکەوە پاڵکەوین. لە تاریکیدا ژیان بە شێوەیەکی تر دەگوزەرێ. ئەوەی لە ئاماژەناسی ئەم پرۆسەیەدا بێبەریکردن بوو، لە روناکی، لە ژیان، لە رۆیشتن. ئێرە سەرزەمینێکی تر بوو، من مافم نەبوو پیایدا تێپەڕم بەبێ روخسەتی خاوەنەکەی. لە هەمانکاتدا خاوەنەکەی مافی هەبوو من بەندکات لەبەر هەوڵی تێپەڕبوونم.

بۆ کوردێك هەستکردن بە سنور، بە نیشتمان، بە یاسا هەرگیز ئاسان نییە. چۆن کەسێك دەتوانێ هەست بە ماهیەتێك بکات کە نیەتی. کە تەنها مافی ئەوەی هەیە خەونی پێوەببینێت. لە بەندیخانەدا حیکاتەکان دەست پێ ئەکەن. حیکایەتی کوردی، هەرگیز حیکایەتی پیاچونە وە و ئەزموونکردن نییە. حیکایەتی فێربوون نییە. چونکە ئێمە لە دەرەوەی مێژوو هەین، لە دەرەوەی سیستەمەکان وەك کۆیلەی سیستەمەکان، بۆیە لە جەوری سیستەمەکان ناگەین. لە بەندیدا حیکایەتەکانی بەندی دەگێڕدرێنەوە. زۆر هەبوون حیکایەتی پێشینەیان هەبوو. من لاوێکی گوێگربووم، لە سەفەرێکی سەرکێشانەدا شکستم هێنابوو، خەونم بەدەرەوە دەبینی. سەرباری ئەوەی بەندیخانەم نەدیبوو، بەڵام جێگایەکی ئەوەندە نوێ نەبوو. هەڵاتوو لە رۆژانی جەنگی ناوخۆدا، کوردستان بووبووە پارچە پارچەی بچکلۆلە کە سنوری گەڕان و بینینی هێندە سنوردار دەکرد مرۆ هەستی دەکرد ناتوانێت بچێت بۆ هیچ کوێ. لە هەمانکاتدا گەورەبوون لە ژێر سایەی بەعسدا لە سەرزەمینێکی وەك ئۆردوگای سموددا، هێندە لە بەندیخانە جودا نەبوو. لە بەندیخانەدا نەتئەتوانی بڕۆیتە دەرەوە. لە ئۆردوگا دەرەوە ئەو جێگایە نەبوو ئارەزووی چوونی بۆ بکەی. فۆکۆ باس لەم دیاردەیە ئەکات کە دەڵێت لای ئەو بەندیخانە و سیستەمی بەندیخانە تەنها لە بەندیخانەدا نەبوو، بەڵکو بەندیخانە زۆر لە شوێنەکانی تر دەچوو. ئۆردوگا، یان لە زۆرجاردا گوند بەندیخانەیەکی کراوەیە.



بەڵام ئەو بەندیخانەیەی کە ئێمە تیا گیرکراوین و هەستی پێناکەین، بەندیخانەی هۆشمانە. هەموو سیستەمێکی ئاگایی هەوڵئەدات مرۆ بەندکات. لە مرۆڤدا فزوڵیەت بکوژێت، لە نێوان ئەو دونیادا سنورێك بکێشیت، پیی بڵێت لە کوێدا رێپێدراویت و لەکوێدا رێپێنەدراویت. سیستەمی کۆمەڵایەتی ئێمە بەندیخانەیەکە کە ئێمەی تیا بەندکراوین. لە بەشی پانئۆپتیسیسزمدا فۆکۆ لە کتێبی دیسلپین و سزادا باسی ئەو سیستەمە گشتییە ئەکات کە لە سەدەی حەڤدە لە ئەورووپا باوبوو. لەوێدا فۆکۆ باس لە تیلەئەکات. تیلە کە دەبێتە سیستەمێکی هەمیشەیی لە چاودێری.

## ژیان لێرە

ژوورەکە بۆ من نەکراوە. ڕۆژانێکی زۆرە من لێرە نیم. ئەگەر هەر جۆرێك لە ئامادەبوونم هەبووبێت ئەوا هیچ نەبووە جگە لە یادەوەریەك کە لای هەریەك لە ئەندامانی ئەم خێزانە گەورەیە بە جۆرێك دەرکەوتووە. لە ڕاستیدا من بە چەند شێوەیەك ئامادەبووم، بەبێ ئەوەی ئامادەبم. بەڵام بە هەرحاڵ ئەم خانووە بۆ من نەکراوە. ڕەنگە لە ساتەوەختی کردنیدا، تەنانەت لە ساتەوەختی بیرلێکردنەوە لە دروستکردنیدا، یان بۆ نموونە، قسەکردن دەربارەی ئەم خانووە لە ساتی چایی خواردنی نیوەڕۆ یان عەسردا، بە هیچ شێوەیەك بوونی من، دووبارە ئامادەبونی من، بە ئاگایی کەسدا گوزەری نەکردبێت. بە هەر حاڵ من هێندە دوور بووم، چ وەك کات و چ وەك مەودا، یادەوەری دایکێتی نەبێت هیچی تر بە یادی نەئەهێنامەوە. ژوورەکە کە ئەم هاوینە بوەتە ماڵی من، لاکێشەییە، پەنجەرە نزمەکانی بە سەر باکور و باشور و ڕۆژئاوادا ئەڕوانن. ڕەنگە لە پلانی دروستکردنیدا بۆ ئەوە نەکرابێت ببێتە شوێنی خوێندنەوە و بیرکردنەوە و نوسین و بڕێکی زۆر لە کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەی زمانی جیاواز جیاواز. یان دیوارەکانی وێنای یادگاری پێوە هەڵواسرێت. لەم ساڵانەی دواییدا لەگەڵ گەشەی ئیسلامی سیاسیدا دیواری ماڵەکان ڕووتبوونەوە، لە هەموو وێنا و دیمەن و تابلۆیەك. ماڵ بووەتە شوێنێکی ڕەقی بێ یادەوەری. بە جۆرێك مرۆڤ ئەگەر هاتوو ڕۆژێك جێیهێشت هەست ناکات کە هیچی جێهێشتووە. دیارە ئەم کارە بچکۆلانە، لە ڕاستیدا کاری بچکۆلە نین، سیاسەتی یادەوەری، بەشێکی گەورەی سیاسەتی ئەم



ڕۆژگارەیە. بەڵام ئەوەی لێرەدا دەگوزەرێ پڕکردنی یادەوەریە، بۆ ڕێگەخۆشکردن بۆ تەنها یەك تێڕوانین کە ئەویش تێڕوانینی ئاینییە. لەم ڕێگەیەوە مرۆڤ ئەکرێتە بیابانێکی چۆڵ، کە بە ئاسانی دەستەمۆئەکرێت.

من یادەوەریم زۆرە لەگەڵ ژووری جوداجودا. لە وڵاتی جودا، لە ژێر ناوی جودادا، بە قەبارە و شێوە و هاوەڵانی جودا. بەڵام هەرگیز ژووری خۆم نەبووە. گەڕیدەییەك ژیانی منی گرتەوە لە کۆتاییەکانی هەزارەی ڕابردووەوە ڕەنگە وەك شێرپەنجە هەتا مەرگ لێم نەبێتەوە. لە کاتێکدا هەمیشە خەونم بەوەوە دەبینی ژوورێکم هەبێت لە هەمانکاتدا جوڵان و کۆچ و ڕۆشتن و ناسەقامگیری ڕێگەیان نەدام. ژیانی من بە شێوەیەکی گشتی لە نێوان ڕۆشتنێکی هەمیشەیی خەونێکی ئەبەدی بە نیشتەجێبوونەوە دەگوزەرێ. ئەم گەڕیدەییە، سەرتاپا ڕەهەندەکانی ژیانمی تەنیوە.

لە خەیاڵدانی مندا وێنایەك هەیە بۆ ژوورێك، کە ڕەنگە ژوورێکی بەهەشتی بێت، لە وێدا هەمیشە لە تەنیشت قەرەوێڵەکەمەوە شوێنێکیش هەیە بۆ کتێب. ئەم سۆزە بۆ بوونی کتێب لە نزیکمەوە، لەو ڕۆحە بێئۆقرەییەوە سەرهەڵئەگرێت، کە هەمیشە لە تیونوێتێکی نوێدا خۆی ئەدۆزێتەوە. هەمیشە کە دەچوومە دۆبلن، لە نزیك دەروازە بچکۆلەکەی زانکۆی ترینیتی خۆم ئەخزانە کتێبخانەیەکی دەستی دووەوە هەتا بڕێ هێمنی و بڕێ زیاتر بێدەنگی هەڵمژم. خوێندنەوە جۆرێکە لە ئارەزوویەکی تێر نەبوو، وەك عەشق وایە، مرۆ هەمیشە بەهانە ئەدۆزێتەوە بۆئەوەی درێژەی پێبدات. ئەمە کرۆکی قەیرانی نەگەیشتنە، بۆخۆی نەگەیشتن پرۆسەیەکی بێهودەیە لە ڕەدووکەوتنی گەیشتن بەبێ گەیشتن بە گەیشتن. کە لە باکوری هۆڵەندا ئەژیام، پەنجەرەکەم بۆ ئاسمان ئەیڕاونی و لە بنیەوە

شەمەندەفەرەکەم ئەدی خەمبارانە و تەنیا هەتا قەراخ دەریا ئەچوو، هەمیشە پەنجەرەکانی پڕبوون لە روناکی. لە تەنیشتی ئەم پەنجەرەیەدا، ماڵی کتێبەکانم بوو، ژوورەکەی من کە سەرتاپا تابوت ئاسا لە تەختەبوو، لە نهۆمی سەرەوەی ماڵەگەورەکەدا لە گۆشەی رۆژئاوادابوو، هێندە بچکۆلە بوو زوو زوو سەرم ئەیدا لە تەختەکەی سەری.

ژوورەکەی ئێرە جودایە. پنتێکە لە گەرمیان، دەڤەرێك کە خەسڵەتی تایبەتی هەیە. دەروازەی گوندێکی بچکۆلەیە لە ژێر سێبەری دارتوودا، ماندوو ماندوو لێی راکشاوە. لە سەرەتادا کە دروستکرا باوکم بۆ راگیرکردنی میوانان دروستیکردوە. میوان، پرۆسەی خانەوادەیی سیستەمێکی ئاڵۆزی نەخوێندراوەیە لە دونیای ئێمەدا. رۆژانە کە دەنوسم کاتژمێر نەگەشتوەتە پێنجی بەیانی، گوێم لە سەدای جیاواز جیاوازە، کەڵەشێرەکان لە خۆشی گەشتنی روناکی کردویانەتە هەرا. ساتێکی تر مانگاکانیش لە خەو رادێن، قازەکان دەقیژێنن و پاشان وەك خانمێکی سەلارە بە لەنجەولار بە قەراخ باخەکەدا ئەڕۆن بۆ سیروان.

منیش ساتێ تر وا ئەکەم. جلێ کەم ئەپۆشم و لە دەرگای حەوشەکەی پشتەوە بە ئەسپایی ئەڕۆمە دەرەوە، لە تەنیشت تەنوری نانەکەوە کە باوەژنە وەجاخ کوێرەکەم جار جارێ کولێرەی خۆشی لێ ئەکات بۆ راگرتنی دڵی باوکم، دەست ئەکەمە راکردن. پێش یەکەم هەنگاو ئاورێك لە گا زللەکە ئەدەمەو کە بە دار سنەوبەرەکەوە بەستراوەتەوە، چونکە شەهوەتی توشی سەرگەردانی ئەکات. چ تراژیدیایەکە جەستە. چ گیرۆدەییەکە تەسلیم بوون بە خۆشی. هەوا هەتا دێت فێنك دەبێت. لە نێوان سیەکانم و هەوادا ئاشناییەکی مناڵی هەیە. بە پێچەوانەی هەوای شارە تەنیاکانی



رۆژئاوا، لەگەڵ راکردندا هەست ئەکەم ئەفڕم. کە دەگەمە کۆتایی رێگاکە دەوەستم لەگەڵ رۆژێکی نوێدا چاك و چۆنی ئەکەم، لە دیمەنی گوندە نوستوەکە ئەڕوانم. لە هێمنی ئەو سەرەتایەدا هەمیشە بیر لەو شتانە ئەکەمەوە کە پێش نوستن خوێندومنەوە. خوادیە گەر کتێب نەبوایە من بە تەنها چیم بکردایە لەم گۆیی زەویە. پاشان مناڵ ئاسا بە خێرایی دێمەوە، بە جۆگەکاندا بازئەدەم، لەشم لە خەو رادێت، کە دەگەمەوە، سڵاوێك لە باوکم ئەکەم کە بەتەنها لە سەر کورسیەکی ئاسن دانیشتووە، دەنوارێتە روناکی. پاشان لە ژوورەکەی خۆمدا (ئەڵمان واتەنی) دوشێ ئەکەم، ئینجا دەچم بۆ ماڵ دایکم. لەوێ ژنێ چاوشینی بچکۆلە لە سەر راخەرێ تەنك چاوەڕێی دابەشکردنی ماستە. "دایە ئەم بەیانییە توێژی هەیە"؟، پرسیارە سادەکەی هەموو بەیانیەك پاش بەیانی باش.

من و دایکم وەك ئەوەی یەکترمان دۆزیبێتەوە لە سەفەرێکی پاش جەنگ، پاش تێپەڕبوونی زیاتر لە چواردەساڵ، بە نزیك یەکەوە دائەنیشین و باسی وردە خەمەکانی ژیان ئەکەین. خێزان، وەك هەر سیستەمێکی تر، خۆش بەخت و بەدبەخت دێنێتە ئاراوە، بۆیە وەك هەر سیستەمێکی تر، سیستەمێکی پڕ لە ئازارە. بەڵام ئازارەکان لێرە لەم قەراخ سیروانە هێشتا سادەن. من حە زئەکەم بزانم چی گوزەرا بێ من، ئەو حەزناکات بزانێت چی گوزەرا بێ ئەو، نەبادا لەو مەملەکەتی دوور لە ئیمانە، شتێك روویدابێت من لە بەهەشت دووخاتەوە.

رۆژەکان لێرە ئاوا دەست پێ ئەکەن. لە دەستپێکدا مرۆ قاڵبێ بۆ رۆژەکەی دائەڕێژێ. کە سەرەتاش هات کۆتاییش بەڕێوەیە. بەڵام سەختی تەنها لە سەرەتادایە، وەك جۆیس لە یولیوسێسدا دەڵێ. لە نێوان سەرەتاو

کۆتایی رۆژێکدا زۆر دەگوزەرێ. هەندێکیان دووبارەن. ئەگەر دووبارەبوون بوونی هەبێت. پاش کێرکیگارد ئێمە بە مەحاڵەوە لەوە دەنوارین. مرۆ کە بیری کردەوە هەرگیز توشی دووبارەبوونەوە نابێت. رەنگە دووبارەبوونەوە دیاردەیەکی تامەزرۆکراوبێت. جارێکی تر بتوانی ساتەوەختێك بژیتەوە، پرۆسەی بەردەوامی هەموو شتەکان پەکخەیت. من بەش بەحاڵی خۆم هەرگیز بێزارنیم لە دووبارە. دەتوانم چەندین ساڵ بە رێگایەکدا بڕۆم. لە رۆژانی خوێندنی زانکۆم، ساڵ هەبوو سەرتاپا رۆژەکانی بەیەك رێگادا رۆشتم، بەبێ ئەوەی تۆزقاڵی بێزاری رووم تێکات. بۆ هاوسەرەکەم ئەمە مایەی بێزاری بوو، بەڵام من تێناگەم بۆچی کە من بە هەست و بەرنامە و پلانی جیاوازەوە بە شوێنێکدا بڕۆم، ئایا هەمان شوێنە. رەنگە من تۆزێك زۆر کانتیانە بم. کانت هەمیشە لە هەمانکاتدا، بە هەمان رێگادا دەڕۆشت، تەنها جارێك تۆزێ دواکەوت، ئەویش لەبەر رووداني شۆڕشی فەرەنسی بوو. تەنها رووداوێکی وەك شۆڕشی فەرەنسی توانی ئەو لە ژیانە کاتژمێریەکەی دەرکات. بەڵام من ئەوەندە بوونەوەرێکی عەقڵانی نیم. دۆلۆز دەڵێت هێندە رقم لە کانتە کتێبێکم دەربارەی نوسی. منیش بەهەمان شێوە پێوە پەیوەستم.

بەڵام ئەوەی لە رۆژێکدا دەگوزەرێ، ئەوەی بە رای ئێمە دووبارە دەبێتەوە بەشێکە لە پرۆسەی سەپاندن، بە خووکردن، بە نۆرمکردن پاشان رەوایەتی بەخشین. هێنری لۆفیڤفێر بە کارکردن لە سەر میتۆدەکەی رۆماننوسە بەناوبانگەکەی ئایرلەندا جیمس جویس، ئەم کرداری رۆژانەیەی هێناوەتە نیو پرۆسەی راڤەکردنی سیستەمی سیاسیەوە. چونکە ئەمرۆ رۆژێکی ترە، کەواتە کاتی ئەوە هاتووە هەمان شتەکانی دوێنی



بکەینەوە، بۆئەوەی ئەمڕۆش وەك دوێنێ بەڕێوەچێت. کە هەمانشت ئەنجام ئەدەینەوە، جۆرێك لە پارێزگاری بوون دێنینە ئاراوە. باوەڕ بەرهەمدێنین، لە ئەنجامدا سیستەمەکان کە گەرەنتی دووبارەبوونەوەکان ئەکەن، دەبنە مایەی خۆشحاڵیمان.

پاش نانخوارن چونکە هێشتا کاتژمێرە بچکۆلەکانی رۆژە دەچمە سەر هێڵی ئینتەرنێت هەتا هەواڵێکی دونیا و هاوەڵەکانم بزانم. کە لێدەبمەوە هەمیشە پاش ئەوە دەخوێنمەوە. لە ناوەڕاستی ژورەکەمدا قەرەوێڵەیەکی کۆنی تازە بۆیاخکراو هەیە، بە لەبادی لە کفری دروستکراو پۆشراوە و لە سەرووی ئەوەی راخەری لە بەرگن دروستکراو. کە دەخوێنمەوە هەمیشە تینوی ئەوەم کە بیرێکی نوێم دەستکەوێت. وشەیەك وەهام لێبکات وەك کلیلێك دەروازەی کۆشکێك بکەمەوە. هەندێجار دەچم بۆ کاری کشتوکاڵ.

مامەڵەکردنی زەوی تەنها لە رێگای خۆشەویستیەوە دەبێت. زەوی دەبێ بیپارێزی، خۆراکی بدەیتێ، تینوی بشکێنی، بیکێڵی، بژاری کەیت، هە تا بەرهەمت بداتێ. کۆکردنەوەی بەرهەم ساتەوەختێکی شادیە کە زەوی و جوتیار وەك دوو عاشق مناڵیان بێت، بەیەکی ئەبەخشن. سەیرانی و گرانی ژیانی لادێ لێرەدا دەرئەکەوێت.

من لە ژوورەکەمدا دەمەوێت مۆزخانەیەك بۆ خۆم بونیادنێم. ئەرشیفخانەیەك بهێنمە ئاراوە، هەتا یادەوەری و بوونم بپارێزم، هەتا بتوانی سەقامگیرتر بە دونیادا هەنگاو بنێم. وەك ژاك درێدا لە کتێبی تای ئەرشیفی فرۆیدی پێمان دەڵێت وشەی ئەرشیف لە ئەرخی یونانییەوە هاتووە کە هەردوو مانای دەستپێکردن و سەردارێتی لە خۆی ئەگرێت. کەواتە ئەرشیف دەبێتە شوێنی دەستپێکردن بڕیاردان. لە هەمانکاتدا

جێگایەکە بۆ گەڕانەوە، بۆ نیشتەجێ بوون، بۆ ئاشنایەتی. ئەگەر مرۆڤ لەگەڵ جێگایەکدا ئارەزوی گەڕانەوە و تامەزرۆی نیشتەجێبوون و عەشقی ئاشنایەتی نەبێت ئەوا پەیوەندی ئەو بە شوێنەوە پەیوەندی مرۆڤی نییە. مەبەستم لە مرۆڤی جودایە لە مرۆڤایەتی. گەر ئەم شوێنە ماڵێك بێت بۆ من لە دونیادا، ئەوا خاڵی دەستپێکردنی منە بۆ دونیا، خاڵی بەشداریکردنی منە بۆ دونیا، خاڵی ئامادەیی منە بۆ دونیا (وەك لیڤیناس بڕوای وایە). کە ئەم شوێنە دەبێتە ماڵ جێگایەك بۆ رابوورد و چێژ و تایبەتمەندێتی منێتی تیا هەڵئەگیرێت. ئێمە ئەمرۆ لە ماڵی کوردیدا، لە پانتایی نیشتەجبوونی ئێمەدا ئەم خەسڵەتانە بەدیناکەین. ئەم قەیرانی یادەوەریە، ئەم سڕینەوەی خودە، ئەم بەکاریکاتێربوونە ئۆرهان پاموك لە رۆمانی مۆزەخانەیی پاکیزەیی کە وەرگێردراوەتە سەر کوردی زۆر بە جوانی دەیگێڕێتەوە.

ئەم ژوورە سەرەتا لە وەرزی بەهاردا هەتا هاتنی هاوین ماڵی من بوو. وەرزەکان پەیوەندیەکانی منی لەگەڵ ئەم ژوورەدا گۆڕی.



## کۆرك: یادەوەری ژیانێك

### پێش گەیشتن

هێشتا لە بیستەکاندا بووم کە گەیشتمە ئەم شارە. رۆژێکی لە بیر نەچووە. کۆرك کە دووەم شاری بەشی ئایرلەندی باشورە، دەکەوێتە باشوری ئەو ولاتەوە بە دووری زیاتر لە ٢٠٠ کیلۆمەتر لە پایتەختی ئەو ولاتەوە دۆبلن. یەکەم چونمە ئەو شارە بۆ مەبەستی نیشتەجێ بوون نەبوو. من کە تازە گەشتبوومە ئەو ولاتە، لە شارۆچکەیەکی نزیك کۆرك لە سەر زەریای ئەتڵەسی نیشتەجێ کرابووم. شوێنی مانەوەکەمان ئوتێلێکی کۆنی هەرزان بوو، کە خاوەنەکەی پیاوێکی بە تەمەنی رەبەن بوو، بە ناوی مایك. زۆربەی ئەوانەی لە ئوتێلەکە دەژیان خەڵکی ئەوروپای رۆژهەلات و ئەفریقا بوون. لە نێوانیادا پەیوەندیەکی ئالۆزی رەگەزپەرستیانە هەبوو. بە جۆرێك هەرگیز قسەکردن و تێکەڵی و گۆڕینەوە لە نێوانیادا بە هیچ شێوەیەك نەبوو. من تەنها کەس بووم کە لە نێوان هەردوو گروپەکەدا دەهاتم و دەچووم.

مایکی رەبەن لە ئوتێلەکە دەنوست، ژوورێکی تایبەتی بە خۆی هەبوو لە نهۆمی خوارەوە لە نزیك دەروازەکەوە. لە شاری کۆرك لە بازاڕێکی بەناوبانگ کە بە بازاڕی ئینگلیزەکان ناسراوە دوکانی سەوزە و میوە فرۆشی هەبوو. مایك جیهانێکی سەیری هەبوو. رەبەنیەکەی بۆ ئێمە سەیر بوو، ئەو پیاوێکی هەژار نەبوو، خاوەن چەندین سەرچاوەی داهاتی جیاوازبوو. هەندێجار دەمانپرسی ئایا نێرەمووکە، یان نێربازە، یان هەر

سێکسی نییه. بەڵام ئایرلەندا وەك وڵاتێکی هەژاری ئەوروپا پڕە لە پیاوی بە تەمەنی ڕەبەن کە زۆربەی کاتیان لە بارەکاندا بە دیار بیرەی ڕەشەوە، ئیتر چ گینس یان بیمش، دەکوژن.

باری ئایرلەندی کە لە هەموو دونیادا بڵاوە، جێگایەکی تاریکی لە دونیا دابڕاوی جەنجاڵی دڵتەنگە. وەك ئەشکەوتێك وەها کراوە هەتا لە دونیات دابڕێت. دابڕان لە دونیا ڕەنگە یەکێك بووبێت لە میتۆدەکانی ژیانکردن لە وڵاتێکدا کە مێژوویەکی پڕ لە ئازار و دڵتەنگی هەیە بە دەست کۆلۆنیالیزمی ئینگلیز و دەسەڵاتی نامرۆڤانەی قەشەکانی کڵێسا.

کە یەکەمجار من هاتم بۆ کۆرك لە ڕێگای مایکەوە هاتم هەتا لەگەڵ کرێکارکانی تردا بڕۆین لە مەزرای کەلەرم و کاهو ئیش بکەین. کرێکاری سەخت لە ڕۆژانی پڕ بارانی ساردی ئەو وڵاتەدا ئازارێکی وەهای پێئەبەخشێت کە تا سەر ئێسقان پەشیمان بووی لە هاتن. ئەو ڕۆژگارە من زۆر تەنیا بووم، هەرچەندە ئایرلەندیەکان بە هۆی ئەو کەمە زمانەوە کە دەمزانی ڕێزی زۆریان لێئەگرتم بەڵام کاری مەزرا تا سەر ئێسقان پڕوکێنەر بوو. کشتوکاڵ وەك لە زۆر شوێنی تری دونیا بە دەست زیانێکی زۆرەوە دەیناڵاند. جوتیاران پەنایان دەبردە بەر کرێکاری بیانی و کاری ڕەش بۆ قەرەبووی ئەو زیانانە کە لێیان دەکەوت.

ئێمە بەیانیان زوو لە شارۆچکەکەی قەراخ زەریاوە دەهاتین بۆ کۆرك لەوێ لەگەڵ جوتیارکاندا دەبراین بۆ مەزراکانی قەراخ شار بۆ کارکردن. کۆرك لەو ساتەوەختانەدا خەواڵوو تەمەڵ دەرئەکەوت. ئێمە نە کاتمان هەبوو بە تەواوی بیبین و نە تەنانەت پیاسەیەکیشی تیا بکەین.



کۆرك لە مێژوودا کۆنە. ناوەکەی بە مانای زەلکاو و پارچە دارەکەی سەر بوتڵی شەراب دێت. بەڵام ناوی شاری کۆرك زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ مانای زەلکاوی وشەکە. ئەم شارە وەك ئێستاش لە شێوازیدا دیارە ڕۆژانێك وەك ڤینەسی ئیتالیا سەرتاپا ناوەندی شارەکە ئاوبووە و خاوەن کۆگاکان بە بەلەم شتیان گواستوەتەوە. هەر ئەمەشە وەهایکردە کە دروشمی فەرمی ئەم شارە بریتی بێت لە بەندەرێك بۆ پەناگا.

پاش تێپەڕینی سێ مانگ لە ژیان لە شارۆچکە بچکۆلەکە کە ناوی یولێ بوو، من و کوڕێکی تری کورد پاش نیوەڕۆیەك هاتین بۆ کۆرك. هاتنەکەمان بە مەبەستی ئەوە بوو جێگایەك ببینینەوە هەتا پێکەوە تیا نیشتەجێ بین. پێش هاتن هەوڵێکی زۆرمان دا لە ڕێگای ڕۆژنامەکانەوە شوێنێك ببینینەوە بەڵام بێهودەبوو. لە بازڕدا جێگای تایبەت هەبوو کە دەتوانی شوێنی لێ بەکرێ بگریت یان یارمەتیت بدەن هەتا شوێنێت دەستکەوێت.

ئەو نوسینگەیەی کە ئێمە شوێنمان لێدۆزیەوە ناوی فلات فایندەر بوو، کە بە کوردی یانی دۆزەرەوەی شوقە. بڕی ئەو پارەی کە دەبوو بتدایە بەرامبەر بەو کارە سەد پاوەن بوو. ئەو ڕۆژگارە لە سەرەتاکانی هەزارەی دووەم هێشتا یورۆ نەبووبووە پارەی یەکێتی ئەوروپا. ئایرلەندا وڵاتێکی ئەندامی یەکێتی ئەوروپایە لە ساڵی ١٩٧٣وە.

## گەیشتن

پاش چەند ڕۆژێك خۆمان و کۆڵە پشتەکانمان لە گەراجی پاسەکەی قەراخ ئاوەکە دابەزین. گەراجی پاسەکە بەناوی پارنێڵەوە ناونراوە، کە پاڵەوانێکی جەنگە گەریلاییەکانی ئایرلەندا بوو دژ بە ئینگلیز. شوێنێکی کۆن و ماندو و ناشیرین بوو. کە لە جادەکە پەڕینەوە، پاشان بە سەر پردە ئاسنینەکەدا ڕۆشتین کە دوو ئافرەتی قەرەجی ڕۆمانی لە مسەرەوەو سەرەوە بە زمانی خۆیان لێمان پاڕانەوە بۆ پارە. ئەو ڕۆژگارە پەنابەر بە زۆری ئەو ڕۆمانییە قەرەجانەبوون کە لە دەست هەژاری و ڕەگەزپەرستی لە ئەوروپای ڕۆژهەڵات هەڵئەهاتن. بە تایبەت لەگەڵ گەشەی بیری ناشنالیزم و ڕەگەزپەرستیدا.

پردە ئاسنینەکە بە ڕووباری لیەوە بوو کە لە چیاکانی باشورەوە ئەهات و پێش شارەکە دەبوو بە دوو بەشەوە بە جۆرێك ناوەندی شاری ئەکردە جۆرێك لە دوورگە. لە سەرەتای ئاوەدان بوونەوە ئەم جێگایە زەلکاوبوو، ناوی شارەکەش هەر لە ئەوێوە سەری هەڵگرتوە. لی لە ناو شاردا دەبووە بەشێك لە زەریای ئەتلەسی، بۆیە هەڵچون و داچوونی زیاتر لە زەریا ئەچوو هەتا ڕووبار. من کە لە قەراخ سیروان گەورەبووبووم ڕووبار بەشێکی زیندوو بوو لە یادەوەریم. بەڵام ڕووباری ئەوروپا، مۆدێرنە وەك زۆر شتی تری سروشت لە قاڵبی داوە، ڕێڕەوی ڕێکخستوە، کۆنترۆڵی کردوە. لەوێ چیدی ڕووبار ئەو سەرکێشیە شاعیرانەیەی نییە کە بە ئازادی ڕێڕەوی خۆی بگۆڕێت. ماڵەکە کە بۆی دەچووین لە بەشی باکوری شاربوو. بۆ ئێمە لە



سەرەتاوە ئەمە جگە لە جوگرافیا هیچی تری نەدەگەیاند، بەڵام پاشان بۆمان ڕوونبووەوە کە دابەشبوونی جوگرافی لە هەمانکاتدا دابەشبوونی چینایەتی و کۆمەڵایەتی و ئابوریە. هەرچەندە ئەم دابەشکردنە بەوشێوە زەقە نەبوو. لە ڕاستیدا وەك وردە مێژووی ئەو شارە پێشانی ئەدا هەر چەند ساڵێك و ناوچەیەك دەبووە ناوچەی یەکەم. بۆیە ناوی گەڕەك و شوێنەکان هەمیشە زیاد لە مانایەکیان دەبەخشی، مانای نوستالژیان هەبوو، مانای چینایەتی، مانای کۆمەڵایەتی. ئێمە لە نزیك مۆنتنتی دەژیایین، کە ڕۆژانێك جێگای پلە یەکی شارەکە بوو، ئێستا هێشتا لە ئاستێکی زۆر باشدا بوو، بەڵام زیاتر نوستالیژیای ختوکە ئەدا بۆ ڕۆژانێك کە هیچ گەڕەکێکی تر نەیتوانیوە شان لە شانی بدات. بەتایبەت ناوە فەرەنسیەکەی. بە لای ئینگلیزی زمانانەوە قسەکردن بە فەرەنسی یان قسەکردن بە ئینگلیزی بە شێوەی فەرەنسی بە تایبەت بۆ ئافرەتان تا ئەو پەڕی سێکسییە. جادەکەی ئێمە بە قەدپاڵی گردێکەوە بوو ناوی گاردنەرس هیڵ بوو، یان گردی باخەوانەکان. لەوێ لە نهۆمی خوارەوە لەگەڵ ماڵێکی ئایرشا خانوەکەمان بەش ئەکرد. سەرەتا ڕۆژانێکی سەخت بوو. بە تەنها بە جادە و شەقامەکاندا ئەهاتم و ئەو شارەم بەخۆم دەناسی. بەڵام بینینی ڕووکەش هەرگیز شێوازێکی باش نییە بۆ ناسین. شار پڕە لە یادەوەری، لە مانا، لە ڕووداو، لە سەربوردە.

کۆرك لە هەر سەردەمانێکدا و سەربوردەی خۆی هەبوو. لە سەدە ناوەندیەکاندا شارۆچکەیەکی بچکۆلە بووە. لە ڕۆژانی تاعوندا بە ڕێژەیەکی زۆر دانیشتوانەکەی لە ناوچوون. هەژاری و تەڕوتوشی و کهول

ژیانیان کردبووە کوللە مەرگی لەوێ. چیرۆکەکانی فرانك ئۆکۆنەر بە وردی شایەدحاڵی ئەوەن. لە رۆژانی جەنگی سەربەخۆییدا زۆری ناوەندی شـارەکـە بە دەستی سەربازە ئینگلیزەکان سوتاوە.



## شارێك بەتاڵ لە کەسەکان

روونـاکییەکی کز لەودیو پەردەکانـەوە دیـارە. مـۆمی سـەر مێزەکـان ئەگرێ. دەرەوە سارد و بێدەنگە. من لە پردی پیادەکەوە ئەپەڕمەوە، یەکـەم شت ئەیبینم هێڵەکانی لابرینپێکە لە سەر زەویەکە کێشراوە. ئەم لابرینپە وەك غوربەت وایە تەنها یەك دەرگای هەیە، دەرگایە بۆ چوونە ژوورەوە.

لابرینپ، بۆ ئەوە دروست نەکراوە دەروازەی دەرچـوونی هـەبێ. کـە لـە فەرهەنگدا بەدوای ماناکەیا ئەگەڕێم پـێم دەڵـێ: زاراوەیـەکی یۆنانییـە. کۆمەڵێ دیواری لە شێوەی تۆران، بۆ ئەوە بونیادنراوە تـا مینـاتۆری تیـا بگرن. مینەتۆر دڕندەیەکە نیوەی مرۆڤ، نیوەی گا.

ئەی ئێمە هەموومان وەهانین! ئاژۆڤ، تێکەڵێ لـە ئـاژەڵ و مـرۆڤ. لـە نێوان نیوەی ئاژەڵ و نیوەی مرۆڤدا بوونێـك هەیـە، بـوونێ سەرلێشـێواو. هەندێ جار لەبیری ئەچێ کە مرۆڤە ئەبێتە ئاژەڵ، هەندێ جاریش لە یادی نامێنێ کە ئاژەڵە دەبێتە مرۆڤ. چەند سەیرە لە هەردوو بارەکەدا درۆزنە.

ئەم شارە لابرینپێکە، رۆژێك مـن تیایـدا ئـەمرم. بـەڵام ئـەمڕۆ بـەم شەقامانەدا وەك بلومی پاڵەوانەکەی جۆیس بەتـەنها ئـەڕۆم، لـە هـەموو بستێك یادەوەریەکم هەیە. بیر لەو مرۆڤانە ئەکەمەوە کە سبەینێ دێنـەوە. ئەوانەی کە بێ ئەوەی هیچ پەیوەندییەکم لەگەڵیانـدا هـەبێ، بـێ ئـەوەی بیانناسم، حەزئەکەم بیانبینم. لەبەردەم جامخانەکاندا ئەوەستم، لەو هەموو شتانە ئەنوارم کە هەرگیز پێویستم پێیان نییە. کۆگای پێڵاوفرۆشی ژنـان لـە هـەمووی قەشـەنگترە. لـە پێشـەنگای پەیکـەرە سـوریالیەکانی

جیاکۆمیتی ئەچێ. بیدەنگی ناچارم ئەکات بیرکەمەوە. بیر لەو هەموو ئافرەتانەی کە لێمەوە نزیکن و نایانناسم. بیر لەو هەموو کتێبانەی کە تەمەنم بەشناکات بیانخوێنمەوە، بیر لە مۆسیقا. بیر لە رۆژانێ کە تێپەڕین ئا.،. رۆژێ لێرە کتێب فرۆش بووم، رۆژێ لێرە ئەم دیوارەم بۆیاخ ئەکرد. دوانیوەڕوانێکی هاوین لەگەڵ کچێ فەرەنسییدا پێکەوە لە سەر ئەم مێزە لە یەك پەرداخدا بیرەی ساردمان ئەخواردەوە. رۆژێ لێرە پیاوێ کتێبێکی ئەفرۆشت وێنەی منی تیابوو. شەوێ لێرە لە تەنیشت ئەم پەیکەرەی ماپیوی باوکەوە تا دەمەو بەیان لە کچێ سویدی پاڕامەوە، هەرچەندە لە باوەشمابوو رازی نەبوو لێوەکانی ماچکەم. من لەسەرخۆم ئەڕۆم، دەبێ لە پردی دووەمیش بپەڕمەوە، ئینجا بە گردەکەدا سەرکەوم، تا ئەگەمە نزیك سەربازگەکە. لەوێ لە ماڵێ لە بەرد دروستکراودا خێزانێ بچوك چاوەڕێمن. ئەمشەو لەگەڵ شەرابی سوردا تا درەنگێ باسی فەلسەفە ئەکەین.



## من و ژولی: لایەرەی رۆمانێك

ژولی لێی دەنواڕیم و بە هێواشی فرمێسك بە چاوانیدا دەهاتە خوارێ. ساتەوەختێکی پڕ لە حەسرت بوو خۆم لە بەردەم گریانی ژنێ ئەوروپیدا دەبینیەوە. گەر ئازار مرۆڤ بهێنێتە گۆ، بە هەمانشێوە رەنگە بیهێنێتە گریان. گریان شاعیرانەترین شێوازی وتنە، لە ساتەوەختێکدا کە وتن بێمانایە. زۆربەی ئەو ساتانەی کە مرۆڤ دەبێ نەڵی بۆئەوەی ئەوەی کە دەبێت بوترێت تەنها لە چاوەنواڕیدا بمێنێتەوە، چونکە بە وتنی تەنها بریندار دەبێت. نە وتنی ئەوەی کە دەبێت بوترێت، حەسرەتێك لەگەڵ خۆیدا بەجێدەهێڵێت. گریان بەتایبەت کاتێك تێکئاڵاوە لە بڕێك لە هێمنی و چەپکێك لە پاکێتی چێژێکی هێندەت پێدەبەخشێت کە هەست دەکەیت هەموو خانەکانی لەشت هاتونەتە خرۆشان. هەر بۆیە گریانی کچێ شۆخ و شەنگی رۆژئاوایی مایەی لەزەتێکی کەم وێنەبوو. بەتایبەت بۆ کەسێکی پەنابەر. پەنابەر رووتە: هێندە رووتە بە تیلەیەك بریندار دەبێت. بێماڵە، بە جۆرێك سەرتاپا تەمەنی لە گەڕان بۆ ماڵێکدا ئەسوتێنێ کە پێی دەگات ناتوانێ تیایدا ئۆقرەبگرێت. تەنهایە، تا ئاستێك خۆی لەگەڵ خۆیدا هەڵناکات، بڕێکی لێرەیە و بڕێکی لە چەندین جێگای تر. بریندارە، بە یادەوەری، بە بێبەریبوون. شوێنێکی جێهێشتوە کە چیدی نەیتوانی تیایدا درێژە بە ژیانی بدات، گەشتوەتە شوێنێك کە سەختە تیایدا بژی.

چێژبینین لە گریان لە بارێکی دەروونی نەخۆشەوە نەئەهات. سەرچاوەکەی لە خۆشی ئازاردانەوە نەئەهات. لە درزێکی قووڵی ناخەوە

ئەهات کە زەمانێك بوو کەس بەسەری نەکردبووەوە، کەس پەنجەیە نەرمی بەسەردا نەهێنابوو. لە تینوێتیەکەوە بۆ هەستی ئەویتر، بۆ ئارەزوی ئەویتر. هەر تینوێتی نییە بۆ ئارەزووکردنی ئەویتر کوێخا دەکاتە کۆیلە. ئەی ئەوە نییە هێگڵ پێماندەڵێت ئارەزووکردنی ئارەزووی ئەویتر لە ئەنجامدا کوێخا دەکاتە کۆیلە. ئێمە هێندە بریندار و رووت رەجاڵێن هەمیشە لە ئازاردانی خۆمانااین بۆئەوەی تۆزێك لە ئارەزووی ئەویتر بۆ خۆمان راکێشین. چەند سەرکەوتوون ئەوانەی کە ناسراو دەبن، کە دەبنە ئەستێرەیەك، کە ئەدرەوشێتەوە. ئەی ئەستێرەبوون خۆی ئاماژە نەبێ بۆ درەوشانەوە لە شەوێکی تاریکدا چیترە. کەسێك هەتا پەنابەر نەبووبێ نازانێ ئازاری تەنهایی چۆنە. پەنابەر جۆرێکی تایبەتە لە مرۆڤ. جۆرێك لە جۆرەکانی تر ناچێت. روومەتی تابلۆیەکە پڕ لە تەنهایی. چاوەکانی شەرمنانە لە هەموو شتێك دەڕوانن و پەیامی بڕوا نەبوون دەبەخشنەوە. پەنابەر روومەتی بووەتە وێنایەك کە لای بینەران وەك تابلۆیەك دەبینرێت. هەندێ جار کەسی هەڵگری ئەو تابلۆیە بێزاردەبێت لەوەی کەس لێی تێناگات، کەس بایەخی پێنادات، کەس نایەتە قووڵاییەوە، کەس ئامادەنییە پەردەی لە سەر لادات. روومەتی پەنابەر تەنها بە شێوەیەك ئاماژە لە خۆی ئەکات بەوەی خۆی لێی کشاوەتەوە. گەر ئازار هەمیشە بەدوای دەروازەیەکدا بگەڕێت بۆ دەربڕین. ئەوا پەنابەری خاوەن ئازار هەموو توانا و رێگەکانی لەبەردەمدا داخراوە. ئەو خاوەنی چیرۆکێکە، لە دونیای رۆژئاوادا کەس ئامادەنییە گوێی بۆ شلکات. ئەگەر هونەری ژیان بریتیە لە راکردن لە رووبەڕووبوونەوەی ژیان. پەنابەر لە سەرجادەکانی رۆژئاوا ئەو کەسەیە کە ئامرازەکانی راکردنی نییە لە ژیان. پێیان ئاشنا نییە، توانای بەسەریاندا



ناشکێت، بە دەستی ناگەن. ئەو هیچ نییە جگە لە ئەو کەسەی کە کەوتووەتە بەر لێشاوی ژیان، بە رووتی. دەیچێژێ بەبێ ئەوەی بتوانێ ئەزموونی کات. لەناوەوەیە وەك دەرەکیەك. بەڵام هەرگیز مافی ئەوەی نییە بچێتە دەرەوە.

گەرچی بیانیبوون مایەی ئازارە. بەڵام کێ لەسەر جادەکانی رۆژئاوا بیانی نییە. وەك لە نامیلکەکەی ژولیدا نوسراوبوو. کەسی فەرە نسی لە هەموو شتێ زیاتر، لە سەرووی هەموو شتێکەوە، پێش هەموو شتێك، کەسێکی لەقبووی موزعیجە. رقی ئەو بۆ بیانیان تەنها لەوەوە سەرچاوەئەگرێت کە خۆی بیانییە، بیانی بوونی خۆی، تەنها بوونی خۆی، ئازارە دەروونییە زۆرەکانی خۆی، هەموو وەك جۆگەلەی رق دەڕژێنە یەك زەلکاوێك، گۆماوێك، دەریاچەیەك لە بێزاری و توورەیی لە ئەنجامدا گەڕان بە دوای هەڵاتندا بەرهەم دێنێت. گۆی گرتن لە گۆرانیەکان بۆئەوەنییە جوانیەك بە لەشماندا تێپەڕێت، سەفەرەکان بۆئەوەنییە جوانیەکی جودا موچڕکەمان پیابێنێ، پێکەوەخەوتنەکان بۆئەوە نییە ئاوێزان بین، هەموو شتێك تەنها بۆ ئەوەیە لە واقیع هەڵبێین. ئەی ئەوە نییە قوتابخانە فەلسەفیەکان هاواردەکەن، گومان بکە لە هەمووێکی نوسراو، تەنها بۆ شاراوەکان بگەڕێ، هەوڵبدە هەموو شتێك هەڵوەشێنەوە، چونکە هەموو شتێك وەها پێکەوەنراوە هەتا ببێتە پەردەیەك، بە سەر ئەوەی لە راستیدا دەگوزەرێت.

پەنابەر وەك بوونەوەرێك لە نێو دەقی یاساکاندا پێناسەی هەیە. بەپێی پەیماننامەی جنێف ئەو کەسێکە کە لە مەترسی مەرگ هەڵهاتووە، لەبەر رەگەزی، ئاینی، نەتەوەی یان ئەندامێتی لە هەر کۆمەڵەیەك یان

ڕێکخراوێکی سیاسیدا، دەبێ لە دەرەوەی وڵاتی خۆی بێت و نەتوانێ بگەڕێتەوە و لە هەمانکاتدا وڵاتەکەی ئامادە نەبێت بیپارێزێت.

ئەو تەنها کاتێك دەبێتە پەناهەندەیەك کە لە قەراخی مەرگدابێت. مەرگ بەشێکی ئامادە و زیندووبێت لە ژیانی. گەشتبێتە دیداری مەرگ و باوەشی پیانەکردبێت. پیاوێك هێندە نزیکە مەرگ بێت چ ئارەزوویەکی هەیە بۆ ژیان. لە ڕاستیدا تەنها مەرگ بەس نییە، دەبێ ئەو مەرگە مانایەکی هەبێت. لە پێناوی مەبەستێکدا بێت، کەسانێکی تر بیانەوێ ژیانی ئەو کۆتایی پێبهێنن، نەك لە بەرئەوە ئەو خۆیەتی بەڵکو ئەندامی گروپێکە، هەڵگری بیروڕایەکە.

ژولی هەتا بڵێیی بیدەنگبوو. جارجار لە چاوانی دەڕوانیم و خێرا ئاوڕی ئەدایەوە. لە گشت شوێنێ ژوررەکەی دەڕوانی. وەك ئەوەی بۆداواجار ماڵئاوایی لێبکات. منیش نوقمی بێدەنگی بووم. هەریەکەمان باش دەمانزانی زۆرشتمان هەیە بیلێین. بەڵام لە ساتەوەختی پچڕاندا چ سوودێك هەیە بۆ گووتن. خۆمم پێنەئەگیرا، بەردەوام لە جولەدابووم. حەزم ئەکرد شایەتحاڵی گریانەکانی بم. گریانێك جارێکی تر مانایەکی مرۆڤ بوونی پێدەبەخشێم. هەستم ئەکرد چی دی پەنابەر نیم، مرۆڤێك خۆشی دەوێم. لە ڕاستیدا ئەورووپی بوونی ئەو، فەرەنسی بوونی ئەو هێندە کاریگەری نەبوو. من تا سەر ئێسقان تینوی مرۆڤێك بووم. مرۆڤێك کە پێم بڵێت تۆش وەك من مرۆڤیت.